


گوناهی گەورە
ڕۆمان
فەرۆخ نێعمەت پوور

# گوناهی گەورە

**(ڕۆمان)**

**فەڕۆخ نێعمەتپوور**

**٢٠١٥**

**ناوی کتێب: گوناهی گەورە**

**بابەت: رۆمان**

**تیراژ:**

**چاپخانە:**

***ـ من لە رەگەزی چیم؟ گوناه،  یان کارەسات؟***

***ـ رەنگە هەر دووکیان و رەنگە هیچ کامیشیان.***

**تەمەنی** چوارده ساڵان بوو ئەم هەست و بیره رووی تێکرد. رێک عەسری رۆژێکی کۆتایی بەهار بوو. لەو رۆژانەی، هەتاو زۆرتر لە هاوینی دەکرد تا جۆزەردان. ئەو، کە لە گۆشەیەکی حەوشەکەیان دانیشتبوو و بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا و لە بێدەنگیی شوێنەکەیدا هەستی بە بەتاڵایی هەموو "بوون" کردبوو، لە بەر چاویدا زەڕنەقوتەیەک لە هێلانەکەی کەوتبووە خوارەوە و لە سەر زەوی بەر پەنجەرەکەیان بە باڵە بێ پەڕ و رووت و سوورەکانی کەوتبووە باڵە فرتە. باڵەفرتەیەکی گۆشتین. زەڕنەقوتەیەک لە رەگەزی ئەو باڵندانەی بەڵێن بوو رۆژێک بفڕن و رۆژێکی تریش سەرئەنجام بمرن. رێک وەک قەراری ئەزەلی و ئەبەدیی ژیان. ئەم سەرەتا سەیری کردبوو، ئەوسا چاوی لە دایکی زەڕنەقوتەکە لە بن میچەکە بڕیبوو. دایکەکە، نزم نزم کەوتبووە فڕین و تا توانیبووی بە دەنگی بەرز جریواندبووی. جریواندنێکی ترسناک. بۆ ئاگادارکردنەوەی ئەم بوو، یان لە ترسان و لە توڕەیی، ئەم نازانێ. لە کردەیەکی ئارام، بەڵام بڕیاردەرانەدا هەستا و چوو پەیژەکەی هێنا، پەیژە دارینە کۆنینەکە، ئەو پەیژەیەی یەکجار تەمەنی لە تەمەنی ئەو زیاتر بوو. لە کاتێکدا قاچەکانی بە ئاستەم دەلەرزین و دەستی چەپی زەڕنەقوتەکەی لە خۆ گرتبوو، بە پەیژەکەدا هەڵکشابوو و بوونەوەرە لەرزۆک و ترساوەکەی خستبووەوە ناو هێلانەکەی. لە عەسری رۆژێکی بەهاریی سەرەتای تەمەنییەوە زانی ئیتر کاری ئەو ئەمەیە، بینینی

**کارەساتەکان، تێپەڕین بە ناویاندا و دوواتر گێڕانەوەیان،... گەر توانایشی هەبوو و پەیژەیەک دەست کەوت، یارمەتیدانی کارەسات لێدراوەکان. واتە ئەوانەی وا قەرار بوو بمرن، یان ئازار، بیر، یان بیرەوەرییەکی ترسناک و جوڵێنەر بۆ هەمیشە و بۆ هەموو تەمەنیان بەرۆکیان پێ بگرێ. ئەو دەبێ تێپەرێ بۆ ئەوەی دوواتر بیانگێڕێتەوە. بۆچی؟ نازانێ. تەنیا رستەی شیکەرەوە و یارمەتیدەر ئەمە بوو "هەر کەسەو بە هۆیەک هاتووەتە ناو ژیانەوە، ناو ئەم دونیایەوە." دوواتر خەندەیەکی تەڵخیش دەیگرت: "ئەگەرچی  خودی ژیان بۆ خۆی نازانێ بۆچی هاتووەتە ناو ژیانەوە!"**

**ئەو، هەر ئەو ساڵانەیش پێی وابوو گێڕانەوەی کارەساتەکان، بیرە گەورەکان، هەستە سۆزاوییەکان و رووداوە جوڵێنەرەکان بە گشتی گوناحێکی گەورەیە. شتێک وەک دەنگێکی نهێنی لە دەروونەوە ئەمەی پێ دەگوت. ئەو پێی وابوو گوناحی گەورەیە چونکە بۆ ئەوانەی وا گوێیان لێدەبێ، دەبن بە چیرۆک، دەبن بە سەرگەرمی و کەرەسەیەک بۆ پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکان. ئەو بەزەیی بەو مرۆڤ و ئاژەڵ و بوونەوەرانەدا دەهاتەوە کە ژیانیان کارەسات بووە و کەچی دەبوون بە بابەتی چیرۆک و سەرگەرمی و پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکانی خەڵکانی تر و نەوەکانی تر و، ئیتر بۆ هەمیشە دەبوون بەو پاڵەوانانەی نەدەمردن. ئەوانەی وا نامرن و دەبێ هەتا هەتایە لە ناو گێڕانەوەکاندا بە ئازارەوە بژین. پاڵەوانەکانی نەمری ئازار چەشتن و... چێژ. ئەو پێی وایە گەر هەر کەسێک لە تەمەنیدا یەکجار زەڕنەقوتەیەکی هەراسناک هەڵبگرێتەوە و لە هێلانەکەی بهاوێتەوە، گەر هەر کەسێک تەنیا یەک**

جار جریوە جریوی پڕ لە ترس و دڵەڕاوکێی دایک ببینێ، ئیدی قەت چیرۆک ناگێڕێتەوە. ئەو پێی وایە ژیان هەڵەیەکی گەورەیە.
بەڵام چارەنووسی پەیوەست و گرێدراوە بەم گێڕانەوەیە! پێی سەیرە، یەکجاااااار پێی سەیرە. وەک بڵێی کەسێک یان هێزێک لە دەرەوەی خۆی پاڵی پێوە نابێ و دنەی دابێ. هێزێک وەک هێزی خودا، یان ڕەنگە گەورەتر، یەکجار گەورەتر. هێزێک وەک خودی کارەسات! هەندێ جار خوڵقێندراوەکان لە خوڵقێنەرەکە بەهێزترن.
دووای ساڵانی ساڵ، ئیستایش دەستەکانی بۆنی ئەو زەڕنەقوتەیە دەدەن، ئیستایش چاوەکانی پڕی فڕینە پڕ لە ترسەکانی دایکەکەن و، گوێیەکانی لێوالێوی جریوە هەراسناکەکانن. ئەو ڕقی لەو ڕۆژەیە، ڕقی لە عەسری بەهاری ئەو ساڵەیە وا تێیدا تەمەنی بوو بە چواردە ساڵ. ئەو ڕقی لە زەڕنەقوتە و چۆلەکەیە. ئەو ڕووداوەی وا ژیانی ئەوی کرد بە پەیژەیەک، پەیژەیەکی قەدیمی، پەیژەیەک یەکجار کۆنتر لە خۆی، وەها کە تەمەنی ئەویشی تیا جێ دەبووەوە، پەیژە یان خۆیەک کە دەبێ بۆ هەمیشە خەریکی سەرکەوتن بێت پێیدا! تەمەنێک وەک ڕێگایەک، ڕێگایەکی بێ کۆتا،... لە زەوییەوە تا بن میچێک!
ئیتر ڕووداوەکان دووای ئەو ڕۆژە بە شوێن یەکتردا هاتن، بێ پسانەوە، بە پڕتاو و لێشاو و بە پەلە. ئەوەندە بە پەلە کە تا ساڵانی ساڵ، تا یەکەم تاڵەکانی سپییەتی لە ردێنی دا دەرکەوت، ئاگای لە ساڵەکان و لە تەمەنی خۆی نەما. وە چەند خێرایش تاڵە سپییەکان دەرکەوتن. ئەو لە جیاتی ساڵەکان، ڕووداوەکان و کارەساتەکانی دەژمارد. ژماردن؟ نا، نەیدەژماردن، تەنیا دەیبینین و لە گەڵیان دەژیا و بە ناویاندا تێدەپەڕی و دوواتر کە دەگەیشتە بەرەهوتە ئاشناکەی، بەرەهوتی نێوان

دوو کارەساتەکە، لەوێ پشویەکی دەدا تا بیانگێڕێتەوە،... ڕێک پێش گەیشتن بە کارەساتێکی تر. لەو بەرەهوتەدا تەنیا خۆی بوو و قەڵەم و دەفتەرێک. یاخود تەنیا خۆی لە گەڵ خۆی،... لە گەڵ زمان و لە گەڵ ئاخافتن. نە زەوی لێ بوو، نە ئاسمان و نە سروشت و نە ئادەم. هەموو شتێک، تەنیا ئەو و قەڵەم و دەفتەرێک و وشە بوو. هەموو شتێک دوو "خۆ"، یەک بۆ گێڕانەوەو ئەوی دیش بۆ گوێگرتن. سێ، یان دوو بوونەوەری ناو "هیچ". یان ڕەنگە ناو کارەساتە رووتەکان. کارەساتەکان هەم زەمەن بوون و هەم شوێن. ئەو تیایاندا قەراری دەگرت و ئیتر دەبوو بە شتێکی سەیر. سێبەر، ئا دەبوو بە سێبەر. لەو سێبەرانەی دەتوانی هەموو جۆر بنیادەمێکی تیا بکێشیتەوە. لە جەللادەوە بگرە تا بێ ئازارترین، لە تووڕەترینەوە تا میهرەبانترین. مەودای نێوان ڕووداوەکان چەندە پڕی بێدەنگی بوون، ئەو بێدەنگیانەی گوێیان کەڕ دەکرد و چاویان لە نیگاکاندا ون دەکرد. ئەو لەو کاتانەدا فرمێسکەکانی وەک قەڵەمەکەیان لێدەهات،... درێژ و نوک تیژ و،... سوێر.

کە زەرنەقوتەکەی هەڵگرتەوە و لە پەیژەکە هاتە خوارەوە، پشیلە لە مێژینەکەی حەوشەکەیانی بینی. پشیلەیەکی ڕەنگ خۆڵەمێشیی دایک. لە گۆشەیەکی حەوشەکەدا هەڵتروشکابوو و بە چاوە زیتەکانی سەیری ئەمی دەکرد. سەبرێکی گرت و لەو چاوانە ڕاما کە دەڵێی شتێکیان بۆ گوتن پێ بوو. پشیلەکە هەستا، خۆی کێشایەوەو پشتی کوڕ کرد. باوێشکێکی کێشا و بێ ئەوەی سەیری ئەم بکا (بە دەم ڕۆیشتنەوە)، گوتی:

- "نازانم بۆ ئێوە ی مرۆڤ هەمیشە حەزتان لە دەست تێوەردانی سروشتە. نازانم بۆ،... هەڵبەت هەر من نیم. گەر تاقەتت هەبێ و بە هەموو حەوشەکانی گەڕەک دا بگەڕێی، هەر ئەم گلەییانە دەبیستی. قێزەوەنترینی بوونەوەر لای ئێمە، ئێوەی مرۆڤن. حە... مرۆڤ! وەی لەم ناوە!"

"بێزار لە کارەسات" کە هێشتاکە لە ناو فکر و خەیاڵاتی خۆیدا بوو، ناباوەڕانە سەیرێکی دەورووبەری کرد بۆ ئەوەی خاوەنی راستەقینەی ئەم دەنگ و رستانە بدۆزێتەوە،... بەڵام نا، جگە لە پشیلەکە بوونەوەری تر لە حەوشەکەدا نەبوو. کەواتە دەنگی پشیەلەکە خۆی بوو.

- "دیسان کردەیەکی تر بۆ سەرسوڕمانی ئێمە و مانان. لە خۆ رازییەکانی بوون."

قسەی لە وەڵامی پشیلەکەدا پێ نیە. لانیکەم لەو ساتەدا. بە چاو لە گەڵی دەڕوا. ئەم پشیلەیە بەچکەی پشیلەکەی پێشووە. لە هەڵس و کەوتیدا جۆرێک نەترسی هەیە،... بێ خەیاڵی. نە لە دار دەترسێ. نە لە ئاوی گەرم و نە لە بەرد. بێگومان هۆکارەکەی ئەوە بوو کە بە سەر دایکیدا هاتبوو. ژیانی بە هەموو دیاردەکانییەوە قبوڵ کردبوو. وەک بڵێی پێش ئەوەی لە دایک بێت، لە گەڵ خوڵقێنەرەکەی دانیشتبوو و هەموو جۆرە زانیارییەکی پێویستی وەرگرتبوو.

به تەواوکردنی ئەم قسانە، پشیلەکە بەرەو پلیکانەکان رۆیشت، ئەو پلیکانانەی لە چیمەنتۆ کرابوون و ئەو سەری دەگەیشتە ئەو بانیژەیەی بۆنی میزی لێدەهات.

**بۆنی میز** هەتا ئیستایش قێزێکی گەورەی تیا زیندوو دەکاتەوە. بە خۆشی بێت یا ناخۆشی، شار ئەوەندە مزگەوتی تیا هەبوو کە لە هەر گەڕەکێکیەوە گوزەرت کردبا، بۆنی ئاودەستەکانی دەگەیشتنە لووتت. بە تایبەت بە کاتی هاوین و گەرمادا. ئەم ئەگەر میزیشی بە خۆیدا بکردایە، قەت رووی نەدەکردە ئاودەستی مزگەوتەکان. تەنانەت لە ماڵیشەوە تا لە مەستراحەکە دەهاتە دەر، یان دەستی بە لووتیەوە دەگرت یان بە دەستماڵێک دەی پێچا. ساڵانی دوواتر کاتێک کەوتە کارکردن و کەمێک پارە و پوڵی لە گیرفانی خۆیدا دیتەوە، ئیتر دەچوو بۆنی تایبەتی ئاودەستی دەکڕی. باپیری بەم بۆنە هەستیار و حەساس بوو و، دەکەوتە کۆکەکۆک. تا چەند سەعات دوواتریش هەر پرتە و بۆڵەی دەهات. دەیگوت ناکرێ لە ئاودەستدا دوو بۆنی تەواو جۆربەجۆر و دژ بە یەک هەبن. ئەو پێی وابوو تێکەڵکردنی بۆنی گوڵ و گوو تاوانێکی گەورەیە. "بێزار لە کارەسات" پلانی ئەوەی هەبوو رۆژێک لە رۆژان ببێ بە شارەدار. ئیتر بۆ خۆی دەیزانی چ دەکا. یەکەم کاری ئەوە دەبوو کە لە ژمارەی ئاودەستەکان کەم بکاتەوە، دووهەم کاری دامەزراندنی سیستمێکی مودێرن و نوێی مەستەراح، سێهەم کاریش

خەڵکی تایبەتیان بۆ دابمەزرێنێ بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ئاودەستەکان بکەن و پاک و خاوێنیان بپارێزن. ئەگەرچی ساڵان گوزەرا و "بێزار لە کارەسات" قەت نەیتوانی ببێ بە شارەدار، بەڵام خەونەکە ئەوەندە خۆش بوو کە تا هەمێستایش هەندێ جار لە خەڵوەتی خۆی دادەنیشێ و، ساتەکانی لە گەڵ بەڕێ دەکا. شار پێویستیی بە بۆنێکی تر هەبوو، ئەگەرچی بە خەیاڵ.

"بەڵام بۆچی بۆنی میز وەها قێز و بێزێکی سەیری تیا دروست دەکرد؟" "مەگەر بۆگەن بەشێکی گرینگ لە بوون نیە؟" جاری وا بوو ئەم پرسیارانە کە لە خۆیاندا هەڵگری وەڵامیش بوون، روویان تێدەکرد. ئەوجار دەگەیشتەوە وەڵامە هەمیشەییەکە. ئەو وەڵامەی وا حەزی دەکرد بە جۆرێک لە گەڵ وەڵامی تێکەڵ بە پرسیارەکانیش تێکەڵی بکات. ئەرێ بانیژێکە! لە راستیدا گوناحی بانیژێکە بوو. برا گەورەکەی کۆترباز بوو. خاوەنی یەک ژووری پڕ لە کۆتر. لە هەموو جۆرێک. ئەبڵەق، شاباڵ سپی، شاباڵ رەش، تەوقی، کەلە رەش، کەلە سپی، قاچ پەڕدار، کەلە زەرد و کلک رەش. لە ناویاندا کلک رەش لە هەموویان خۆشەویستتر بوو. کلک رەش نێرێکی سەر زلی ئیشقی و بە شان و باهۆ بوو کە هەمیشە لە هەوڵی داگیرکردنی هەموو مێینەکانی تردا بوو. وە داگیریشی دەکردن. قسە تەنیا لە سەر کات بوو. شتێک لە شێوە و لە شێوازی رۆیشتن و نیگا و خوێندنی نێرانەیدا بوو کە هەموو مێینەکانی سەرئەنجام تەسلیم دەکرد. جگە لەمە، دەفڕی، چاک دەفڕی، هەمیشە لە سەرەوەی هەموویان و جاری وایش بوو تا ئێوارە نەدەهاتە خوارەوە. ئەو لە راستیدا لە ئاسمان دەژیا. برا گەورەکەی پێی دەگوت "هەڵۆ". بەڵام رۆژێک هەڵۆ ون بوو. پەڕ و باڵی خوێنین و بە جێماوی

لە گۆشەی بانەکە لە پشت باگردێنەکە دۆزرایەوە. یەکسەر و بێ ئەملاولا پەنجەی تاوان خرایە سەر پشیلەکە. ئەو پشیلەیەی سالانی سال بوو بۆ یەک جاریش بێ، تامی کۆتری نەکردبوو. لەوە دەچوو چوار پێنج ساڵێکی بەسەردا تێدەپەڕی. هەر بۆیە کاتێک "هەڵۆ" ی گرتبوو، باوەڕی نەدەکرد. سەرەتا ماوەیەکی چاک لە جەستەی ناسک و تێک شکاوی رووانیبوو. لە گەردنی بەلاداکەوتووی و بەو خوێنەی وا تێکەڵ بە گڵی عەسر و گەرمی بانیژەکە بووبوو. پشیلەکە پێش مردنی گوتبووی: "توانیم بیگرم چونکە یەکجار لەخۆ رازییانە دەڕۆی بە رێگادا!" هەڵبەت برا گەورەکە قەت بەم جۆرە گوتانە پشیلەکەی نەبەخشی. بۆ ئەو، لە دەستدانی هەڵۆ بە مانای لە دەستدانی سێ شت بوو: یەکەم ئەوەی چیدی نەیدەتوانی رەسەنایەتییەکەی لە نەوەکانی داهاتوودا بەرهەم بێنێتەوە. تۆقی هەڵۆ یەک جار بۆ هەمیشە ون بووبوو. دووهەم ئەوەی پلەی یەکەمی خۆی لە ناو کۆتربازەکانی شاردا لە دەست دابوو و، سەرئەنجام سێهەم، ئەوەی کە پوڵ و پارەیەکی چاکیشی لە کیس چووبوو، گەر هەڵۆی بفرۆشتایە لانیکەم هەزار تمەنیان پێدەدا. هەزار تمەنیش یانی پارەی یەک مانگی موچەخۆرێک.

سەرئەنجام پاشی یەک هەفتە و بە یارمەتیی دوو برادەری هاوگەڕەکی تری، لە دووای ماندووبوونێکی زۆر پشیلەکەی گرتبوو. بە داوی تەلیس گرتبووی. تەلیسێکی تێ ئاخێندراوی گۆشتی کەروێشک. هەڵبەت پشیلەکە دەیزانی بە شوێنیەوەن. بۆیە دووای خواردنی هەڵۆ، چەند رۆژێک خۆی ون کرد و رووی کردە گەڕەکەکانی پشتەوە. بەڵام ئەو گەڕەکانە ئەوەندە پشیلەیان زۆر بوو کە هەموو رۆژێک بە تووش چەند شەڕێکەوە دەبوو. بۆیە بە ناچار رووی کردبووەوە ئێرە. بە خۆی

**گوتبوو: "یەک جار مردن باشترە لە هەموو رۆژێک دڵەڕاوکێی شەڕ و مردن!" دڵخۆش بەوەی گرتنی پشیلە زۆر ئاسان نیە و رەنگە دەردی گرانی مردنی هەڵۆیش ئیستاکە سووکتر بووبێتەوە، لە شەوێکی درەنگ وەختدا خۆی کردبووەوە بە حەوشەکەدا، ئەو حەوشەیەی هێشتا بۆنی خوێنی هەڵۆی نەمری لێوەدەهات. سەردانی پشتی باگردێنەکەی کردبوو. جگە لە بۆنی بە ئاستەمی خوێن هیچ ئاسەوارێکی تر نەمابوو. وەک بڵێی شۆردرابێتەوە. هێشتا چەند هەنگاوێک لە باگردێنەکە دوور ناکەوێتەوە، شتێکی رەشی زل سەرنجی رادەکێشێ. سەرەتا دەترسێ و کەمێک دەکشێتەوە، بەڵام بۆنێکی خۆش هاوکات لە گەڵ بای نیوەشەو لە لوت و لمۆزی دەئاڵێ. ئارام لێی نزیک دەکەوێتەوە. سەرئەنجام پاش لێوردبوونەوەیەکی باش لە دەورووبەر و دڵنیایی لەوەی هەر خۆیەتی، سەر دەکێشێتە ناو تەلیسەکەوە. بۆنەکە گێژتری دەکا. ئەوسا تا ناو قەد و تا هەموو جەستەی دەکشێتە ناو گۆنییەکەوە. گەڕەکەکانی تر زۆر بەخشندە نەبوون. وەک بڵێی چۆلەکەکانیشی حەزیان بە پشیلە نامۆکان نەبوو. ئاه، بۆنەکە چەند ئارام بەخشە! سوپاس بۆ ژیان کە سەرئەنجام خەمی ژیندارەکانی دەخوا. هەر دەمی دەگاتە گۆشتەکە و دەیەوێ هەڵیگرێ، وەک فەنەر لە گەڵ تەلیسەکە بەرز دەبێتەوە. سەرەڕای ئەوەی دوو رۆژی رەبەق بوو شتێکی وای نەخواردبوو، بەڵام نەیدەتوانی یەک پاروو لەو گۆشتە بە تامەی بخوا کە بە جەستەیەوە زۆر بێڕەحمانە چەسپی بوو. بۆ سبەی بە چەند نینۆکی شکاوەوە لە سێدارەیان دا. تا گیانیشی دەرچوو، لە کاتێکدا پەتەکەی لە ملدا بوو و وەک خولخولۆکە بە دەوری خۆیدا سووڕابوویەوە، میزیشی بە خۆیدا کردبوو. ئەو میزەی کە قەت بیری لێ نەکردبووەو و بۆ هەمیشە غروری**

ئەوی لە پای سێدارەکەدا لە بەرچاو ناحەزانیدا لە ناو بردبوو. ئەو میزەی بووە مایەی پێکەنین و گەمە و گاڵتەی لەسێدارەدەرانی و هەتا لە ژیاندا مانەوە هەر بە پێکەنینەوە چیرۆکی لە سێدارەدانەکەیان بۆ خەڵکی گێڕایەوە. بانیژە، دیوارەکان و تەنانەت براگەورە و هاوڕێکانی و هەروەها "بێزار لە کارەسات" یش کە دوورتر راوەستابوو و، کش و مات لەو دیمەنە سەیرەی روانیبوو، میزاوی بووبوون. گەر بەو بووایە، بە هۆی دووا رستەی پشیلەکە لە بەر دەمی پەتی سێدارەدا لە بابەت لە خۆ رازیبوونی هەڵۆ، ئەوەی کە (گرتنی ئاسان بوو چونکە لە خۆ رازی بوو)، بۆ هەمیشە وازی لە لەسێدارەدانی پشیلەکە دەهێنا. هەندێ رستە و بۆچوون هەن دەخوازن خاوەنەکانیان زۆرتر بژین،... یەکجار زۆرتر. بۆ ئەوەی زۆرتریش بژین، دەبێ ببەخشرێن. بێزار لە کارەسات زەردەخەنەیەک بەم وشەیە دەیگرێ. پێی وایە ئەم کەلیمەیە دڵخوازترین وشەی "خوڵقێنەر"ە. تەنانەت پێش ئەوەی جیهان دروست بکا، بیری لەم چەند پیتە کردووەتەوە،... لە "بەخشین".

**"بەخشین"**، یەکێک لەو وشانەیە کە لە ژیانیدا یەکجار زۆری بیستبوو. لە بێڕەحمترین شەقاوەکەی گەڕەک و شارەکەیانەوە بگرە هەتا دایکی. لەو لقەی گەڵاکانی لێ جیادەبووەوە هەتا ئەو ریشەیەی خۆی لە قوڕ و لیتەکانی ژێر زەوی هەڵدەسوو. هەموو بە جۆرێک لە جۆرەکان باسی "بەخشین" یان دەکرد. پێی وابوو ئەم وشەیە لە بنەڕەتدا بەشیک لە

ژیان بوو. بەشێکی گرینگ. ئەوەندە گرینگ کە بێ ئەمە نەدەکرا نە ژیان چێ بێت و نە درێژەیشی پێ بدرێ. هێڵێکی رەنگ شین کە بە لایەکیدا دراوسێی سوور و بە لایەکەی تریدا زەرد.
شەقاوەکە بە دوو شێوە دەیبەخشی: یان دووای ئازار و ئەزیەت و لێدانێکی باش، یان ئەوەی قوربانی دەبا بە سەر قاچ و دەستیدا بکەوێ، لێی بپارێتەوە و ئەوەندە خۆی سووک و نزم و نەوی بکا کە ئیتر پێویست بە ئازار و بە لێدانی زیاتر نەکا! دایکیشی بە شێوەیەکی تر. دایکی هەمیشە داوای دەکرد بیبەخشن و ببەخشن. گوناهکار بایە یان نا، فەرقی نەدەکرد. دایکی هەمیشە حەزی دەکرد هەرچی گوناهی دونیایە بیخەنە سەر شانی ئەو بۆ ئەوەی دوواتر داوای بەخشین بکا.
"بێزار لە کارەسات" نازانێ بۆچی دایکی ئەوەندە دڵنیا بوو لەوەی خودا دەیبەخشێ،... کە خەڵکی دەیبەخشن. رەنگە دایکی بە پێچەوانەوە لەمە دڵنیا نەبووبێت، ئەو رەنگە ئەوەندە بەزەیی بە خەڵک و بە عەبددا دەهاتەوە کە حەزی دەکرد هەرچی باری گوناهی ئەوانە بە سەر شانی خۆیەوە بێت. ئەو لە گوناهەکان زیاتر لە هەر شتێکی تر دەترسا. قەت ئەو رۆژەی لە بیر ناچێت زەڕنەقووتەکە لە میچەکەوە کەوتە خوار. دایکی لە پشت پەنجەرەکە بوو. نیگای ئەوەندە پڕ لە ترس و پڕ لە دڵەڕاوکێ بوو کە ئەم دڵی گوشرا، وەها کە یەک دوو جار لە سەر پەیژەکە بە دیتنی ئەو چاوانە لەتری دا و خەریک بوو بکەوێتە خوارە،... رێک بە سەر زەڕنەقووتەکەدا! بەڵام شتێک، رەنگە وەک داوای بەخشینەکەی دایکی، گرتییەوەو نەیهێڵا بکەوێتە خوارەوە. لای ئەو جاری وایە بەخشین لە دەنگێکی سەوز دەکا کە بە لایەکیدا دراوسێی رەنگی رەشە و بە لایەکی تریدا شینی ئاسمانی.

حەز دەکا رۆژێک شەقاوەکە و دایکی لە تەنیشت یەکتردا ببینێ. بیانبینێ چلۆن پێکەوە هەڵس و کەوت دەکەن. بێگومان لە بەرچاوی دایکیدا شەقاوەکە هەموو شتێکە جگە لە شەقاوە. لە بەر چاوی شەقاوەکەیشدا دایکی تەنیا کەسی دونیایە کە ناکرێ داوای مل کەجبوون و بەخشینی لێ بکرێ. بۆچوونێک کە شەقاوەکە بە بێ مەیل و ویستی خۆی لە رووداوێکی کتوپڕی دەروونیدا پێی گەیشتووە. بێگومان شەقاوەکە رێک لەوێدایە کە ساڵانی ساڵ دوواتر بۆ هەمیشە تێیدا ئاسوودە دەگرێ، بەڵام ئەی دایکی؟ نا، دایکی ئۆقرە ناگرێ. ئەو تەنیا بە یەکێکی تر لە داواکانی بەخشینی خۆی لای خودای خۆی زیاد دەکا، رەنگە یەکێک لە قورسترین داواکانی. نازانێ بۆ، بەڵام بێزار لە کارەسات هەست دەکا پەیوەندێکی نهێنی لە نێوان شەقاوەکە و خودادا هەیە بۆ ئەوەی دایکی ئەو جوانتر بکەن. گەر لە جیاتی خودا ئەو بایە، بێگومان مرۆڤی بە شێوەیەکی تر دەهێنایە دونیاوە. بۆ وێنە لە رێگای بارانەوە. منداڵدانی باران. ئیتر هەموو دەگەنە زەوی و دەتوانن بژین بە بێ ئەوەی بشکێن. ئیتر نە دایک چیتر داوای بەخشینی یەکێک لە تاوانبارترین بوونەوەرەکانی سەر رووی زەوی دەکا و، نە شەقاوەیەکیش پەیدا دەبێ رۆڵی خودا لە سەر زەوی لاسایی بکاتەوە.

**لاسایی کردنەوەی** "چاوەڕوانی" ئەوەتەی لە بیری دێ دژوار بووە. تەنیا چاوەڕوانی دەتوانێ لاسایی چاوەڕوانی بکاتەوە. تەنیا بوونەوەرێک،

که تەنیا خۆی لە خۆی دەچێ. منداڵێک کە دیسان لە رۆژێکی بەهاریدا دەینێرنەوە بۆ نانەواخانە بۆ کڕین و هێنانەوەی نان. رادەوەستێ و چاوەڕوان دەبێ. نەفەری چواردەهەمە. زۆربەی ئەوانەی وا لەوێ لە ناو سەفەکەدان منداڵن. هەڵبەت سەف تەنیا بە ناو سەفە. مارێک کە قەفی خواردووەتەوە و کەس نازانێ کوێی سەریەتی و کوێی کلک. تێناگا بۆچی ئەو گەورانەی دێن، زۆر راناوەستن. منداڵەکە، لە سەر زەوی، قاچەکانیەتی و نزیک شایەنەکەیەیش، روخساری. ئەوەندە نزیک کە جاری وایە لووتی لێی دەدرێ. پێی وایە تا لە شایەنەکە نزیکتر بێت، ئەگەری نۆرە هاتنی زیاترە. جاری وایە ئەوەندە خۆی بە دیوارە نزمەکەی ژێر شایەنەکەوە دەگوشێ کە پەیکەری دێتە ژان. سەیری سەعاتە چڵکنەکەی سەر دیوارەکە دەکا. زیاتر لە سێ سەعات تێپەڕیوە. لە مرۆڤی پشت شایەنەکە دەڕوانێ. لە سەر و ریشی بە تەواوی سپی هەڵگەڕاوی. ئاردە یان تەمەن، نازانێ. مرۆڤەکە قەت راستەوخۆ لە چاو و لە نیگای منداڵەکان ناڕوانێ. نیگای ئەو تەنیا بە سەریاندا باز دەدا و تێدەپەڕێ. بیردەکاتەوە شاتر بێ گوناحە، گوناح هی کورتە باڵابوونی ئەوانە! میزی دێت. چ بکا؟ چار نیە، دەبێ راوەستێ. کات تێدەپەڕێ. میزەکە واز ناهێنێ. رانەکانی کۆدەکاتەوە و هەوڵ دەدا بە خۆگوشین پاشەکشێی پێ بکا. لەوە پێش ئەم کارەی کردووە و تیاشیدا سەرکەوتوو بووە. بەڵام ئەم جارە وادیارە جیاوازە. دووای هەر خۆگوشینێک، میزەکە لە چاو جاری پێشووتر بە هێزتر دەگەڕێتەوە. بروسکەکان یەک لە دووای یەک جەستەی لاواز و بچوکی دەگرنە خۆ. هەست بە سەرمایەکی سەیر لە ناو جەستەیدا دەکا. سەرمایەک لە رەگەزی گەڕانی لەتە سەهۆڵێک بە ناو رەگەکانی لەشیدا. مرۆڤێکی تەمەن مامناوەندیی

قات لەبەر خۆی بە دووکانەکەدا دەکا و، لە کاتێکدا لە گەڵ شاترە ردێن سپییەکە باسی کورتیی ژیان و بێ مانایی هەموو بوون دەکا، لە دووای چەند دەقیقەیەک نانەکەی وەردەگرێ و دەڕوا. چەند بە خەمناکییەوە سەیری پیاوە بێزار لە دونیاکە دەکا. کتوپڕ دوو منداڵ کە لە دووای ئەوەوە راوەستاون، لێیان دەبێ بە شەڕ. یەکیان پاڵ بەوی تریانەوە دەنێ و ئەویش دەکەوێ بە سەر ئەمدا. ئیتر خۆڕاگرتن مەحاڵە. لەش سست سست دەبێ. وەک لۆکە خۆی دەکاتەوە. دوو چۆڕ میز، پەڵەیەک بە شڵوارەکەیەوە دروست دەکەن. ئیتر خۆی ناگرێ. میز لە دەرەلنگەکانیەوە دەردەپەڕێ. وەگ جۆگەلە. بە خۆشییەوە بۆنی ئارد و نان و بۆنی پەڕەمێزی تەنیشت تەنوورە گەرمەکان ئەوەندە زاڵن کە کەس نەتوانێ بۆنی میز بکا،... بەڵام دەیبینن. جۆگەلەکە دەگاتە نووکی پێڵاوی ئەوەی وا لە دوواوە راوەستاوە. لە کاتێکدا دەقیژێنێ و دەست بە لووتیەوە دەگرێ، دەکشێتەوە. هەموو دەزانن. دەبێ بە هەرا. دەم و چاو ئاردازییەکەی پشت شایەنەکە بە جوێندان دێت، ئەوەندە توڕەیە هەر مەپرسە! پشت ملی دەگرێ، رایدەکێشێ و لە ناو دەرگاکەدا وەها شەقێکی تێهەڵدەدا کە منداڵەکە لەپ و روو لە ناو کۆڵانەکەدا دەکەوێ.

ئیستایش کەس نازانێ منداڵەکە دوواتر رۆیشتەوە ماڵ، یان رووی لە نانەواییەکی تر کرد. "بێزار لە کارەسات" لەو رۆژەوە رووی نەکردەوە هیچ نانەواییەک. ئەو پێی وایە حیکمەتێک لەوەدا هەبوو کە رۆژی هەڵگرتنەوەی زەرنەقووتەکە، ئەو پشیلەیە دەرکەوێ. ئەو پێی وایە حیکمەتێک لەو میزەدا هەبوو وا لە کاتی لە سێدارەدانی پشیلەکەدا بەواندا بە مرۆڤەکاندا پرژا. پڕژینی ناو قریوە و شادیی براکەی و

**هاوڕێکانی. ئەو پێی وایە هەندێ رووداو هەن دەبن بە مێژوو،... هەرچەند گچکە و سووک و بێ مانایش بن. ئەسڵەن رەنگە مێژوو لە بنەڕەتدا کۆی ئەم جۆرە شتانە بێ. ئەوە نەوەکانی دوواترن کە دەبێ فێربن لە گەڵ خوێندنەوەی رووداوەکان، بۆنەکانیش فەرامۆش نەکەن. ئەو نەوانەی وا دەبێ کەپۆکانیان لە چەشنێکی تر بێت.**

**کەپۆی وای قەت لە ژیانیدا نەبینیبوو. ئەسڵەن هەر لە بنەڕەتدا لووتی پێوە نەبوو. تەنیا دوو کون لە پانتایی روخسارێکی پیردا. دوو کونی رزیو، وەها کە پێستی دەوریان دەڵێی کەڕووی هەڵهێنابوو. کە سیگاری دەکێشا و دووکەڵەکە دەهاتە دەر، لە جیاتی ئەوەی سەرەوخوار بێتە دەر، یان راستەوخۆ دەهات یان هەر جارەی بە لایەکدا. ئەم نەیدەویست ئەوەندەی سەیر بکات، بەڵام نەیدەتوانی چاویشی لێهەڵبگرێ. شتێکی نهێنی پێیەوە گرێی دابوو. بۆ نەگبەتی زیاتر زوو زوو جگەرەی دادەگیرساند، ئیتر سەمای بێ یاسای دوکەڵ ئەوەندەی تر سەرنجی ئەمی دەقۆستەوە. جاری وابوو هەستی دەکرد دوکەڵەکە وەک میزی پشیلەکە لە دایرە و جەخزێکدا بە دەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە،... ترسناک و پڕ لە ترسی مەرگ. میوانەکان هەر کامەیان بە شتێکەوە**

سەرقاڵ بوون. بە تەنیا یان بە گروپ لە ناو دارستانەکەدا خەریکی شتێک بوون. ئەم رووی کردە ئەو چەند کەسەی وا تاپڕێکیان پێ بوو و دەیانویست تەقەی پێبکەن. چەند تفەنگەکە سەرنجڕاکێش بوو! باڵابەرزێکی بە قەلافەتی سمێڵ رەش، کە بێ پسانەوە قسەی دەکرد و دەدوا، تفەنگەکەی وەرگرت و هەڵتروشکا و سیرەی لە نیشانەکە گرت. دوو کەسی پشت سەری بە گوێی یەکتردا چرپاندیان و زەردەخەنەیەک سەر لێوی هەر دووکیانی تەنی. جوان چاکەکە بە دڵنیاییەوە لە سەر قاچەکانی کەمێک خۆی ئەم لاو لا پێکرد. لەمە باشتر نەیدەتوانی خۆی دابمەزرێنێ. هەموو شتێ ئیتر ئامادە بوو. تاپڕەکە تەقی. دەنگی ئەوەندە زل بوو کە "بێزار لە کارەسات" ی تا سنووری راتڵەکاندنی جەستە برد. هێشتا تەقەکە دەنگی دەدایەوە و بە لاپاڵ و دۆڵەکاندا خۆی رادەخوشاند کە تەقێنەرەکە وەک فەننەر بەرەو دووا پەڕی و لە سەر سمت کەوتە سەر زەوی. بوو بە پرمەی پێکەنین. تاپڕەکە بە لادا وەرگەڕا و ئەمجار ئەو تێگەیشت کە دوو لوولە. دوو کونی رێک وەک روخساری بێ کەپۆکە، لە سەر زەوی راکشان،... هەستی کرد لێیانەوە دوکەڵ دەهاتە دەر. تەقێنەرەکە بە پەلە هەستایەوە سەر پێ و بە شڵەژاوی خۆی تەکاند و، ئەوسا گووتی نەیدەزانی تفەنگ یەکجار ئاوا بەهێزە! یەکێک لەوانەی پشت سەری وتی خۆ لەخۆوە نیە لەو دوورانەوە دەتوانێ مرۆڤ بکوژێت. بکوژێت؟ بیری کەوتەوە تفەنگ بۆ کوشتنە. کەپۆکە ئەم راستییە تاڵەی پێ لە بیربردبوو. تازە تێدەگەیشت کە لە روخساری بێ کەپۆ ترسناکتر، کوشتنە،... کوشتنی مرۆڤ. ئەوەی کە دوو کونی تاپڕەکە نەیانتوانیبوو وەک روخسارە بێ لووتەکە سەرنجی رابکێشن، لە خۆی وەڕەزی کرد. بڕیاری دا هەر گەیشتەوە ماڵ، وێنەی

تفەنگێک دەست بخا و زۆربەی کات لە کاتی وەرزییەکان و دەست بەتاڵییەکانیدا دابنیشێ و سەیری بکا. شتێک پێی دەگوت لە نێوان رۆژی زەرنەقوتەکە و رۆژی لە سێدارەدانەکە و ئەم تفەنگانەدا پەیوەندی و رازێک هەیە،... ئەگەرچی هەر سێکیان یەکجار لە یەک دوور بوون. ئەو شتە چییە؟ هەڵدەستێ و دەچێتە بەر پەنجەرەکە. شەو لە رەنگی ناو کونەکان دەکا. بیری دێتەوە رۆژی میوانییەکە لە ناو ئەو هەموو میوان و خەڵکەدا تەنیا بێ کەپۆکە بە دەنگی تەقەکە دانەچڵەکابوو. زانیبووی، یان عادەتی گرتبوو؟ بێزار لە کارەسات نازانێ.

چەند ساڵ دوواتر کاتێک تەرمەکەی لە شەرێکی دەوری سەربازخانەکەی شاردا بە رێکەوت بینیبوو، زانیبووی کە عادەتی هەبووە. بێهۆ نەبوو لوتی لە کونە تفەنگ دەچووو!

بۆ ئەوەی لە شتێک نەترسی، دەبێ بە شێوەیەک لە شێوەکان لە یەکتر بچن. درۆیە تەنیا ئاشنایی ترس دەرەوێنێتەوە. لێکچوون لە ئاشنایی گرینگترە. لە شەو دەروانێ و بیر دەکاتەوە چی بوو وا بێ کەپۆکەی بەرەو سەربازخانەکە برد؟ دروشمەکانی ناو شەقام، یان وەرەزی و رق لە سیمای خۆی، یان لێکچوونی نێوان خۆی و تفەنگ؟ هەڵبەت ئیستا ئیتر گرینگ نیە. جگە لەوە "بێزار لە کارەسات" تازە قەت ناتوانێ وەلامی راستەقینەی ئەم پرسیارە بدۆزێتەوە. هەست دەکا گەر خودی مردووەکەیش ئیستا زیندوو بێتەوە، دیسان نەیدەتوانی وەڵامی بداتەوە. هەندێ شت لە ژیاندا ناگوترێ و تەنیا هی کەسەکەیە و بەس. تەنانەت گەر هەموو ژیانیش ئازاری بدات.

ئیستایش جاری وایە کاتێک لە بەر پەنجەرەکەیدا دادەنیشێ و بە شەو سەیری تاریکی دەرەوە دەکات، گوێی لە تەقەکانە. تەقەکان قەت تەواو

نابن. هەندێکیان دەمێننەوە،... بۆ هەمیشە. تەنیا ئەوانەیش دەیانبیستنەوە کە بیستبوویانن. رقی لە گوێی خۆیەتی. ئەوەی کە داخۆ تەقەکان خەریکن چی و کێ دەپێکن، هەراسناکی دەکەن. پەنجەرەکە دادەخا و دەچێ لە شوێنە هەمیشەییەکەی دادەنیشێ. رەنگە سبەی دونیا جۆرێکی تری لێ بێت. جۆرێک وەک ئەو ساتانەی وا هێشتا تفەنگی نەبینیبوو.

**نەیبینیبوو**،... قەت شتی وا لە ژیانیدا نەهاتبووە سەر رێی کاتەکانی. خەریکی لێنانی چایی بە کترییە رەشەکەی بوو. ئەو کترییەی بەڵێن بوو لە گەڵ هەر چایی لێنانێک رەش و رەشتر بێت! بۆ ئەوەی چاییەکە نەکولێ، بە چڵێکی درێژ سکڵەکان لێک بڵاو دەکا. بۆنی چا و سروشت لەو ئێوارە درەنگانەدا تێکەڵ دەبن. ئاوازێک لە گەڵ داچوونی هەتاو دەچێتە ناو رۆحییەوە. لەمێژە هاتووەتە سەر ئەو رایە کە یەکێک لە هۆکارەکانی چێکردنی "بوون" ئێوارەیە. دەڵێن خودا ئێوارەی لە هەموو کاتەکانی تر خۆشتر دەوێت. دەڵێن ئەو بە ئێوارەیان لە سەر هەسارەیەک دادەنیشێ و لە کاتێکدا خەریکی چایی لێنانە و مژ لە دەمنە کۆنە دارینەکەی دەدا (دار لە چەشنی بەڕوو)، سەیری هەموو خڵقەتی

خۆی دەکا. لە ئێوارێدایە عەبدە گوناهکارەکانی دەبەخشێ و جارێکی تر بە سەر خڵقەتی خۆیدا دەچێتەوە.

"بێزار لە کارەسات" قوروشکەیەکی کۆن لە جانتاکەی دەردێنێ و خەریکی تێکردنی یەکەمین چۆڕەکانە کە ئەوان لە ناو دارستانەوە دەردەکەون. چەند کەسن؟ نازانێ. ئەو تەنیا وەک پۆلێک دەیانبینێ. پۆلێک بە سەر کوێرە رێیەکی ناو دارستانەوە. چەکەکان دەڵێی بە زەحمەت بە جەستەکانەوە بەندن. دادەخزێن بە بێ ئەوەی بکەون. پۆل نزیک و نزیکتر دەکەوێتەوە. جوان لێیان رادەمێنێ. دەبینێ بریندارەکان، گریانەکانیان بە سەر شانەوەیە. "بێزار لە کارەسات" کە یەکەم جارە دەبینێ ناساخ، ساخ دەگوازێتەوە، لە دواکەسی ناو ریزەکە دەپرسێ. لە وەڵامدا دەبیستێ:

- "گریان ناهێڵێ رێبکەن، بۆیە دەبێ هەڵیانگرین!"

- "بۆ دەگرین؟"

- "بۆ مردووەکان، بۆ ئەوانەی لەوێ لە گۆڕەپانەکەدا بەجێ مان."

کە دوواکەسیان لە دووا پێچی ناو دارستانەکە ون دەبێ، ئەو سەر هەڵدەبڕێ و لە خودا دەڕوانێ کە بەردەوام لە سەر هەسارەکە دانیشتووە و سەیری خڵقەتی خۆی دەکا. ئەوەی کە داخۆ ئەم دیمەنە بەشێک لە دیمەنی جوانیی ئێوارەیە لای خودا یان نا، بە خۆیەوە خەریکی دەکا.

- "بێگومان گەر بەشێکیش بێ، لەو دوورانەوە لە چاو شتەکانی تر ئەوەندە بچوکن کە بێ مانا دەبن."

**بێ مانایە** پێ بنێتە ئەو بەر سنووری باخەکەی ئەوەوە. ئەوەتەی هەیە ئەو لێرە دەژی. چی لەم دونیایەدا جوانتر و خۆشتر لە درەختە جۆربەجۆرەکان، لە گوڵە هەزار رەنگەکان و لەو کانیەی لێرەوە سەرچاوەدەگرێ و هەموو خانووەکانی خوارەوەی خۆی، دەرەوەی سنووری باخەکە ئاو دەدات؟ باخەکە گەرچی بە جەستە گچکەیە، بەڵام رۆح و ماناکەی بە قەد تەواوی دونیایە. کە لادەکاتەوەو سەیری هەموو ئەو ساڵانە دەکا لە پشت سەرییەوە راوەستاون، هەست بە لە خۆبایی بوون دەکا. کەس لەم دەورەو زەمانەدا ئەوەندەی ئەو یاری وەفا نەبووە. ئەو رقی لە مرۆڤی ئەم سەردەمەیە. باخەوانەکە پێی وایە دژوارترین قۆناخی ژیان، ئەوەتەی ژیان هەیە، هی ئەم سەردەمەیە. ئەو ئەگەرچی لە گەڵ نەوەکانی پێشووتر نەژیابوو، بەڵام لە راستیی ئەم بۆچوونەی خۆی یەکجار دڵنیا بوو. ئەو پێی سەیرە کە بۆچی مرۆڤی ئەم سەردەمە بە هیچ رازی نین و ئەوەندە خێرا خێرا شوێن و خەون و شێوازەکانیان دەگۆڕن. مەگەر ئەوان نازانن کە لەم گۆڕانە بێ سنوورانەدا سەرئەنجام رۆژێکیش خۆیانیان لێ ون دەبێ؟ کە هەر ونیش بووە. باخەوانەکە کە ئێوارەی لێدادێ، لە تەنیشت کانیەکە لە نێوان دوو درەختی سێو و هەناردا لە سەر چۆک کڕنۆش دەبا و سوپاسی ژیانی خۆی دەکا. سوپاسی ئەوەی کە توانیویەتی ئەوەتەی هەیە بە میوە و ئاوی ئەم باخە بژی، بێ ئەوەی پێویستی بە خانووەکانی خوارەوەی خۆی هەبێ.

"بێزار لە کارەسات" ساڵانی ساڵە بەم باخ و باخەوانە ئاشنایە. بێ ئەژمار جار هەم کڕنۆشەکانی بینیوە و هەم ئەو درەختانەی کە دەڵێی

کانیەکە فرمێسکیانە. بەڵام لە مێژە شتێک لە دڵیدا پێی دەڵێ ئەم کانییە لەخۆوە ناگری. بەستەزمان خانووەکانی دەرەوەی باخەکە! ڕەنگە هۆکاری ئەم شتە دەروونیە بەردەوام زەڕنەقووتەکە بێت یا خود بۆنی میزی پشیلەکە. ئەو نازانێ چییە و کامیانە، بەڵام گرنگیش نیە، گرینگ ئەوەیە هەستەکە لەوێیە،... هەستە ناخۆش و قێزەونەکە.

باخەوانەکە، کە پێی وایە قەت نامرێ و وەک باخەکەی هەمیشەیی و نەمرە، سەرئەنجام ڕۆژێک لە کاتی کڕنۆش بردنەکانی ئێوارانیدا، ڕێک لەو کاتەیدا تەوێڵی لە سەر خاکی زبر و نیوە گەرمی ئێوارەیە، گیانی دەردەچێ. "بێزار لە کارەسات" وەک هەمیشە چاوی لێیە. پێی سەیرە کڕنۆشی ئەم جارە ئەوەندە کات دەبا و دەخایەنێ. خەیاڵی ئەوەی حەزێکی ئەبەدییە باخەوانەکەی گرتووەتە خۆی، زۆر گوێ بە مانەوەی سەر چۆکانی نادا. کە شەو تێدەپەڕێ و دیسان ڕۆژ دەبێتەوە و سبەی دێ، باخەوانەکە لە هەمان حاڵەتدا دەبینێتەوە. ئەمجارە دادەگەڕێ و خۆی دەگەیەنێتە باخەکە. تەرمێکی سوجدە ئاسا. هورشەی گەڵا و خوڕەی ئاو و دەنگی پێی ئارامی زەمەن نوقمی دەکەن. لە خانووەکانی خوار خۆیەوە دەڕوانێ، لەو ئاوەی بەرەو ئەوێ دادەگەڕێ. چ دەبا لانیکەم یەک بوونەوەر بیتوانیبا نەک پێش باخ، بەڵکوو لە گەڵ باخەکە بمردایە!

مردن هەمیشە وەک بوونەوەرێک هاتووەتە بەرچاوی. نەک لە چەشنی بوونەوەرێکی ئاسمانیی وەک ئیزرائیل، یان وەک هێلانەی بن میچی

ماڵەکەیان، بەڵکوو ڕێک وەک مرۆڤێک. مرۆڤێک کە وەک هەموو ئەوانی تر دەخوا، دەخەوێ، دەگەڕێ و تەنانەت دەشگری. ئا، دەگری. ئەو پێی وایە مردن دڵناسکترین بوونەوەری جیهانە. ئەو پێی وایە دووای مردنە، کە مردن لە ڕاستیدا ڕووی ڕاستەقینەی خۆی دەردەخا و... دەگری. کاتێک گیانەکان دەکێشێ دەبێ خەریکی کاری خۆی بێت، بە بێ هیچ چەشنە برۆ تێکنانێک. وەک هەموو مرۆڤەکانی تر لە کاتی کارکردندا. بەڵام کاتێک لێدەبێتەوە و تەنیا خۆی و خۆی دەمێنێتەوە، ئیتر دەگری. بێزار لە کارەسات بیستوویەتی دەڵێن مردن کتێبێکی فەلسەفی نووسیوە و تێیدا باسی هەموو ڕەگەزە فەلسەفییەکانی هەبوون و کاری خۆی کردووە. تێیدا وتوویەتی کاتێک خوا دروستی کرد و گەرەکی بووە بینێرێتە سەر زەوی، لە پێشا پێی گوتووە کە داخۆ بە ئەرکی خۆی ڕازییە و هیچ گلەییەکی نیە؟ مردن کە ئەو کاتە تەنیا نوقمی حەز و خۆزیای سەفەری بەرەو زەوی بووە، زۆر جوان لەم پرسیارە تێنەگەیشتووە و دووای یەک دوو سەر بادان و سەیرکردنی گۆی زەوی لە دوورەوە کە لە یاقووتی دەکرد، بە پەلە گوتبووی: "ئا، ڕازیم، یەکجار ڕازیم!" هەڵبەت خوا تێگەیشتبوو و دیسان لێی دووپات کردبووەوە و کەچی هەمان وەڵامی بیستبووەوە. خوا، لە بەر ڕێزی ژیان ئیتر نەیدەتوانی بوونەوەرە خوڵقاوەکەی دەستی خۆی دیسان لە ناو بباتەوە، هەربۆیە دەستی لێبەردابوو و ئیتر مردن بەرەو زەوی فڕیبوو. وەک بۆ خۆی لە کتێبە فەلسەفییەکەیدا نووسیبووی بە باڵە سپییەکانی فڕیبوو (ئەو پێی وایە مرۆڤەکان بە هەڵە ڕەنگی باڵەکانی بە ڕەش دەبینن). ئەو باڵانەی دەڵێی قەت ماندوویی ناناسن. هەر بۆ خۆی لە پاژی یەکەمی کتێبەکەیدا دیسان دەڵێ سەرەتا وەها جوانیی زەوی

سەرنجی راکیشابوو کە زۆر سەرنجی قوربانییەکانی نەدەدا. ئەو هەمیشە کاتێک خەریکی کوژانەوەی مۆمی ژیانێک بووە هەر لەو کاتەدا بە سەرسامییەوە خەریکی سەیرکردنی وێنە دەگمەن و سەیرەکانی سروشتیش بووە، بە تایبەت ئاوابوونی خۆر. ئەو نووسیویەتی هەمیشە شەوانە ئەوەندە درەنگ خەوی لێدەکەوت کە تا سالانی سالێش ئاگای لە هەڵهاتنی خۆر نەبووە.

"بێزار لە کارەسات" جاری وایە دادەنیشێ و هەوڵ دەدا لە پشت پەنجەرەکەیانەوە رۆژێک مردن ببینێ. تەنانەت پەیکەرێکیشی لێ کێشاوەتەوە. لە سەر پەڕۆیەکی خام کە بە چوارچێوەیەکەوە بە پۆنیس دابەستراوە. مرۆڤێک بە پاڵتۆیەکی درێژ و کڵاو شاپۆیەکەوە کە لە ئێوارەیەکی درەنگ وەختدا لە کۆڵانەکەی ئەوانەوە گوزەردەکا. تابلۆکە لە ناو رەنگەکانی خۆیدا دەکاڵێتەوە و حەزی خۆ ونکردنی هەیە. تایبەتمەندیی ئەم پەیکەرە ئەوەیە سەیری کەس ناکا، قەت! بە تایبەت راستەوخۆ. لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی بۆ خۆیشی دەزانێ کە گەر بە هیچ نەناسرێتەوە، بە چاو هەر دەناسرێتەوە. بۆ خۆی دەڵێ چاوەکانم ئەوەندە گڕاویین کە هەمیشە هەست بە ژانێکی سەیر لە نیگامدا دەکەم. ژانێک کە هیچ چاویلکە و دکتۆرێکی دونیا چارەسەری ناکەن. وەک دەڵێن کتێبەکەی تەنیا لە یەک نوسخەدا لە چاپ دراوە و هەر ئەو نوسخەیەیشە هەر جارە بڵاو دەکرێتەوە. بێزار لە کارەسات بێزارە لەو کتێبە فەلسەفییەی کە تەنیا لە دووای ژیان دەتوانرێ بخوێنرێتەوە. کتێبێک بۆ چاوە نابیناکان.

**نابیناکە** بە ریشە سپییەکەیەوە گۆچانەکەی بە قەراخ و ناوەوەی جۆگەلەکەی تەنیشت جادەکەدا دەکوتێ و ئەوسا ئارام بە مەبەستی پەڕینەوە قاچی بەرز دەکاتەوە. دەنگەگە تەنانەت لەوبەر جادەکەیشەوە دەبیسترێ، وەها، سوالکەرێک لە سەر پەڕۆ چڵکنەکەی بەردەمی سەر بەرز دەکاتەوە و چاو بۆ شوێنی دەنگەکە دەگێڕێ. دەنگی جێگرەوەی تیشکی چاو. کوێرەکە جوێنیش دەدا. هەمیشە تووڕەیە. خەڵکی بەزەییان پیادێتەوە. دەڵێن ناحەقی نیە،... چاو، یانی ژیان. بەڵام نابیناکە، کە لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵیدا چاوی کوێر بووە، هەمیشە مرۆڤێکی تووڕە بووە. ئەوانەی لە بیریان دێ، دەڵێن هەمیشە وا بووە. کەواتە دەبێ هۆکارێکی تر لە پشت سەری مەسەلەکەوە بێت. هەندێ دەڵێن تووڕەیی بەشێکی گرینگە لە بوون. هەر هەبووە و هەر دەبێ، هەر بۆیە دەبێ رۆحەکەی لە جەستەی هەندێ کەسدا جلوس بکا و خۆی دەربخا. ئەوان دەڵێن نە هیچ جەستەیەک هەتا ئەبەد بە بێ رۆح سەردەکا و نە هیچ رۆحێکیش بێ جەستە. هەمیشە رۆژێک یەکتر دەبیننەوە. بێزار لە کارەسات بیری ودمی تاریکی و سێبەرەکان و ژووورە تەنیاکەی خۆی دەکاتەوە. دەڵێی هەمیشە شتێک لە ناویاندا دێت و دەڕوا. شتێکی ناپەیدا، بەڵام هەبوو. پرسیاری ئەوەیە بۆچی تووڕەیی زۆرتر دەبێ لە جەستەی کەسانی وەک ئەم کوێرە جلوس بکا. رەنگە تووڕەیی تەنیا لەو شوێنانەدا دەنیشێتەوە وا نیگا لە خۆی زیاتر تێناپەڕێ. زۆر جار هەندێ کەسی خێرخواز پەیدا دەبن کوێرەکە لە جادەکە دەپەڕێننەوە، بەڵام ئەمە دادی تووڕەییەکەی نادا. ئەو تەنانەت بە تووڕەییش سوپاسیان

دەکا. سوپاسەکەی پڕە لە حەزی گەڕانەوە بۆ ساڵەکانی پێش بیست و حەوت ساڵی. ئەو تەنیا بیست و حەوت ساڵ وێنە لە ناو زەینیدایە. ئەوانی تر ئیتر تەنیا دەنگ و بۆن و هەستی لامسەن. کە ساڵەکانیش تێپەڕین، وێنەکان ڕەش و سپی هەڵدەگەڕێن. ئەو بە ڕەش و سپی سەردەمی منداڵی و مێرمنداڵی و گەنجیەتی خۆی لە بیرە. وێنەکان هی رابردوون و کەچی دەنگ و بۆن و هەستەکان هی هەنووکە. نابیناکە، کە جەستەی قورسی ئەم جیاوازییە سامناکەیە، نازانێ چۆن ئەم دوو جیهانە لێک جیایە لێکبداتەوە. تا ڕۆژێک فیلسووفێک رووده‌کاتە شارەکە و لە یەکێک لە مەیدانەکان سەبارەت بە وێنە دەروونییەکان و جیهانی بەرهەست دەدوێ. ئەو دەڵێ:

- "دەنگ و بۆن و بەرکەوتەکانی هەست هەر هەمانن، وەک هەمیشە. ئەوەی کە دەگۆڕدرێ، تەنیا وێنە دەروونییەکانن. بۆیە دەکرێ وێنە دەروونییەکان بە یارمەتیی خەیاڵ گرێ بدەینەوە بە ئەو دەنگ و بۆن و بەرکەوتانەی وا ئیستاکە هەستیان پێدەکەین. بەم شێوەیە دەتوانین بەردەوام خۆشبەخت بین تەنانەت گەر کوێریش هەڵگەڕابێتن! ئیتر بەم شێوەیە دەتوانین بیرەوەرییەکان بۆ هەمیشە رابگرین."

لێرەدا کوێرەکە کە لە دووای دوواوەوە لە تەنیشت جۆگەلەی قەراخ شەقامەکە دانیشتبوو، وەها بە توندی گۆچانەکەی بە قەراخ جۆگەلەکەدا دەکوتێ کە هەموو سەریان وەردەگێڕن. بەڵام ئەمجارە لە جیاتی ئەوەی لاق هەڵبێنێتەوە و بپەڕێتەوە، دەستی کرد بە گریان. نابیناکە پێی وابوو ئەم فیلسووفە ناحاڵیترین مرۆڤی دونیایە. ئاخر چۆن دەکرا وێنەکانی رابردوو بە دەنگ و بۆن و هەستی ئیستاوە گرێ بدرێن.

ئەم شارە، کە بۆ یەکەم جار و دووا جار فیلسووفێک رووی تێکردبوو، ئیتر قەت هیچ فیلسووفێکی بە خۆیەوە نەبینییەوە. تەنانەت بە سەدان ساڵ دوواتریش. فیلسووفەکە هەر ئەو رۆژە لە بەرگ و رواڵەتی پەیامبەرێکی ئایینی دا دووای توڕەبوونی کوێرەکە گوتبووی "ئەم شارە بۆ هەمیشە بەر لەعنەتی کوێری دەکەویٚ!" بەڵگەیشی وێنەیەک بوو کە لە گیرفانی دەریهێنابوو و پیشانی خەڵکی دابوو. وەک خەڵک دوواتر زانیبوویان، وێنەکە وێنەی سوقرات بوو!
چەند شەو دوواتر نابیناکە لە خانووە کۆن و پەرپووت و نیوە رووخاوەکەی خۆی مرد. جەستەی، رەق رەق هەڵگەڕابوو. وەک تۆڵاش. تۆڵاشی پاییزان. وەک دەیانگووت ژارخواردوو کرابوو.

**ژاری دەخواردەوە**، وەک شەربەت. کەچی نەشدەمرد. کە دەیخواردەوە، سەرخۆش دەبوو. زۆر کەس دەیانگووت سەرخۆشیی پێش مردنە. بەس ئەو نە تەنیا نەمرد، بەڵکوو لە ناشتنی زۆر کەسیش دا بەشداری کرد. لە سەر قەبران کاتێک مەلا فاتحەی دەخوێند، ئەو بتڵی ژارەکەی لە بەر دەمی خۆی لە سەر بەردێک دادەنا و پێک پێک هەڵیدەدا. کەسیش نەیدەتوانی بەری پێبگریٚ. لە قورئاندا باسی قەدەغە بوونی ژار نەکراوە. ئەو پێک پێک بە سلامەتی رۆحی مردووەکە هەڵیدەدا و جوانترین وشە و رستەکانی ئاراستە دەکرد.

- "بە خۆشی تۆ و ئەو دونیایەی کە بۆ خۆشی تۆ دونیایە،... بڕۆ ماڵەکەم بڕۆ،... لەوێش ڕێگایەکی تر هەیە بەرەو دەرەوە! لەوێیش هەر عەودالی خۆشبەختین!"

رازێکی گەورە بوو کە ئەم ژارە لە چ رەگەزێکە وا مرۆڤی نەدەکوشت. هەندێ کەس دەیانگوت درۆ دەکا ژار نیە، بەڵام ئەو لە بەرچاوی ئەواندا دەیگرتەوە. کەسیش دوواتر نەیدەوێرا تاقی بکاتەوە. ئەو گەمەی بە ترسی ئەوان دەهات و دەیگوت کە لە گەڵ مردن ژیای، لە ژیان زۆرتر دەگەی. ئەو ئەسڵەن باوەڕی بە دووانە بوونی ژیان و مردن نەبوو. لای وی، هەر دووکیان یەک بوون. تەنیا بە رواڵەت دوو هەبوونی جیاواز بوون. دەیگوت گەر باوەڕت بە سنوورەکان نەما، ئیتر سنوورەکانیش زەفەرت پێنابەن.

سەرخۆشی و سەرەخۆشی. لای ئەو جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەم دوو وشەیەدا نەبوو. لای ئەو دەکرا سەرخۆشی بە خواردنەوەی ژار بکرێ بە سەرەخۆشی و سەرەخۆشیش بە سەرخۆشی. ئەوەی کە چەند ئاسان بتڵێک دەیتوانی هەموو سنووری نێوان ماناکان بگۆڕێ رۆژ بە رۆژ زیاتر بە مونیسمی دەگەیاند. دەیگوت خوایش نامرێ چونکە لەم چەشنەیە.

بێزار لە کارەسات بیری دەکردەوە گەر زەڕنەقووتەکە لەم ژارەی خواردبایەوە بێگومان ئەوەندەی زاق و زیق نەدەکرد،... پشیلەکەیش نە ئەوەندەی مشە مش دەکرد و نە میزیشی بە خۆیدا دەکرد.

- " ئاە، ئەو میزە چەندە غرورشکێنە!"

بەڵام ژارخۆرەکە رۆژێک مرد. دکتۆرەکان جەستەیان هەڵدڕی بۆ ئەوەی بزانن چی بووەتە هۆکاری مردنەکەی. تەواوی خەڵکی شار لە بێدەنگییەکی قەبرستان ئاسادا چاوەڕوانی راپۆرت و هەواڵ بوون.

سەرئەنجام هەواڵ هات "ژار کوشتبووی!" کەس قەت باوەڕی بەم راپۆرتە نەکرد. خەڵک دەیانگوت دکتۆرەکان ئەمەیان وتووە بۆ ئەوەی شتێکیان گوتبێ. یان خود بۆ ئەوەی باوەڕی مردووی خەڵک بە عیلم و زانست دووبارە بژیەننەوە. ئەوان دەبێ بە جۆرێک لە جۆرەکان هەم حەیای زانست بپارێزن و هەم حەیای خۆیان. بە پێچەوانەی دکتۆرەکان، خەڵک پێیان وابوو وەڕەزییەکان ژارخۆرەکەیان کوشتبوو.
وەڕەز لە کارەسات بۆ رۆژی دوواتر بە بێ چەتر لە ژێر بارانێکی بەخوڕی بێ وێنەدا چوو بۆ پیاسە. لە کاتێکدا جار جارە رادەوەستا و بە زمانی قەترە بارانییەکانی دەوری لێوەکانی دەلستەوە، تەواوی شەقامەکانی شاری بە سەر کردەوە.

**بەسەرکردنەوە** وەک جۆرێک لە یادکردنەوە دەهاتە بەر چاوی. یادکردنەوەیەک لە رەگەزی ئەریستۆکراتی. وەک بڵێی بەم بەسەرکردنەوەیە شەرەف دەدەیتە بابەتی یادکردنەوەکە. لای ئەو بەسەرکردنەوە دەکرا ئابستراکت بێت و دەکرا کۆنکرێت. بۆ وێنە بەرسەرکردنەوەی یادەکان ئەبستراکت بوو و بەسەرکردنەوەی دۆستێک کە سالانی ساڵە نەت بینیبوو، کۆنکرێت. بەڵام سەیر ئەوەیە کە لە راستیدا جۆری یەکەم واتە ئەبستراکت ناتوانێ ئەریستۆکراتیانە بێت. کەس ناتوانێ شەرەف بداتە یادەکان، بەڵکو ئەوە یادەکانن کە تۆ دیلیانی. ئەوە ئەوانن شەرەف دەدەنە تۆ، هەڵبەت گەر باس لە شەرەف

بێت. لە هەر ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا بیت، ئەوانن ئاغا و سەرکردەی تۆ. راپێچت دەکەن و دەتبەن. کڕنۆشت پێدەبەن. غرورت دەشکێنن. دەستەمۆت دەکەن. بەرزت دەکەن، دەتبەنە ئاسمان. بێزار لە کارەسات کاتێک لەمە گەیشت کە هێشتا تەمەنی نۆزدە ساڵان بوو، واتە پێنج ساڵ دووای رووداوەکانی چواردە ساڵی.

یەکەم ساڵی تەمەنی بوو کە زستانێکی بێ بەفری ئەزموون کرد. دونیا سارد سارد بەو هەورانەوە کە دەهاتن، کۆدەبوونەوە، چڕ دەبوون و دوواتر دەگوزەران بە بێ ئەوەی داکەن. هەموو شتێ بۆنی بەفری دەگرت، بەڵام بە بێ بوونی خودی بەفر. دونیا رەش رەش هەڵگەڕابوو. خاک خۆی دەخواردەوە. زەوی داوای جل و بەرگی وەرزی خۆی دەکرد. رۆژەکان چەند ناخۆش تێدەپەڕین. پەنجەرەیەک و ئاسمان و چاوەڕوانی. دڵتەنگترین ساڵی تەمەن. بۆ ئەوەی بەفر ببینێ، بڕیاری دا رووبکاتە چیا بەرزەکان. گوتیان لە شوێنێک لەو بەرزاییانە بەفر دەست دەکەوێ. رەنگە بە قەدەر مشتێک، ئەویش پاشماوەی پار. بڕیاری دا بەسەری بکاتەوە. وەڕێکەوت. چەندین رۆژی خایاند تا گەیشت. کاتێک سەفەر دەبێ بە رێگایەکی دوور بۆ شتێکی بچووک، ئیتر دونیا زۆر بێ مانا دەبێ. ئەو ئەمەی دەزانی. بەڵام چی لە دەست دەهات؟ هەندێ جار ژیان بریتیە لەم جۆرە سەفەرانە. تازە، بەس نەبوو خاوەنی بیانوویەک بوو. دەیزانی گەلێک کەس هەمیشە لە سەفەردان بە بێ هیچ مەراق و مەبەستێک. بێزار لە کارەسات کە نازانێ خۆی لەو جۆرە کەسانە بە خۆشبەختتر بزانێ یان نا، خەنی لەوەی شتێکی سپیی بچوک لانیکەم ئەو زستانە مانای داوە بە سەفەرەکەی، خەنی دەکا.

لەوێش، لاپاڵ و دۆڵ و بەرەزاییەکان هەر هەموویان تامەزرۆی بەفرن. کە پێی دەزانن هەر هەموویان بەخیلی پێدەبەن. ئەم کە نازانێ بەو کەمە بەفرە چلۆن دڵی ئەوهەمووە خۆش و رازی بکا، جاری وایە لە سەفەرەکەی پەشیمان دەبێتەوە و دەیەوێ بگەڕێتەوە. بەڵام نا، ئەو تەنیا لە بەر خاتری خۆی بە ڕێگاوەیە. ئەو دەبێ یەکجار بۆ هەمیشە سەفەر لە پێناوی خەڵکی تردا فەرامۆش بکا. منەتی تیا نیە. ئەو گەر ئەمە نەکا، ئەی چ بکا؟ لە بەر چاویدا ماناکان لە شوێنە سەیرەکانەوە دەردەکەون و دێن. جاری وایە بە لێشاو. کەس نازانێ چۆن. کتوپڕ لە نیوە شەوێکدا، یان بە دەم ڕێگای ماڵەوە شتێکی سووک دێت (وەک پەپوولە)، لە سەر شانەکانت دەنیشێ. تۆ سەرەتا تەنیا هەست بە جوڵەیەک دەکەی، ئەوسا خڵقەتێکی جوان سەرنجت رادەکێشێ، بەڵام دوواتر کتوپڕ زۆر قورس دەبی. ئەوەندە قورس، دەلێی هەنگاوەکانت ناتوانن بتگەیەننەوە ماڵەوە. ئیتر نیگات وەیلان دەبێت. لەو کاتەدا، دایکت بە بێ ئەوەی ئاگای لە پەپولەکە بێت دەستی بە قۆریی چاییەکەوە دەلەرزێ و، باوکیشت کسپەیەک بە دڵیدا دێت. خانووەکەتان بۆ یەک سات دەیان ڕەنگ دەگۆڕێ. وەها کە دراوسێکەتان قورئانەکەیان لە سەر تاقچەکە دادەگرێ و دەست دەکا بە خوێندنەوەی ئایەتەکان، ئەو ئایەتانەی باسی قیامەت دەکەن. نیوە شەو پڕ دەبێ لە دەنگە سەیرو سەمەرەکان. دەنگە بێ خاوەنەکان.

تینوویەتی. بەڵام گرنگ نیە. گەر گەیشت هەر لەو چکە بەفرە دەخواتەوە. سەرئەنجام دەگا. لە پانتایی سەر شاخەکە، لە تەنیشت بەردێکی گەورەدا، لە نێوان کۆمەڵێک ڕێواسی وشک دا دەیبینێتەوە. نزیکتر دەکەوێتەوە. توێژاڵێک خۆڵ کە ئیستا بووە بە قوڕ، سەرەکەی

داپۆشیووە. بە نووکی پەنجە ئارام لایدەبا. سەرما، لە نووکی پەنجەیەوە دەڕژێتە ناو لەش و گیانی. باشە، سێبەری بەردەکەیە ناهێڵێ بتوێتەوە، یان گەمارۆی ڕێواسەکانە؟ یان هەر دووکیان؟ ئا هەر دووکیانە. تا سێبەری بەردەکە هەیە ئەوا بەردەکە دەیپارێزێ و کە هەتاویش گەیشتە سەر سەری، ئەوا گەڵای پانی کڵاوبنەکانن دەبن بە چەتر و دەیپارێزن.

بە دەم ڕێگایماڵەوە تێدەگا کە مانەوەی ئەو بەفرە بۆ هێشتنەوەی یادی بەفرە لە دەرروونی سروشتدا،... بۆ ئەوەی هەندێ جار یادەکان هەر چەند بچووکیش بن، دەبنە هۆی گەڕانەوەی زۆر شت،... یەک لەوان بەفر. بێزار لە کارەسات سەرمایەتی. پەیکەری وەک بەفر ساردە. ڕەنگە ئیستا خودی بەفر بێت. بڕیار دەدا هەر کە گەیشتەوە، نووکی پەنجەی بە یەکەم شەقامەوە بنێ، ڕەنگە شار وەها بتەزێ کە هەورە گەڕۆکەکان بخەنە هەوەسی بارین. بارینێکی لە چەشنی گەڵای پاییزانی دارستانە چڕ و بێکۆتاکان.

**بێکۆتاییەکان** لە چەشنی چین؟ بێگومان هەم زەڕنەقوتەکە و هەم پشیلەکە بینیبوویان. یەکیان لە هێلانەکەیەوە و ئەوی تر لە سەر بانیژێکەوە. ئەگەرچی یەکیان دەیتوانی ئەوی تریان بخوا، بەڵام ئەمە

ڕێگر نەبوو لە بەر دەم ئەوەیدا کە هەر دووکیان هەست و بیری فەلسەفیی هاوبەشیان هەبێ. ڕەنگە جیاوازییەکە تەنیا لەوەدا بوو یەکیان زۆرتر بیری لە ئازاری جەستە دەکردەوە و ئەوی تریان کەمتر. تەنانەت بگرە ئەم ئازاری جەستەییە دەبووە هۆی ئەوەی زەڕنەقوتەکە زیاتر ئالوودەی فەلسەفە بووبێت،... هەروەها ڕەنگە ئەدەبیش. دەڵێن کاتێک گەورە بوو، بە قامیشی شاباڵەکانی شیعری دەنووسی. لە کاتێکدا پشیلەکە گاڵتەی بە شیعر دەهات و دەیگوت شیعر کار و پیشەی ئەوانەیە زیاتر لە هەر بوونەوەرێکی تر لە مەرگ دەترسن. تا ئەو ڕۆژەی لە دووای لە سێدارەدانەکەی، "بێزار لە کارەسات" دەچێتەوە سەر بانیژێکە و دەبینێ پشیلەکە بە میزەکەی شیعرێکی لە سەر خۆشەویستیی ژیان نووسیوەتەوە. ئەو شیعرەی کە دەیگوت تا نەمری نازانی ئاسمان و حەوش و هەتاو و ئەستێرە یانی چی. بەشێک لەو وشانە بە سەر جل و بەرگی ئەواندا پڕژابوو.

بێزار لە کارەسات شەڕەکانی لەبیرە. ئەسڵەن ئەو هاتبووە سەر ئەو رایەی شەڕ بۆ ئەوەیە هەندێ زەمەن زیاتر لە زەمەنەکانی تر لە مێژوودا بهێڵێتەوە. گەر شەڕ نەبێ، هیچ شتێکی ئەوتۆ لە رابردوو لە بیردا نامێنێتەوە. لە لای ئەو، شەڕ، یادەوەری و حافزەی هاوبەشە. ناوە ناوە ڕوودەدات بۆ ئەوەی بزانی بە کوێدا هاتووی. وەک بەردەبازی ناو چەم، یاخود جێ پێ و جێ هەنگاوەکان، بەڵام زیاتر لە چەشنی قەڵەمباز. گەر باوەڕ ناکەی، ئاوڕێک بدەوە!

شەڕی ئەو ساڵەیش هەر لەم چەشنە بوو. بێزار لە کارەسات کە تازە بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا دڵی دابووە کچێکی نەشمیلانە، کچێک وەک بۆ خۆی دەیگوت لە ڕەگەزی کۆڵان، لە ڕۆژێکی گەرمی بەهاریدا، ڕێک

دەمەو عەسر، باڵندە ئاسنینەکان هاتن و ئیتر سیمای شار بۆ چەندین مانگ بوو بە شتێکی تر، شتێک لە چەشنی ترس و خەون و ئازایەتی و چاوەڕوانی و ئازار و... سەرئەنجام خوێن. وەک بۆخۆیشی دەیگوت خۆشەویستیش بوو بە چەشنێکی تر، چەشنێکی وەک ڕووداوێکی یەکجار گەورە. کاتێک دەیانپرسی چۆن؟ لە وەڵامدا دەیگوت:

- " وەک ئەوە وایە شتێکی گەورە بخەیتە ژێر زەڕەبین و گەورەییەکەی ببێ بە چەندان ئەوەندە."

شەڕ بۆ ئەشق زەڕەبینێکی گەورە بوو. لە کاتی گەورەترین ترسەکاندا هەم دەوری ترسی دەتەنی و هەم بۆنی خوێنی دەسڕییەوە. ئەو ئەمەی بینیبوو. کاتێک لە کاتی بوردوومانەکاندا لە سەر زەوی ڕاکشابوو و روخسار و لووتی بە خاکەوە نابوو. هەمیشە لەو کاتانەدا شتێک پێی دەگووت "دەگوزەرێ!" وە چەند خەمین دەگوزەرا. بۆ خۆی پێی وایە خەتای شەڕ بوو وا قەت ئەو خۆشەویستییە بە جێی نەهێشت. شەڕ، خۆشەویستییەکەیشی کرد بە حیماسە. شەڕ لە کۆتاییەکانیدا کچەکەی برد. ئەم سەرەتا باوەڕی نەدەکرد، پێی وابوو هەواڵێکی درۆیە لە لایەن دێوی ڕەشی ناو چیرۆکەکانەوە. ڕێک وەک چیرۆکەکانی سەردەمی منداڵی. دوواتر بیری پەیژە کۆنەکەی حەوشەکەی خۆیان کەوتبووەوە. بێگومان دەیتوانی جەستەی زاماری هەڵبگرێتەوەو لە هێلانەی بهاوێتەوە. قسە تەنیا لە سەر سەرکەوتن بە سەر چەند پلەدا بوو. چەند پەیژە - پلەی نەگبەت. بەڵام ئەو نەگەیشتبوو. بۆ هەمیشە،... قەت قەت!

پشیلەکە لە گۆشەی باخەکەدا بۆ یەکەم جار خەمینانە پێکەنیبوو.

مرۆڤەکان چیرۆکیان زۆر پێ بوو بۆ ئەوەی بۆچی یەکتریان دەکوشت. لە کاتی گێڕانەوەو بەڵگەهێنانەوە و قسەکردنیش دا هەر هەموویان بە قەدەر یەک رەگی ملیان هەڵدەستا. ئەم کە جاری وابوو تەنیا لێو و گەردن و رەگەکانی دەبینی، باوەڕی نەدەکرد یەک تاقە وشە چییە لە سنوورەکانەوە تێپەڕێ. لە شەڕی ئەو ساڵەدا سنوورەکان یەکجار تۆختر ببوون، وەها کە ئەم ترسی ئەوەی لێ نیشت رەنگە ئەمە ببێ بە تایبەتمەندییەکی گرنگیی داهاتوو. ساڵە تۆخەکان. ئیستایش نازانێ سنوورە تۆخەکانن دەبنە هۆی شەڕەکان، یان شەڕەکانن دەبنە هۆی سنوورە تۆخەکان.

ئەو دەڵێ ئەگەر بتەوێ ساڵەکان و رووداوەکانی نێویان بە رەنگ بکێشیتەوە، یان لێکیان جیابکەیتەوە، دەکرێ ساڵی شەڕەکان ساڵە تۆخەکان بن،... جا لە هەر رەنگێکیان. بۆیە کاتێک لادەکەیتەوە، بینینەوەیان ئاسانە. ئەگەرچی مەودایەکی زۆر داگیرناکەن، بەڵام جوانتر لەوانی تر دەبینرێن. بێزار لە کارەسات جاری وایە خۆی بێ رەنگ دێتە بەرچاو. رەنگە هۆکاری سەرنجەکانی ئەو هەر ئەمە بێت. ئەو کە نازانێ لە سەرەتاوە کێ و چۆن رەنگەکانی دیاری کردووە، بەڵام لە رۆژی سەر پەیژەکەوە زانی بۆ خۆی لە چ رەنگێکە.

لە ساڵی شەڕەکە هیچ شتێک بە قەدەر باران سەرنجی ئەوی رانەدەکێشا. لەم کاتانەدا کاتێک سروشت دەبوو بە منداڵی ئاسمان و شیری لە مەمکی دەخوارد، باوەڕ پێنەکراوترین رووداوی جیهان، راکشانی تەرمێک لە سەر گیا بوو. ئەویش لە کاتێکدا باران دەیشۆردەوە و لە خوێن پاکی دەکردەوە و کەچی هێشتا تەرمەکە هەڵنەدەستایەوە سەرپێ. گیا دەڕوایەوە، بەڵام مرۆڤ نا.

لە شەوێکی ئەو ساڵانەدا کاتێک بێزار لە کارەسات بیری لە بچوکیی ناوی شەڕ و گەورەیی کردە و ئاکامەکانی دەکردەوە، بیری شتێکی تریش مێشکی دەتەنی:

ـ "لە خۆوە نیە دەڵێن خودا دونیای دروست کردووە."

**دروستکردنی** نیشتمان، سەردەمانێک هەر هەموو خەڵکی بە خۆیەوە سەرقاڵ کردبوو. وەک دەیانگوت ئەم سەرقاڵییە لە پێش شەڕەکەوە سەری هەڵدابوو و لە دووای شەڕیش درێژەی کێشابوو. دەیانگوت ئەمە شتێک نیە بگاتە شوێنی کۆتایی خۆی، ئەرک و کردەیەکی هەمیشەییە، تا مرۆڤ بژیت.

بێزار لە کارەسات دەستە دەستە ئەوانی بینیبوو. لە هەر تیرە و گروپێک، لە هەر رەنگ و جل و بەرگ و ئایدیایەک. نیشتمان شتێک بوو کە بە بڕوای ئەوان لە پێش ئەوانەوە هەبوو، بەڵام بە بێ ئەوان نەدەکرا هەبێ و درێژە بە ژیان بدا. بوونێکی تەواو بەستراوەو و گرێدراو بە ئەوانەوە. ئەوان فەخریان بە هەموو شتێک دەفرۆشت: بە ئاسمان، بە خاک، بە ئاو و بە باران،... تەنانەت بە خۆشیان. شت کە زۆر بوو، بتەوێ و نەتەوێ سەرڕێژ دەکا. وە دونیا چەند پڕ بوو لە قسەکانی ئەوان. قسە سەرڕێژاوییەکان. بێزار لە کارەسات بکوژەکانی

پشیلەکەی لە نێو ئەواندا دەبینی، بەڵام نەیدەزانی ئەوان تا چەند پشیلە وەک بەشێک لە نیشتمان سەیر دەکەن. ساڵەکان تێپەڕیبوون و بێگومان ئەوانیش گۆڕابوون، بەڵام ئەم قەت نەیزانی کە سنووری گۆڕانەکان تا کوێ گەیشت،... گەیشتە کارەساتی ئەو ئێوارەی سەربانیژێکە، یان نا؟

ئەوان دوواتر دەستە دەستە و بە تاک، بەرە بەرە بە هۆی مەرگ، یان ئاوارەیی، نیشتمانیان بە جێ هێشت. زۆریشیان لە نیشتمانەوە گەڕانەوە بۆ خانووەکانیان. بەو بوتڵە ئارەقانەوە کە بۆنی لەبیرکردنیان دەدا. هیچ شتێک بە قەدەر بۆنی ئارەق هەم بۆنی نیشتمان و هەم بۆنی ماڵەوە نادەن، پێکەوە. ئێوارەیانی حەوشەیش لە جێی خۆی. کە دەڵێی تاقە سیحری راستەقینەی جیهانە!

بێزار لە کارەسات ئەو کەسە بە ژمارە کەمانەیشی دەبینی کە قسە گەورەکانیان بۆ بەجێ مابوو، ئەوانەی کە ئیتر، نە دەکرا بگەڕێنەوە ماڵەوە و نە دەکرا بمرن و نە دەکرا ئاوارە بن. ئەوانەی دەبا وەک جاران درێژە بە خاوەنداریەتی قسە گەورەکان بدەن. زەڕنەقووتەیەکی کەوتوو لە هێلانەوە.

لەم کاتانەدا چەند حەز دەکا باران بباریێ. پشیلە رقی لە تەڕبوونە. ئەگەرچی باخچە دوواتر چڕ و پڕتر دەبێ بۆ خۆحەشاردان. نیشتمان مایەوە و بە قسەی هیچ کام لەو گروپ و کەسانەی نەکرد. ئەگەرچی مانەوەیەکی تەنیا وەک مانەوە و،... نە هیچی تر. بێزار لە کارەسات کە قەت نەیتوانیبوو هەموو نیشتمان لە یەک نیگادا ببینێ، بە ناچار دەبا نیشتمان وەک خەیاڵ و وەک وێنەیەکی زەینی و دەروونی بێنێتە بەر چاوی خۆی. ئیستا دەزانێ بۆچی هەندێ کەس پێیان وایە نیشتمان

دووای ئەوان ناتوانێ هەبێ. رۆژێک لەماڵەوە، گۆی زەوی کە لە سەر مێزێکە، دادەگرێ و بە وردی سەیری دەکا. ئا، لێرە نیشتمانە. نیشتمانی من. بەس ئەوەندە بچووک کە تەنانەت زەڕنەقوتەکەیش جێگای تیا نابێتەوە. تۆ بڵێی نیشتمان هەر ئەوەندە نەبێ، تا چاو هەتەر دەکا و دەیبینێ؟

**دەبینێ** ژنێکی دراوسێیان هەموو رۆژێک بەیانیان زوو کاتێک لە خەو هەڵدەستێ، ئەو ناو جێگایە جێدێڵێ وا لە لاسەرووویەوە مێردەکەیەتی و لە لاخوارووویەوە بە ڕیز نۆ منداڵ. بەیانی زۆر زووە. وەک هەمیشە. کە هەڵدەستێ، سەرەتا بە جوانی لە خێزانی خەوتوو رادەمێنێ، لەو گچکانەی هەر کامەیان بە شێوەیەک خەوتوون و هەر کامەیان بەشێکی جەستەیان لە ژێر لێفەکانەوە بەدەرەوەیە. بزەیەک دەیگرێ. ژیان بەردەوامە. ئەوان لەوێن بە هەموو داهاتوویانەوە. تا نەچێتە دەر و نەیەتەوە، نازانێ لە راستیدا ژوورەکە بۆنی چ دەدا. بۆنی هەناسەی

شەو و بۆنی جەستە و بۆنی سک، هەموویان پێکەوە بوون بە بۆنێکی غەریب بە ناوی بۆنی خەو. ژوورەکە بۆنی خەو دەدات. لەو بۆنانەی هەتا هەیت قەت فەرامۆش ناکرێت. ژنەکە، کە پیر بوو و کاتێ باسی منداڵە ونبووەکەی بە چاوە کزەکانی بۆ دراوسێکانی دەکرد، بەردەوام باسی ئەو بۆنەی دەکرد. دەیگوت کوڕەکەی بۆنی ئەو خەوە دەدات. دەیگوت ئەو بۆنە، دونیا بۆ ئەو وەک جاران لێدەکاتەوە.

دەرەوەی ژوورەکە، بۆن و حاڵ و هەوای سروشت دەدا. کزەیەکی دێ. لە حەوشەکە، بۆنی بوومەلیڵ هەڵدەمژێ و روو لە سەر تەنوورەکە دەکا. ئەمڕۆ رۆژی نانکردنە. ئەو دەبێ هەویرێکە بشێلێ تا باقی خێزان لە خەو هەڵدەستن. لە ژێرخانەکە بۆنی ئارد و هەویر و ئاو لە گەڵ بۆ شێی دەیان ساڵە تێکەڵ دەبن. گوێی لە دەنگی پێ و جوڵەی مشکەکانە کە لەو سەر، بە ناو تاریکییەکاندا رادەکەن. راکردنێکی نەرم. بە پەنجەکانی کەمێک لە هەویرەکە جیادەکاتەوە و، فڕێی دەدا بۆ ناو تاریکاییەکە. دەزانێ مشکەکان هەراسانی ئەو بۆنەن.

ساڵان گوزەران و، مشکەکان بوون بە هاوڕێ. دەهاتن و لە تەنیشت ئەو، لە تەشتی هەویرەکە کۆدەبوونەوە و بە چاوە پڕ لە رێز و حەسرەت و داواکانیان سەیریان دەکرد. ئەمیش جارجارە بەشی دەدان. هەمیشەیش کەمێک واوتر فڕێی دەدان. مشکەکان گورج بە شوێن لەتە ورد و درشتەکاندا هەڵدەهاتن و دەیانکرد بە جڕەجڕ. مشکەکان بەرە بەرە گەورە بوون. ئەم دەیبینی ئەو شەوانەی وا قەرار بوو بۆ رۆژەکەی دوواتری نان بکا، دەهاتن و لە پشت پەنجەرەکە کۆدەبوونەوە و ناوچاوانیان بە شووشەکانەوە دەنا و لێیان دەڕوانی. سەریان بە قەدەر سەرە منداڵێک دەبوو. دایکی، کە لە بەخەبەربوونەوەی منداڵەکان و

مێردەکەی دەترسا، چەند جار هەوڵی دا دووریان بخاتەوە، بەڵام بێسوود بوو. نیگای مشکەکان پڕ لە هەویر بوو. بە ناچار فێر بوو زووتر لە ناو جێگاکەی هەڵستێ و دەست بەکار بکا. چەند جار هەڕەشەی لێکردن، بەڵام بەرە بەرە ترس نیشتە نێو دڵی خۆیشییەوە. مشکەکان هەر کامەیان بە قەد منداڵێکی چوار پێنج ساڵانە دەبوون. لە ددانی تیژیان دەترسا. ئەوان دەیانتوانی بە ئاسانی گەر بیانویستایە، بیخۆن. هەتا گەورەتر دەبوون داوای بەشی زیاتریشیان دەکرد. دۆخ وەهای لێهات کە نان نەدەگەیشتە کۆتایی مانگ. خەسوو کەوتە گلەیی. خەزوور، دڵ کرمۆڵ لە دزیەتی، بڕیاری دا بە دزییەوە چاوەدێری بکا. شەوێک پێش ئەوەی بووکەکەی لە خەو هەستێ، چوو خۆی لە ژێرخانەکە حەشار دا. بینی وەک هەمیشە ئاردی دوو تەشتی جیاکردەوە. ئەوسا لە کاتی شێلانیدا مشکە زلەکانی بینی. بە جارێک پێنج دانە. ئەو کە قەت بە ژیانی مشکی ئاوا گەورەی نەبینیبوو، وەها ترسێک دایگرت کە لەوانە بوو دڵی راوەستێت. بینی کە چلۆن بووکەکەی بەشیان دەدا و چلۆن جاروبارە مشکەکان بە نیەتی خراپە خۆیان لە جەستەی هەڵدەسوو. ئەو ددانە سپییەکانی بینی کە چلۆن لە گەڵ هەر زەردەخەنەیەکی ژەهراوی دەردەکەوتن و لیکیان لێوە دەڕژا.

هەفتەیەکی نەخایاند کە ژنەکە تەڵاق درا و، ژێرخانەکەیش رووخێندرا. کەس نەیزانی مشکەکان چییان لێهات، بەڵام ژنەکە چووەوە بۆ ئەو ماڵەی لێیەوە هاتبوو. بۆ لای دایک و باوکێکی پیر. ژنەکە دوواتر شووی کردەوە و ئیتر قەت نەیتوانی منداڵەکانی بەو شێوەیە ببینێتەوە. وەک دوواتر بیستیشی، کوڕە گەورەکەی بۆ هەمیشە ون بوو. ئەو کە نەیدەزانی داخۆ گوناحی مشکەکان بوو، گوناحی هەویرەکە، خەزووری

**یاخود منداڵەکانی کە ئاوای لێ بەسەرهات، زیاتر لە هەر کەسێکی تری گەڕەک خەفەتی لە لەسێدارەدانی پشیەلەکە دەخوارد.**

**خواردن** **کاری هەموو مرۆڤێکە. مرۆڤ لە هەموو چەشنێک دەخوا. خواردن، شەق و جوێن سێ رەگەزە سەرەکییەکەی خواردنن، ئەگینا جۆرەها تری خواردنیشمان هەیە. ئەو دەیبینی کە ئەم سیانە هەمیشە پێکەوە رێدەکەن. لە کۆڵانەکەی ئەوان هەرسێکیان دەست دەکەوتن،... شان بە شانی یەکتر. ئێوارەیان بە کاتی نانخواردن گەر لەوێوە گوزەرت بکردایە، گوێت لێبوو لە گەڵ مڵچە مڵچی نانخواردن، جوێن و زرمەی شەق وەشاندنیش دەهاتە گوێ. هەمیشە کەسێک هەبوو لە یەکێک لە خانووەکانەوە بەدەم گریان یاخود ئەو جوێنانەی لە ژێرلێوەوە دەیگوتنەوە، دەردەپەڕییە دەرەوە. ئەو ساڵەی شۆڕشیش کرا و ساڵەکانی دوواتریشی ئەم خەسڵەتە هەر مابوو. تەنیا جیاوازی ئەوە بوو ساڵەکانی پێش شۆڕش، سووکایەتی پێکراوەکان و لێدراوەکان روویان دەکردە پەنا و پەسێوی کۆڵانە تاریکەکان و ئەوانەی دووای شۆڕش ون دەبوون. جاری وابوو نەک بە مانگ، بەڵکوو بە ساڵانیش دەیخایاند بۆ ئەوەی بیاندۆزیتەوە،... جا چ بە زیندوویی، یان بە مردوویی. کەس نازانێ چلۆن خەڵک کتوپڕ ئەو غیرەتەیان پەیداکرد کە سنوور ببەزێنن. کەس نازانێ چلۆن بوو وا لە پڕ دونیا ئەوەندە بچووک بووەوە کە هەموو کەس دەیتوانی تاسەی وڵاتانی تر لای خۆی بە**

کردەوە بشکێنێ. ئەو کۆڵانەی وا بە شەو و بە رۆژ بە خەڵکەکەیەوە لەوێ بوو و بە تاقە دیمەنی بەرامبەری کە ریزە شاخێکی نەوی بوو راهاتبوو، کتوپڕ بوو بە یەکێک لە کۆڵانەکانی پەیوەست بە چیرۆکەکانی ئەو دیوی سنوور. بێزار لە کارەسات، پیاوێکی گەڕەکی خۆیانی دەناسی کە ئەم چارەنووسە بەرۆکی پێگرت. ئەو کە پیاوێکی سی ساڵانی، باڵانێوەنجیی و کەم قسە بوو، ئێوارەیەک سەیارەیەک لە بەر ماڵەکەیاندا راوەستا. چەند کەس دابەزین و خۆیان بە ژوورەوەدا کرد. سەرەتا بێدەنگی، بەڵام دوواتر دەنگی جوێن و لێدان هات. بێزار لە کارەسات یەکەم جار بوو دەیبینی کەسێک لە دووای سوکایەتی پێکردن و لێدان بە بێ گریان یاخود جوێندان لە ماڵەکەی بێتە دەر. پیاوەکە وەک هەمیشە ئارام و بێدەنگ. سواری ماشینەکەیان کرد و بردیان. ئەم کە پێی وابوو دوواتر چیرۆکەکان لەودیو سنوورەوە دێنەوە، کتوپڕ دووای چەند رۆژێ تەرمی کابراکەی لە مزگەوتی گەڕەکەکەی خۆیان بینییەوە. دوواتر، هەمان رۆژ لە بێدەنگی و تەنیایی خۆیدا نێژرا. وەک دەیانگوت تەنیا باڵندە پیرەکانی ناو دارستانەکە لە ناشتنەکەیدا بەشدارییان کرد، ئەوانیش بۆ ئەوەی کە رۆژی دواتر، تەمەنە ماوەکەی، ئەو تەمەنەی وا فریانەکەوت بژی، لە ناو خۆیاندا دابەشی بکەن. ئەگەرچی بە هۆی زۆربوونیانەوە هەر کامەی رۆژێکیان بەرکەوت، بەڵام رۆژێکیش بۆ خۆی رۆژێکە، بە تایبەت بۆ پیرەکان.

**پیرەکان** کارێکی زۆریان نەبوو بیکەن. ئەوان بەیانی زوو پێش کەڵەبابەکان لە خەو هەڵدەستان، دەچوون بۆ ئاودەست، نوێژی بەیانیان دەکرد و دوواتر چاوەڕوانی خێزان دەمانەوە تا ئەوانیش لە خەو هەڵدەستان. دووای ناشتا، پیاوەکانیان گەر گۆچانیان هەبا هەڵیاندەگرت و دەچوون بۆ دەرەوە و، ژنەکانیش شوێن کار و ماندوویی ژنە گەنجەکانی ناو ماڵ دەکەوتن. شار کە تەنیا خاوەنی یەک تاقە شەقامی سەرەکی بوو، پیرەکانی لە خۆیا حەشار دەدا. ئەوان بە بێ پلان دادەگەڕان و سەردەکەوتن، لە بەر ئەم دووکان و ئەو دووکاندا دادەنیشتن، لە چایخانەکان لایاندەدا، یاخود هاوڕێیەکی کۆنیان دەدۆزییەوە و لە گەڵی دەکەوتنە قسە کردن. تا کاتی نیوەڕۆ دەهات، ئەوسا بەرەو ماڵەوە دەبوونەوە. نانی نیوەڕۆیان دەخوارد و دەخەوتن. خەوتن بە دەم ئەو رادیۆیانەوە وا هەواڵەکانیان بڵاو دەکردەوە. کە عەسر دەگەیشت، دەچوون لە حەوشە دەستنوێژیان دەگرتەوە و لە سەر بەردە نوێژەکان نوێژیان دەکرد. هەر لەو حەوشە دەمانەوە، هەتا ئێوارە و شەو. حەوشەکان بە کاتی عەسر و ئێوارەیان بۆنی پیاوە پیرەکانیان دەدا.

بێزار لە کارەسات، ئەم بۆنە بیری ریشۆڵەکانی دەخستەوە. بیری ئاودەستی مزگەوتەکان، بیری بۆنی داری وشک،... لەو دارانەی وا ساڵانی ساڵ گورگەی بن میچەکان بوون. بیری باگردێنە تەنیاکانی سەر بانەکان. بوونەوەرەکانی ناو بەفر و باران و هەتاو و با. ئەو زۆر جار لە سەر ئەو باگردێنانە دانیشتبوو و سەیری دوورەکانی کردبوو. دانیشتن لە سەریان راحەت نەبوو، بەڵام حاڵ و هەوای تایبەتی خۆی هەبوو. بێگومان پشیلەکەیش لە پشت ئەم باگردێنانە خۆی لە باڵندەکان

حەشار دابوو. هەر کام لەمانە دەیانتوانی سەدان ساڵ عومەر بکەن. ئەو کە سەری لە گیان سەختیی شتێکی ئاوا سادە و سانا سوڕ دەما، بەو قەناعەتە گەیشتبوو کە باشترین ڕێگا بۆ ژیانێکی دوور و درێژ، سادە بوونە. بەڵام چۆن؟ مەبەست ئەوەیە هەمیشە لە شوێنێک لە سەر بان بیت و تەنیا بە ڕوانینەکان قەناعەت بکەیت؟ یان نا، مەبەست هەبوونی تەنیا یەک ئەرکە و قەبوڵکردنی هەموو ئەو وەرزانەی کە تەنیا دێن و دەڕۆن بە بێ ئەوەی تۆ دەسەڵاتت بەسەریاندا هەبێ؟ بێزار لە کارەسات دەیگوت بێگومان گەر زەڕنەقوتەکە بە مانەوە لە هێلانەکەیدا قەناعەتی بکردایە و پشیلەکەیش لە بیری خواردنی گۆشتی باشتردا نەبوایە، دەیانتوانی یەکجار زیاتر بژین. هەموو شتێک لەوێوە دەست پێدەکا وا دەتەوێ خۆت ڕاپسکێنی.

باگردێنەکە لە شەڕەکەی ناو شاریش دا هەر لە شوێنی خۆی مایەوە. ئەو لەوێوە ئاگای لە زۆر شت بوو. ڕەنگە یەکێک لەو شتانەی بێزار لە کارەساتی هان دەدا کە بچێ و لە سەری دابنیشێ، چیرۆکە نەگوتراوەکانی بێت. کتوپڕ بیری پیرەکان دەکەوێتەوە. بیری چیرۆکە نەگوتراوەکانی ئەوانیش. کێ هەیە لە گەڵ ئەوان قسەی کردبێ؟ لە گەڵ جەستە داچەماوەکانی گەڕانە بێهودەکانی ناو شەقام و دانیشتنەکانی بەر دوکان و ناو چایخانەکان؟ باگردێنە بەستەزمانەکان!

نازانێ گەر شار گەورەتر بێ و شەقامەکان ببن بە دەیان، پیرەکان چییان لێ بەسەردێت. تۆ بڵێی ئەوەندەی تر ڕابردوویان ون نەبێ؟ بێزار لە کارەسات هەست دەکا ئەرکێکی لە سەر شانە،... ئەرکی دیتنی ئەوان. بەڵام چۆن؟ ئەوان تەنیا لە گەڵ خۆیان دەدوێن و چیرۆکەکانیان تەنیا بۆ خۆیان و لە ناو خۆیاندا دەگێڕنەوە. بەو هومێدەی کە

**کۆڵانەکان و شەقام، هەتا هەتایە شتەکان لە ناو خۆیاندا رادەگرن، رادەوستێ تا ئەویش پیر بێت. پیری ناو سەدەیەکی تر.**

**تا سەدەیەکی تر** زۆری ماوە. ئەگەرچی جارو بارە بیری لێدەکاتەوە، بەڵام بە گشتی بە کێشەی خۆی نازانێ. کە هات، ئیتر دێت. پێویست ناکا زۆر بیری لێبکاتەوە. ساڵەکان لە سەریانە کە بێن و تێپەڕن، بە بێ ئەوەی گوێ بدەنە شتەکان. ئەوان لۆژیکی خۆیان هەیە. ئەوان دەتوانن هەموو شتەکان لە گەڵ خۆیان هەڵبگرن و بیانبەن. گرانترین و قورسترین رێبوار. ئەوان بە بەر چاومانەوە هەموو شتێکی ئێمە هەڵدەگرن و دەڕۆن. چاوی ئەوان بێ خەیاڵ و چاوی ئێمە پڕ لە پرسیار. بێزار لە کارەسات لە بیری نایەت کەسێک جورئەتی ئەوەی کردبێ لە یەکێک لەم نیگا گۆڕینانەوەیەدا پرسیارەکەی هێنابێتە گۆڕێ. وەک بڵێی هەمووان بە شێوەیەکی غەریزی و دەروونی ئەم لۆژیکەیان قەبوڵ کردبێ. ساڵەکان ئەگەرچی یەک ناویان هەیە، بەڵام جیاوازن. لە یەک ناکەن. هۆکار، شتەکانی ئێمەن یان خۆیان، کەس نازانێ. ئەوان کە دێن یەکجار گەنجن، بەڵام کە ون دەبن پیر پیرن. بە ریشێکی درێژ و سپییەوە،... وەک تۆلستۆی. تۆلستۆی قەراخ دەریا.

لە ساڵەکان گەڕێ! بێزار لە کارەسات جارێکە یەکجار پەستە بەو کۆڵانەی کە ئەو ناچارە هەموو رۆژێک لێیەوە گوزەر بکا. ئا، کۆڵانی بۆنی ئاودەستەکان. ئەو کۆڵانەی لە گەڵ بۆگەن، هەرچی مێش و

مێشولەی شارە لەوێ کۆدەبنەوە. هەموو خانووەکان و دووکانەکانی بۆنی ئاودەستەکانیان گرتووە. هەر لەوێیە خەڵکی تارەت دەگرن و دەچن لە مزگەوتەکەی تەنیشتی نوێژ دەکەن. سەرتاشی کۆڵانەکە، عەریزەنووسەکە، وشکە فرۆشەکە، بەزاز، وردەواڵە فرۆشەکە، چایچییەکە، مریشک و کەڵەشێرەکان، مەلای مزگەوتەکە و دوو تاقە درەختە نیوە وشکەکە و تەنانەت ناڵچییەکەیش بۆنی ئاودەستەکانیان گرتووە. کات، وەهایە. گەر ساڵانی ساڵ تێیدا لە گەڵ شتێکدا ژیای، بۆنی دەگری. دیارنەبوو تا چەندەی تر ئاودەستەکان هەر بەو شێوازە لەوێ دەمێننەوە. نە کەس گلەیی دەکردو نە کەسیش لە فکری راگواستنیاندا بوو . ئەم بۆگەنە لە گەڵ ساڵەکان و بیرەوەرییەکان لێکئالابوون.

جارێکیان، ناچار بوو بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ شار بەجێ بێڵێ. ئەوسا لەوێ بیری ئەو بۆگەنەی دەکرد. غەریبیی دەکرد. کە گەڕایەوە، یەکەمین کار کە کردی، تێپەڕین بە هەمان کۆڵاندا بوو. بۆگەنەکەی بە تامەزرۆییەوە هەڵمژی! بە عەشقەوە سەیری هەموو بوونەوەرە زیندوو و نازیندووە بۆگەناوییەکانی کۆڵانەکەی کرد. بیری کردەوە: "ژیان بە هەموو شتەکانییەوە مانادەدات!"

**مانا**؟ ئەگەرچی زۆر جار ئەم وشەیەی بیستبوو، بەڵام لە دووای قسەو باسێکی گەرم و گوڕی باوکی و باوەگەورەیدا بوو کە سەرنجی بە جوانی

چووبووە سەر ئەم وشەیە. بە ڕاستی مانا چییە؟ باوەگەورەی هەر شتێکی بە دڵ نەبایە دەیگوت بێ مانایە! ئەو ڕۆژەیش لە بەرامبەر باوکیدا هەر لەم دەستەواژەیە کەڵکی وەرگرتبوو. لە کاتێکدا توڕە دەبوو و دەنگی بەرز دەکردەوە، دەیگوت:

ـ "بێ مانایە، هەر زۆر بێ مانایە!"

باوکی هەوڵی دەدا، جوانتر مەبەستەکەی خۆی شیبکاتەوە. دەیگوت:

ـ "کە پاییز داهات و دونیا سارد هەڵگەڕا، ئیتر نوێژکردن لە سەر بەردەنوێژەکە لە حەوشە باش نیە. روماتیسم دەگری، ژانە قاچ دەگری، دەیداتە جەستەت و پەکت دەخا."

ـ "نوێژ، هەرچی دەردە دەیڕەوێنێتەوە. جگە لەمە خوا تا بۆخۆی شتێکی نەوێ، ڕوونادات. من تەوەکولم بە خودایە. ئەو خۆی هەرچی ئیرادە کردبێ، هەر ئەوەیە."

باوکی بێزار لە کارەسات کە باوەڕی بەو ئەقڵەی بوو وا خودا بە مرۆڤی دابوو، دەیگوت:

ـ "خوا، بەشێکی لە ئەرکەکانی بۆ ئێمە بەجێهێشتووە."

ـ "حەح، بێ مانایە،... هەر زۆر بێ مانایە! خوا بیەوێ دەسەڵاتی خۆی لە گەڵ ئێمە بەش کا! بێ مانایە،... ئای کە بێ مانایە!"

بێزار لە کارەسات هەر لەو ڕۆژانەوە بە توندی و بە چڕی زەینی چووە سەر پێوەندی نێوان مانا و دەسەڵات. کەواتە لە هەر شوێنێک بێدەسەڵاتێک بیەوێ بۆچوونی خۆی هەبێ، شتێکی بێ مانایە. ساڵانی دوواتر باوەگەورەی ژانە قاچی گرت و کەوت، بەڵام قەت نەچووە سەر ئەو ڕایەی کە هۆکارەکەی بۆ بەردەنوێژەکە و پاییز دەگەڕایەوە، ئەو بەردەوام باوەڕی بەوە بوو کە هۆکارەکەی خودا بووە و بەس.

بێدەسەڵاتێک (باوکی بێزار لە کارەسات)، قسە بێ ماناکانی بوون بە مانا و، ساڵەکانی کۆتایی تەمەنی مرۆڤێک لە ژان و لە ناو جێگادا تێپەڕین. هەر لەو ژوورەوە باوە گەورە چاوی لە لەسێدارەدانی پشیلەکە ببوو. بێگومان ئەو جەلادەکانی تەنیا وەک بیانوویەک هاتبووە بەرچاو. بۆیە تەنیا لێی روانیبوون و بەس. هەڵبەت بە وشە هەمیشەییەکە سەر زارییەوە:

- "بێ مانایە،... بە خوا ژیان بێ مانایە!"

جەللادەکان قاقایان گەیشتبووە ئەو بەردە نوێژەی وا پاییزان دەبوو بە سەهۆڵ.

بێزار لە کارەسات هەست دەکا خانووەکەیان و حەوشەکەیان پڕە لەم وشەیە. ئەو وشەیەی وا بە ساڵانی ساڵ سەر یەک خرابوون و دەر و ژووری پڕکردبوو. بڵێی هەر ئەم کلیمەیش نەبووبێ کە زەڕنەقووتەکەی بەردابووەو هەراسەکانی چاندبووە ناو نیگاکانی دایکییەوە؟ هەوڵ دەدا تەفسیرێکی تر لە مانا بکا. بۆ وێنە گرێی بدا بە پەیژەکەوە، بە کۆترەکانەوە، بە پلیکانەکانی بەرەو بانیژە. ئا، لە هەموو ئەمانەدا مانا هەیە. هەر کامەیان بۆ مەبەستێک هەن و دەژین، ئەگەرچی جاری وایە مەبەستەکان یەکجار هاودژن. تەنانەت ئەو کاتەی باوەگەورەیش دەڵێ "بێ مانایە!" مەبەستی ئەوەیە کە بڵێ مانایەک لەم وتەی ئەودا هەیە. کەواتە ماناکان دەوریان داوین. دونیا لە مانا چێکراوە. کەس ناتوانێ خۆی لێ بدزێتەوە.

بێزار لە کارەسات، رۆژێک هەنبانەیەک لە شوێنێک دەدۆزێتەوە و دەچێ لە کونجێکی تاریکی ژێرخانەکەیان دایدەنێ، وەها کەسی دیکە زۆر سەرنجی بۆی رانەکێشرێ. لەو رۆژەوە هەوڵ دەدا بە هەر مانایەک

کە گەیشت هەڵیبگرێتەوە و بیبا لە هەنبانەکەی خنێ. رۆژێک دێ، پێویستی پێیان دەبێ.

**پێویستە** گەر شتێکی یەکجار گەورەتر و بە قەڵافتتر لە خۆت بەرۆکی پێگرتی و ویستی ژیان و سەلامەتیت بخاتە مەترسییەوە، شوێنەکە بەجێ بێڵی. هێز، شتێکی ترسناکە. چ خۆت خاوەنی بیت چ ئەوی تر. بێزار لە کارەسات ئەمەی لە یەکێک لە کتێبەکاندا خوێندبووەوە. لە کتێبێکی بەرگ سپیی خەت رەش. ساڵێکیان شار نە تەنیا یەک لەم جۆرە بوونەوەرانە، بەڵکوو بە دەیان روویان تێکرد. ساڵێک؟ بە راستی تەنیا یەک ساڵ بوو؟ بێزار لە کارەسات نازانێ ساڵێک بوو یان ساڵەکان. ئەو نازانێ بۆ کاتێ بیر لەمە دەکاتەوە، رووداوەکان هەر هەموویان لە یەک ساڵدا کۆدەبنەوە. شتە ترسناکە بەهێزەکان دەڵێی "مەودا" لە ناو خۆیاندا رێنادەن. ئەوان حەزیان بە چڕبوونەوەیە.

شتە گەورەکە، یەکەمجار کاتێک خۆی نیشان دا، منداڵی دراوسێکەیان دایکی لە نیوەڕۆیەکی گەرمی هاویندا ناردی بۆ ماڵی دایەگەورەی. ئەو دەبا بچێ و بوخچەیەک جلی بە جێماوە بداتەوە بە دایەگەورە. منداڵەکە

بە دڕدۆنگی سەرەتا لە دایکی ڕووانیبوو، وەک بڵێی لەم داوایەی دایکی تێنەدەگەیشت. بەزاندنی سنووری کۆڵان، ترسناک و غەریب دەهاتە بەر چاوی. بەڵام دەنگی دایکی ئەوەندە گەرم و پڕ لە خۆشەویستی بوو کە ئەو زۆر خێرا وێنە ترسناکەکان لە بەر چاوانیدا ونبوون. هەروەها چاوەکانی خۆیشی. ئەو دڵنیا بوو کە چاوەکانی دایکی کۆڵانەکانی ئەو سەریش دەبینن، هەرچەند دوور و غەریب و ترسناکیش بن. پاشان بیری ئەوەی، دەرەوە گەرمە و هیچ کەس لەم کاتەدا بەدەرەوە نیە، دووا جورئەتی دابوویە و دەستی دابووە بوخچەکە و وەڕێ کەوتبوو. دایکی هات تا لە دەرگاکەوە بە چاو بەڕێی بکا. کە قاچی لە دەرگاکە ترازابوو، خۆی وەکوو پاڵەوانی چیرۆکی "لەچک سوورەکە" هاتبووە بەرچاو، بەڵام گورگەکان لە هەموو شوێنێک نین. ئەوانیش پیر دەبن و، یان لە بەر گەرما بڕستی جموجۆڵیان نامێنێ.

لە بیری دێ ماڵی دایەگەورەی هەمیشە بۆی سەنجڕاکێش بووە. فێنکایی ژوورەکان و ئەو بۆنە غەریبەی کە لە یەکەم هەنگاوی چوونە ژوورەوەوە بەرەو پێشوازیت دێ، یەکجار خۆشە. تاقەداری گۆشەی حەوشە و چاوەشووشەکانی ئەو پەنجەرەیەی کە دەڵێی دەتوانن بە هەزاران ساڵی تر لەوێدا بمێننەوە، چەند گەرمی دەبەخشن. کە گەیشت بێگومان پاداشیشی دەبێ. ئەو پاداشەی بۆنی مێخەک و بن باخەڵ دەدا.

کە لە یەکەم کۆڵان ترازا و دایکی ونبوو، کەوتە سەر ڕێگای ئەو کۆڵانەی وا ئەو سەری دەگەیشتە توونی کۆنترین حەمامی شار. ئەو توونەی وا دەیانگوت بە شەوانی زستان ڕۆحەکان خۆیان تیا گەرم دەکردەوە. ئەگەرچی بە ڕۆژ هیچ کەس قەت هیچ ڕۆحێکی نەبینیبوو، بەڵام

بەلاداتێپەڕینی ڕۆژانەیشی هەر ناخۆش بوو، دڵەتەپێ و دڵەڕاوکێی دەهێنا. لەوێ لە خۆوە هەنگاوەکان خێراتردەبوون،... یەکجار خێراتر.
سێهەم کۆڵان ئیتر ماڵی دایەگەورە بوو. کە لە توونەکە تێپەری، بزەیەک گرتی. ئیتر بە تەمای دایکی لای نەدەکردەوە. کۆڵانێکی دوور و درێژ کە ماڵەکە رێک لەوسەری بوو. هەتاو، خاک و دیوار و سەربانەکانی دەبرژاند. نە تەنیا بۆنی هەتاو و خاک، بەڵکوو بۆنی دار و گەڵا و شووشە و ئا،... بۆنی بنیادەمیش دەهات. چەند هەنگاو واوەتر چەند منداڵی بینی کە لە بن سێبەری گەرمی دیوارێکی گڵین دا دانیشتبوون. هێشتا مابووی بگاتە لایان کە دووانیان راپەڕین. دەرپەڕینە ناو رێگاکە. سێهەمیان کە لەوە دەچوو لە شت زۆر بەپەلە نیە، هەروا بە دانیشتنەوە سەیری کرد. دوو نەفەرەکە ئەم لاولایان گرت. سەیرێکی یەکتر و ئەوەی سێهەمیان کرد و، بزەیەکی شەیتانی دایگرتن. منداڵەکە سەیرێکی ئەو سەری کۆڵانەکەی کرد، گەر وازیان لێ بێنایە، بە یەک دوو دەقیقەی تر دەگەیشتە ماڵی دایەگەورە. بەڵام رێگا ئیستا چەند دوورو درێژ دەینواند. ناویان پرسی. پرسیان لە کوێوە هاتووە و دەیەوێ بۆ کوێ بچێ، بۆچی نایناسن و،... سەرئەنجام ئەوەی کە مەگەر نەیدەزانی تێپەڕین لێرەوە قەدەغەیە! ئەم کە وەڵامی پێ نەبوو، نیگاکانی لە نێوان ئەو سەری کۆڵان و ئەماندا دەهات و دەچوو. یەکیان ئاماژەی بە بوخچەکە دا. ئەوەی کە چی تێدایە و گەر بیدا بەوان، ئەوا دەتوانێ بە بێ کێشە تێپەڕێ و درێژە بە رێگای بدات. ئەم نەگەیشت وەڵام بداتەوە، بوخچەکەیان لە کردەیەکی خێرادا لێسەند. وەک با. کردیانەوە و دانە دانە جل و بەرگەکانیان دەرهێنا و سەیریان کرد. جگە لە دەرپێکە، کراسەکە و دەسماڵ و کلۆنجەکەی دایەگەورەی دەناسییەوە.

لە گیرفانی ئەو کلۆنجەوە زۆر جاران شتی وەرگرتبوو. ناو دەمی تاڵ هەڵگەڕا. گەر لە دەستی بدات بێگومان بۆ هەمیشە لە پاداشەکان بێ بەری دەبێ. بۆ یەکەم جار بە نیشانەی پێناخۆشبوون دەستی بۆ کلۆنجەکە برد و ویستی وەریبگرێتەوە، بەڵام کوڕەکە زۆر لەو خێراتر بوو. بە پەلە دەستی کێشایەوە و خێسەیەکی توندی لێکرد. لە کاتێکدا دەرپێکەی هەڵدەسوڕاند و شەیتانانە پێدەکەنی، زیاتر لێی هاتە پێش. ئەوەی سەر عەرزەکە سەرئەنجام هەستایە سەرپێ و لە کاتێکدا پاڵی بە هاوڕێ توڕەکەیەوە نا، گوتی:

- "ئەمانە هیچ بە کەڵکی ئێمە نایەن. تەنیا شتێک دەمێنێتەوە ئەوەیە کە فێری بکەین تێپەڕین لەم کۆڵانەوە هەر لە خۆوە نابێت و، باجی خۆی دەوێ."

پاشان رووی کردە منداڵەکە و گوتی:

- "بە مەرجێک وازت لێدێنم،... دەبێ هەر ئێستا ئەم لیباسانە لەبەربکەیت و بەوانەوە لێرەوە بڕۆیت!"

ئارام ئارام بۆیان لەبەرکرد. پڕمەی پێکەنین و گاڵتەپێکردنیان کۆتایی نەدەهات.

بێزار لە کارەسات، نازانێ بۆچی ئەو نیوەڕۆیەی گەرمی ئەو هاوینە کەسی تر لەو کۆڵانەوە تێنەپەڕی. نازانێ بۆچی دایکی منداڵەکە نەیدەتوانی راوەستێ و هەر هەمان رۆژ بوخچەکە نەنێرێتەوە،... ئەو نازانێ بۆچی هەندێ کۆڵان جیاوازن.

منداڵەکە لەو ساڵەوە بەو قەناعەتە گەیشت کە هەرچی کۆڵانی تەنیشت توونی حەمامە، ترسناکە، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی جنۆکەکان و رۆحەکان بە شەودا پێیدا دەڕۆن و پیاسەی تێدا دەکەن، بەڵکوو لە بەر

ئەوەی مرۆڤەکانیشیان وەک ئەوانیان لێدێت،... ترسناک و جۆرەیەک،... ئەگەرچی لە جەنگەی رۆژدا و لە کاتێکدا هەتاو روون روون بە ئاسمانەوە دەدرەوشێتەوە.

**درەوشانەوەی** ئاسمان شتێکی غەریب نیە. لێرە زۆربەی کات لەو سەرەوە رەنگی شینە خۆ دەنوێنێ. رەنگێکی زاڵ و هەمیشەیی کە بێ ئەوەی سەریش هەڵبێنی، دەزانی لەوێیە. بێزار لە کارەسات پێی وایە یەکێک لەو شتانەی تەحەمولی کۆڵانە خۆڵاوییەکان و تەنیایی دیوارەکان و باوێشکی عەسران بە مرۆڤ دەبەخشێ، هەر ئەم رەنگە جوانەیە، ئەگەرچی هەندێ جار لە دووپاتبوونەوەیدا نابیندرێ و هەست دەکەی یارمەتییەکی زۆر نادا.

ماوەیەکە جگە لە رەنگی شینی ئاسمان، شتێکی تر هاتووە کە دەتوانێ وەڕەزییەکان بڕەوێنێتەوە،... سینەما، ئا، سینەما. دووای ئەوەی چەند شەوی یەکەم هەندێ بنەماڵەی بە ناو بانگی شاریان بۆ سەیرکردنی فیلم بە فەرمی بانگهێشت کرد، ئیتر بۆ رۆژەکانی دوواتر دەستیان کرد بە بلیت فرۆشتن و خەڵک roوویان کردە ئەو هۆڵە گەورەیەی وا بە فەزای بەربڵاو و وێنە بزۆزەکانی سەر دیوارە گەورەکەی، ژیانێکی تری بە شار بەخشی. چ حاڵ و هەوایەکی هەبوو کاتێک بە پلیکانەکانی تەنیشت شۆستەکەدا سەر دەکەوتیت و لە پشت شووشەکانەوە وێنەی ئەو فیلمانەت دەبینی کە هەر ئێستاکە پێشکەش

دەكران، یان قەرار بوو لە چەند رۆژی داهاتوودا پێشكەش بكرێن،... لە گەڵ دەنگی ئەو كاراكتێرانەی ئاوێتەی مۆسیقایەكی بەرز دەبوون و باسیان لە دونیایەكی پڕ لە جوڵە و پڕ لە رووداو و سەیر و سەمەرە دەكرد. بێزار لە كارەسات، یەكجار بە سینەما سەرسام بوو. وەك زۆربەی خەڵكی شار، بەڵام هەندێ جار هەستی دەكرد یەكجار زیاتر لەوان پێی موعجیبە. زۆر جار هۆكارەكەی بۆ بێدەنگیی حەوشەكەی خۆیان دەگێڕایەوە،... بۆ خۆكێشانەوەی پشیلەكان و بۆنی هەتاو لە سەر دیواری گڵین. یاخود بۆ ژیانی بەردەوامی دایكی لە یەك خانوودا،... ژیانێك لەم ژوورەوە بۆ ئەو ژوور. ئەو جاری وابوو نیوەشەوان لە خەو هەڵدەستا و لە پەنجەرەكەوە سەیری دەرەوەی دەكرد. پەیكەری قورسی تاریكی، قوژبنەكانی یەكجار خەمگین دەكرد. بن گوێسەبانەكان دەڵێی تاریكترین شوێنی دونیا بوون.

بەڵام لەو سەرسامتر، كوڕە مامێكی بوو كە بە چەند ساڵ لەو گەورەترە بوو. هەموو ئێوارەیەك دووای كار، لە سینەما كەوتبوو. تێر نەدەبوو. جاری وابوو فیلمێكی بە چەندین جار دەبینییەوە. هەموو كاراكتێرەكان و رووداوەكان و ناوی فیلمەكانی لە بەر بوو. وێنەكانی كۆدەكردنەوە و جگە لە دیواری ژوورەكەی، چەندین ئەلبۆمیشی هەبوو، بەو وێنانەوە باسیان لە جیهانێكی ئەفسووناوی دەكرد. شێت و شەیدای فیلمی هیندی بوو. لە گەڵ رووداوەكان دەگریا و پێدەكەنی و دەژیا. كەس نازانێ چۆن بوو، بەڵام ناوی "خولەی سینەما" یان بەسەردا بڕی. بێزار لە كارەسات كە یەكجار رقی لەم ناوە بوو و بە یەكێك لە كارەساتەكانی شارەكەی خۆی ناوی دەبرد، چەند جارێك هەوڵی دا هەر چۆنێك بێت یارمەتی ئامۆزاكەی بدات. هەوڵێكی بێسوود، وەك زۆربەی هەوڵەكانی

دونیا. خولەی سینەما چەند جارێک بە شەو لە سەر بانیژە باسی فیلمەکانی بۆ بێزار لە کارەسات کردبوو،... هەروەها باسی کچێکی دراوسێیان کە یەکجار ئاشقیەتی و بەڵام لە شەرمنیی خۆی قەت نەیتوانیبوو پێی بڵێ خۆشی دەوێ. خولەی سینەما کاتێک ئەمەی دەگێڕایەوە، لە کاتێکدا خۆشییەکی سەیر بە دەروونیدا دەگەڕا، شێتانە پێدەکەنی و لەخۆباییانە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژەی دەکرد کچەکە سەرئەنجام ئەشقی شێتانەی خۆی لا دەدرکێنێ! وەک فیلمی هیندی. ئەو حەزی بە چاوبڕکێکان بوو و پێی وابوو کە خۆشترین ساتەکانی خۆشەویستی ئەمانەن و نە هیچی تر! بێزار لە کارەسات جارێکیان بە ڕێکەوت لە حەمام بە سەریدا کەوتبوو کە چلۆن شێتانە دەستپەڕی دەکرد و وەک مار، پێچ و لوولی بە پشت و بە گەردنی خۆی دەدا.

خولەی سینەما قەت نەیتوانی نەک لە گەڵ کچەکەی دراوسێیان، بەڵکوو لە گەڵ هیچ کچێک پەیوەندی ئاشقانە بەرقەرار بکا و هەتا کاتی شۆڕش، یان دەچوو بۆ سینەما، یان چاوبڕکێی دەکرد، یان لە حەمام شێتانە خۆی دەگوشی. جگە لەمە لەم دووایانەیشدا فێری ساندویچ ببوو. لە دوورەوە بۆنی کالباس و سووسیسی دەدا. خولە یاری بە وەفای خۆپیشاندانەکانیش بوو و هیچ کامیانی لە کیس نەدەچوو. هەروا شەرمێون و سەرداخەر دەچوو بەشداریی تیا دەکردن و دروشمەکانی بە دەنگی بەرز تا ئەو جێگایەی بۆی دەکرا هاواردەکرد و، دەیگووتنەوە. لە خۆپیشاندانەکانیش دا هەمیشە هەوڵی دەدا زۆر لە ریزی ژنان بە دوورنەبێت (ژنان هەمیشە لە دوواوە دەڕۆیشتن و، خولەیش زۆر لێیان دوور نەبوو).ساڵێ دووای شۆڕش چەکی هەڵگرت و رووی لە چیاکرد. ساڵێکی تر لەوێ ژیا و دوواتر لە شەڕێکدا کوژرا.

**بێزار لە کارەسات دڵنیایە کە ئامۆزاکەی تا کاتی مردنیشی دەستی بە هیچ ژنێک نەگەیشتبوو. ئەو دڵنیایە،... یەکجار لەم بۆچوونەی خۆی دڵنیایە. بەڵگەیشی تەرمەکە بوو. سەری خولەی سینەما دەڵێی وەک هەمیشە بە ئاستەم دانەویبوو و بزەیەکی شاراوە وەک هەمیشە لە سەر لێوەکانی بوو. ئەمە وەک ئاسمانی شینی سەر سەری شار، راستییەکی یەکجار دیار بوو،... یەکجار!**

**یەکجار** ناخۆشیش نەبوو! ئەگەرچی دەنگە دەنگ و هەرا هەرای دەزگاکان و زرمەی چەکوچ و هاواری کرێکارەکان کە ئاسنەکانیان دەبڕییەوە و دەیانچەماندنەوە و پێکەوە جۆشیان دەدانەوە، بەرز بوو و ئارامی و خەونی گەڕەکی حەرام کردبوو، بەڵام بەرە بەرە خەڵکی پێی راهاتبوون. هەبوونی دوکانێکی لەم چەشنە خۆی لە خۆیدا بۆ گەڕەکەکە خێر و بەرەکەت بوو. بە هۆیەوە خەڵکی زیاتر روویان تێدەکرد و هەربۆیە دووکاندارەکانی تر رازی بوون. ماڵی بێزار لە کارەسات بە چەند خانوویەک لەو لاترەوە بە دراوسێی ئەم دووکانە دەژمێردرا و هەر بۆیە جاری وابوو زرم و کوتی ئاسن نیوەڕۆیانی حەوشەکەیانی دەشێواند. بەڵام ئەو حەزی لێبوو، باشتر بڵێین رقی لە هەبوونی ئەو دووکانە لە گەڕەکەکەیاندا نەبوو. کۆڵانەکەیان بە پێچەوانەی

کۆڵانەکانی دیکەی شار، بۆنێکی تریشی دەدا،... بۆنی ئاسن،... بۆنی سووتاندن و تواندنەوەی و سەرئەنجام بۆنی ژەنگ. زۆر جار ئەم بۆنە ئەوی بیری رزین دەخستەوە. رزین وەک بەشێک لە بوون. وەک قۆناخی نێوان مردن و بۆ هەمیشە ونبوون. وەک خوێنی کۆترەکە لە سەر بانی پاش رۆژانی رۆژ.

خاوەنی ئەو دووکانە پیاوێکی پیری دراوسێیان بوو،... باوەگەورەی یەکێک لە منداڵانی گەڕەک. ئەو پیاوەی بە دوو شتەوە سەرقاڵ بوو: مزگەوت و دووکان. بە پێچەوانەی هەرا و زەنای دووکانەکەی، بۆخۆی نە قەت دەنگی بەرز دەکردەوە و نە قەتیش تووڕە دەبوو. جاری وابوو تۆزی ژەنگ لە سەر ریشی دەنیشت و کە هەتاو لێی دەدا دەبوو بە سوور،... سوورێکی تەڵخ. هەموو بەیانی و نیوەڕۆ و عەسر و ئێوارە و شەوێک لە جادە سەرەکییەکەی شار دەپەڕییەوە بۆ ئەوەی بچێتە مزگەتەکەی ئەوبەری و نوێژ بکا. ئەو ساڵانی ساڵ ئەمەی کردبوو، بێ پسانەوە و بە بێ ماندووبوون. بۆ خۆی دەیگوت رێزگرتنە لەو خۆشەویستیەی خوا بۆ کاسب هەیەتی (کاسب حەبیبی خوایە). بێزار لە کارەسات کە بە هەڵکەوت زۆربەی کات ئەوی بە شەودا لە کاتی پەڕینەوە لە جادەکەدا بینیبوو، هەمیشە ئەوی وەک پەیکەرێک دەهاتەوە یاد کە خەریک بوو لە ناو تاریکیی ئەوبەری شەقام و کۆڵانەکە ون دەبوو. نازانێ بۆچی ئەوی تەنها بەم شێوەیە لە بیرە.

کتوپڕ دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەوە کە میوەیەکی تازە هاتووەتە شار. زەردێکی درێژ کە یەکجار تامی خۆشە. مۆز! سەرەتا خەڵک بە ناوەکەی پێکەنیبوون. مۆززززز! بیری مۆزکردن دەکەوتنەوە. بیخۆ و مۆز کە، ئەوەندە خۆشە! ئەمە قسەی ئەو تاقە فرۆشیارە بوو کە دەیویست بە

گاڵتە کردن مشتەری زیاتر بۆ خۆی پەیدا بکا. گران بوو، هەربۆیە سەرەتا دەوڵەمەندەکان کڕییان کە یەکیان پیاوە بە تەمەنە ئاسنگەرەکە بوو. ئەو شەوەی لەماڵەوە لە دووای نانخواردن دایاننا، لە پاش خواردنی دانەیەک، پێستە زەردەکەی بە دەستەوە گرت و لە کاتێکدا لێی رادەما و رایدەوەشاند، رووی کردە خێزان و گووتی:

- "دەڵێن لەوبەری دەریاکانەوە دێت،... لە شوێنە گەرمەسێرەکانەوە،... لەو شوێنانەی بارانی زۆرە و قەت بەفری تیا نابارێ،... دنیا زۆر بچوک بووەتەوە. گەر میوە بتوانێ بگاتە ئێرە، مانای ئەوەیە مرۆڤەکانیش دەتوانن،... لە داهاتوودا چۆن دەبێ، نازانم،... هەر ئەوەندە دەزانم کە مرۆڤ زۆر بوو، هەم شوێن کەم دەبێتەوە و هەم زەوی قورستر."

ئەوسا سەری هەڵبڕیبوو و لە کاتێکدا لە گەنجەکانی روانیبوو، گووتبووی:

- "ئێمە تەمەنی خۆمان کرد،... بزانین سەردەمی ئێوە چۆن دەبێ،... پیاو کە میوەی غەریبایەتی خوارد، دەشبێ بە دراوسێی غەریبەکان! هیوادارم نەکەون!"

کەس لەم دووا رستەیەی تێنەگەیشت. کەوتن بۆ؟ بێزار لە کارەسات پێی وایە هەندێ رستە و وشە لەخۆوە دێن. وەک بڵێی ئەوانن خۆیان بە سەر زاری خاوەن قسەکەدا دەسەپێنن. بە بێ رەزامەندی بێژەر.

چەند شەو دوواتر لە یەکێک لە پەڕینەوەکانیدا لە شەقامی شار بۆ ئەوەی بگاتە مزگەوت بۆ نوێژی شەوان، رێک نزیکی بنجۆکە، ئەو بنجۆیەی سالانی ساڵ ئاوی پیاڕۆیشتبوو و دەڕۆیشت، قاچی کەوتە سەر شتێکی خز و خۆی پێنەگیرا و کەوت. بە لاشاندا کەوت و سەری بە

**قورسی بە لێواری بنجۆکەدا درا. دووای ناشتنیشی، تا چەند رۆژ پێستی وشکی مۆزەکە بە بن ئەو تاکە پێڵاوەوە بوو کە دوواتر درا بە مجێوری پیری مزگەوتەکە.**

**مزگەوتەکە** **وەک دەیانگووت کۆنترین مزگەوتی شار بوو. دەیانگوت پیرترین جنۆکەکانی شار لە مردووشۆرخانەکەی ئەوێن. ئەو جنۆکانەی تا بەیانی لە گەڵ یەک قسەیان دەکرد و، هەموو ئەو مردووانەیان بەسەردەکردەوە کە بە درێژایی ساڵانی ساڵ لێرە لە سەر بەردی شۆردنەکە بینیبوویانن. ئەوان کە قەت بەزەییان بە هیچ مردوویەکدا نەهاتبوو، لە ساڵی شەڕەکەوە گۆڕان. یەکجار گۆڕان. دەیانگووت ئیستا تا بەیانی لە جیاتی قسەکردن، دەگرین. خانووەکانی دەورووبەری مزگەوتەکە بە دەست ئەم گریانانەوە هەراسان ببوون. منداڵەکان لە ناو جێگادا خۆیان کۆدەکردەوە و گەورەکان هەڵدەستان و هەموو دەرگا و پەنجەرەکانیان تاقی دەکردەوە کە داخۆ داخرابوون یان نا. بێزار لە کارەسات پێی سەیر بوو. مرۆڤ چ جۆر بوونەوەرێکە کە لە هەر دوو جۆری جنۆکە، چ دڵڕەقی و چ میهرەبانی، دەترسێ! مەگەر نادیارەکان کەمن کە دەبێ یەکیان تەنها یەکیان ئاوەها زەق بکرێتەوە؟ مەگەر مرۆڤەکان، هەر ئەوانەی دەوری مزگەوتەکە، بۆ خۆیان کەم شتی شاراوەیان هەیە؟**

نەدەزانرا بۆچی خەڵکی شار حەزیان دەکرد سەرەڕای ئەو هەموو مزگەوتەی دیکە کە لە شاردا هەبوون، مردووەکانیان بێننە ئێرە. خێری زۆرتر بوو؟ یاخود ملایکەکان زیاتر بە ئێرە ئاشنا بوون؟ ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بوو کە لە شوێنی زۆر کۆن، زۆر هەست بە بزربوونی مردوو ناکەی. دەڵێی مردووەکە هەر زیندووە و دەژی. بێزار لە کارەسات سەیری بڵیندگۆکەی دەکرد،... خەمگینترین ڕەنگی سەوزی دونیا. تەنانەت خەمگینتر لە ڕەنگی سەوزی ناو شەخسەکان. پێی سەیر بوو چلۆن هەر ئەم ڕەنگەیە بەهار دەڕازێنێتەوە. ئەو کە تەواوی تەمەنی حەزی بە ڕەنگی سەوز دەکرد، هەستی دەکرد خەریکە زەوقی دەگۆڕدرێ. ئەسڵەن بۆ دەبێ ڕەنگێک هەبێ و مرۆڤ شێت و شێدای بێت؟ بۆ دەبێ حەزمان پێیان بێ؟ ئەوان لە هەموو شوێنێک هەن. جاری وایە سروشت شوێنەکانیان هەڵدەبژێرێ و، جاری وایە مرۆڤ. لە کاتی نووسینی غەزەڵدا لە ناو مێشکدان و لە کاتی شەڕەکانیشدا بە دەستەوەن. ئەو تەرمانەی دەهێنرێنە ئێرە جاری وایە بۆنی ئەوان دەدەن. ئەو بۆنانەی لە گەڵ بۆنی ڕزیوی مەرگیش ئاوێتەن. وەها، جیاناکرێنەوە. بێزار لە کارەسات بڕیار دەدا قەت لە ژیانیدا ئاوێتەی هیچ ڕەنگێک نەبێتەوە. ئەو تەنیا دەبێ بە ناویاندا پیاسە بکا و لە دیتنی هەر هەموویان، ئەوەی کە لە ژیاندان، چێژ وەربگرێ. گەر چێژێک هەبێ.

کە ساڵی شەڕەکە تەواو بوو، گریانی جنۆکەکانیش کۆتاییان هات. سەرەتا بێدەنگییەکی سەیر هەموو کۆڵانەکانی دەورووبەری مزگەوتەکەی داگرت، وەها، بوون بە ترسناکترین شوێنەکانی گوزەری جیهان. تەنانەت بانگی مزگەوتیش نەیدەتوانی ئەم بێدەنگییە ترسناکە

بڕەوێنێتەوە. دەیانگووت بێدەنگیی دووای شەڕە. دەیانگووت لە هەر شوێنێک هەرا زۆر بوو ئەوا تا ماوەیەکی چاک بێدەنگی رووی تێدەکا.
بەڵام لە راستیدا وەها نەبوو. بێزار لە کارەسات گەلێک جار بە شەودا کاتێک بە هەڵکەوت لەو کۆڵانانەوە تێپەڕیبوو، بە ئاستەم دەنگی گریانەکانی لە خانووەکانەوە هاتبووە گوێ. ئەو گریانانەی لە بەردی مردووشۆرخانەکەوە دەستیان پێکردبوو.

**دەستپێکردنەکان** لە کوێوەن؟ ئەم پرسیارە لە کاتی سەیرکردنی فڕینی باڵندەیەک هاتە زەینی. بیری کردەوە ناکرێ هەموو ئان و ساتێک هەم دەست پێکردن بێت و هەم کۆتایی؟ چۆن چرکەیەک دەتوانێ خۆی لە خۆیدا تەنیا یەک لەمانە بێت؟ چرکەیەک گەر لە شتەکان رووتی بکەیتەوە، دەبێ بە بوونێکی بێ رەنگ. ئەوە رووداوەکان و خەیاڵات و بیرکردنەوەکانی ئێمەن رەنگیان دەکەن و شکڵ و شێوەیان پێ دەبخشن، بەڵام لە راستیدا پێش ئەوەی ئەم شتانە هەبن، چرکەکە لەوێیە، بە دوور لە دەسەڵاتی ئێمە. ئەوان هەن بۆ ئەوەی رووداوەکان و خەیاڵ و بیرەکان وەک زەرفێک لە خۆیاندا کۆبکەنەوە. بێزار لە کارەسات هەوڵدەدا چرکە وەک خۆی ببینێ، بەدەر لە نێوەڕۆکەکان. هەست دەکا گەر گەیشتە ئەوێ، بوون دەبێ بە شتێکی تر. بە دوور لە هەر چەشنە

**شادی و خەم و ترسێک. مرۆڤ دەتوانێ ببێ بە ئەو، رووت رووت و داماڵراو لە هەر چەشنە دەرکەوتەیەک. ئارامش و هێمنایەتییەکی ئەبەدی.**

**زۆر کەس لە وەڵامی ئەوەی کە چۆن چرکەیەک دەتوانێ دەستپێک یان کۆتایی بێت، دەڵێن وەڵام لەوێدایە کێ و چلۆن دەڕوانێتە ژیان و رووداوەکانی نێوانی. ئەو ئەم وەڵامانەی بیستبوو. بۆ وێنە بۆ هەندێ کەس ساڵێکی تایبەت دەتوانێ خۆشترین کاتەکانی تەمەن بێت و، بۆ هەندێ کەسی تر ناخۆشترین،... تەنانەت ساڵی مەرگیش (ئەگەرچی ساڵی لە دایکبوون بۆ کەس خۆش نەبووە و نیە، چونکە کەس لە بیری نایەت)، بەڵام بێزار لە کارەسات پێی وایە هەر ئەو ساڵە دەتوانێ هم دەستپێک بێت و هەم کۆتایی، بە مەرجێک سات وەک خۆی ببینی. لە بیری دێت کاتێک تەمەنی بیست ساڵان بوو، رێک ئەو ساڵە خۆشترین ساڵی تەمەن و هەر لەو کاتەدا دووا ساڵی خۆشییەکانیشی بوو. لەو ساڵەدا هەم خۆشەویستی هات، هەم بیرە گەورەکان و هەم جەستە لەوپەڕی هێز و چەلەنگیی خۆیدا بوو. ئەو دەیتوانی لە یەک کاتدا دڵی ئەوەندە گەورە بێت کە هەرچی مرۆڤی دونیایە تێیدا جێی بێتەوە. لای ئەو دونیا و مرۆڤ وەک خودی چرکەیان لێهات، بە بێ رووداوی دەرەکی. قاڵبە بێ روخسارە ئازیزەکان. کە دەگەییە هەر مرۆڤێکی هەژار، سەقەت یاخود بێدەسەڵات، دەستبەجێ دەگەیشتە ئەو قەناعەتەی هەموو جیهان نارێک دەڕوا و هەر بۆیە دەبێ بۆ چارەسەرکردنی کارێکی یەکجار گەورە بکرێ. جیهانیش ئەوەندە گەورە هەبوو کە بکرێ کاری گەورەی تێدا بکرێ.**

بەڵام چەند خێرا ئەو ساڵە تەواو بوو. کە پاییز هات و قوڵینگەکان هەڵفڕین، هەستێکی ناخۆش رووی تێکرد. پێی وانەبوو لە ساڵێکی ئاوادا کەس ئەویٚ، واتە شوێنی خۆشبەختی ئەو بەجیٚ بێڵیٚ. دووای قوڵینگەکان، گەڵاکان وەرین. رقی دونیای لە پیاسەی ناو گەڵا زەرد و سووره هەڵڕژاوەکان بوو. پاشان ئاسمان تەمێک دایگرت. کە یەکەم کلوه بەفرەکان دابارین، دڵی ئەوەندە تەنگ بوو کە چوو لە پشت پەنجەرەکەیانەوە گریا. ئیستایش نازانیٚ بۆچی ئەو ساڵە، ئەو لە ساڵەکانی تر زیاتر سەرنجی چووە سەر باڵندە کۆچەری و گەڵا و کلوه بەفرەکان. ئەویش رێک لە کاتی هەستکردن بە ئەوپەڕی خۆشبەختیدا.

پەڕەیەکی هێنا و هەوڵیدا وێنەی چرکە هەر وەک خۆی بکێشێتەوە. سەرەتا پێی وابوو زۆر ئاسانە، بەڵام هەر قەڵەمەکەی بە دەستەوە گرت، تێگەیشت یەکجار دژوارە. بیر، دەیگرت و نەیدەگرت. زەختی لە خۆی کرد. چاوەکانی قونجاند. دەکۆشا هەرچی رووداو و خەیاڵ و بیره دەریهاویٚ. سەفحەیەکی بیٚ رەنگ هاتەبەرچاوی. پاشان گرتەیەک لە "هیچ" بە ئاستەم خۆی نوواند. لە دەروونەوە بەتاڵ بووەوە،... بۆشایی، چ بۆشاییەکی ترسناک! کەواتە ئێمە بە رووداو و بە خەیاڵ و بە بیر، خەریکی پڕکردنەوەی بۆشاییەکانین. چرکە رووتەکانی بۆش و خاڵی،... تەنانەت خاڵی لە خۆشیان.

نەنکی کە لە ماڵەوە تەنیا دەبوو، دەگریا. نەنکێک کە هەموو ژیانی بریتی بوو لە ماڵداری و لە ماڵەوە بوون، دەگریا. وەک بڵێی لە شەڕ و رووداوە گەورەکان گەڕابێتەوە، ئەو شەڕ و رووداوانەی وا گیان و تەرمی بیٚ ئەژمار مرۆڤیان تیا بەجێمابوو. بە گۆشەی دەستماڵەکەی یاخود بەو لەتە پەڕۆیەی لە گیرفانی کڵۆنجەکەیدا بوو، فرمێسک و ئاوی لووتی

دەسرِی و لە کاتێکدا بە بزەوە لە ئەوی دەڕوانی کە بە ڕێکەوت بە سەر گریانەکانیدا کەوتبوو، بە بزەیەکەوە دەیگووت پەرداخێک ئاوی بۆ بێنیّ. ئەویش بۆی دێنا. ئەو ئاوەی کە بە گەرووی یەکێک لە پڕ بیرەوەرترین مرۆڤەکانی ئەم جیهانەدا دەچووە خوارەوە!
بێگومان نەنکی لە گەڵ چرکە رووتەکان دەژیا. ئەو چرکانەی بە کاتی عەسران، کاتێک تیشکی هەتاو ژوورەکەی سووردەکردەوە، دەهاتن و پرش و بڵاو دەبوونەوە. سەمای بێ قەراری وردیلەکانی بەر تیشکی هەتاو.

**تیشکی هەتاو**، بە سەر هەموو شوێنێکدا گوزەردەکا، ئەگەرچی مەرج نیە حەتمەن راستەوخۆ لێی بدا. گرینگ ئەوەیە هەبوونی دەبێتە هۆی روونبوونەوەی تاریکاییەکانیش،... لانیکەم لە تاریکاییەوە بۆ سێبەر. بێزار لە کارەسات نەک تەنیا لە گەمەی نێوان تاریکی و رۆشنایی، بەڵکوو گەلێک جار لە گەمەی نێوان سێبەر و رووناکاییش رامابوو. ئەمەی دووایی وەک راهێنانێک دەبینی بۆ گەمە سەرەکییەکە. هەروەها بەو بۆچوونە گەیشتبوو کە یاریی نێوان سێبەر و رووناکایی دەبیندریّ،... جوانتر هەستی پێدەکریّ تا ئەوی تریان. رەنگە هی ئەوە بێت تۆخی لێرەدا بەو شێوەیە نابیندریّ. جێگۆڕکێی لێکچووەکان دیارترە. بەڵام لە ژیاندا کامیان زۆرتر دەبیندریّ؟ مرۆڤەکان زیاتر کامیانن؟ ئەو پێی وایە لە کاتی رووداوە گەورەکاندا مرۆڤەکان زیاتر لە

گەمەی نێوان تاریکی و رۆشنایی دەکەن و لە ژیانی ئاسایی دا لەوەی دووهەم.

دوو کۆڵان ئەولاتر لە پشت ماڵەکەیانەوە، کۆڵانێکی تر هەیە کە منداڵێکی تیا دەژی. منداڵێک کە لێرە لە دایک بووە و گەورە بووە، بەڵام دایک و باوکی هی شوێنێکی ترن. تاقە کوڕی ماڵە. روو خۆش و دەم بە بزە و مەزڵوم. باوکی کە لە کار دێتەوە، دووای نانخواردن و حەسانەوەیەکی یەک ساعەتە، هەڵدەستێ، دەستنوێژ دەگرێ و لە دووای نوێژ دەست دەکا بە قورئان خوێندن. تەقیلەیەکی سپیی تایبەتیش لە سەر دەکا کە دوو دایرەی شین بە قوتەکەیەوەیە.

رۆژێک سەعاتی دەی بەیانی بێزار لە کارەسات لە ماڵەوە دانیشتووە و خەریکی دەرس خوێندنە. کتوپڕ دەنگە دەنگی منداڵ لە کۆڵانەوە هەڵدەستێ. سەرەتا گوێی ناداتێ، بەڵام دووای بەردەوامبوونی دەنگەکە و فیکە لێدان و ئەو پێکەنینە شێتانەیەی دەگەیشتە گوێ، رادەبێ و لە پەنجەرەکەوە دەڕوانێتە دەرەوە. منداڵەکەی دوو کۆڵانەکەی پشتەوە دەبینێ کە کۆمەڵێک منداڵی تر، بەڵام بە تەمەن و بە قەڵافەت هەڵکشاوەتر، بە شوێنیەوەن. گاڵتەی پێدەکەن، دەستی بۆ دەبەن، دوو دوو بە گوێی یەکتردا دەچپێنن و دیسان دەستی بۆ دەبەنەوە. منداڵەکە ترس و هەراسێکی سەیر دایگرتووە، بەڵام بزەکانی فەرامۆش نەکردووە، بە روویاندا پێدەکەنێ و هەوڵدەدا دەرباز بێت. یەکیان لە دوواوە باوەشی پێدا دەکا و خۆی پێوەدەنێ. دووانی تریش هەر ئەمە دەکەن. دوو پیاو لەوێوە تێدەپەڕن. منداڵەکە هەوڵدەدا خۆی لەوان نزیک بکاتەوە و سەرنجیان رابکێشێت،... هەوڵدانێکی بێسوود. کتوپڕ یەکێک لەوانەی وا بە شوێنیەوەن، لە گیرفانی پارەدەردێنێ و پیشانی

منداڵەکەی دەدا. باسی سینەمای بۆ دەکا، باسی ئەو دووکانەی چەند خانوو لەولاتر پیرێژنێک گوڵەبەڕۆژە و توێشەی تیا دەفرۆشێ. منداڵەکە چاوانی لە سەر پارەکە چەقدەبەستێ. بێدەنگییەکی سەیر هەمووان دادەگرێ. منداڵەکە لە دەستی پارەکە نزیک دەکەوێتەوە و لە گەڵی دەڕوا. هەر هەموویان لە گەڵی بەڕێ دەکەون. دەبێ بە قریوە قریوێکی سەیر.

بێزار لە کارەسات، کتێبەکە لە خۆی دووردەخاتەوە و پاڵدەداتەوە و دەکەوێتە فکرەوە. وێنەکان لە مێشکیدا تێکەڵ دەبن،... پوڵ و قورئان و ئەو دوو گەورەیەی وا باسی ئەو دیوی سنوور دەکەن. ئەو دووانیوەڕۆیە گەرمانەی وشە پیرۆز و موقەدەسەکان لە زار دێنە دەر و دووای پێچ و خوڵدان بە دەوری دوو دایرەی شین باودا دەفڕن و، لە ژێر سەقفەکە کۆدەبنەوە. ئەو وشانەی وا تەمەعی گەیشتنە ئاسمانیان هەیە. باوکێک کە داوا لە خوا دەکا مرۆڤەکان سەرەڕای هەموو قسوری و نەهامەتی و نەگبەتییەکانیان ببەخشێ. کتوپڕ بڕیاردەدا هەستێتە سەر پێ و بچێ منداڵەکە لە دەستیان دەربێنێ. هەست دەکا باوکی منداڵەکە خەریکە لەویش دەپاڕێتەوە. پێڵاوەکانی لەپێ دەکا و دەردەپەڕێتە دەر. بەڵام یەکجار درەنگە. لە هیچ کۆڵانێکی دەورووبەرەوە دەنگی منداڵ چییە نایەتە گوێ. چییان لێهات؟ یانی ئەو مەگەر چەندە بە خەیاڵ و بیرکردنەوەوە لە ژوورەکەدا ماوەتەوە؟ تەزوویەکی سارد بە پشتیدا دادەگەڕێ. لە کاتێکدا بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە، سیمای ئەو منداڵەی وا پوڵەکەی دەرهێنا، دێتەوە بەرچاوی. دەیناسی. ساڵانی دوواتر لە دووای شۆڕش بوو بە دەمڕاست. یەکێک لە چالاکترین قسەکەرەکان و، هەڵبەت لە ئاستی خۆیشیدا هەڵسوڕ. بێزار لە کارەسات زۆر جار لە پشت

قسەکانی، هەمان جورئەتی ئەو رۆژەی کۆڵانەکەی دەهاتەوە بیر، کاتێک پارەکەی دەرهێنا و پیشانی منداڵەکەی دەدا.
سێبەرەکان زووتر لە رۆشنایی دەبن بە شەو و بە تاریکی. بوونەوەرە نێوانەکان وان، لەم چەشنەن. بە هەر دوولادا خێراترن. بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا بێزار لە کارەسات هەست دەکا تاریکیی لە سێبەر گەلێک زیاتر خۆش دەوێ.

**خۆشی دەوێ.** ئەوەتەی هەیە بارانی خۆش ویستووە. خۆشی دەوێ، چونکە پێی وایە هەمیشە ئەوەیە کە بووە. رێک وەک بەفر و کوێستان. بەڵام ماوەیەکە باران بە وشکی دەبارێ. تەڕی ناکەن. ئەمە چ بارانێکە بە سەعات لە بەریدا رادەوەستێ و کەچی جل و بەرگ و جەستەی هەر وەک خۆیان وان! باران، تەنیا بە رواڵەت لە باران دەچێ. ئەمساڵ، چۆمەکان و کانیاوەکان ئاویان تێناچێ. دونیا نوقمی بارانە و کەچی زەویش وشک وشک. دوعایەکی سەیر سەریهەڵداوە، خەڵکی بە لێوی وشک و دەستی قڵشاوەوە روو لە ئاسمان دەکەن و داوای بارانی

**تەڕدەکەن. داوا دەکەن ئاسمان بەزەیی بە زەویدا بێت. بەزەیی بە ئەواندا. کەس نازانێ بۆچی مرۆڤ کە لە ئاست شتێک یان ڕووداوێکدا دەستەوەستان دەبێ، دەستبەجێ بیری بەزەیی بە مێشک و دەروونیدا دێت. هەڵبەت ئەوەی بەزەیی چەندە دەتوانێ بیر بێت، پرسیارێکی گەورەیە. بێزار لە کارەسات پێی وایە سەرچاوەی بەزەیی هەستە نەک بیر. هەستە، چونکا بە شوێنیدا دەتوانێ گریان بێت و داهێزران. بێ بارانی، مەودای بەزەییەکان فراوان دەکا و نیگاکان بەرز و بەرزتر بەرەو ئاسمان. وەها کە جاری وایە ئەوانەی وا دەپاڕێنەوە، نیگایان بە ڕوانین لێڵ و تەماوی هەڵدەگەڕێ.**

**ئەوانەی وا بووکە بارانەیان دەگێڕا، تیایا مابوون کە داخۆ درێژە بەم کارەی خۆیان بدەن یان نا. لەم وڵاتەدا هیچ نەریتێک لە نێوان بووکەبارانە و بارانی وشکدا نەبوو. تا ئیستا کەس بیری لە بارانی وشک نەکردبووەوە. بۆیە ڕەنگە دەبێ لەمەبەدووا جۆرێکی تر لە بووکەبارانێ چێبکەن. بێ تارا،... ئا، بێ تارا. با لێگەڕێن جوان جوان تەڕ ببێ. بێزار لە کارەسات بیردەکاتەوە ڕەنگە ئاناهیتا ڕۆژێک مەجبوور بێ خۆی لە جیاتی کانیاوەکان بتەقێتەوە.**

**ئەو لەم کاتانەدا پەنا دەباتە بەر کتێب. هیچ شتێک بە قەدەر کتێب ئەو بە ڕابردوو و بە داهاتووەوە گرێ نادا. کتێب ئیستای پێ لەبیردەکا. ڕابردوویەکی پڕ لە بارانی تەڕ و داهاتوویەکی تەڕ. لە وشکە ساڵەکاندا، بێدەنگیی ژوورەوە و گوێ ڕاگرتن بۆی لە گەڵ چاوگێڕان بە وشە و ڕستەکان، باشترین یارمەتیدەرن، بۆ ئەوەی لە هەستی بەزەیی دووربکەویتەوە. تەژی بوون لە بۆشایی، تاقە بوونی سەردەم. ئەو جارجارە سەرهەڵدەبڕێ و گوێی لە بیستنی پشکوتنەکانە، پشکووتنی**

گوڵێک لەو سەری دونیا لە قەراخ دەریایەکدا، ئەو دەریایەی ئەو تا ئێستا قەت بە چاوەکانی خۆی نەیبینیووە. یاخود بیستنی چاوتروکانەکانی نیگای مانگایەک لە مەزرایەکدا، کاتێک تەژیی سەوزاییەکانە و هێشتا نازانێ چەقۆکان چەندە دەتوانن نزیک بن.

دڵی تەنگ دەبێ. هەڵدەستێ و بە ناو ژوورەکەدا سوڕێک دەخوا. بە ناو وێنەی سەر دیوارەکاندا دەگەڕێ. وێنەی باوکی لە کاتی لاویەتیدا. سیمایەکی گەش بەو قژەوە وا لە وێنە رەش و سپییەکدا دەبریقێتەوە. ئەو سمێڵە قنجانەی باسی دەیان ساڵ لەوە پێش دەکەن. ئەو نیگایانەی هێشتا لەو ساتانەدان و باوەڕیان بە تێپەڕینی زەمەن نەهێناوە. یان رەنگە باوەڕیان هێناوە و، بەڵام هێشتا خۆی لە گێل دەکا. وێنەی سەیرانێک لە کاتی بەهاردا، بەو چەمەوە ئەو گەر چاوەکانی بقونجێنێ، جوان جوان هێشتا خوڕە و هاژەی دێتەوە گوێی. چەمە تەڕەکانی ئەو ساڵانە. یەکەم هەنگاوەکانی منداڵیی ناو ئاوە یاخییەکان. ئەو چەمەی ساڵێکیان ئاسمان بردی و نەیدایەوە. جوانترین دیمەن لای ئەو، چۆمێکی ناو دارستان لە شەوێکی پڕ ئەستێرەدایە. کاتێک چۆم دەبێ بە رووباری بریقەی ئەستێرەکان. لەم کاتانەدا بیری ساڵی شۆڕش دەکەوێتەوە. بیرەوەریی شۆڕش لە چەشنی گەڕانی قەراخ چۆمێکی لەم چەشنەیە. هەڵگرتنی ئەو وردیلە بەردانەی هێشتا گەرمن و بۆنی هەتاویان لێدێ. ئەم جاری وایە بەردەکان هەڵدەگرێ و بۆ ئەو بەری ئاوەکە دەیانهاوێ. قەت نەیویستووە چۆمەکە بشەمزێنێ. لە خۆیدا بەشی ئەوەندە شەمزاوە کە پێویستی بە بەردی ئەو نەبێ. لە لای ئەو، زەمەن بەرگی چەمی لە بەردایە. کەچی سەیرە کاتێک لە کۆڵانەکەی ئەوانەوە تێدەپەڕێ، خۆڵ هێشتا وشکە و تەڕ نابێ.

کتێبەکەی ئارام دەبەستێ و سێهەم وێنەی سەر دیوارەکە بەسەردەکاتەوە، ئەو وێنەیەی ئەو بە کاتی منداڵی تێیدا دەستی بە دەست نەناسیاوێکەیەو بەر دەمی، جادەیەکی دوورودرێژە. نەناسیاوەکە بەرەو کوێ بەڕێی دەکا؟

**بەڕێوەن.** بەشێکی گرنگی وێنە یاخود خولیاکان هەر ئەم بەڕێوەبوونانە بوون. لانیکەم دەستەیەک بە ڕیز. بە ناو شاخ و بە ناو دارستان و بە ناو دۆڵە قووڵەکاندا. جەستە بە چەکەوە جۆرەیەکی ترە. هەڵکشاوتر و تۆکمەتر. وەک بڵێی لە پشت پەرژینێکی، قەت دەستی هیچ ئازاردەرێک ناتوانێ بتگاتێ. بێزار لە کارەسات پێی وایە هەموو چەک بەدەستەکان خاوەنی ئەم هەستەن. سەیرە، کەچی کەسیش بە قەد ئەوان لێیان نامرێ. متمانە لە هەر کوێیەک زۆرتر بوو، لەوێ هەڵەیش زۆرترە. مردن، یاخود کوشتن و کوژرانیش گەورەترین هەڵەی مرۆڤە. هەڵەیەک کە لە سروشتەوە بۆ مرۆڤ راگوێزراوە.

بە تایبەت، بەڕێوەبوونی کاتی ئێوارە شتێکی ترە. هی بایە، یان هی نزیکبوونەوەی شەو، ئەو شەوەی وا لە زۆر شتت دەشارێتەوە، کەس نازانێ. رەنگە هی سێبەر بێت و بۆنی ئێوارەیانی گوند کە لە دوورەوە لە گەڵ "با" دێن. بۆنی نان و ژن و ئاژەڵ. بۆنی هەناسەی ژیانی ئاسایی. هێمنی ئەو پیاوە پیرانەی لە ژێر درەختە بە تەمەنەکانی بەر مزگەوت دانیشتوون و، بە دووکەڵی دەمنەکانیان گەڵاکان قان دەدەن.

نیگاکانیشیان دەڵێی نیگای بزنی پیرن. کە زستان هات و هەموو ئەم دیمەنانەی داپۆشی، بڵێی ژیان ئەوەندە میهرەبان بێت ساڵێکی تر دیسان بیانداتەوە؟

لە ساڵی شۆڕشەوە بەو ئەنجامە گەیشتبوو کە هەموو شتێ ڕێگایە. زەمەن، ژیان، بڕوا، باران و تەنانەت خۆشەویستیش. ئا، هەموو دیاردەیەک. ڕێگا، یەکەمین بنەمای "بوون"ە. لەو ساڵەوە "ڕێگا" لای ئەو مانایەکی تری پەیدا کردبوو. کتوپڕ هەموو کەس بەو ئەنجامە گەیشتبوو کە هەموو ڕێبوارین. ڕێبوارێکی یەکجار زەمەن کورت. هەربۆیە لەو ساڵەوە گۆرانی بێژ و سروودبێژەکان یەکجار زیادیان کرد. گۆرانی بێژە نهێنییەکان. ئەوان لە جیاتی ئەوەی وەک جاران لە دەرەوە لە کۆڕ و کۆمەڵ و بۆنەکاندا گۆرانی بڵێن، دەخزانەوە نێو ماڵەکانیان و لە کاتێکدا بە جوانی پەردەکانیان دادەدایەوە و کون و کەلەبەریان دەگرت بۆ ئەوەی دەنگ نەچێتە دەرەوە، دەستیان دەکرد بە گۆرانی وتن. بە بێ ژن و بە ئارەقە سەگییەکانەوە. ئەو پیاوانەی لە تەنیایی خۆیاندا تا ئەوپەڕی سنوور دەستپەڕیان دەکرد و، بۆ ڕۆژی دوواتر لە تاو ئێش و ژانی ناو گەڵیان پێچ و لوولیان دەخوارد. ئەو گۆرانی بێژانەی فێیان لێدەهات و لە سەر شەقامەکان دەکەوتن. بەو لیکانەوەی، سپی سپی و کەفچڕێن دوواتر دەبوون بە خۆراکی مێش و مەگەس.

یەکێک لەو گۆرانی بێژانە لە ناو ریزەکەدا بوو. ئەو کە ئێوارەی لێدەهات، دەنگی هەڵدەبڕی و گۆرانی دەگوت. دەستێکی بەم لاولای خۆیدا رادەوەشاند و بە دەستەکەی تری ئاماژەی بە ئاسمان دەدا. هەمیشە لە کاتی گۆرانی وتندا ئەمە عادەتی بوو. لە بەر دەنگی رایانگرتبوو، ئەگینا تفەنگ نابێ فێی لێ بێت. بۆخۆی دەیگووت لەم

شاخ و کێوانە هەست دەکا باشتر بووە، هەم لەبەر ئەوەی بە ئیشتیا دەنگ هەڵدێنێ و هەم لە بەر ئەوەی ئێوارەیان ژنان و کچان و جحێڵانی گوند لێی کۆدەبوونەوە. دەیگووت یەکجار حەزی بە بۆنی رابردووە. کە پێدەکەنی، تاقە ددانی زەردی ناو دەمی لە بەر دووا تیشکی هەتاوی ئێوارەدا دەدرەوشایەوە و هەتاوێکی خنجیلانەی تری بە گوند دەبەخشی. هاوڕێکانی پێیان دەگوت: "رۆژێک ئەم هەتاوە گچکەیە بە تووشمانەوە دەکا!"

کە گۆرانی دەگوت، وەهای دەچڕی کە دیانە ئاڵتوونیەکەی دەرکەوێ. بۆ ئەوەی بتوانێ ئەمە بکا، هەمیشە کەمێک زیا لە رادە دەمی دەکردەوە و هەندێکیش لێوەکانی بە لای چەپدا خوار دەکردەوە. ئەم عادەتەی لە کۆنەوە هەبوو. لە پیش شۆڕشەوە. شۆڕشیش پێی تەرک نەکردبوو. خووەکە وای لێهات کە ئیتر لە کاتی قسەکردنی ئاساییش دا هەر بەو شێوەیە دەمی بکاتەوە و بدوێ. بۆیە هەمیشە دەڵێی لە حاڵەتی گۆرانی گوتندا بوو. بەڵام بێزار لە کارەسات، زیاتر، حاڵەتی پێکەنینی لەم شێوەیەدا دەبینییەوە تا شتی تر. وەک بڵێی هەمیشە پێدەکەنی. ئەو پێی وابوو کەس ناتوانێ لە حاڵەتە دەروونییەکانی ئەو پیاوە گۆرانی بێژە تێبگا. دیانە ئاڵتوونییەکە، هەموویانی لە گەڵ خۆی بردبوو و تەنیا جێگای بۆ خۆی هێشتبووەوە. بێ هۆ نەبوو لە دووای شۆڕش، دوواهەمین کەس خەڵک بە نەهامەتییەکانیان زانی، ئەو بوو.

ساڵانێک، تۆزی رێگاکان لە دەنگی ئالان. ئەو تۆزەی بۆنی پشکەڵ و شیاکە و تەرسی دەدا. لە کاتێکدا بە دەستماڵە مەشەدییەکەی ئارەقی ناوچاوان و پشت ملی خۆی خاوێن دەکردەوە و دەیسڕین، لە زەوی بەردەمی دەڕوانی و سەری لە رەوەڕەوەی ژیان سوڕدەما. هەوڵی دەدا

لێکی بداتەوە کە چلۆن رووداوە گەورەکان دەتوانن بەو شێوەیە شتە هەر بچووکەکانیش بخەنە ژێر کاریگەری خۆیانەوە. ئەو پێی وابوو یەکجار بۆ هەمیشە جێگای خۆی لە ژیاندا دۆزیوەتەوە و، ئیتر پێویست بە گەڕانی زیاتر ناکا. ئەو نەیدەزانی شتە گەورەکان بۆیە گەورەن چونکە دەتوانن هەموو شتە بچووکەکان ببینن.

چەند ساڵ دوواتر لە بن بەردێکدا دوو منداڵ لە کاتێکدا لە گەڵ دایک و باوکیان لە سەیران بوون و خەریکی دروستکردنی خانوو بە بەرد بوون، شتێکی زەردی جوانیان بینییەوە. بە پەلە هەڵهاتن و پیشانی دایکیان دا. دایکیان، لە ناو لەپی دەستی منداڵەکانیدا دیانێکی ئاڵتوونی بینی. لە کاتێکدا بە سەرسوڕمانەوە سەیری منداڵەکانی خۆی دەکرد، بیری کردەوە کە داخۆ چلۆن دەکرێ ددانێکی ئاڵتونی لە دەمی خاوەنەکەی بکەوێتە خوارەوە و کەچی پێی نەزانێ.

**نازانن** و تێناگەن ئەمە چییە. کەسیان. تەنانەت باوەگەورە کە وەک خوایەک لە ناو ماڵەکدا دێت و دەچێ. باوەگەورە کە هەست دەکا بەم نەزانینەی لە ئۆتۆریتە و دەسەڵاتی لە ناو خێزان دا کەم بووەتەوە،

هەر لە خۆوە تورە دەبێ و بیانوو دەگرێ. جاری وایە دەنگی دەگاتە کۆڵان، ڕێبوارەکان سەرهەڵدەبڕن و بە نیگای پڕ لە پرسیاریان لە پەنجەرەکان دەڕوانن. باوەگەورە دەربەست نیە. ئەو تەنیا لە بیری ئەوەدایە رۆحی خۆی خاوێن بکاتەوە.

شتەکە رەشە. شتێک بە قەدەر تەنەکە رۆنێکی پێنج کیلۆیی کە شێوە چەتاڵێکی بە سەرەوەیەو بە سەر ئەو چەتاڵەیشەوە گورزێکی دوو سەری بچووک، وەها، منداڵ دەتوانن یاری پێبکەن. بە سەر تەنەکە رۆنە پێنج کیلۆییەکەوە، چەند ژمارەیەک دەبینرێ. ژمارەکان بە شێوەی دایرە چندراون. لە سەر یەک و بە گشتی پێی دەگوترێ "تەلەفۆن". سەرەتا کەس ناوێرێ دەستی بۆ ببات. تەنیا باوکی ئەو جورئەتە یان ئەو مافەی هەیە. تەلەفۆنەکە لە سەر تاقچەیەکی بەرزی یەک مەترییەو، کاتێک زەنگ دەخوا، وەها دەنگی بەرزە کە هەموو ژوورەکە قوت دەدا و جەستەکان دەهێنێتە لەرزین. ئەوجار باوکی بە جوڵە و کردەیەکی لە خۆباییانەوە هەڵدەستێ و، وەڵام دەداتەوە. ئەوەی کە دەنگەکەی ئەوبەری خەتەکە چلۆن دێتە گوێ، تا ماوەیەک وەک رازێک دەمێنێتەوە. لە گەڕەکدا جارێکە هەر ئەم ماڵە تەلەفۆنیان هەیە. هەموو ئەندامانی خێزان لە ناو گەڕەکدا خۆیان جۆرەیەک لە چاو ئەوانی تردا دەبینن، تەنانەت باوەگەورەیش کە هیچ لە تەلەفۆنەکە نازانێ و زیاتر لە جاران تورە دەبێ.

بێزار لە کارەسات، جاری وایە کاتێک بە کۆڵاندا و بە بەردەمی ئەو ماڵەدا تێپەڕیوە، گوێی لە زڕڕەی دەنگی تەلەفۆنەکە بووە. ئەوەی کە، بە بێ ئەوەی کەسێک بنێری بۆ شوێنەکە، یاخود بۆخۆت بچیت و، لە جیاتی ئەمانە دەنگ لە ناو شتێکی رەشی بچووکدا هەڵبڕی و لە گەڵ

کەسی مەبەست کە یەکجار لێت دوورە قسە بکەی، بۆی سەرنجڕاکێش بوو، بەڵام زیاتر لەمە بێدەنگی ئەوماڵە لەو کاتانەدا باوکی ماڵ قسەی دەکرد، سەرنجی دەقۆستەوە. بێگومان پشیلەکە گەر مابایە، تا ماوەیەکی چاک لە هاتوچۆی حەوشەی ئەو ماڵە خۆی دەبووارد. ئەو زەنگە هێمنایەتی راوی تێکدەدا.

بەرەبەرە چەند خانوویەکی تر لە گەڕەکدا بوون بە خاوەنی تەلەفۆن. لە گەڵ ئەمە، خێزانیش ئەو دەرفەتەیان پەیدا کرد بتوانن جاروبارە لە تەلەفۆندا قسە بکەن. ئیستا ئیتر بێدەنگی زاڵ نەدەبوو. باوەگەورە چیدی بە بینینی تەلەفۆنەکە توڕە نەدەبوو و هەڵنەدەچوو و تەلەفۆنەکان ئیدی ببوونە بەشێکی ئاسایی ژیانی رۆژانە، رێک تا ساڵێکی دووای شۆڕش. کاتێک تۆپ و خومپارەکان گەڕەکەکانی گرتەوەو، هەموو ئەو سیم و وایەرانەیان تێکدا کە کۆڵانەکانی شاریان بە سەر دارچرابەرقەکانەوە پێکەوە گرێدابوو. لەو ساڵەوە تەلەفۆنەکان رێک وەک تەنەکەی بەتاڵی رۆنی پێنج کیلۆییان لێهات. بۆش بۆش.

لە ئێوارەیەکی خۆڵەمێشیدا، باوەگەورە کە دیار نەبوو شادە بەم رووداوە یان نا، لە کاتێکدا چین و چروکێکی زیاتر ناوچاوانی تێکنابوو، تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و بردیە ژوورەکەی پشتەوە، ئەو ژوورەی یەکجار قەدیم بوو و پڕ بوو لە شتە بێ کەڵکەکان. تەلەفۆنەکەی رێک لە تەنیشت ئەو سەماوەرە رووسییە رەنگ ئاڵتوونیە یەکجار جوانە دا دانا کە هیچ کام لە ئەندامانی خێزان نەیاندەزانی بۆچی ئیتر کەڵکی لێوەرناگرن. تەلەفۆنەکە تا پانزدە ساڵ لەوێ لە سەر تاقچەکە تۆزی خوارد، تا ئەو ساڵەی ئەو تەلەفۆنانەی هاتن وا چیدی پێویست نەبوو بۆ تەماسگرتن لە گەڵ کەسی بەرامبەر داوای

**یارمەتی لە "سەنتەر" بکەی. پانزدە ساڵ دوواتر کەس پشیلەکەی لەبیر نەمابوو، تەنانەت ئەوانەی وا لە سێدارەشیان دابوو. پانزدە ساڵ، تەمەنێکی یەکجار درێژە،... یەکجار!**

**یەکجار** وەڕەزە لەو هەموو مانایە. ماوەیەکە دونیا پڕ بووە لە قسە گەورەکان. هەر شوێنێک دەچی، ئاپۆرای ئەو خەڵکەیە کە باس لە هەموو شتێک دەکەن جگە لە خۆیان. ڕووداوە گەورەکان، مرۆڤە مەزنەکان و ئاکارە بێ هاوتاکان. وەک بڵێی قەرارە دونیا، دونیای نوێ تەنیا لە سەر ئەم قسانە بنیات بنرێ. بە بێ خۆ. هەموو پەلەیانە. تا ڕۆژێک تەیارەکان پەیدا دەبن و ئیتر دەنگی ئەوان هەموو دەنگەکانی تر دادەپۆشێ. فڕۆکەکان دونیا دێننە لەرزە. پەنجەرەکان دەلەرننەوە و وردە خۆڵ لە بانەکانەوە دادەکەنە خوارەوە بۆ ناو ژوورەکان. خەڵک ڕوودەکەنە ژێر زەمینییەکان. لەوێ بێدەنگ دادەنیشن و چاوەڕێ دەبن. ئیستا هەر دەنگێکی بچووکی مرۆڤ، تەنانەت دەنگی گریانی منداڵەکانیش تووڕەیان دەکا. باشترین هاوڕێی چاوەڕوانی، بێدەنگییە.

ئەمە نەک نەوەی ئەوان، بەڵکوو بێزار لە کارەسات پێی وابوو مێژوویش دانی پیاناوە. لای ئەو، مێژوو، ئەو چیرۆکە بوو ئەو پیاوەی دەیگێڕایەوە وا لە تاریکترین شوێنی ژێرزەمینییەکە خۆی حەشاردابوو. بەو چاوە بچووک و تیژ و خەمینانەوە کە کەس نەیدەتوانی رەنگەکەی بخوێنێتەوە. ئێستایش کەس نازانێ بۆچی هیچ کات هیچ مێژوونووسێک کتێبێکی لە سەر ئەو ساڵانە نەنووسی و، سەرەڕای هەموو مەترسی و دژوارییەکان تا دووا ساتەکان مانەوە و ژیان. رەنگە تەنیا لە بەر نووسینەوەی مێژوو بێت! وەک بڵێی زەمەن خاوەنی رۆح و زانیارییەکی نادیارە و دەزانێ کێ ببا و کێ بهێڵێتەوە. بەڵام ئەی بۆ ئەوان، واتە مێژوونووسەکان خۆیان حەشار دەدەن؟ مەگەر بەڵێنە هەتا هەتایە بژین؟ بێزار لە کارەسات پێکەنینی بەم بۆچوون و پرسیارانەی خۆی دێت. مرۆڤ ئەو کات دەزانێ هەڵبژێردراوە کە تا سەر بژیت. گەر ئەو بایە، لە جیاتی خۆحەشاردان لە کونجی هەرە تاریکی حەشارگەکان، خۆی دەدایە دەست کارەساتەکان و مەترسییەکان. بەم شێوەیە زیاترت پێیە بۆ گێڕانەوە. بەڵام بێزار لە کارەسات نەیدەزانی باشترین شوێنی دیتن تاریکترین شوێنە. ئەو تەنیا کاتێک بەمەی زانی کە باوەگەورەی بە رێکەوت زۆر بە وردی چۆنیەتی لە سێدارەدانی پشیلەکەی بۆ گێڕابووەوە. ئەو شتی وای گێڕابووەوە کە بێزار لە کارەسات سەرەڕای ئەوەی بۆ خۆی لەوێ بوو و لە نزیکەوە رووداوەکەی بینیبوو، قەت بەر چاوی نەکەوتبوو.

ماناکان ئەوەندە زۆرن کە جاری وایە لە گەڵ خۆڵی ناو کۆڵان تێکەڵ دەبن و "با" لە گەڵ خۆی دەیانبا. کەس نییە کۆیان بکاتەوە. کە فرۆکەکان هاتن، بە دەنگی ترسناکیان و بە وشە وشی تۆقێنەریان

ئەوانیش خۆڵی کۆڵانەکانیان برد بە ئاسماندا. لە پشت پەنجەرەکانەوە دەتوانرا ئەو تۆزە رەنگاوڕەنگانە ببینرێ لە بەر هەتاودا دەدرەوشانەوە و لە پانتایی ئاسماندا ون دەبوون. چ مەحشرێک بووا کەس نەیدەزانی بۆچی دەبێ لە رۆژێکی وەهادا خەڵک بترسن. ئەو دەیگوت رەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێ کە جاری وایە دونیا ئەوەندە پڕی مانا دەبێ ئیتر بە جۆرێک لە جۆرەکان پێویستیمان بە بێمانایی دەبێ. بێمانایی بۆ ئەوەی جارێکی تر، رەنگە سالانی ساڵ دوواتر، دوبارە لە ماناکان تێبگەینەوە،... بۆ ئەوەی جارێکی تر خۆمان بە خۆمان باوەڕ بێنینەوە. بێمانایی سەرەتا لە ترسەوە دەستی پێکرد، ئەوسا لە زۆر و بۆریی ئەو تەرم و خوێنانەی هەموو شوێنێکیان گرتەوە. کە ترس و خوێن لە گەڵ یەکتر دێن و یەک دەگرنەوە، لە دەروونەوە دەڵێی هەموو شتێک بەتاڵ دەبێ. دەروونێکی بەتاڵ بەتاڵ،... خاڵی لە هەموو شتێک. بێزار لە کارەسات کە نەیدەزانی ئەو خوێنانە بە خوێنی پشیلەکەوە گرێ بدات یان نا، پێی وابوو پشیلەکەیش ئەو رۆژە هەر بەو شێوەیە لە دەروونەوە بەتاڵ ببووەوە.

لە فڕۆکەکانەوە ئەو بوونەوەرانە بەردەبوونەوە کە سەرتاپا رەشپۆش بوون و، کە دەدوان دەڵێی بە ریش قسەیان دەکرد. ئەوان باسی ئەو سالانەیان دەکرد کە دونیا تەنیا یەک حەقی تیابوو و تەنیا ئەو حەقەیش دەیتوانی بڵێ حەق چییە. خۆگێڕەرەوە و خۆسەلمێنەرێک. لە کاتێکدا دەستیان بە روخساری تەپ و تۆزاویی خۆیاندا دەهێنا، دەیانگوت هەموو ساتێک دونیا دەتوانێ هەم ساتی خەڵقەت بێت و هەم ساتی ئاخیرەت. لە کاتێکدا شمشێرەکانیان رادەوەشاند و لە ناو دڵیاندا بیریان لە ژنە سۆزانییەکان دەکردەوە، سوێندیان دەخوارد هەتا هەن لە

پێناوی حەقدا نە لە خوێنی خۆیان و نە لە خوێنی ئەوانی تر نەترسن و نەگوزەرێن.

نەشترسان. تا ماوەیەکی دوور و درێژ هەموو شوێنێک خوێن بوو. بەڵام بێزار لە کارەسات قەت باوەڕی بەوە نەهێنا دەتوانێ ببێ بە مێژوونووسێکی گەورە.

**مێژوونووسە گەورەکان** باسیان لە مانگ گرتن کردووە، ئەگەرچی مانگ گرتن دیاردەیەکی سروشتی بووە. باسیان لێکردووە چونکە باس باسی شەڕی نێوان تاریکی و رووناکی، یاخود باسی دیاردەیەک بووە کە بە دەگمەن و لە نێوان دەیان ساڵدا روویداوە. ئەوان باسیان کردووە چونکە زۆربەی پاشاکان کاتێک لەشکرکێشیان کردووە و بە دەیان یاخود سەدان هەزار سەربازیان  لە دەریاکان و دەشتە پان و بەرینەکاندا تێپەڕاندووە، چارەنووسی خۆیان بە چۆنیەتی خۆدەرخستنی مانگەوە گرێ داوە. گەر لە ماڵەوە جولایت و مانگ گیرا، بزانە چارەنووسێکی باش چاوەڕوانت ناکا. گەر مانگ ڕێگا روون نەکاتەوە، چۆن بەو شەوە

ئەنگوستە چاوانەدا دەگەیشتنە مەقسەد و مەبەست؟ بێچارە پاشاکان چەند دڵیان لە مشتا بووە!

کە لە گەڕەکی ئەوان مانگ دەگیرا، بێزار لە کارەسات دەیبینی دەروێشەکان دەردەکەوتن و بە دەم دەف لێدانەوە دەکەوتنە زکر و پاڕانەوە لە ئاسمان. منداڵی گەڕەکیش تەنەکە بیست کیلۆییە بەتاڵەکانیان لە ژێرخانەکان دەهێنایە دەرەوە و تا هێزیان تیا بوو بە دار دەیانکوتا. گەڕەک سەرتاپا دەبوو بە دەنگ و بە هەرا و بە پاڕانەوە. ئەوەندەی پێنەدەچوو کە زکر و تەنەکە کاریگەرییان دەبوو و بەرەبەرە مانگ لە ژێر ئەو پارچە ڕەشەی دایپۆشیبوو، دەردەکەوت. ئەو شەوانە وا مانگ دەگیرا، یەکێک لە خۆشترین شەوەکانی گەڕەک بوو! هەموو کەس دەهاتە دەر. کۆڵان تەواو قەرەباڵغ دەبوو. ئیدی ترسی تاریکی و قوژبنە ترسناکەکانی شەو نەدەما. منداڵەکان ئەو شەوانە تەواو بە ئازادی و بە غیرەتێکی تەواوەوە لە کۆڵان تەراتێنیان دەکرد.

بەڵام لە دووای ساڵی شۆڕش نەریتەکان گۆڕا. دەروێشەکان بزربوون و هەر ئەو منداڵانەی وا تەنەکەی بیست کیلۆییان دەکوتا، ببوونە ئەو پیاوانەی کاتێک مانگ دەگیرا، تفەنگەکانیان دەهێنایە دەرەوە و تەقەیان لە ئاسمان دەکرد. ئاسمانی سەر کۆڵانەکەی ئەوان سەرتاسەر دەبووە ئاگر. مانگ لە ترسی فیشەکەکان هەوڵی دەدا زۆر خێراتر لە ساڵان خۆی لەو پارچە تاریکە رزگار بکا وا خۆی بە سەر روخساریدا کێشابوو. چەند ئاسانیش دەنگی ئەو تەنەکە بەتاڵە بیست کیلۆییە رۆنانە لە ناو هەرا و زەنای تفەنگەکاندا ون دەبوو کە منداڵە تازەکان بە شەرمەوە دەیانکوتان.

بێزار لە کارەسات نازانێ لە سەردەمی لەشکرکێشی پاشاکان بۆ سەر وڵاتانی تر، داخۆ کاتێک مانگ گیراوە، پاشا و لەشکر، چییان کردووە. رەنگە گەڕابێتنەوە، یاخود چەند رۆژ، یان هەفتەیەک بۆ بەتاڵکردنەوەی جادووی جادووگەرەکان هەر لەو شوێنە مابێتنەوە، یان رەنگە هەر ئەو شەوە هەر هەموو لەشکر دۆعایان کردووە و لە رێ و رەسمێکی تایبەتدا داوایان لە خواکانی خۆیان کردووە لەشکرەکەی ئەوان وەک مانگ لێنەکا. نا، ئەو نازانێ، بەڵام ئەوەندە دەزانێ لەشکری پێش مانگ گیران و دووای مانگ گیران هەر هەمان لەشکر نین. مانگ گیران وەک دیاردەیەکی دەگمەن دەتوانێ کاریگەرییەکی دەگمەنیشی هەبێ. ئەو سوپایەی لە کاتی شەڕدا بە توش مانگ گیرانەوە دەبێ، سوپای سەردەمێکی تایبەتە، بە بێ ئەوەی بۆ خۆشیان بزانن.

منداڵەکانی دوێنێ، هەر کامەی چەند دەراغ و خەشابیان خاڵی کردووەتەوە و، خەنی لەوەی لوولەی تفەنگەکانیان گەرمە، بە سەر شانی یەکتردا هاوڕێیانە دەکوتن و دەڵێن ئیتر چیدی مانگ جورئەتی ئەوە ناکا خۆی بشارێتەوە. دەڵێن سەردەمی خۆشاردنەوەکان تەواوبوونە،... دەڵێن لە وڵاتێک ئازادی و تفەنگ پێکەوە هەبن شتە شاراوەکان ون دەبن. ئەوان کە بە هۆی لوولەی تفەنگەکانیانەوە دەستیان دەگاتە حەوت تەبەقی ئاسمانیش، لە کاتێکدا بە دەنگی بەرز قسە دەکەن و پێدەکەنن، ماڵئاوایی لە یەکتر دەکەن و دەچنەوە ماڵەکانیان. نۆ مانگی تر لە گەڕەکەکەیان لانیکەم بیست سی منداڵی تر لە دایک دەبن کە زۆرینەیان کوڕن. ئەو کوڕانەی نازانن داخۆ شەوی گیرانی مانگ دروست کران یان شەوی رزگاریی مانگ. کە ساڵانی دوواتر

ئەمە لە باوکەکانیان دەپرسن، باوکەکان بە سەرسوڕمانەوە سەیری کوڕەکانیان دەکەن و بیر لە ئاڵۆزیی ڕووداوەکانی ژیان دەکەنەوە.

**ئاڵۆزیی ڕووداوەکانی ژیان**، ڕاستە شەقامێکە. ڕاستە شەقامێک، کە ئەم بەراوبەری بە تەنیشت شۆستە گلین و بەردینەکانییەوە، ئەو دووکانانەن وا پێوەرێکی گرنگی شاربوونن. هەر بۆیە ئەو ڕاستە شەقامە بۆن و ڕەنگی هەموو شتێکی لێدێت: بۆنی سەوزە و تەماتە، میوە، گۆشت، ئاسنی سوورەوە بوو، لەحیمی تەنەکە، پارچە و کوتاڵ، زەنگیانە، چایی، بیسکیت، دۆ و ماست و تۆراخ، پەتاتە، برینج، توور، ئاڵتون، کاغەز و ڕۆژنامە و کتێب، پێڵاو، پلاستیک، ئارد، چەرەسات، دەرزی و دەرمان، وردەواڵە، کەرەسەی ئۆتۆمبیل، جاجم و پەتوو و مەلافە و لێفە، لۆکە و سەرئەنجام شیرینی. دەنگیش، دەنگی کوتانی ئاسن و تەنەکە، هاواری وردەواڵە فرۆشەکان، گەر بێدەنگ بیت ویزە ویزی مێش و سەرئەنجام ئەو تاک و تەرا سەیارانەی تێدەپەڕن. بێزار لە کارەسات ئاڵۆزیی ژیانی وەها دەهاتە بەرچاو.

بەڵام لە ناو هەموو ئەم بۆنانەدا بۆنی گۆشتی برژاو کە لە گەڵ دووکەڵە شینەکەی بە ناو شەقامدا بڵاودەبێتەوە، زیاتر لە هەر شتێکی تر سەرنج ڕادەکێشێ. ڕاستە شەقامەکە بە گەڕەکەکانی پشتییەوە، دەڵێی قەت لەو بۆنە وەڕەز نابن.

لای ئەو لەم شارە بە پێچەوانەی لۆژیکی "بوون"، تەنیا بۆنە دەمێنێتەوە. ئەو بۆنەی وا دەتوانی لە گەڵ خۆت هەڵیبگری و بیبەی بۆ هەموو شوێنێک: ماڵەوە، ئاودەست، قوتابخانە، حەمام و تەنانەت ئەو شوێنەیش وا پشیلەکەی تێدا لە سێدارەدرا.

بۆنەکە نەک تەنیا لە یاد و دەروونداد، بەڵکوو بە جل و بەرگ و بە جەستەیشەوە دەلکێت و قەت لێی جیانابێتەوە،... ساڵانی ساڵ. تەنانەت قسەکانی ئەو فیلسووفەیش کە دەیگووت بۆن لە رەگەزی ئۆبژە نیە و پەیوەندی راستەوخۆی بە بوونی مرۆڤەوە هەیە بۆ ئەوەی بۆن بکا و بۆن هەبێ (واتە سوبژکتیڤییە)، نەیتوانی بۆنەکە لە جەستە و دەروون بسڕێتەوە. زۆر کەس ئەم هەوڵەیان دا، بەڵام خۆماندووکردنێکی بێسوود بوو. تەنیا، سوپاس بۆ ساڵی شەڕەکە، کە دوو مانگ راستە شەقامەکەی چۆڵ کرد و یەک کەبابخانە چییە تێیدا نەهێشت. بێزار لە کارەسات پێی وایە بۆ سڕینەوەی هەندێ کارەسات دەبێ کارەساتی گەلێک گەورەتری دیکەی بە سەردابێت. ئەو ساڵە، دووکەڵی خانوو و بەرە سووتاوەکان و تۆپ و هاوەنەکان وەها بە سەر ئەو بۆنە لەمێژینەیەی ناو شەقامدا زاڵبوو کە لە دووای شەڕیش تا ساڵانی ساڵ سەرەڕای دەست بە کاربوونەوەی کەبابخانەکان، قەت بە دەروون و جل و بەرگی کەسی تردا نەلکایەوە. شار بۆ ماوەیەکی یەکجار دوورو درێژ یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی خۆی لە دەستدا.

ئەو پیاوانەی بە تەنیا و بە دزییەوە خۆیان بە کەبابخانەکاندا دەکرد، ئەو ژنانەی نەیاندەزانی چلۆن لە کاتی تێپەڕین دا منداڵەکانیان کۆبکەنەوە و لە شەرمانا زیاتر و زیاتر خۆیان لە ژێر چارشێوەکانیاندا دەشاردەوە، سەرئەنجام ئەو سواڵکەرانەی رەپ لە بەردەمی باوەشێن

بەدەستەکەدا رادەوەستان و تفی وشکی ناو دەمیان قوتدەدا، لە گەڵ شەڕ ڕۆیشتن و بزربوون.

بێزار لە کارەسات بیر لە هەموو ئەو گۆشتانە دەکاتەوە کە لەم راستە شەقامەدا سالانی ساڵ برژابوون. ئەو گۆشتە زیندووانەی وا لە تەنیا قەسابخانەکەی شار دەبوون بە بوونەوەرە بێ رۆحەکان و لەوێ خۆش دەکران. شوێنی سەگە بەڕەڵاکان. ئەو سەگانەی ئەوەندە پێست و ریخۆڵەیان خواردبوو، نیگاکانیان چەور و چەسپناک و خەمگین ببوون. کەبابخانەی تایبەتی سەگ. بە بێ دووکەڵ و بە بێ برژاندن. لەوێ، تەنیا رکەبەری سەگەکان، مێش و زەردەواڵەکان بوون. بە شەویش چەقەڵ. چەقەڵەکان. بە درێژایی شەویش، دەنگی وەڕەوەڕی ئەو سەگانەی کە دیار نەبوو لە ترسانایە یان لە غیرەتەوەیە. تەنیا باران ئەم دیمەنەی بێدەنگ دەکرد.

مەوادی نێوان قەسابخانەکە و راستە شەقامەکە زۆر نەبوو.هەم بنیادەمە چەقۆ بەدەستەکانی ئەوێ دەیانتوانێ زوو بیگەنێ و، هەم مێشەکان. تەنیا سەگەکان بوون لەوێ نەدەجولان،... تەنانەت لە ساڵی شەڕەکەیشدا!

**شەڕەکە**، دوو ساڵ دووای ئەو رووداوە هات. یان باشتر وایە بڵێین ساڵێ پێش شۆڕش ساڵی لافاوەکە بوو. ئەو ساڵە، وشکە ساڵییەکی سەیر بوو. کاتێک لافاوەکە هات، وەک بڵێی ئاسمان هەرچی رق و قین

و فرمێسکی شاراوە و هەڵنەوەریوی بوو کۆی کردبووەوەو، کتوپڕ ڕژاندبووی. خەڵکی، کە لە گەرمانا و لە تاو تینوویەتی و وشکیی هەوا لە ماڵەوە لە بەر پەنکەکاندا دانیشتبوون و خۆیان بە ڕۆژنامە و بە کتێب و بە هەرچی لە بەر دەستیاندا بایە باوەشێن دەکرد، لەپڕ کەوتنە بەر هوروژمی ئەو ئاوەی لە نێوان دوو کێوی ڕۆژهەڵاتی شارەوە رووی کردە شەقام و کۆڵانەکان. ڕۆژێکی سەیر بوو. نەیاندەزانی خەمین بن یاخود خۆشحاڵ. ڕێک وەک ساڵەکانی دووای شۆڕش. هەندێ کەس بە دزییەوە لە پشت خانووەکانیانەوە لە ناو ئەو ئاوەیدا تا ئەژنۆ دەهات، مەلەیان کردبوو. ڕۆژنامەکان و کتێبەکان تەڕببوون و ئاو بردبوونی. بە خۆشییەوە ئەگەرچی لافاوەکە زەرەرێکی زۆری دا، بەڵام کەسی نەکوشت. بۆ ڕۆژی دوواتر دونیا وەک خۆی لێهاتەوە. دیسان هەتاو گەرم گەرم بە بەستێنی ئاسمانەوە. بە بێ ڕۆژنامە و کتێبێک بۆ خۆباوەشێن کردن.

ئەوانەی رقیان لە شۆڕش و لە شەڕ بوو، ئیستایش کە ئیستایە هۆکاری ئەو دوو ڕووداوە بۆ ساڵی لافاوەکە دەگێڕنەوە. ئەوانەیشی باوەڕیان بەو دووانە بوو، پێیان وابوو هیچ پەیوەندێک لە نێوان ڕووداوە سروشتییەکان و ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکاندا نییە. ئەوان دەیانگوت ئەوە تەنیا ڕێکەوت بوو و، دونیایش پڕی ڕێکەوتە سەیرو سەمەرەکانە.

لە کۆڵانی ماڵی بێزار لە کارەسات کابرایەک دەژیا، تەمەن شەست ساڵان. بەو چاویلکە درشتانەوە کە نەیدەهێشت ئەندازەی راستەقینەی چاوی بزانرێ. ئەو پیاوە لە ماڵەوە وەک دەیانگوت خاوەنی سەدان کتێب بوو. کە لە کۆڵانەوە تێدەپەڕی، بۆنی کاغەز و کتێب و قەڵەمی

**دەدا. وەک بڵێی کتێبەکان وازیان لێنەدەهێنا. ئەو، ساڵانی دووای لافاوەکە، جارێکی تر بە ناو کتێبە نیوەتەڕەکانی (کە ئیستا رەق هەڵاتبوون و خەتێکی چڵکنیان تێکەوتبوو، ئەو کتێبانەی وا بە رێکەوت لە لافاوەکە نەجاتیان ببوو)، چووبووەوە تا رازی نێوان رووداوە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان بدۆزێتەوە. کارێکی تاقەت پڕوکێن بوو. وەک بۆخۆی دەیگوت میزەرەکەی سەر سەری وەها تەڕدەبوو کە ناچار دەبوو بە چەندان جار رۆژانە بیانگوشێ و بیانگۆڕێ. دۆزینەوەی وەها بەڵگەیەک دژوار بوو، یەکجار دژوار. داخۆ مردن و خنکانی کەسێک لە چۆمێکدا، بەفربارینی زۆر، هوروژمی کولەکان، نوشوستی دەخڵ و دان، ئەویش رێک پێش رووداوە کۆمەڵایەتییە گەورەکان، دەیانتوانی هۆکاری دیاردەکانی دوواتر بن؟ کتێبەکان پڕی ئەو شتانە بوون. ئەسڵەن مێژوو پڕی ئەو شتانەیە. نەک لە پێش، بەڵکوو لە پاش و تەنانەت لە کاتی خودی رووداوەگەورەکانیشدا دونیایەک رووداوی سروشتیی گەورە روویانداوە. ژیانی مرۆڤ تەژییە لەمە. بەڵام سەرەرای ئەمە، ئەو پێی وایە دۆزینەوەی پەیوەندی راستەوخۆ لە نێوان ئەمانەدا یەکجار دژوارە. پاش ساڵانی ساڵ خوێندنەوە و بیرکردنەوە سەرئەنجام گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەم دووانە هەمیشە پێکەوە رێدەکەن، جاری وایە یەکیان پێش دەکەوێ و جاری وایە ئەوی تریان، هەڵبەت ئەگەر پێش و پاشێک لە راستیدا بوونی هەبێ. ئەو پێی وابوو گەر لە پانتاییەکی بەرفراوانتردا بڕوانینە ژیان، ئەوا دەبینین کە دووپاتکراوەکان زاڵن. لە وەها رەوتێکیش دا کەس ناتوانێ بە دڵنیاییەوە بڵێ کام لە پێشە و کام لە دووایە. پیاوە چاویلکە لە چاوەکە، وتەزاکانی پاش و پێشی بۆ**

کورتی ژیانی مرۆڤ دەگێڕایەوە. بێگومان گەر بەشەر بە قەدەر خودی "بوون" بژیایە، زۆر دەستەواژە گۆڕانی بەسەردا دەهات.
بێزار لە کارەسات بیر لە "بە قەدەر خودی بوون" دەکاتەوە. چ مانایەکی بەرفراوان و چە پانتاییەکی خۆ بەدەستەوەنەدەر! ڕێک وەک مانای خودا. بیردەکاتەوە، لە کۆڵانێکدا لە چەشنی کۆڵانی ئەوان، کاتێک با دێت و خۆڵەکەی هەڵدەگرێ و، ئەم سەر تا ئەوسەر خانووەکان ون دەکا، دەکرێ مرۆڤێکی لەم چەشنەیش بژی. ئەو جاری وایە خانووەکان و مرۆڤەکانی وەک با و وەک خۆڵ دێتە بەرچاو.

**چاوەکانی** مرۆڤی پشت پەنجەرەکە ماوەیەکە سەرنجی ڕادەکێشن. نا، تەنیا چاوەکانی نیە، بەڵکوو سێبەرەکەی و شێوەی دانیشتنی و هەروەها بێدەنگییەکەی. جاری وایە چاوەکان دەبن بە سێبەر و سێبەر بە دانیشتن و دانیشتنیش بە بێدەنگی. هەروەها بە پێچەوانەوە. ئەم کۆڵانە بچووکە ڕاستەڕێیە، چەندە شتی سەیری لێدەکەوێتەوە!

وەک دەڵێن چاوەکان یەکجار خەون دەبینن. دەڵێن پشت سەری، رەفەی کتێبەکانە و لە پێشیەوە تەنیا ئەو پەنجەرەیە. دەخوێنێتەوە و لادەکاتەوە و سەیری دوورەکان دەکا و خەیاڵ دەیبا. بێزار لە کارەسات نازانێ بەزەیی بە سەردا بێت یان نا. داخۆ رەوایە مرۆڤ بەزەیی بە یەکێک لەو تاقە مرۆڤانەدا بێتەوە کە لەم کۆڵانەدا کتێب دەخوێنێتەوە؟ رەنگە تاقە مرۆڤی کتێب خوێنی گەڕەکیش بێت. مەودای نێوان رەفەکان و پەنجەرەکە یەکجار کەمە و کەچی مەودای نێوان چاوەکان و دوور دوورەکان یەکجار دوور. چاوەکان، جاری وایە لە تاریکی نیوەشەو لە سەر یەک دەستی بە پەنجەرەکەدا شۆڕدەبێتەوەو بە دەستەکەی تری ئاماژە بە دوورەکان دەکا،... ئاماژەیەک لە رەگەزی پاڕانەوە،... وێنەیەک وەک پەیکەرەکانی یۆنانی کۆن لە بەستێنی تاریکیی شەودا. پەیکەرێک ئاوێتە بە "گوڵەکانی رەنج" ی چارلز بودلێر. "هەتاوێکی بێ تین، نیوەی ساڵی نوێیەو، نیوەکەی تری ساڵ هەتاوێکی مردوو". وەک بڵێی قۆڵێکی هەمان هەتاوی بێ تین و قۆڵەکەی تری ئاماژەیەکە بۆ نیوە مردووەکەی تر. لەم وێنە سەیرەدا چەندە ناهومێدی دەبینرێ، ئەوەندەیش پاڕانەوە دەبیندرێ بۆ هاتنەوەی،... بۆ گەڕانەوەی نیوەکەی تر. چاوەکانی پشت پەنجەرەکە کەواتە هەم خەمگینترین و هەم شادترین مرۆڤی ئەم کۆڵانەیە، رەنگە هی هەموو جیهانیش، ئەگەرچی "لە ژیاندا هیچ شتێک دەست ناکەوێ".

چاوەکان هەوڵ دەدەن ماناکان لە کتێبەکانەوە بۆ ئەو دیوی پەنجەرەکە راگوێزن،... بە خۆشۆڕکردنەوەی نیوەشەوان، بە روانینی دوورەکان و بە بێدەنگی! وەک دەڵێن شتی ناو کتێبەکان وەک چۆن بە بێدەنگی دەخوێندرێنەوە، دەبێ هەر بە هەمان شێوەیش بە بێدەنگی باسیان

بکرێ. ئەمە لۆژیکی کتێبە. بێزار لە کارەسات پێی وایە کە زۆر بخوێنیتەوەو خەیاڵ زۆر هەڵیگرتی، ئیتر دەبی بە سێبەر. سێبەرێک کاتێک خەڵکی لە بەر پەنجەرەکەتەوە دەگوزەرێن، بە هەست پێکردنی، تەزوویەکی سارد بە لەشیاندا دەگەڕێ و حەز دەکەن هەرچی خێراتر لێتەوە تێپەڕن. هیچ شتێک بە قەدەر ژوورێکی بچووکی گرێدراو بە دونیا بێ سنوورەکان، ترسناک نیە. تەنانەت منداڵەکانی گەڕەکیش لە بەر دەمی ئەو پەنجەرەیەدا کایە ناکەن. پێیان گوتراوە خۆیان دوور راگرن، ئەگینا فێری گەمەی ناو دونیا نەناسراو و غەریبەکان دەبن و دوواتر ئیتر قەت رێگای ماڵەوە پەیدا ناکەنەوە. پێیان گوتراوە، وشە هەرزانتر و ئاسانترین باڵی فڕینە. بە مەرجێک بیر لە گەڕانەوە نەکەیت. بەڵام منداڵەکان بیر لەوە دەکەنەوە ئەی باشە چاوەکان بۆچی لەوێ لە ژوورەکدا هێشتا ماونەتەوە؟ چۆنە نەفڕیون؟ رازەکە لەوەدایە کە بوونەتە سێبەر. خودی جەستە لەوێ نەماوە،... لەمێژە. جەستە، یان کتێبەکان بردوویانە یان دووردوورەکان.

ساڵی لافاوەکە، ئاو، دەستی بە کتێبەکان راگەیشت و، یەک ساڵ دووای شۆڕشیش، رۆژێک بایەکی ترسناک و رەش هەڵیکرد و نەک لە درگاکەوە کە کراوە بوو، بەڵکوو هەر لە خودی پەنجەرەکەوە خۆی بە ژوورەکەدا کرد و هەرچی کتێب و کاغەز بوو لە گەڵی خۆی بردی. دەشڵێن سێبەرەکیشی برد. بۆ کوێ؟ کەس هێشتا نازانێ، دەڵێن ئیستا سێبەرەکە بە بێ رەفەی کتێبەکان لە پشت سەرییەوە، خەیاڵ دەیباتەوە. دەگێڕنەوە هەرچی دەکەن لە مێشکی سێبەرئاسای ناچێتە دەر. وەک بڵێی عادەتی کردبێ. دەڵێن کە بە قامچی لێی دەدەن، زریکەی وەها دەچێ بە ئاسماندا هەر سەیر، وەعد و بەڵێنی دونیا دەدا کە چیتر

**خەیاڵ نەیباتەوە، بەڵام،... بەڵام بێفایدەیە! هەر ئەوەندەیە وازی لێ بێنن. هەر کە دەچێتەوە ژوورەکەی خۆی، ئەو ژوورەی ئیستا لە سێبەر دەچێ، هەرلەخۆوە دیسان خەیاڵ هەڵیدەگرێتەوە. ئەمجارە لە گەڵ ئەو فرمێسکانەی دیمەنەکان و وێنەکان لێڵ و خەماوی دەکەن،... یەکجار خەماوی.**

**خەماویترین مرۆڤی دنیا لای بێزار لە کارەسات، ئەو کەسە بوو کە بە مەیل و خواستی خۆی چەکی هەڵگرتبوو و دەستی دابووە خەبات، بەڵام لە دوای ساڵانی ساڵ بە مەیلی خۆی چەکی دانابووەوە و رێک گەڕابووەوە بۆ ماڵەوە، بۆ ئەو دۆخەی جاران تێیدا بووە. لە چەشنی ئەو مرۆڤانە، لە دووای ساڵی شۆڕش یەکجار زۆر بوون، ئەگەرچی قەت کەس بە رەسمی و بە ئاشکرا نەیزانی سەر لە چەند هەزار کەس دەدەن. تاوانی شۆڕش بوو، دوژمن، دۆخ، یان خۆیان؟ وەڵامێکی دژوار.**

**بێزار لە کارەسات ئەو مرۆڤانەی دەناسییەوە. ئەوانەی وا چ لە کاتی رۆیشتندا و چ لە کاتی گەڕانەوەدا وەک یەک "مەیلی سەربەخۆی" کانت دەیگرتنەوە. ئەو، ئەوانی لە گەڵ ئەم چەمکە لێک دەدایەوە. ئەوەی کە**

ئازادبوون هەڵبژێرن و، هەڵیشیانبژاردبوو. باشترین نیشانەی ئازادبوون و ئەوەی کە خاوەنی مەیلی سەربەخۆیت، ئەوەیە کە بە پێچەوانەی دۆخی باو بڕۆیت. جا چ ئەو دۆخە لە شار یان گوندەکەی خۆت بێت، یان لەو شوێنەی کە بۆی چوویت. کە لێی هەڵگەڕایتەوە، نیشانی دەدەیت ئازادی و خەریکی جۆرێکی تر هەڵوێست دەنوێنی. ڕێک ئەم هەست و بۆچوونەیە ئەو توانایە دەدا بە مرۆڤ کە سەرەڕای دژواریی هەڵبژاردن، جا لە هەر دۆخێکدا، هەڵبژێری.

بەڵام بە رای بێزار لە کارەسات، گرفتەکە لەوەدایە ئەوانەی هەڵدەبژێرن، خەماوین،... یەکجار. ئەم خەمگین بوونەیش لە گەڵ هەڵکشانی تەمەن تا دێت زیاتر دەبێت. جگە لەمە لە دوو ڕێگا زیاتر بۆ هەڵبژاردن نەبوو: یان ئەوێ، یان ئێرە. بێ هۆ نیە ئەوانەی دەگەڕانەوە، خەمینتر بوون لەو کاتەی دەرۆیشتن.

بێزار لە کارەسات پێی وابوو ئەو جۆرە مرۆڤانە، واتە گەڕاوەکان، زۆرتر سێ جۆر و تیپن: یەکەم، گۆشەگیرەکان، دووهەم، دەم هەراش و شەقاوە و ڕووداوەکان، سێهەم، ئەوانەی وا بە توندی بە ژیانی شەخسی و تاکەکەسییەوە دەچەسپین. ئەوانەی سێهەم زۆرترین گروپ بوون، ئەوانەی یەکەم لە مەقامی دووهەمدا و ئەوانەی دووهەمیش کەمترین. بەڵام مەگەر ئەم جۆرە کەسانەیش لە ناو خەڵکی ئاساییدا دەست نەدەکەوتن؟ با، بێگومان، دەست دەکەوتن. ئەم خەسڵەتانە خەسڵەتی گشتین. بەڵام ئەم سێ گروپەی باسیان لێکرا، شتێکیان لە گەڵدا بوو کە ئەوانی تەواو جیاواز دەکرد. ئەو شتەیش چاوەکانیان بوو! ڕووانینی ئەوان جۆرێکی تر بوو. وەک بڵێی هێشتا هەڵبژاردنی یەکەمیان لە بیرنەچووبووەوە. وەک بڵێی هێشتا پێیان وابوو هەندێ هەڵبژاردن،

دوواهەڵبژاردنە لە تەمەندا. وەها کە ئیتر نابێ هیچی تری بە شوێندا بێت،... بەڵام هاتبوو. لای بێزار لە کارەسات وا دەردەکەوت کە ئەوان شاگردێکی بە وەفای کانت نەبوون. لە بیریان کردبوو "ناسین" رەگێکی گرنگی لە مرۆڤدا هەیە و هەر بۆیە بیروباوەڕەکان دەکرێ گۆڕانیان بە سەردا بێت. وەک بڵێی کاتێک ئەوەیان هەڵبژاردبوو زێدی خۆیان بەجێ بێڵن، لە راستیدا هەڵیاننەبژاردبوو، بەڵکوو پێیان هەڵبژاردبوون. یاخود لە تورەیی و هەڵچوونێکەوە ببوو. چاوەکانی ئەو مرۆڤانە هێشتا سەرگەردان بوو، سەرگەردانی نێوان چۆنیەتی دوو هەڵبژاردن. ئەو قارەمانانەی وەک جاران بە هەمان کۆڵان و جادەدا گوزەریان دەکرد و، دەبا هەر وەک خەڵکی ئاسایی پاشماوەی ژیانیان ژیابان.

دزێوترین دیمەنی دونیا ئەو کاتە بوو شۆڕشگێڕێکی قەدیمیی هەنووکە شەقاوە، بە هەمان نییەتەوە لە قەهر و زەبری شۆڕشگێڕانە لە کاتی سووکایەتی کردن، یان لێدانی کەسێک کەڵکی وەردەگرت کە کاتی خۆی لە زەمانی شۆڕشگێڕیەکەیدا بەرامبەر بە دوژمنانی کەڵکی لێوەرگرتبوو. ئەو ئارەقخۆرانەی دەیانخواردەوە، دەیانقیڕاند، دەگریان، سوێندیان بە خوێنی شەهیدان دەخوارد و دوواتر شەو دەچوونە گیانی قەحبەکان،... ئەگەرچی ژمارەی سۆزانییەکانی شار لە ژمارەی پەنجەکان تێنەدەپەڕین،... ئەگەرچیش هەندێکیان ژنی کۆنە هاوڕێی شەهید بوون.

بێزار لە کارەسات زۆر جار تاوانەکان بۆ فیلمە سینەماییەکانی پێش ساڵی شۆڕش دەگێڕێتەوە. لەو فیلمانەی وا قەت قارەمانی سەرەکی نە تەنیا نەدەکوژرا، بەڵکوو بە دەیان و سەدانی دەکوشت، بە ناو ئاو و ئاوردا تێدەپەڕی، جوانترین ژنی دونیای لە پاش چیرۆکێکی ئەفسانەیی

پڕ لە سۆزی خۆشەویستی پێ دەگەیشت و لە کۆتاییدا بە دونیایەک شادی و خۆشی و، جەستە و دەروونێکی تەژی لە غرور دەگەڕایەوە و دەچووەوە ماڵەکەی خۆی. دەورووبەریش، ئەو خەڵکەی حەزیان دەکرد وەک ئەو بووان و وەک ئەو ژیانیان بەسەربردایە. ئەو منداڵانەی شەوانە خەویان دەبینی شۆڕشێکی تر هەڵگیرسێ (ئەگەرچی سەردەمی شۆڕش تەواو ببوو)، بۆ ئەوەی ئەوانیش هەمان دەرفەتیان بۆ بڕەخسێتەوە. زۆرۆ، هێرکول و تارزان. ژیان دەکرا چەند لە فیلمی سینەمایی بچێ. مەگەر فیلمی سینەمایی لە رووی ژیانەوە دروست نەدەکرا؟

ئێستا دەزانێ. تاوان، تاوانی مردنە،... تاوانی گۆڕەکان،... تاوانی جەستە لەت و پەتە بێ ژیانەکان. تەرمەکان زۆر کەسیان پەشیمان دەکردەوە. نەک حەتمەن بە هۆی ترسەوە، نا، بە هۆی بێهودەییەوە. هیچ شتێک بە قەدەر تەرمەکان بێهودەیی نابەخش. جوانترین خەونەکان بە توش راچڵەکاندن دەبوون. وەک بڵێی کتوپڕ خۆت لە ناو بیرێکی تاریکی قوڵدا ببینیتەوە،... بە بێ هیچ کەس،... تەنیای تەنیا.

چاوی ئەوان جۆرێک بوون لەمە.

ئێستایش ئەو جۆرە ساڵانە تەواو نەبوون. هاتوون و هاتوون. لای بێزار لە کارەسات تێکەڵێکن لە ساڵی لافاوەکە و ساڵێ شۆڕش و ساڵی شەڕەکە. ئەو ساڵانەی وا نە پشیلەکە و نە زەڕنەقوتەکە نەیانبینین.

بە پلیکانەکاندا سەردەکەوێ و هەوڵ دەدا پەیوەندێک لە نێوان کۆن و نوێ دا بدۆزێتەوە. رەنگە پشیلەکە لە کاتی لە سێداردانیدا پێش بینی رووداوەکانی ساڵانی دوواتری کردبێ. رەنگە لە داخی ئەو ساڵانە میزی بە مرۆڤەکانی دەورووبەریدا کردبێ. گەر ژان و ئازار دەرفەتی دابا و

پەتەکەی دەوری گەردنی ئەوەندە تەنگ و تەنگتر نەدەبووەوە، رەنگە دەیتوانی باسی دیمەنەکەی بەردەمی بکا، ئەو دیمەنەی بە هۆی بەرزیی شوێنەکەیەوە تەنیا ئەو دەیبینی و بەس،... ئەو،... تەنیا!

**تەنیا** درەختی بەر باڵکۆنەکەیە. بێزار لە کارەسات جاری وایە چ بە رۆژ و چ بە شەو، دێت لەوێ دادەنیشێ و لێی رادەمێنێ، بە تایبەت لە گەڵا بەرزەکان. ئەو گەڵایانەی بە دەم باوە دەلەرێنەوە و نەرم نەرم سەما دەکەن. ئەو جاری وایە ئەوەندەیان لێ رادەمێنێ کە تەنیا گەڵاکان دەمێننەوە و بەس. هەموو شتێکی تر ون دەبێ. تەنیا، سەماکەرانی "بوون" لە بەستێنێکی رەها و موتڵەق دا. شەوانە، ئاسمانی بە ئاستەم روونی پشتەوەیان دەرفەتی دیتنیان دەڕەخسێنێ. گەڵاکان، ئەگەرچی زۆرن و دەجوڵێن، بەڵام هەستی تەنیایی و مانەوە دەبەخشن. وەک پۆلێکی مەلی کۆچەری نانوێنن. رەنگە رۆژێک مەلەکان رێک لەوێوە لە سەر سەری ئەوانەوە تێپەڕن. بەڵام نا، ئەگەرچی ئەوان تێناپەڕن، کەچی زیاتر لە مەلەکان باسی دوورەکان و وڵاتە نامۆ و شوێنە

**غەریبەکان دەکەن. ئەو باسانەی کە پاییزان زەرد هەڵدەگەڕێن و دەوەرن و،... دەبن بە خۆڵ. ڕەنگە باسەکانی ئەوان لە سەر پەڕەی با دەنووسرێنەوە و ئەوە مەلەکانن دەیانخوێننەوە. نا، هیچ قسەیەک نابێ بە خۆڵ.**

**زەڕنەقوتەکە زەمانێک لە سەر ئەم چنارە جریواندوویەتی و ئاشق بووە و تێیدا حەساوەتەوە. لە نیوەڕۆیانی گەرمی هاوین دا لە ژێر سێبەری گەڵاکانیدا خەونووچکە بردوویەتییەوە و لەززەتی ژیان بە ناو جەستە و بە ناو دەمارەکانیدا گەڕاوە.**

**تا ڕۆژێک باوکی تەور و مشارێکی گەورەی هەڵگرت و کەوتە گیانییەوە. وتی ناو قەدی کلۆری تێکەوتووە. وتی گەر زۆر ریشە بهاوێ، دیوارەکان دەتەقێنێ و زەرەریان لێدەدا. وتی دەتوانن بانەکەی پێ نوێ بکەنەوە. وتی لە جیاتی ئەمە نەمامێکی تر دەچێنێ و دووای چەند ساڵی تر دەبنەوە بە خاوەنی هەر هەمان چنار! وتی باو و باپیرانیش هەر ئەمەیان کردووە. وتی چنار وەک مرۆڤ نین، هەر هەموویان لە یەک دەچن و بۆیە قەت پیاو سەرەڕای بڕینەوەیان و چاندنی یەکی نوێ، قەت هەست بە مردنی ئەوەی پێشووتر ناکا. سەرئەنجام وتی مەگەر قەرار نیە هەموو شتەکان ڕۆژێک لە ڕۆژان بمرن، ئیتر ئەم هەموو خەفەت و دڵگرانییە بۆچی؟**

**بێزار لە کارەسات پێی وابوو وەڵامدانەوەی ئەم بەڵگەهێنانەوەیە یەکجار دژوار بوو. چونکە بەردەوامی ژیان لە شوێنێک، وێرانیی ژیانی لە شوێنێکی تردا دەوێ. لای ئەو، مرۆڤە ئازاکان لەم چەشنەن. قارەمانەکانی ناو مێژوو ئەو کەسانەن وا لەم لۆژیکە زووتر و زیاتر**

لەوانەی دەورووبەریان گەیشتوون و، بە کردەیش هەنگاویان بۆ هەڵێنهاوە.

بەڵام ئەی ئەو هەموو دانیشتنانەی جارانی سەر باڵکۆن و تێڕوانینەکان چی؟... هەموو خەیاڵ و رۆچوونەکان؟ درەختەکە تەنیا درەخت نەبوو، شتێکی تریش بوو. ئەی ئیستاکە کێ کتێبە خەیاڵییەکان بۆ باڵندە کۆچەرییەکان دەنووسێ؟

لق و پۆپ و قەد لە حەوشەکەدا راکشان. گەڵاکان خرانە ناو کیسە نایلۆنییەکانەوە و بە ریز بە قەراخ دیوارەکەدا هەڵپەسێردران. ئیستا ئیتر دیتنەوەی ئەو پۆلە گەڵایە نامومکین بوو. کاتێک خاکی رەش و تەڕ و لینج هەڵدرایەوە، کرمە ورد و درشتەکانی لێکئاڵاوی ریشە چڵکنەکان دەرکەوتن. کرمەکانی ئاوێتەی رەگ و ریشەکان. بێزار لە کارەسات بە دیتنیان تەزوو بە لەشیدا گەڕا. کرمەکانیش لە هەمان درەخت دەیانخوارد وا گەڵاکانیان لەو سەر سەرەوە خەریکی چیرۆک گێڕانەوە بوون. رەگ و ریشەکان چەند چڵکن و پیسن! بۆ ساتێک پێکەنینی بە ساویلکەیی خۆی هات. بە ساویلکەیی بڕواهێنان بە چیرۆکەکانی بەرزاییەکان. گوناهی خۆیەتی یان باڵکۆنەکە؟... یان رەنگە گوناهی تەنیاییەکانی بێت.

کە درەختەکە لە ناو بانەکەدا راکشا، ئەو هیچ هەستێکی نەبوو. تەنیا جێگۆڕکەیەک بوو و بەس! کە باوکی نەمامێکی تری لە هەمان شوێندا چاندەوە، نە بە لایەوە راوەستا و نە لە باڵکۆنەکەوە سەیری کرد. ساڵانی دوواتر، کاتێک نەمامەکە باڵای کرد و وەک ئەوەی پێشووی خۆی، دەستە دەستە لەو سەرەوە گەڵای دەرکرد، ئیتر کەس نەبوو لە سەر باڵکۆنەکە وەخت و ناوەخت دابنیشێ و، بیر لە چیرۆکی ئەوان بۆ

باڵندە سەفەرییەکان بکاتەوە. ئەو باڵندە سەفەرییانەی ڕەنگە بۆ جارێکیش چاوییان بە باڵکۆنی ئەو خانووە نەکەوتبێ وا ڕۆژێک لە ڕۆژەکان ئەویش دەبا ون بێ.

**ون دەبێ**،...،هەموو شتێک،... ڕۆژێک لە ڕۆژان،... ساتێک لە ساتەکانی ژیان. ئەمە، ڕەنگە تاقە حەقیقەتی ژیان بێ کە هەموو کەس و هەموو شتێک لە سەری کۆک بن. حەقیقەتێک کە سەرەڕای زانینی، بەڵام وەرگرتن و قەبوڵکردنی بە کردە یەکجار دژوارە. ڕەنگە سەرچاوەی هومێدیش هەر ئەمە بێت،... ئەم قەبوڵنەکردنە. ئەو سەربازانەی بۆ دژوارترین و پڕمەترسیدارترین شەڕەکانیش دەچن، هەر بە قەد ئەو منداڵە پڕ هومێدن کە پێی وایە گەر ئەمڕۆیش قولیچەکەی بۆ نەکڕن، ئەوا سبەی حەتمەن بۆی دەکڕن! کاتێک باسی هومێدە، ئیدی گرنگ نیە باس باسی شەڕە یان قولیچە. بێزار لە کارەسات لەمێژە بەم ڕستانە گەیشتووە.

لەو سەری کۆڵان، لەو خانووە گەورەی تەنیا یەک پەنجەرەی تێدایە، پەنجەرەیەکی دارینی کۆن کە گەر توێ توێ هەڵیبدەیتەوە ڕەنگەکانی دەیان و ڕەنگە سەدان ساڵ لەوە پێش دەبینیتەوە، مرۆڤێک دەژی کە بەیانیان زوو پێش ئەوەی کەسێک لە کۆڵان دەرکەوێ، دەچێتە دەرەوە و ئێوارەیانیش لە دووای هەموو کەس دەگەڕێتەوە بۆ ماڵ. ئەو نە لە گەڵ کەس قسەدەکا و نە لە کاتی ڕۆیشتندا رادەوستێ و نە بۆ جارێکیش بێت سەرهەڵدەبڕێ و لە ئاسمان دەڕوانێ. ئەو تەنیا لە بەردەم و لە

رووبەڕووی خۆی دەڕوانێ. وەک بۆ خۆی لە یادداشتەکانیدا نووسیبووی "لەهەر کردەیەک دا دەبێ خەیاڵیشت هەر لە سەر هەمان بێت،... نە زیاتر و نە کەمتر!" ئەو مرۆڤە پێی وایە تاقە مرۆڤی سەر رووی زەمینە کە هێشتا باوەڕی بە هومێد ماوە.

خەڵکی گەڕەک لە خانوویەک بە یەک چاوەوە بێزاربوون، باشتر وایە بڵێین لێی دەترسان. دەبێ ناوەوەی چەندە تاریک بێ! بە شەودا لە پشت پەنجەرەکە خەڵکی ئاگایان لەو چرا کزە بوو کە دادەگیرسا و تا درەنگان دەئایسا. ئەوسا ئەو سێبەرەی جاری وابوو دەبوو بە دێو و جاری وابوو هێندە بچووک دەبووەوە دەڵێی بچووکترین سێبەری دونیا بوو. سەمای بەر تیشک. هەموو شەوێک رێک سەعاتی دوانزە گڵۆپ دەکوژایەوە (ساڵی شەڕەکە کاتێک کارەبا نەما لە جیاتی گڵۆپ شەمێک دەئایسا کە گڕەکەی پڕسەماترین تیشکی دونیای هەبوو)، کەمێک پاش کوژانەوەی گڵۆپ هەیکەلی سێبەرینی باوەڕمەند بە هومێد کە تۆختر بوو لە تاریکایی ژوورەکەی، بۆ ماوەیەک دەنیشتە سەر تاقە پەنجەرەکە، وەک بڵێی نەرم نەرم لە شووشەکانەوە دەهاتە دەر و دەکەوتە فڕین. لە دووای کاتژمێر دوانزە، گەڕەکی ماڵی بێزار لە کارەسات دەبوو بە خاوەنی قورسترین شەو و تاریکیی دونیا، وەها کە هەموو خەڵک تا بەیانی وەک بەرد قورس قورس لە ناو پێخەفدا دەکەوتن و دەخەوتن. لەو شەوانەدا تەنیا ئەو سێبەرە هومێداوییە بوو بە ئاگابوو و بە جەستەی سووکی، قورس قورس بە ئاسمانی کۆڵاندا دەگەڕا.

خەڵکی گەڕەک کە ساڵانی ساڵ بوو، نەوە لە دووای نەوە، لە هەبوونی زگوردییەکی تەمەن نەناسراو وەڕەز ببوون، پاش ئەوەی زانیان بێ کەس و کار و بێ هاوڕێ و رفیقە، جورئەتی ئەوەیان دایە خۆ،

بیتارێنن. بە شەو بەردیان بە دەرگاکەیدا دەدا و هەڵدەهاتن، منداڵ بە رۆژ لە دوورەوە بەردیان بۆ دەهاویشت، چەند جارێک سەری شکا و دەم و چاوی خوێنن هەڵگەڕا، تەنانەت جارێکیان شووشەی تاقە پەنجەرەکیان شکاند، بەڵام بێسوود بوو، شەیدای هومێد، نەک نەجوڵا، بەڵکوو رێک وەک جاران بەیانیان زوو دەردەپەڕییە دەرەوە و ئێوارەیانیش درەنگان دەهاتەوە، چەرخی ژیان لای ئەو بەردەوام بوو. وەک بۆخۆی لە یادداشتەکانیدا نووسیبووی "بەرد و خوێن و جوێن لە جنس و رەگەزی هومێد نین!"

هومێد، لە ساڵی لافاوەکە خانووەکەی تا ناو قەد خووسا، لە ساڵی شۆڕش بەردەوام رادەوستا و سەیری ئاسمانی دەکردو، لە ساڵی شەڕەکەیش گولە هاوەنێک لە پەنجەرەکەیەوە خۆی بە ژوورەکەیدا کرد. بە دەم تەقینەوەی خومپارەکەدا لەت و پەتی ئەو وێنەیە کەوتە ناو کۆڵان کە گەر سەر یەکت خستبایەوە، دەبوون بە پشیلەکەی رۆژی لە سێدارەدانەکە.

بێزار لە کارەسات ئیستا دێتەوە بیری، هومێد کە هەنگاوی هەڵدەهێنا و بە ناو کۆڵاندا دەڕۆیشت و لەو سەری ون دەبوو، بە شوێن خۆیدا بۆنی پشیلەی بە جێدەهێشت.

**بە جێی ناهێڵێ**. زوو زوو بە بیانوویەکەوە خۆی پیا دەکاتەوە. دەست بە خۆیەوە دەگرێ و لە کاتێکدا مەزلوومانە و بە نیگای پڕ لە

پاڕانەوەوە چاو لەوانی تر دەبڕێ، بە راکردن خۆی بە ئاودەستەکەدا دەکاتەوە. پیاوەکان توڕەدەبن و دایکیشی بیردەکاتەوە داخۆ دەبێ منداڵەکەی بە توش چ نەخۆشییەوە بووبێت. بەڵام نەخۆش نیە، تەنیا ئەوە نەبێت ماوەیەکە قلشێکی پشت شێری ئاوی مستراحەکە سەرنجی راکێشاوە. درزێکی قوڵ کە تیکەیەکی لە گەچەکە لە شکڵی دڵێکی غەریب بڕداوە. دڵنیایە گەر ئەو تیکە گەچە بڕدراوە هەڵکەنێ و دەریبهێنێ، دڵەکە دەربێنێ، ئەوا لە پشتییەوە شتێک دەبینێتەوە، شتێک لە رەگەزی گەنج،... یاخود هەر خودی گەنج،... پڕ لە زێڕ و ئاڵتون و ملوانکە و بازنە و ئەنگوستیلەی دەگمەن و گران. وەها کە دەتوانێ ببێ بە دەوڵەمەندترین مرۆڤی نەک کۆڵان و شارەکەیان، بەڵکوو هی هەموو دونیا،... ناوێرێ گەچەکە دەربێنێ،... بە پەنجە دەیجوڵێنێ،... کەمێک ئەمبەراوبەری پێدەکا، بە ئاستەم، بەڵام ناوێرێ. هاتوو هیچی تیا نەبوو،... ئەگەرچی دڵنیایە تیایەتی!

شەوانە لە ناو جێگادا بیردەکاتەوە کە داخۆ کێ لەوێ گەنجەکەی شاردووەتەوە. بێگومان هەرکەسێک بێت، لەمێژە مردووە. جاری وایە لە سەر سفرە چاو لە باوەگەورەی دەبڕێ، بیستوویەتی ئەو ئەم خانووەی سازکردووە، کەواتە شتەکە، یان هی باوەگەورەیە، یان کەسێک بە دزیی ئەوەوە کاتی خۆی لەوێ شاردوویەتییەوە. نا، دڵنیایە باوەگەورە پێی نازانێ، ئاخر ئەوە باوکیەتی پارەی دەداتێ و ئاگای لێیە. ناکرێ کەسیش لە تەمەنی پیریدا بێ و خاوەن گەنج بێ و کەڵکی لێوەرنەگرێ.

ئەوەندە لە ئاودەستەکە دانیشتووە و بۆگەنی بە سەردا چووە، بۆنی ئاودەستی گرتووە. ماوەیەکە قاچەکانی دێشن، زیاتر لە جاران سەری لە گێژەوە دێت، بەڵام بەلایەوە گرینگ نیە. لە فیلمەکاندا بینیویەتی

خەڵک سەر لە پێناوی گەنجدا دادەنێن، جا ژانە قاچ و سەرئێشە و بۆگەناوی بوون چییە!

مانگەکان تێدەپەڕن. ئەوەندەی پەنجە لێداوە تیکە گەچەکە تەواو لەق بووە، بەڵام بە هیچ جۆرێک دەرنایەت. رەگی هەیە،... قوڵە،... یەکجار. گەر بتوانێ دەری بێنێ و دوواتر بیخاتەوە جێ هەر زۆر باش دەبێ، بەڵام بێسوودە. قڵشەکە ئەوەندە نیە کە پەنجەکانی تێوەی بچن.

رۆژێک باوەگەورەی لە سەر سفرە بە توڕەییەوە باس لەوە دەکا کە پێی وایە بەلۆعەی ئاودەستەکە ئاو دەدا و هەر بۆیە گەچەکەی تەنیشتیشی خراپ کردووە،... باس لەوەی کە دەبێ رۆژێک چاکی بکاتەوە. پێکەنینی بە باوەگەورە دێت. هەندێ جار گەورەکان گەمژەترین بوونەوەرەکانی سەر رووی زەمینن. ئەوان دەبێ بزانن ئەو شوێنەی وا بۆگەنترین و پیسترین شوێنی ژیانە، هەر ئەو شوێنە رازی بەختەوەریی تیا حەشار دراوە.

سەرئەنجام رۆژێک کاتێک بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە، لە پشت دەرگاکەی دەرەوە، دەرگای سەر کۆڵان، کیسەیەک گەچ دەبینێ. بە بینینی وەها دڵی تەنگ دەبێ و دەگوشرێ کە بە پەلە هەڵدێتە سەرەوە و دەچێتەوە بۆ ناو ئاودەستەکە. دەبێ هەر چی زووتر کارێک بکا! بێگومان باوەگەورەی دەیەوێ چاکی بکاتەوە. عەسرێکی گەرمی هاوینە. بە بێ ئەوەی پانتۆڵەکەی داکەنێ، دادەنیشێ و بە قڵشەکەوە خۆی خەریک دەکا. چەند مێشی رەشی بچوک و گەورە لە گەڵ سەوزە مێشێکی زل کە ویزەویزەکەی بێ تاقەتی دەکا بە دەوریدا دەسوڕێنەوە و، گێچەڵی پێدەکەن. تنۆک تنۆک ئارەق بە لا مل و ناوچاوانیدا دادەبارن. بەس ئەو گوێی لێ نیە. هەرچی دەکا گەچە لەرزۆکەکە نایەتە دەر. بە بێ ترس و

بە هێزێکی زۆرترەوە خەریکی دەبێ، بەڵام کارەکە لەوە قورسترە لەوە پێش بۆی چووبوو. تەنانەت دەیەوێ بیشکێنێ و لەت لەتی بکا، بەڵام بێ فایدەیە،... بووە بە ئاسن و پۆڵا! لە دەروونەوە بەرە بەرە قورس دەبێ، وەک بڵێی بەردێکی زەلامی قوت دابێ. نابێ دووا ساتەکانی نێوان خۆی و خۆشبەختی لە دەست بدا. کتوپڕ کەسێک لە دەرگا دەدا. ئەو کە سەرەتا دادەچڵەکێ و دەترسێ، وەک عادەتی هەمیشەیی بەڵام بە دەنگی بەرز دەڵێ "ئحـم!"، دڵتەنگ لەوەی ناکرێ زۆرتر دابنیشێ و دەبێ هەرچی خێراتر نۆرە بداتە ئەوەی وا چاوەڕوانە، ئاودەستەکە چۆڵ دەکا. لە پشت دەرگاکە، کتوپڕ باوەگەورە بە کیسە گەچەکە و کاسەیەکەوە دەبینێ لە تەنیشتیدا و ماڵەیەکیش بە دەستیەوە، هەر وەها ئەو نیگایانەی ئەمجارە پێکەنینێکی ملۆزمانەیان لە ناو خۆیاندا حەشارداوە.

جارەکانی تر کاتێک لە ئاودەست دادەنیشێ، لە کاتێکدا سەیری هەمان شوێن دەکا کە ئیستاکە جوان جوان بە گەچی تازە سواخدراوە و بۆ هەمیشە دڵەکەی ون کردووە، لە بەر خۆیەوە دەڵێ: "قەی ناکا، کە باوەگەورە و ئەوانی تر مردن و خانووەکە بە من گەیشت، هەڵیدەکۆڵمەوە و سەرئەنجام گەنجەکە دەردێنم،... ئەو گەنجەی وا باوەگەورە بە ئەنقەست شاردوویەتییەوەو ناهێڵی کەس سوودی لێوەربگرێ!"

**لێی وەردەگرێ**، ئەگەرچی زۆر باوەڕێکی قوڵی پێی نیە. ئەسڵەن ژوورەکەی پڕی ئەم جۆرە شتانەیە، ئەو شت و کەرەسانەی دەتوانن مرۆڤ بە رابردوو و داهاتووەوە گرێ بدەن. کاسێتی گۆرانی، وێنە و کتێبەکان. گۆرانییەکان هەمەچەشنن، وێنەکان هەمەجۆر و کتێبەکانیش ئەو چیرۆکانەی هەمیشە لەوێن.

لای هەندێ کەس زەمەن نامرێ. یان باشتر بڵێین، ناهێڵن بمرێ. گۆرانی و وێنە و چیرۆک، باشترین کەرەسەکانی ئەم هێشتنەوەیەن. ئەم سێ شتە هی رابردوون و بە گوێگرتن، دیتن یاخود خوێندنەوەیان دەتوانی سەرلەنوێ بچیتەوە ئەو سەردەمانە. زۆر ئاسان. گەر تەواو هەست و نەستت بخەیتە سەریان، ئیتر تەواو لەو زەمانانەدا ون دەبی. پەرجۆ! موعجیزەی دەنگ و رەنگ و وشە.

لە یەکێک لە خانووەکانی گەڕەکدا وەها ژوورێکیش دەست دەکەوێ. تەنیا ئەوەندە بەسە پەیژە دارینە کۆنینەکە هەڵبگری و جورئەتی دیتنی ئەو ژوورە بە خۆت بدەی. نەترسی لە دیتنی سێبەری کووڕی مرۆڤێکی نوقمی زەمەن. بێزار لە کارەسات پێی وایە ئەم جۆرە کەسانە ئەوەندەی شەیدای رابردوون، هەر بەو ئەندازەیەیش شەیدای داهاتوون. ئەوان تەنیا رقیان لە ئیستایە. رقیان لە ئیستایە چونکە "ئیستا" ئەوان لە رابردوو جیادەکاتەوە،... داهاتووشیان خۆش دەوێ چونکە دەرفەتی ئەوە هەیە جارێکی تر رابردووی تیا بژییێتەوە. نۆستالۆژیا، ئاشقترین بوونەوەری سەر رووی زەوییە. کەس بە قەدەر ئەو حەزی لە داهاتوو نیە.

ئەمانە، خەیاڵ و دەروون وەها داگیردەکەن کە جەستەیش (سەرەڕای پیربوونی)، دەتوانن ببەنەوە بۆ ئەو سەردەمانە، وە لەوێیشەوە بۆ

داهاتوو. نازانێ بۆچی زەمەن دەبێ هەمیشە بیری مەرگ و ژیانمان بخاتەوە. مەگەر ناکرێ بە شتی بنەڕەتی تریشەوە گرێمان بدا؟ بۆ وێنە...،... بۆ وێنە چی؟ هیچ شتێکی تری بە مێشکدا نایەت. بۆ وێنە مەرگی ئۆسکار وایڵد لە پاریس لە "ئێل هوتێل" لە ساڵی ١٩٠٠ زایین؟ نووسەرێک کە لەوپەڕی هەژاری و نەداریدا مرد، کەچی ئیستاکە ژووری ٤١٢ لەو هوتێلە کە لە جەرگەی پاریسدایە، بووە بە حیکمەتێک بۆ پارەدەرهێنان و سەرنجڕاکێش بوونی هوتێلەکە. ئەو توریستانەی وا بۆ ماوەیەک دەتوانن لە مانەوەیاندا لەوێ، کاتێک لە پەنجەرەکانەوە سەیری دەرەوە و سەیری شەقامەکانی پاریس و بورجی "ئیفل" دەکەن، بۆ چەند ساتێکیش بێت هەست بە رۆحی ئۆسکار بکەن، بە چاوە سەرگەردانەکان و بیرە پەرتەوازەکانی. ئەو رۆحەی وا ئیستایش دەتوانێ بەردەوام بژی.

بێزار لە کارەسات پێکەنینی دێ. باسی چیرۆکی ئۆسکار وایڵد و هوتێلەکە، دیسان باسی زەمەنە و ژیان و مەرگ. ئەگەرچی ئەو ژوورەی وا سێبەرە کووڕەکەی تێدایە، رەنگە قەت نەبێ بە ژووری ٤١٢، بەڵام بێزار لە کارەسات پەیوەندێکی قوڵ لە نێوانیاندا دەبینێ. کتوپڕ هەستێکی غرور و لە خۆبایی بوون دایدەگرێ. کەواتە کۆڵانەکەی ئەوانیش دەتوانێ شوێنی رووداوە گەورەکان بێت. تەنیا پێویستە کەسێک هەبێت کە لە دەنگەکان، رەنگەکان، یاخود وشەکان وردبێتەوە. حەح!... رێگا چەند ئاسانە!

ئارام دادەنیشێ و لە دەرەوە دەڕوانێ. راستە رێگا ئاسانە، بەڵام بڕینی چەند دژوارە. دژوارییەکەیشی لەوەدایە کە دەبێ وەک رابردوو و

داهاتوو، ئاشقی ئیستایش بیت. بەڵام چلۆن؟ چۆن دەکرێ مرۆڤ حەزی لە جەستەیەک بێت کە بەردەوام لە جەستەبوونی خۆی دەرباز دەبێت؟
حەزدەکا هەر چۆنێک بێت رۆژێک لە گەڵ سێبەرەکە قسە بکا. لە چایخانەیەکدا بە رێکەوت بە تووشییەوە دەبێ. سێبەرەکە سیگار دەکێشێ. وەک بڵێی دووکەڵی سیگارەکە رێک لە رەگەزی خودی جەستەیەتی. دەچێ لە تەنیشتییەوە دادەنیشێ. چەند نیگایەکی ئاراستە دەکا، بەڵام بێسوودە. ئەو دەڵێی هێشتا لە ژوورەکەی خۆیەتی و کوورِ کوورِ خەریکی روونینی شتەکانە.
پەشیمان دەبێتەوە. دەبێ لێیگەڕێ. وەک چۆن خۆی لە خۆی گەڕاوە. پێویست ناکا حەتمەن لە هەر کۆڵان و بینایەکدا ژوورێکی وەک ٤١٢ هەبێ، گرینگ ئەوەیە هەندێ کەس هەبن کە دەتوانن مرۆڤ بیری ٤١٢ بخەنەوە. بە بێ سواربوونی فڕۆکە و بە بێ تێپەڕین بە تەنیشت خانمە شۆخ و شەنگە پاریسیەکاندا،... دەکرێ لە هەر بارودۆخێکدا هەست بە رۆحە گەورەکان لە تەنیشت خۆتدا بکەی.

**لە تەنیشت** کولانەکە و لە ناو حەوشەکەیاندا ژوورێکی بچووکی سازکردووە،... ژوورێکی نەوی، وەها بۆ ئەوەی بتوانی بچیتە ناویەوە، دەبێ داموکێیتەوە. ژوورەکە هیچی تیدا نیە، تەنها چواردیوارییەکی رووتە و بەس، بە بێ هیچ کەرەسە و شتی ناو ماڵ. ژوورەکە شتێکە لە نێوان کولانەی مریشک و خانووی مرۆڤ. بەڵام ئەوەندەی بۆنی مریشک دەدا، بۆنی بنیادەم نادا. سازی کردووە چونکە

**پێی وایە شەوانە هەمیشە کەسانێ هەن بێ ماڵ، یاخود بێ دەرەتان (هەڵاتوو لە دەست رووداوە ترسناکەکان)، کە دەتوانن خۆ بکەن بە ناویدا و بحەسێنەوە، یاکو لە مەترسییەکان قوتاریان بێ.**

**سازکردنی ئەم جۆرە ژوورانە یەکجار رەحەتە. نە کاتی وەهای دەوێ و نە پارە و نە کەرەسەی وەها. تەنیا هیممەتی دەوێ! ئەو پێی وایە گەر هەر کەس لە کۆڵانەکەی ئەواندا بتوانێ شتێکی لەم چەشنە سازبکا، ئەوا رووداوە ترسناکەکان یەکجار بۆ هەمیشە کۆتاییان پێدێت. لانیکەم لە کۆڵانەکەی ئەواندا.**

**بێزار لە کارەسات، یەکجار هەم هیممەتی ئەو پیاوە دەنرخێنێ و هەم پێی وایە یەکێک لە هۆکارەکانی مانەوەی ئەبەدیی کۆڵانەکەیان ئەمە دەبێ.**

**بەڵام هەندێ کەس ئەمەیان پێخۆش نیە و پێیان وایە ژوورەکە دەبێتە شوێنی خۆحەشاردانی مرۆڤە ترسناکەکان، نەک مرۆڤەکانی هەڵاتوو لە دەست رووداوە ترسناکەکان. بەڵام خاوەن ژوورەکە دەڵێ "هەمیشە ژمارەی مرۆڤە ترساوەکان زیاترە لە ئینسانە ترسناکەکان."، هەر بۆیە بڕیاریدا هەتا لە ژیاندا ماوە و تا بۆی بکرێ ژوورەکە راگرێت و نەهێڵێ کەس دەستی لێبدا. هەڵبەت ئەو قەت نەیزانی یاخود کەسی نەبینی کە شەوی لەو ژوورەدا بەسەر کردبێ، وەک خۆی دەیگوت گەر کەسیش بە کردە رووی تێنەکا، بەڵام هەبوونی ئەم ژوورە لە خۆوە ئومێدیان پێدەبەخشێ.**

**بێزار لە کارەسات بیر لەو ئومێدە دەکاتەوە، بۆنی مریشک و ریقنەی گرتووە. ئەو هەڵبەت نازانێ کە لە بنەڕەتدا ئومێد چ بۆنێک دەدا، رەنگە هیچ کەس نەزانێ، بەڵام گرینگ نیە. هەندێ دیاردە هەن بێ**

بۆنن. ڕەنگە هەر ئەم بێ بۆنییەیشە وا جورئەت دەدا کەسی وەک خاوەن ژوورەکە و ترساوەکانی شەو بیر لە ژوورێکی لەم چەشنە بکەنەوە. ئومێد، شوێن و کەسەکانن بۆنەکەی دەڕەخسێنن.

شەوێک لەو شەوانەی وا کەس نەیدەزانی کە بە ڕاستی کەسێک لەوێ خۆی شاردووەتەوە یان نا، بۆنێکی سەیر، بۆنی لە مێژینەی کولانەکەی داپۆشی. بۆنێکی پیسی وەک بۆنی قولایی ئاودەستەکان و قولایی شوێنی زبڵەکان، یاخود هەردووکیان پێکەوە. بۆنەکە بوو بە بۆگەن. هێشتا واوەتر. دراوسێکان پەنجەرەکانیان داخست، بەڵام چاری نەدەکرد. وەک بڵێی لە دیوارەکانەوە دەهاتە ژوورەوە. خودی خاوەن ژوورەکەیشی وەڕەز کرد. دووای ساڵانی ساڵ چوو سەردانێکی بکا بۆ ئەوەی بزانێ چ ڕوویداوە. هەتا نزیک دەکەوتەوە، بۆگەنەکە زیادی دەکرد. دەستی بە لووتییەوە گرت و دانەوی و چووە ژوورەوە. ژووەرەکە لە یەکەم نیگادا هەر وەک ئەو ساڵانە بوو وا دروستی کردبوو، بەڵام کە وردتر سەرنجی دا، بینی دیوارەکانی لە هەندێ شوێندا سوواون و لە هەندێ شوێنی تردا پڕی ئەو ڕستانەن وا هەندێ لە وشەکانیان بە زەحمەت دەخوێندرانەوە. بێگومان شوێنە سوواوەکان شوێنی پاڵدانەوەی لەمێژینە بوون و ڕستەکانیش دووا حەزەکان و دووابیرەکان. دەستی کرد بە خوێندنەوەیان:

"نەمدەزانی دراوسێیەتی مریشک دەتوانێ لە شەوە ترسناکەکاندا ئەوەندە هێمنایەتی ببەخشێ."

"سوپاس بۆ ئەم ژوورە بچوکە، وا لە دونیایەکی گەورەی شاردمەوە!"

"نازانم سبەی شەو دەتوانم بێمەوە ئێرە، بەڵام بە هەرحاڵ سوپاس بۆ ئەمشەو!"

"ئێرە زۆر لە چیرۆک دەچێ، خاوەنەکەی گەر بە خۆی بزانێ دەتوانێ ببێ بە نووسەرێکی گەورە، یەکێک لەوانەی وا چیرۆکە گەورەکانمان لە بیر دەبەنەوە!"
رستەکان بێ کۆتایی بوون. پێی سەیر بوو کە چلۆن لە وەها ژوورێکی بچووک دا دەکرا ئەو هەموو نووسینە جێیان بێتەوە. تەنیا دووای ماوەیەک بوو زانی دەستی چیتر بە لووتییەوە نەماوە. بە سەرسوڕمانەوە بینی لێرە هیچ بۆنێکی ناخۆش نایەتە لووت. بە پێچەوانەوە ژوورەکە لێوالێوی بۆنە جۆربەجۆرەکان بوو.
کێ چووزانێ! ڕەنگە گەر هەموو بۆنەکانی دونیا یەک بگرن و لە یەکتر بئاڵێن، لە دەرەوەی خۆیان بۆنێکی پیس بدەن،... یەکجار پیس! لە شەوانی خۆشاردنەوەدا مرۆڤ دەبێ شتێ هەبێ، بیکا. تەنانەت گەر خولاندنەوەی خولخولۆکەیەکیش بێت.

**خولخولۆکەیەکی** هەمیشە لە گیرفاندایە. هەر کە دادەنیشێ، یاخود لە شوێنێکدا کاتێک بە پێوە ڕادوەستێ و دەرفەتی هەبوونی مێزێک دەڕەخسێ، خولخولۆکەکە لە گیرفانی دەردەهێنێ و دەیسوڕێنێتەوە. هەتا دانیشتن و ڕاوەستان بەردەوام بێ، ئەویش دەخولێتەوە. ماندوو نابێ، دیسان و دیسانەوە خولی دەداتەوە. بە بێ پسانەوە. ئەوانەی بە دەورووبەریەوەن، یان بە شێتی دەزانن یان بە مرۆڤێکی یەکجار

بلیمەت، بلیمەتییەک کە هێشتاکە خۆی پیشان نەداوە، بەڵام قەرارە رۆژێک دەرکەوێ. رۆژێک لە رۆژەکانی ژیان.
بێزار لە کارەسات جارێک چاوی بە خولخولۆکەکە کەوتبوو. هەتا شوێنەکەی جێ هێشت، چاوی لەسەر بوو، بەو نیگایانەوە بەردەوام خۆیان رادەگواست بۆ سەر خاوەنەکەی. لەم دیمەنە سادەیەدا شتێک هەبوو سەرنجی رادەکێشا. زەوی و هەتاو و مانگ دەسوڕێنەوە، شەو و رۆژ و،... بێگومان مرۆڤیش. ئەو بێ ئەژمار جار دراوسێکانی لەم رۆیشتن و هاتنەوانەدا بینیبوو. تەنیا کاتەکان جاری وابوو فەرقیان دەکرد، ئەگینا "بوون" بازنەیەکی بێ دەستپێک و بێ کۆتایی بوو. چەند ترسناکە تەنیا ژیان ناتوانێ وا بێت. رەنگە کابرای خاوەن خولخولۆکە دەیویست شتێک بیری خودا بخاتەوە. دەیویست بڵێ پێویستە لە کاتی حەسانەوەکانماندا بیر لەمە بکەینەوە،... لە گەڕانەوەکان.
خولخولۆکەکە لە هەمان جۆر بوو کە لە زەمەنی زووەوە هەبوو: دارینە و کوپەئاسا، بەو کەمە تەنەکە رەنگ ئاڵتونییەی لە نووکی بنەکەی ئاڵابوو. نووکێکی رەق. کە دەسوڕایەوە، لە بنەوە تا سەرەوە پێکەوە خولیان دەخوارد، ئەگەرچی جەخزی سەرەوەی لە خوارەوەی بە مەودا فراوانتر بوو.
هەندێ لە دراوسێکان بەیانی زوو دەڕۆیشتن و ئێوارە دەگەڕانەوە، هەندێک بە ئێوارەیان دەڕۆیشتن و بۆ سبەی دەهاتنەوە، هەبوون کە دەڕۆیشتن (ئیستا بە رۆژ یان بە شەو)، بە مانگ و بە ساڵ نەدەهاتنەوە، بەڵام سەرئەنجام دەهاتنەوە. بێزار لە کارەسات ئەمانەی دووایی وەک جەخزی سەرەوەی خولخولۆکەکە دەهاتە بەرچاو. گەر هەموو "بوون" و خڵقەت خولخولۆکەیەکی گەڕۆکی دایرەیی بێت،

بێگومان رۆژێک لە رۆژان هەموو رۆیشتووەکان دەهێنێتەوە. تەنیا قسە لە سەر ئەوەیە داخۆ تۆ لە تەنیشت ئەو مێزەیدا دانیشتووی یان نا وا خولخولۆکەکە لە سەری دەسورێتەوە. لە بیرمان بێت جاری وایە چەند کەس پێکەوە رۆیشتوون.

دەنگی سوڕانەوە هەندێ جار ئەوانەی دەورووبەر جاڕز دەکا. وەک کاردانەوە، یان دەڕۆن، یان ئەگەر رادیۆیەک خەریکی چڕینی گۆرانییە، داوا لە خاوەنەکەی دەکەن دەنگی زیاد بکا. هەندێ کەسیش داوای لێدەکەن واز لە سوڕانی خولخولۆکەکەی بێنێ. داواکارییەک کە قەت مەبەستی خۆی ناپێکێ. ئەو پێی وایە ئەمە یەکێک لەو شتانەیە کە دەبێ هەموو کەس عادەتی پێبگرێ.

سەرئەنجام رۆژێک کەسێکی قژ بژی رەنگ خۆڵەمێشی وەها توڕەیی دایگرت کە خولخولۆکەکەی هەڵگرت و تا هێزی تیابوو فڕێی دەدا. خولخولۆکەکە لە دەرگاکەوە فڕی و لەو بەر شەقامەکە کەوتە سەر زەوی. خاوەنەکەی بێ ئەوەی توڕە بێت، سەری هەڵبڕی و بۆ چەند چرکەیەک لەو روخسارە توڕەیەی رووانی کە هێشتا نەیدەزانی چیکردووە. ئەوجا رابوو و چوو بۆ ئەو بەری شەقام بۆ هێنانەوەی خولخولۆکەکەی. نەیبینییەوە. جوان جوان گەڕا. وەک بڵێی فڕێدان قوتی دابێ. سەرئەنجام سواڵکەرێکی تەنیشت دووکانێکی کەبابخانە ئاماژەی بەو کونە دا وا بە تەنیشت جادەکەوە بوو. کونی بەرەو دەرەفت،... دەرەفتی شار. وەها ترس و دڵەڕاوکەیەک لە سیمای نیشت کە جەستەی زەرد زەرد هەڵگەڕا. ئارام گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی.

لەو رۆژەوە خولخولۆکەکە لە دەرەفتی ژێر شەقامەکانی شاردا ون بوو، هەڵدەکەوت هەندێ کەس کە دەڕۆیشتن، نەدەگەڕانەوە، جا چ هی

جەخزی سەرەوەی خولخولۆکەکە بووبن یان هی ژێرەوەی. لەو ڕۆژەوە، زەمەن خڕ و جەخزئاسا نەما، بەڵکوو بوو بە خەتێکی درێژ درێژ، وەها نە کەس سەرەتاکەی بینیبوو و نە کەس ئاخرەکەی. بێزار لە کارەسات نازانێ داخۆ گوناهی زەلامە قژ بژە خۆڵەمێشییەکەیە، یان دەڕەفتەکانی شار. گوناهی هەر کەسێک و هەر شتێک بێت، زۆر گرینگ نەبوو، چونکە کۆڵانەکە دەیتوانی بە هەموو شتێک رابێت.

**راهاتن**،... زۆر کەس بیردەکەنەوە شتێکە وەک عادەت پێکردن، بەڵام لە راستیدا راهاتن تەنیا عادەت کردن نیە. بێزار لە کارەسات زۆر جاران بیری لەم وشەیە کردووەتەوە. ئەو پێی وایە زۆر شتی تر لە پشت ئەم وشەیەدا راوەستاون. بۆ وێنە خودی ئەم وشەیە هیچ شتێک سەبارەت بە "چۆنیەتی راهاتن" نادا بە دەستەوە. ئەوەی کە داخۆ کەسەکە بە ویستی خۆت رادێی یان بە زەبر. هەڵبەت زۆر کەس پێیان وایە لە راهاتندا هەمیشە ئیجبارێک هەیە، ئیجبارێک کە کەم کەس بە ئاشکرا باسی دەکا. تەنانەت کاتێک باس لە راهاتنە، هەمیشە بە زەردەخەنەیەکەوە دەیدرکێنین. راهاتن لە گەڵ کۆمێدیا رێدەکا. هەموو ئیجبارەکانی مێژوو و ژیان تێکەڵن بە کۆمێدیا. لە خۆوە نیە ئەو هەموو قسە شۆخ و نەستەقانە لە دونیادا هەن. مرۆڤ سەرەتا هەوڵدەدا رانەیێت، بەڵام رادێت. ئەوەی کە کتوپڕ کەشفی دەکەی تۆ تەنیا یەک کەسی لە نێوان بە میلیارد مرۆڤدا، هێورت دەکاتەوە. دەبی بە دڵۆپێک.

دڵۆپێک لە نێوان چۆمێکی یەکجار گەورەدا کە پاش و پێشی لێت دیار نیە.

بێزار لە کارەسات دەیبینی کە خەڵکی شار زۆر بە ئاسانی بە لافاوەکە و بە شۆڕش و بە شەڕ راهاتبوون. هەر وەک چۆن ئەو بۆ خۆی بەرە بەرە بە لە سێدارەدانی پشیلەکە راهاتبوو. تەنانەت ئەوەی کە رەنگە لە داهاتوودا دیسان لافاو و شۆڕش و شەڕی تر رووبدەنەوە، بە رواڵەت ترسی زۆر گەورەی تێدا پێکنەدەهێنان. بەشێک لە راهاتن بێخەیاڵییە سەبارەت بە داهاتوو. وە ئەوان بێخەیاڵ بوون. بەستێنی ئەو چۆمەی ئاوی پیا دەڕۆی هەر وەک جاران بوو، تەنانەت هەندێ لە خانووەکان زیاتر بەرەو قەراخەکانی کشابوون. خاوەنەکانیان دەیانگوت "خاکی ئەوێ بە پیت و بەرەکەتترە، باخی جوانتری تیا چێدەکرێ و سەوزەی باشتری تیا بەرهەم دێ." راستیشیان دەکرد. رەنگە هۆکاری هاتنی شۆڕشیش هەر ئەمە بێت،... ئەم هیوایە. بەڵام ئەی شەڕ؟ بێزار لە کارەسات لانیکەم شەڕی وەک کارەساتی سەر بانیژەکە دەهاتە بەر چاو: جەستەیەکی خوڵاویی میز پرژێن،... بە نیگای پڕ لە ساڵەکانی باوەگەورە لە پشت پەنجەرەکەوە. رەنگە وەک چۆن سروشت سروشتە، کۆمەڵگایش کۆمەڵگایە. بە بەستێن و ئاوی خۆیەوە، بەو مرۆڤانەوە کە پێیان وایە خاکی تەنیشتی پڕ پیت و بەرەکەتترە.

بەڵام ئەو بەردەوام وێنەی مردووەکانی لەبەر چاودایە. ئەو مردووانەی لە سەر ئەو خاکە بە پیت و بەرەکەتە کەوتن و هەندێکیشیان نێژران،... پێش ئەوەی لافاو بیانبا. لای ئەو، وێنەکان یەکێک لە بێڕەحمترین دەستسازەکانی مرۆڤن. هیچ شتێک ون ناکەن. چرکەساتەکان ئەبەدی دەکەن. بە تایبەت گەر رەش و سپی بن. وێنە رەش و سپییەکان زیاتر

بە رابردووەوەن، ئەوان زیاتر رابردوو دەنوێننەوە. وەک بڵێی "رەنگ" لە گەڵ رابردوو غەریبە. بە داخەوە زۆربەی هەرە زۆری وێنەکانیش رەش و سپین. بێزار لە کارەسات نازانێ بۆچی لە سەردەمی وێنە رەش و سپییەکاندا بووە کە زۆرترین شۆڕشەکان روویانداوە. نەک لێرە، بەڵکوو لە هەموو دونیادا. تەنیا پێویستە بچی چاوێک لە کتێبەکان بکەی، یاخود بچی بۆ سینەما. ئەوان لە هەموو شوێنێک هەن. چ نهێنییەک لە نێوانیاندا هەیە؟ نهێنییەکە رەنگە تەنیا لە خودی رەش و سپی دا بێ. یاخود ئەوەی کە خوێن لە وێنەی رەش و سپیدا رەش دەنوێنێ و هەر بۆیە ئیدی زۆر ترسناک نایەتە بەرچاو. یاخود روخسارەکان هەمیشە سپی و گەش دەنوێنن و چرچەکان بزرن. دەستێک لە ئارادایە بۆ ئەوەی مرۆڤەکانی ئەو سەردەمانە ئەبەدی بکا،... بۆ هەمیشە.

بێزار لە کارەسات کە بە کۆڵانەکەدا گوزەردەکا، لە پەنجەرەکانەوە زۆر یەک لەم وێنە هەڵواسراوانەی بینیوە. یەکێک لەو ماڵانەی وێنەی وەهای تێیدا نیە، ماڵی ئەوانە. پێی سەیرە. لە راستیدا ئیستایە بیری لێدەکاتەوە. بەڵام بڵێی گەر لێیبایە، وەک ئیستا زەین و بیری پێیانەوە مەشغوڵ دەبوو؟

**مەشغوڵە**،... ماویەکە زەینی چووەتە سەر ئەو دوو خانووە لە کۆڵانەکەیاندایە و بەرامبەر بە یەکترن. ئەو دوو خانووەی وەک یەک،

سێ پلیکانە بە کۆڵانەکەوە گرێیان دەدا و بە قەد یەکیش بانەکانیان لە زەوی نزیک و لە ئاسمان دوورە. ئەو دوو بینایە تەنیا دوو جیاوازییان هەبوو: یەکەم، خانووی هەوەڵ کە پشتی لە رۆژهەڵات بوو خاوەنی یەک کوڕ بوو و، خانووی دووهەم کە پشتی لە رۆژئاوا بوو، سێ کوڕ. دووهەم، تاقانە کوڕەکە بە هۆی ئەوەوەی کۆترباز بوو، تەمەنێکی دوورو درێژ ژیا (هەرچەند هەندێ لە دراوسێکان رقیان لێی بوو و دوعای ئەوەیان لێدەکرد رۆژێ لە بانەکە بکەوێتە خوارەوە!). بەڵام سێ کوڕەکەی تر، یەکیان لە ساڵی لافاوەکە تیاچوو، دووهەمیان لە ساڵی شۆڕش و سێهەمیان لە ساڵی شەڕەکە. خانووی دووهەم رقیان لە خانووی یەکەم بوو. چاویان پێی هەڵنەدەهات، بە تایبەت کاتێک کۆتربازەکە ریشی دەنک سپی کرد. هەرچەند لە دڵەوە حەزیان دەکرد لانیکەم یەکێک لە منداڵەکانیان وەک ئەو کۆترباز بایە! ئیستایش کەس نازانێ بۆچی کۆتربازەکە، کە لە یەک کۆڵاندا لە گەڵ خانووەکەی بەرامبەریان دەژیا و لە تەمەندا لە سێ کوڕەکە نزیک بوو، بۆ قەت نەبوو بە هاوڕێ و رفیقیان. وەک بڵێی بە بێ ئەوەی بۆخۆیشیان بزانن، ئەم بەرامبەربوونە بۆ هەمیشە کاریگەریی لە سەر هەموو شتێکیان دانابوو.

کۆتربازەکە کە پیاوێکی ئارام و بێدەنگ و گۆشەگیر بوو، قەت راستەوخۆ سەیری نیگای کەسی نەدەکرد. وەک بڵێی هەڵفڕاندنی کۆترەکان چاوەکانی ئەویان فێری جۆرێکی تر لە روانین کردبوو. لە کاتی دوواندا نیگاکانی بە سەر سەرتەوە دەهاتن و دەچوون،... دەفڕین. دەنگیشی ئەوەندە هێمن بوو کە جاری وابوو بە زەحمەت لە قسەکانی تێدەگەیشتی. وشەکانی لە دەنگی لێدانی باڵ لەو دوورەدەستانە

دەچوون. ئەو کە بۆنی کۆتر و ریقنە و گەنم و بای باڵی کۆترەکانی دەدا، پێی وابوو سەرچاوەی نەهامەتیی مرۆڤ ئەوەیە یەکجار سەرقاڵی سەر زەوییە و یەکجار نیگای بەرەوخوارەوەیە. هەڵبەت ئەم قسەیەی لای کەس نەدرکاند. ئەو تەنیا کاتێک کۆترەکانی دەفڕاند، ئەم بۆچوونەی خۆی لە ژێر لێوەوە دووپات دەکردەوە و، ئەوجا بە فیکەیەکی درێژ و تیژ و توند تەواوی دەکرد. دراوسێکان زیاتر لە هەر شتێک رقیان لەم فیکەیە بوو. گوێی دەسمی. لە فیکەی نازمی قوتابخانەکەی شار دەچوو بەو دارە درێژەوەی هەمیشە بە دەستییەوە بوو. کۆتربازەکە بەختەوەرترین مرۆڤی گەڕەک و شار بوو.

کاتێک دراوسێکانی یەک لە دووای یەک لە مەودای چەند ساڵدا مردن، هەستێکی غەریب کۆتربازەکەی داگرت. باوەڕی نەدەکرد ژیان ئەوەندە کتوپڕ تەواو بێت و، جیهان ئەوەندە خێرا گۆڕانی بەسەردا بێت. هەڵفڕینی رۆژانەی کۆترەکان بە دووپاتکردنەوەی بەردەوامی ژیان، عادەتی دابوو. ئەوەی کە کۆترەکان هەموو رۆژێک لە هەمان شوێنەوە دەفڕین و بە هەمان ئاسماندا دەهاتن و دەچوون و، دووبارە لە هەمان شوێن دەنیشتنەوە، ژیانی لای ئەو کردبوو بە یەک تابلۆ. کەچی ئێستاکە، خانوویەک لە بەرامبەریدا زۆر ئاسان ئەم عادەتەی تێک و مەکان دابوو. بێ باوەڕانە، هەر جار لە گەڵ خەبەری مەرگ و ناشتن و بەڕێکردنی تەرمێکی دیکە، ئارام چووبووە سەربان و کۆترەکانی هەڵفڕاندبوو (ئەگەرچی بۆ چەندەمین جار هەر هەمان رۆژ). ئەو سێ جارە لە مردنی دراوسێکانیدا وەها دارەکەی دەستی هەڵسوڕاندبوو و وەها فیکەی کێشابوو کە نازمی قوتابخانەکەیش لەو دوور دوورانەوە سەری وەرگێڕابوو و بە سەرسوڕمانەوە لە بانەکەی ڕووانیبوو.

کۆترەکانیش کە قەت بەم شێوەیە خاوەنەکەی خۆیان نەبینیبوو، جوامێرانە هەوڵیان دابوو جوانترین فڕین پێشکەش بکەن. بۆ ئەم مەبەستەیش لە قەوارەی دەیان دانە، جوانتر لە یەک نزیک ببوونەوە، یەکیان سەر کەوتبوو و ببوو بە نووکی تاجی فڕین و، دانە دانە ئەوانەیش وا دەیانتوانی پشتەک لێبدەن خۆیان لە گروپەکە جیاکردبووەوە و لە سەر یەک مەلەقیان لێدابوو و پاشان ئاوێتەی گروپ ببوونەوە. سەمفۆنیای رێزگرتن لە مردووەکان. لەم کاتانەدا کەس ئاگای لێنەبوو کە لەسەر ئەو بانە، کۆتربازەکە دەگریا. لە کاتێکدا بای شاباڵی کۆترەکان روومەتیان باوەشێن دەکرد، ئەو فرمێسکەکانی یەک بە دووای یەکدا هەڵدەوەراند و نیگای لە ئاسمان دەچەقاند و لەعنەتی بۆ زەوی دەنارد.

بێزار لە کارەسات دەزانێ کە ئەگەر لە سەردەمی ژیانی سێ کوڕەکەدا دەرفەتی ئەوە نەڕەخسا ئەو دوو خانووە ببن بە هاوڕێ و دۆستی یەکتر، ئەوا دووای مردنی ئەوان ئیتر بە خەیاڵیش وەها دۆستایەتییەک سەری نەدەگرت. هەڵبەت گرینگیش نییە کە دەبێ حەتمەن ببن بە دۆست. نزیکترین کەسەکان دەکرێ دوورترین بن. ئەوەی بێزار لە کارەسات ئازار دەدا، ئەو رستەیەیە وا ئەو بە رێکەوت جارێک لە جارەکان لە زاری کۆتربازەکەوە بیستبووی، ئەو رستەیەی کەسی تر نەیبیست و نەیبیست. قەت قەت،... هەتا ئەو کۆڵانە ما، یان باشتر بڵێین هەتا کۆتربازەکە ما. ئەو رستەیەی لانیکەم دایک و باوکی سێ کوڕەکە دەیانتوانی بیبیستن، گەر جارێک پەنجەرەکەیان لە کاتی هەڵفڕاندی کۆترەکاندا کراوە بایە.

**به کراوەیی** کاغەزەکەی دۆزییەوە. کاغەزێکی هێشتا سپی و تازە. بە کراوەیی، بۆیە وەک بڵێی بۆ ئەوەی کات بە فیرۆ نەچێت و یەکەم کەس هەر کە پەیدای کرد دەستبەجێ بتوانێ بکەوێتە خوێندنەوەی. ویستی هەر لەوێدا بیخوێنێتەوە، بەڵام وای نەکرد. داوای نووسەرەکەی بەدی نەهێنا. خستیە گیرفانییەوە و چوو لە ماڵەوە خوێندییەوە. نامەکە تەنیا پەرەگرافێک بوو، بە بێ ناوی هیچ نووسەر و بە بێ ئاماژە بە هیچ ئادەرسێک. تەنیا پەیام. واتە سەرەکیترین مەبەستی نووسین.

رستەکان جۆرەیەک بوون،... غەریب. هەم وروژێنەر و هەم دوور. هەم جوڵێنەری هەستی هاوسۆزی و هەم تورەیی. هەم لەوێ بوون و هەم لەوێ نەبوون. باس باسی کەسێک بوو کە ساڵانی ساڵ لە غەریبی بووە، ئیستاکە وەسیەتی کردبوو ئیتر کاتێک کە مرد هەر لەوێ لە دوورەوڵات بینێژن. پاراگرافەکە پێی وابوو ئیدی یەکجار بێ مانایە پاش ئەو هەموو ساڵە، جەستە بە بێ رۆح بگەڕێتەوە و بیهەوێ لە شوێنی سەرەتا بە بێ ئەو بحەسێتەوە. پەیامەکە پێی وابوو ئەمە غەدرێکی گەورە بوو لە رۆح. پێی وابوو جەستە دەبێ لە هەمان شوێن بمێنێتەوە کە رۆح لە دووا ساڵەکاندا لە گەڵی بووە،... لە وڵاتە دوورەدەستەکان.

بێزار لە کارەسات چاوی لە رستەکان هەڵگرت، بە بێ ئەوەی ببینێ، لە شوێنێکی تری رووانی. ئەو تا ئیستا زۆر جاران گوێی لە وشەی

"غەریب" بووە، بەڵام زۆر بە قوڵی بیری لێنەکردبووەوە. کەواتە لەم کۆڵانەدا کەسێک هەبووە کە ساڵانی ساڵ لەوە پێش لێرە ژیابوو و دوواتر بە هۆ یان هۆکارگەلێک بەجێی هێشتبوو. ئەو شوێنە کوێیە؟ ئەو خانووە کامەیە؟ لە زەین و دەروونی خۆیدا هەموو خانووەکانی گەڕەکی بە سەرکردەوە. هەستی بە هیچ خانوویەکی نامۆ نەکرد. پێکەنینی بە خۆی هات. ئاخر هیچ خانوویەک بە هۆی پەرتەوازەیی دانیشتووەکەی، ڕەنگی غەریبیی لێ نانیشێ. تەنانەت ئەویش، ڕۆیشتووەکە دووای ماوەیەک لە بیردەکا. ژیان، ئەوەندە تازە دەبێتەوە کە زۆر ئاسان ڕابردوو لە بیربکا. بەڵام نا، ڕاوەستە! کێ تا ئیستا لە خودی خانووەکەی پرسیوە؟ بێزار لە کارەسات کتوپڕ بەو بۆچوونە دەگا کە خانووەکان تا هەن هیچ کەسی ناوخۆیان لە بیر ناکەن. دەنگ و نیگاکان لە ناو تان و پۆی دیوارو پەنجەرەکاندا دەمێننەوە. ئیستا تێدەگا کە لە ئەساسدا مەبەستی خەڵکی لە جنۆکە چییە. جاری وایە دەنگ و نیگاکانی ئەوانەی ڕابردوو لە دیوارەکان و لە پەنجەرەکانەوە سەرلەنوێ لە گەڵ دونیا دەدوێنەوە و، لێیانەوە سەیری جیهان دەکەنەوە. چەند بەم کەشفە نوێیەی خۆی سەرسام دەبێ. کەواتە قەت هیچ کەس تەنیا نیە. لە هەر کوێ بیت، هەندێ کەس هەر بە دەورووبەرتەوەن. هەندێ حەقیقەت لە پێش ئەوەیدا ببینی، دەبێ تێی بگەی، ئەوجا دەیبینی. یەکێک لەو حەقیقەتانەیش، غەریبەکانن.

نایەوێ بیر لەوە بکاتەوە کە ئەم کاغەزە چۆن گەیشتووەتە ئێرە، ئەوەی کە بۆچی ئەم داوایە هەر لەو وڵاتەی غەریبەکەی تێیدایە پیشکەش نەکراوە، ئەمانە گرینگ نین، گرینگ خودی پەیامەکەیە. بێزار لە کارەسات بەو ئاکامە دەگا کە زۆر گرینگە مرۆڤ جاروبار کەمێک

واوەتر لە کۆڵان و شارەکەی خۆی بڕوانێ و بیربکاتەوە. ڕەنگە نەک لە بەر ئەوەی دەبێ بیر لە کەسێکی ئەوبەری سنوورەکان و دەریاکان بکەیتەوە، بەڵکوو لە بەر بیرکردنەوە لەوانەی وا سەردەمانێک لێرە لەم کۆڵان و گەڕەکەدا ژیابوون و ئیستا ساڵانی ساڵە ونن. بیر لەوانەی بەشێکی ئەم کۆڵانەیان لە گەڵ خۆیان هەڵگرتووە و بردوویانە. یان ئەوانەی هێشتا لە دەرو دیوارەکانەوە، لێرەوە دەڕواننەوە ژیان.
نازانێ دڵی تەنگ بێت یان نا. مرۆڤ سەرەرای دڵتەنگییەکانی، هەمیشە حەزی بە جوڵە و ڕۆیشتن و پەرتەوازەیی بووە. مرۆڤ کە دڵتەنگ دەبێ، دەڕوا. پێی وایە بەم شێوەیە دڵتەنگییەکان بە جێی دێڵن، بەڵام دیسان دڵتەنگییەکان دێنەوە، ئەمجارە ڕەنگە لە جۆرێکی تر،... ڕەنگە تۆختر.
دەچێتەوە دەرەوە. دەیەوێ کاغەزەکە لە هەمان شوێن وا هەڵیگرتووەتەوە، بخاتەوە سەر عەرز. بەو هیوایەی کەسێکی تر بیبینێ و بیخوێنێتەوە. بەڵام هەر دەگاتە ئەوێ، پەشیمان دەبێتەوە. پێی وانیە لە کۆڵانێک دا وا ڕۆژانە بە دەیان کاغەز بە دەم باوە تەراتێنیانە و بە بێ هیچ سەرنجێکی تایبەت لە لایەن ڕێبوارانەوە ژێر پێ دەکەون، کەسێک دابنەوێ و هەڵیبگرێ و بیخوێنێتەوە. تەنانەت ڕەنگە منداڵان هەڵیبگرنەوە و لە گۆشەیەکی کۆڵاندا ئاگری پێ بکەنەوە. دەست رادەگرێ. بەرەو ماڵ دەبێتەوە. بڕیار دەدا لای خۆی هەڵیبگرێ. سندوقێکی بچووکی دارینەی ڕەنگ قاوەیی چاوەڕوانیەتی. دەیخاتە ناوی و سەرەکەی دەنێتەوە. هێشتا چەند هەنگاو دوور نەکەوتووەتەوە کە لە پارادۆکسی کردەی خۆی تێدەگا: نامەیەکی سەرگەردان، کتوپڕ یەخسیری چوارچێوەیەکی تەنگ! دەگەڕێتەوە سەری، نامەکە دەردەهێنێ و هەر لە

**پەنجەرەکەوە بە بێ ئەوەی بچێتەوە دەر، دەیداتە دەست ئەو "با" توندەی وا کتوپڕ هەڵیکردبوو. بایەکی توند کە کەس نەیدەزانی لە کوێوە دێت، لە باشورەوە، لە باکورەوە، لە رۆژهەڵاتەوە، یان لە رۆژئاواوە؟ بێزار لە کارەسات زیاتر، هەستی بە گێژەڵوکەیەک دەکرد.**

**گێژەڵوکەی پاییزانی گوێ چەم، بە تایبەت کاتێک دەمەوئێوارەیە و تەنکە هەورێک هەموو پانتایی ئاسمانی داپۆشیوەو دەشت و دەر زەرد زەردە، یەکێک لە خۆڵەمێشیترین هەستەکانی دونیا لە مرۆڤ دا دەخولقێنێ. یەکێک لە دیاردەکانی ساڵی شەڕ، هوروژمی دەستە دەستە لە خەڵکی شار بوو بۆ ئەو چۆمەی لەمێژ بوو تەنیا چۆم بوو و بەس، بەڵام ئیستا کتوپڕ ببوو بە شوێنی شوێنی خۆشاردنەوە لە دەنگی ترسناکی تۆپ و فڕۆکەکان. بەڵام وەک بڵێی شەڕ بە جۆرێکی تر رووی لێرە کردبوو، وەک بڵێی ئەوانەی لە دەست شەڕ هەڵاتبوون، شەڕێکی تریان لێرە لە گەڵ ئاو سازکردبوو. ئەوانەی نەیاندوەێرا بچن بۆ شەڕ و رقیان لێی بوو، ئەوانەی وا باوەڕیان پێی نەبوو، لە ناو باوەشی بێدەنگ و ئارامی سروشت دا خەریکی کوشتنی ماسییەکان بوون.**

**کە پاییز هات، بە درێژایی چەمەکە، هەموو گۆمەکان و شوێنە کەمێک بە ئاستەم قوڵەکان، بۆنی کەلاکی ماسیی و قرژاڵ و رەقەیان گرت. کە**

پاییز هات، وەک یاسای سروشت ئاوی چەم کەمی کرد و گێژەڵوکەکان دەستیان پێکرد و گەڵاکان رژانە سەر ئەو ئاوەی وا ئیتر بە دەگمەن ماسییەک لە گەمەی خۆیدا بە خێرایی جەستەی لە سەر ئاو رادەخوشاند. دەشت و دەر بۆنی ماسی برژاو و ریخۆڵە و سەرە ماسی گرت. ئاوی چەم رنگی هەڵبزرکا. بێ هۆ نەبوو گێژەڵوکەکانی ئەو ساڵە لە چاو ساڵەکانی تر بێباکتر و چاونەترستر و خۆلاویتر بوون. کە خۆڵیان لە سەر ئاو بە جێ دەما، سەرتاسەری رووبەرەکەیان دەکرد بە سور و خۆڵەمێشی. وەک دەیانگوت تا چەند ساڵی دوواتریش سروشت لەوێ تۆرا.

ئەو ساڵە لە تەنیشتماڵی بێزار لە کارەسات، تەنەکە خۆڵی دراوسێیەکی لێبوو کە زیاتر لە تەنەکە خۆڵەکانی تری ناو کۆڵانەکە، بۆنی ماسی گرتبوو. تەنەکە خۆڵێک کە زیاتر پشیلەکان لمبۆزیان تێ دەنا و زیاتر لەوانی تر زبڵەکەی بە دوەری دا بڵاودەبووەوە و دەڕژا. تەنەکەکە وەک سروشتی دەوروبەری چەمەکە بۆنی ماسی گەنیوی گرت و، کۆڵان بۆنەکەی قۆستەوەو بۆیە ساڵی شەڕەکە کۆڵان سەرتاسەر بۆنی ماسی گرت. ئیستایش کاتێک خەڵکی بیری شەڕ دەکەنەوە، دەستبەجێ لە گەڵی بۆنی ماسیی چۆمە دوورەدەستەکانیان بە لوتدا دێ.

بێزار لە کارەسات چەند جارێک بڕیاری دا بە شەو درەنگان، لە کاتێکدا کەس بە خەبەر نەبوو، بچێ و تەنەکە خۆڵی دراوسێکەیان فڕێ بدا. لە شوێنێکی ناو سروشت چاڵێک هەڵبکەنێ و بۆ هەمیشە لە چاوان ونی بکا. بەڵام خۆ مەگەر دەنگی تۆپ و فڕۆکەکان و ناشتنی تەرمەکان ئەو دەرفەتەیان دەدا؟ ئەسڵەن جاری وابوو بە چەندین رۆژیش کەس ئاگای لە بۆنی ئەو پووتە خۆڵە نەبوو. هەندێ جار هەستی دەکرد بۆنەکە

ئەوەندە خەست دەبووەوە کە سەرلەنوێ دەیانتوانی وردیلەکانی بە یەکەوە بلکێننەوە و دیسان بیانکەنەوە بەو ماسیانەی لە پێشدا هەبوون. ئەو ماسیانەی کە بێگومان چیتر نەیاندەتوانی رێگای چەم بدۆزنەوە. ماسییە کۆلاناوییەکان. پاشماوەکانی ترسی مرۆڤ لە شەڕ و لە کوشتنی یەکتر.

سەرئەنجام هەر ئەو ساڵە، لە دووارۆژەکانی پاییزێکی درەنگ وەختی هێشتا گونجاو بۆ راوەماسی، دراوسێکەیان لە کاتی هەڵگرتنەوەی هاوەنێکی سەد و بیستدا کە دەیانویست بیخەنە گۆمێکەوە و ماسی پێ بکوژن، کوژرا. پێش کوژرانەکەی لە کاتی هەڵگرتنەوەی هاوەنەکەدا بە پێکەنینەوە گوتبووی: "تەنیا بەمەیە دەتوانین دووا ماسییەکان لە کونەکانیان بێنینە دەر!"

بێزار لە کارەسات لە بیری دێت تەرمەکە بۆنی ماسی دەدا. کاتێک لە ناو دارمەیتەکەدا بوو و بە سەر دەستی خەڵکەوە بەرەو گۆڕستان بەڕێ کرا، سەرتاسەری رێگاکان بۆنی ماسییان گرت. کاتێک ناشتیان و گڵیان بە سەردا کرد، دووای ماوەیەک هەموو قەبرستان بۆنی ماسی گرت. وەک بڵێی هەر قەبرێک بوو بە نەقەیەک! تەنانەت مەلاکە لە کاتی دادانی تەڵقیندا، وشەکانی زاری بۆنی ماسیان دەدا. بێزار لە کارەسات بیردەکاتەوە کە لە خۆوە نەبوو "تالیس" فیلسووفی یۆنانی گوتبووی ئاو سەرچاوەی هەموو شتێکە.

کە بەرەو ماڵ گەڕایەوە، دەستە دەستە ئەو ژنانەی دەبینی بۆ سەرەخۆشی دەچوون بۆ ماڵی دراوسێکەیان. سەرتاسەری ئەو رۆژ و ئێوارەیە گوێی لە دەنگی دایکێک بوو وا ناوە ناوە بە قوربانی ئەو ماسییانەی دەبوو کوڕەکەی دەیهێنانەوە. ئەو ماسییانەی وا لە ساڵی

**شەڕەکەدا نەیهێشتبوو سفرەی ئەوان بێ ناز و بێ گۆشت ببێ. سفرەیەکی ماسیياوی و لە چەشنی ماسی، ئەگەرچی لە دەرەوە مرۆڤەکان زۆر بێ بەزەییانە خەریکی کوشتنی یەکتری بوون. ئەو ساڵەی وا خەڵکی دەرەقەتی شەڕنەهاتن، بەڵام بە ماسییەکانیان وێرا.**

**نەیدەوێرا بچێ و، بۆخۆی ئەمە بە زاواکەی بڵێ، بەڵام هەر دوو قاچی کردبووە ناو یەک پێڵاو و گیری بە ژنەکەی دابوو کە دەبێ ئەو ئەم کارە جێ بە جێ بکا! بچێ بۆ ماڵی زاواکەی و دیارییەکەیان بداتەوە کە پارە بوو (لەو سەردەمەدا هێشتا دانی پارە وەک دیاری گوناهێکی گەورە بوو. تەنیا چەند دەیەی دوواتر بوو خەڵکی بۆ وێنە کاتێ دەچوون بۆ زەماوەند، پووڵی کاغەزییان بە جل و بەرگ و تارای بووکێ دا بە دەرزی و سنجاق ئاوێزان دەکرد. درەختی پوڵ). ژنەکەیشی کە نەیدەزانی چی بکا، تێیدا مابوویەوە چلۆن سەروبنی دۆخێک یەک بێنێتەوە کە یەکجار بۆی تازە بوو. لە لایەکەوە تووڕەیی و گورەگوڕی پیاوەکەی و، لە لایەکی ترەوە ئەو بنەماڵەیەی جگە لە میهرەبانی، هیچ لێکدانەوەیەکی تر لەم کارەیان نەدەکرا. جگە لەمە لە کوێی دونیادا دیاری دەنێردرایەوە! بە ئارامی بە پیاوەکەی گوت کە دەکرێ کاتێک ئەوانیش دیاری دەنێرن، لە جیاتی شمەک پارە بێت. پێشنیارێکی پەسند، بەڵام پیاوەکەی ئەوەندە تووڕە بوو، مرۆڤ گومانی دەکرد**

لەوەی تەنانەت گوێی لە قسەکانیش بووبێ. ئەو تەنیا لە سەر یەک شت پێی دادەگرت "ناردنەوەی دیارییەکە". منداڵەکان بە ریز دانیشتبوون و سەیری مشت و مڕێکیان دەکرد کە سەرێکی توند بوو و سەرێکی نەرم و شل. پیاوەکە سەرئەنجام وەها تووڕەیی دایگرت کە هەستایە سەرپێ و بە هەرچی هێزی خۆی بوو لە کاتێکدا پەنجەی ئاماژەی بەرەو هاوسەرەکەی رادەداشت، گوتی "یان ئەمە دەکەی، یان تەڵاقت دەدەم،...

نا،... ئەوەیشی ناوێ هەر ئیستا هەستە و بچۆوە بۆ ماڵی باوکت!"

تەنیا دوو رۆژ لەوە پێش شار بوردمان کرابوو و هێشتا دەرو دیوار و هەموو فەزای شار بۆنی ترس و دڵەڕاوکێ قووڵەکانی دەدا. بێزار لە کارەسات سەیری ریزی منداڵەکانی کرد کە زیاتر لە هەر کاتێکی تر شان بە شانی یەک، تێکترنجاو دانیشتبوون و سەیری دیمەنەکەی بەردەمی خۆیانی دەکرد. دڵ و دەروونی بێزار لە کارەسات پڕ بوو لە قسە. رستە بە رستە و پەرەگراف بە پەرەگراف ئەوەندە قسەکان روون بوون لە بەر چاویا کە دەیتوانی دابنیشێ و وەک کتێب بیانووسێتەوە. بەڵام شتێک نەیدەهێشت بتوانێ بیاندرکێنێ. شتێکی لێڵ و ناڕوون. ترس بوو، رێز یاخود بەزەیی، بۆ خۆیشی نازانێ. رەنگە هەر هەمووشیان پێکەوە بووبێتن. ترس لەوەی بە قسەکانی، مرۆڤە ترساوەکان ئەوەندەی تر لە بوونی خۆیان بترسێنێ، یاخود بەزەیی بەو مرۆڤانەیدا وا فەزای ترسی دەرەوەیان لە ناو خۆی ماڵیش دا تۆختر دەکردەوە، یان یاخود رێز بوو، رێز بۆ ئەو مرۆڤانەی هێشتا دەژیان،... هێشتا دەیانتوانی بژین، وە دەبا لێیان گەڕابا بژین،... سەرەڕای هەموو نەهامەتییەکانیان.

سەیری پیاوەکەی کرد،... غرورێکی تێکشکاوی دەیان ساڵە. سەیری ژنەکەی کرد،... نەرمییەکی گوشراو و حەقیر کراوی دەیان ساڵە.

پیاوەکە، غرورێکی ترساو، ترسنۆک لە رووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەوی تر. غرورێک کە پێی وابوو بەرامبەرەکەی ئەوەندە کەمە کە ئەوە ناهێنێ ئەو بچێ و لە گەڵی دانیشێ و هەر بۆیە دەبێ ژنەکەی بنێرێ! ژنەکەیش، نەرمییەک وەک بەخشینی هەموو گوناهێک، ئەوەی کە تەنیا خودا مافی سزادانی هەیە و نە عەبد. چونکە عەبدەکان تەنیا کارەکان خراپتر دەکەن. بەڵگەی ئەویش بۆ ئەمە دوعا بوو. ئەو پێی وابوو خودا دوعای داهێناوە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بۆ هەموو شتێک روو لە خوا بکەنەوە،... تەنیا لەو.

کتوپڕ دەرگا دەکرێتەوە. دوو پیاوی خزم خۆ بە ژووریدا دەکەن. کەسێک ئاگاداری کردوونەتەوە، یاخود بە رێکەوت رێگایان کەوتووەتە ئێرە؟ کەس نازانێ. هەڵبەت گرینگیش نیە، گرینگ ئەوەیە هاتوون،... ئەویش رێک لەم کاتەدا. دووای چاک و چۆنییەکی کورت، پیاوەکە سەرەداوی قسەکانی پێشووی خۆی دەگرێتەوە. دوو پیاوە خزمەیەکیش، جنس و رەگەزی رۆحیان لە هەمان جنس و رەگەزی ژنەکەیە. قسە و باسێکی بێکۆتایی. نەک ژوورەکان و حەوشەکە، بەڵکوو دەرەوە، شەقام و کۆڵانەکانیش پڕبوون لە قسەکانی ئەو شەوە. هەموو شوێنێ ئەو وشە و رستانەن کە بێزار لە کارەسات تا ساڵانی ساڵ دوواتریش کاتێک بە ناو شاردا تێدەپەڕی، دەیتوانی بیانبیستێتەوە. قسەکانی ئەو شەوە ون نەدەبوون. تەنانەت دەنگی فڕۆکەکان و بۆردوومانەکانیش ونیان نەکردن. بێزار لە کارەسات بە تەمایە رۆژێک لە رۆژان شتێکیان لێ ساز بکا، شتێک وەک بارانێکی رەش لە شەوێکی ئەنگوستە چاودا.

بە ئیستایشەوە، بێزار لە کارەسات نازانێ چلۆن ئەو شەوە کۆتایی هات. نازانێ دووا قسە چی بوو، نازانێ منداڵەکان چۆن هۆڵەکەیان بە

جێ هێشت و گەورەکان چلۆن لە ژوورەکانیاندا و یاخود لە دەرەوە ون بوون. ئەو نازانێ بۆچی هەندێ رووداو سەرەرای تەواوبوونیان، قەت نازانرێ چلۆن تەواو بوونە. گوناهی گوێ نەگرتنی تەواوە، یان خەیاڵ؟... یان تووڕەییە بێدەنگەکان!

بەڵام گرینگ نییە. ئەو رۆژەی حەوت تەیارەکە بە ئاسمانەوە بوون و بە خەستی شاریان بۆردوومان دەکرد و ئەم لە ناو یەکێک لە جۆگەلەکانی شاردا راکشابوو، بیری لەو شەوە دەکردەوە. ئەو شەوە، ترسی فڕۆکەکانی دەڕەواندەوە. بە ئیستایشەوە پێی وایە دەنگی مرۆڤ لە دەنگی تەقینەوەکان ترسناکترە. ئەوەندە ترسناک، کە دەکرێ ژنەکەی ئەو شەوە، هەندێ جار لە دەنگی تەیارەکان نەترسێ و لە بەریان رانەکا! وەک چۆن زۆر جاریش رای نەکرد.

- **راکردن**؟... یانی تۆ پێت وایە هەندێ کەس هەن کە قەت لە ژیانیاندا رایان نەکردووە؟... پەککوو لەم بۆچوونە! جا چۆن شتی وا دەبێ؟

- ئەی بۆ نابێ! راکردن کاری ترسنۆکانە و دەزانین کە هەمیشە لە ژیاندا هەندێ مرۆڤی ئازا هەن،... ئەوانەی بێزارن لە راکردن و قەتیش راناکەن.

- بڕوا ناکەم راکردن کاری بە سەر بێزارییەوە هەبێ،... مرۆڤ رادەکا چونکە دەبێ رابکا! راکردن هەندێ جار جۆرێکە لە پاراستنی ژیان.

- لە شوێنێک پاراستنی ژیان دەبێ بە بەشێک لە درێژەی ژیانێک کە لە ژیان ناچێ، راکردن هیچ فڕی بە سەر ژیانەوە نامێنێ.

- تۆ قەت لە گەڵ قارەمانەکان قسەت کردووە؟ بە تایبەت ئەوانەی وا لە شەڕەکاندا بوونە،... یان ئەوانەی زەمەنێکی دوور و درێژ لە ناو چواردیوارییەکاندا ماونەتەوە؟...، من پێم وابێ تۆ قەت قسەت لە گەڵ نەکردوون، یان کاتێکیش قسەت کردووە، تەنیا گوێگرێکی چاک بوویتە،... واتە هەر گوێت گرتووە بە بێ هیچ پرسیارێکی ئەوتۆ کە کەمێک گومان بخاتە سەر چیرۆکەکانیان. هەڵبەت نامەوێ بڵێم هەموویان وەک یەک چیرۆکەکان دەگێڕنەوە.

- پێویست ناکا هەمیشە گوێ لە قارەمانەکان بگرین، یاخود راستەوخۆ بیاندوێنین، گرینگ ئەوەیە ئەوان بە گشتی جۆرێکی تر ژیاون، جۆرێکی وها کە ئەوانی جیا کردووەتەوە و کردوونی بەوەی ئیستاکە هەن. ئیدی وردە کارییەکانی بۆ من زۆر گرینگ نین. ئەسڵەن ئەوانەی هەوڵ دەدەن زۆر لە شتەکان ورد ببنەوە، ئەوانەن وا چاویان بە شتە گشتییەکان هەڵنایەت.

- بە پێچەوانەوە، وردەکارییەکان زۆریش گرینگن. هەر ئەوەی ئیستاکە ئێمە لە سەر راکردن قسە دەکەین، جۆرێکە لە وردکردنەوەی بابەتەکە. دەزانی، دیتنی هەموو وردەکارییەکانی رواڵەتی قارەمان دەبێتە هۆی ئەوەی لانیکەم ئەوەی وا لە داهاتوودا دەیەوێ ببێ بە قارەمان، بە کاوەخۆ هەنگاو بەرەو ئەم مەبەستە هەڵبێنێ. بە واتایەکی تر موحتات بێت،... ئیتر هەر لە خۆوە و لە رێگای هەستەوە بڕیاری قارەمانبوون نەدا.

- ڕێک لێرەدایە تۆ هەڵە دەکەی،... قارەمان بۆیە قارەمانە چونکە نازانێ موحتات بوون چۆنە. دەزانی، گرینگ نیە مرۆڤ هەموو تەمەنی قارەمان بێت، هەر ئەوەندەی لە یەک دۆخدا یاخود چرکەساتێکی تایبەت دا ڕۆڵی قارەمان دەبینێ، بۆ خۆی تەواوە. کەواتە کاتێک باس لە قارەمانی دەکرێ، ڕێک باس لەو چرکە ساتە دەکرێ، واتە کاتێک قارەمان تەواو بەخشێنەرە و ئیتر لایەنەکانی تری کەسایەتی خۆی فەرامۆش کردووە.

- بەڵام قارەمانەکان هەمیشە قارەمانی چرکە ساتەکان نین، ئەوان جاری وایە بە درێژایی هەموو ژیانیان یاخود بەشێکی گرینگی ژیانیان قارەمانن، یاخود وەک قارەمان دەمێننەوە.

- من جاری وایە رقم لە مرۆڤە ئاساییەکانە چونکە چاویان بەوانەی هەڵنایەت وا جۆرێکی تر دەژین، هەر بۆیە دادەنیشن و هەوڵ دەدەن بە جۆرەها بەڵگە هێنانەوە دووبارە ئەوان بێننەوە ئاستی خۆیان.

- ئەی ئەگەر هەر خودی ئەوانەی لە سەر قارەمانەکان قسە بکەن کە کاتی خۆی قارەمان بوون؟ پێت وانیە ئیتر بابەتەکە دەبێ بە شتێکی تر؟

- من پێم وایە ئەوانە تازە خەریکە دەترسن. کاتی خۆی نەترساون و ئیستا دەترسنەوە. دەزانی، هەڵگرتنی ناسناوی قارەمانەتی هەر وەک خودی قارەمانەتی کارێکی ئاسان نییە. ئەرکێکی قورس دەخاتە سەر هەموو ساڵەکانی تەمەنت. تەنیا ترسنۆکەکانن لە سەر قارەمان قسە دەکەن.

- من پێم سەیرە وا دەڵێی. چلۆن دەکرێ کەسێک سەردەمانێک قارەمان بووە ئیستا پێی بڵێین ترسنۆکە و بمانەوێ ناسناوەکەی لێ بسێنینەوە،... پێت وانیە کەمێک نادادوەرانە دەڕوانیتە کێشەکە؟

- پێم وانیە. چونکە دەکرێ قۆناغەکانی تەمەنی مرۆڤەکانیش دابەش بکرێن. ئەمە زۆر ئاساییە. بۆ وێنە مرۆڤ بە گەنجیەتی جوانە و بە پیری ناشیرین. مرۆڤ سەردەمانێک رۆمانسیە و سەردەمانێک زۆر رئاڵ. هەر بەو پێیە سەردەمانێک قارەمان بووە و ئیستا ترسنۆک.

- پێم وابێ لە باسەکە دوور کەوتینەوە. بابچینەوە سەر راکردن. من پێم وایە هەندێ قارەمان هەن کە راکردن دەیانکا بە قارەمان. ئەمە بە تایبەت لە سەردەمی ئێمەدا زۆر باوە. کەسێک شوێنی زێدی خۆی بە جێدێڵێ و دوواتر دەچێتە وڵاتێکی تر و لەوێ بە بەشداری لە کۆبوونەوەکاندا و بە وێنە کیشان و دروشم دان و بڵاوکردنەوەی لە تۆڕە ئینتەرنێتییەکان دەبێ بە قارەمان. واتە رەوتەکە دوو قۆناغی هەیە: قۆناغی یەکەم کە جورئەتی هەڵاتنە (دەزانی کە هەموو کەس ناوێرێ هەڵێ!) و، دووهەم قۆناغی بە بەڵگەکردنی ئەم جورئەتی هەڵاتنەیە لە ریگای وێنەوە. پێت وانیە لە جاران زۆر ئاسانترە؟... جگە لەمە یەکێک لە تاکتیکەکانی شەڕ هەڵاتنە،... من پێم...

- راوەستە، راوەستە! خەریکی زۆر بابەت لە گەل یەک تێکەڵ دەکەی. من پێم وایە لە قارەمانەتیدا پەیامە گرینگە، نەک چۆنیەتی گەیاندنی پەیام. هەر بۆیە فۆڕمەکان دەکرێ بگۆڕدرێن، بەڵام نەفسی پەیامەکە لە جێی خۆیدا بمێنێتەوە. هەمیشەیش پەیامی قارەمان بریتی بووە لە گەیاندنی ئەگەری جۆرێکی تر لە ژیان، لە بوون.

بێزار لە کارەسات سەیری رووالەتی هەر دووکیان دەکا. دوو رووالەتی نادیار و ون، وەک بلێی چاو و لێو و دەم و برۆیان پاک کرابێتەوە، بەڵام جەستەیان بە تایبەتمەندییەکانی خۆیانەوە لەوێ مابن،... لێک

جیادەکرێنەوە. بەس ئەگەر روخسار دیار نەبێ، کێ دەبێ بە خاوەنی ئەم قسانە؟ سەردەمانێکە قسە زۆر دەکرێ.
بێزار لە کارەسات لەو دوو جەستە جیایەدا دوو هەڵوێست دەبینێ، یەک قسە لە سەر کردە دەکا و یەک لە سەر پەیام. بیردەکاتەوە "قارەمانەکان سەردەمی ئێمە زۆرتر قارەمانی پەیامەکانن" بەڵام رەنگە هەمیشە وابووبێت، هەربۆیە بەشەر توانیوویەتی و ئەو ئیزنەی بە خۆی داوە قارەمانەکان پیرۆز بکا. مرۆڤ بەردەوام خەریکی جوانکردنی سیمای خۆیەتی. ئەو پێی وایە ئەگەرچی ئەم جوانکارییە بەشێکە لە مانای ژیان، بەڵام لە هەمان کاتدا بەشێکیشە لە کارەساتی ژیانی مرۆڤ. بەشەر بە مەبەستی جوانکاری، زۆر شتیشی ناشیرین کردووە.

**ناشیرینترین** و قێزەوەنترین خانووی گەڕەک ئەو خانووە دوو قاتە گڵینەی بوو وا لە سەر سووچی سەرێکی کۆڵانەکە بوو. قەڵایەکی پاراستنی سەرێکی شارستانییەت. خانوویەک کە بێوەژنێک تیا دەژیا لە گەڵ پێنج کچ و دوو مانگا. ئەو ژنەی کاتێک دەپشمی، هەموو گەڕەک گوێی لە دەنگی بەرز و بەردەوامی بوو. شتێک وەک تەقینەوە و فیکەی بەردەوام. یەکێک لە پیاوەکانی گەڕەک ساڵانی دوواتر سوپاسی ئەو پشمینانەی کرد، چونکە پێی وابوو هەموو خەڵکی گەڕەکی فێرکرد هەر لەو سەردەمەوە عادەت بە دەنگە کتوپڕ و نائاشناکانی سەردەمی شۆڕش

و شەڕ بگرن! کێ چووزانێ، هەندێک دەنگ هەن بە بێ ئەوەی خاوەنەکەیشی پێی بزانێ، باس لە چاخێکی تر دەکەن.
بەڵام خودی خانووەکە و شێوەی پشمینی خاوەنەکەی نەبوون کە خانووەکەی خستبووە ناو بازنەی سەرنجی هەمووان، بە تایبەت منداڵانی گەڕەکەوە. بەڵکوو ئەو حیکایەتانەی بوون لە سەر خانووەکە دەگوتران. دەیانگوت ژێرخانەکانی پڕی جنۆکە و رۆحەکانن. دەیانگوت کاتێک شەو خێزانی ئەو ماڵە و خەڵکی گەڕەک دەخەون، جنۆکە و رۆحەکان پەیدا دەبن و دەست دەکەن بە گەڕان لە ناو خانووەکەدا، لەوێوە بۆ ناو گەڕەک و بۆ سەر هەموو بانەکان و ناو حەوشەی دراوسێکانیش. دەیانگوت هەندێ لە جنۆکەکان مانگاکان دەدۆشن و هەر لەبەر ئەمەیە بێوەژنەکە فەقیر و نەدارە و هیچی نیە. دەیانگوت گەر بە جۆرێک لە جۆرەکان توانرابا جنۆکەکان دەرکەن، ئەوا ئیتر پێویستیان بە خێر و خێرات نەدەبوو.
کاتێک سەردەمی شۆڕش و شەڕ هات، هەر ئەو پیاوەی وا سوپاسی پشیمنەکانی دەکرد، بە بۆچوونێکی تریش گەیشت، بۆچوونێک لە سەر چۆنیەتی سەرهەڵدانی سەردەمی نوێ. ئەو کە لە قەدیمەوە باسی دۆنادۆن و جێگۆڕکێی رۆحی لەم جەستەوە بۆ ئەو جەستە لە دووای مەرگ بیستبوو و کۆمەڵێک بابەتی کورتیشی لە سەر خوێندبووەوە، پێی وا بوو هۆکاری شۆڕش و شەڕ، جنۆکە و رۆحەکانی ناو ژێرخانەکانی دراوسێکەیان بوونە. دەیگوت ئەو رۆحانە یەکجار کۆن و لە مێژینە بوون، هی سەردەمێک کە مرۆڤ بە شمشێر و نێزە و گورز پەیکەری یەکتریان دڕیوە و بێ بەزەییانە لەت و پەتیان کردووە. ئیستایش دووای سەدان ساڵ سەرئەنجام ئەو دەرفەتەیان بۆ رەخساوە

**لە ژێرخانەکە (کە کەس نازانێ بە چ هۆکارێک لەوێ ماونەتەوە، ڕەنگە لە بەر ئەوەی هیچ کەس نایەوێ بێوەژنێک بە چەند کچی مەعسوومەوە ئازاربدات)، بێنە دەر و بچنە ناو جەستەی خەڵکی ئەم سەردەمەوە و ئەوەی بکەن کە کرا. ئەو پیاوە دوواتر پلانێکی داڕشت بۆ ئەوەی بۆچوونەکانی خۆی لە دوو توێی بەرگی کتێبێکدا گەڵاڵە بکا و بیداتە دەرەوە. کتێبێک بە سەردێڕێ "لە پشمینەوە هەتا دۆنادۆنی ڕۆحەکانی دراوسێکەمان"،... کتێبێک کە بە هۆی پیریی نووسەرەکەیەوە قەت، نە، نووسراو نە لە چاپیش دراو نە بڵاویش کرایەوە، بەڵام زۆر کەس کورتەیەک لە نێوەڕۆکەکەیان دەزانی.**

**بێزار لە کارەسات بە تەنیشت ئەو خانووەدا تێپەڕیبوو. بە هەزاران جار. هەندێ جار لە ڕووی سەرنجەوە ناوچاوانی بەو شووشە لێڵ و تاریکەوە نابوو کە پێی وابوو نیگاکانی بۆ ئەو دیو دەگوازێتەوە. ئەگەرچی قەت باوەڕی بە حیکایەتی پشمینەکان و داستانی ڕۆحەکان نەکرد، بەڵام تازە شتێک لەو خانووەوە لە ناو دەروونی ئەودا نیشتبوو و جێی گرتبوو. شتێک وەک بوونێکی ناڕاستی دەرەکی، بەڵام وەک راستێکی دەروونی. ئەو بە هۆی سیمای مەعسووم و مەزلوومانە و شیرینی کچەکان دڵنیا بوو لەوەی کە لە ژێرخانەکاندا جگە لە بۆنی شیاکەی مانگا و کاوێشیان و تەڕایی لیکی دەمیان هیچ باسێکی تر نیە، بەڵام تازە ڕۆح و جنۆکە ببوونە پێناسەی خانووەکە.**

**بە چەندین و چەندین ساڵ دووای شۆڕش و شەڕ، کاتێک خانووەکە تێکدرا و رووخێندرا و بینایەکی نوێی تێدا چێکرا، نە کرێکارەکان و نە کەسی تری گەڕەک هیچ ڕۆحێکیان نەدی کە لە ترسی پاچ و خاکەناس و بێڵ رابکەن و خۆیان بە شوێنی تردا بکەن. کە دیوارەکان تازە کرانەوە،**

**ئیتر کەس چیتر باسی رۆح و جنۆکانی نەکرد. رەنگە هۆکارەکەیشی ئەوە بووبێت کە لە سەردەمی شەڕ و شۆڕشیش زۆر گوزەرابوو،... یەکجار زۆر.**

**هەندێ جار بێزار لە کارەسات بیر لەوەی دەکاتەوە کە چ باشتر هیچ کات کتێبەکە نەنووسرا و لە چاپ نەهاتە دەر. ئەگەرچی دەکرا ئەو کەسە وەک یەکەم نووسەری ئەم گەڕەکە لەمێژین و کۆنە، بۆ هەمیشە ناوبانگ دەربکا. ناوبانگێک هەم بۆ خۆی و هەم بۆ گەڕەک. شتێک لە رەگەزی پەشیمان بوونەوە.**

**پەشیمانی،... وەک دەڵێن زۆر شتی ژیان و تەنانەت خودی ژیانیش سەرئەنجام رۆژێک دەگاتە قۆناغی پەشیمانی. پەشیمانی گەر مەبەستی سەرەکی نەبێ، لانیکەم یەکێک لە مەبەستە سەرەکییەکانە. دەگەیتە شوێنێک کە حەز دەکەی قەت نەهاتیایە ئەم دونیایەوە. ئەمە بۆچوون و چیرۆکێکی کۆنە، نەوە لە گەڵ نەوە دووپات کراوەتەوە. خۆش بژیت و ناخۆش، ئەم هەستە هەر رووت تێدەکا. بۆ یەک چرکەیش بێت. وەک بڵێی لە گەڵ خودی ژیان و بوون لە دایک دەبێ. دووانەیەکی نادیار و شاراوە، بەڵام هەر دەم حازر و ئامادە.**

**بێزار لە کارەسات، نیگای پەشیمانیی زیاتر لە هەر شتێکی تر لە نیگای ئەو ئاشقانەدا دەبینییەوە کە پێک دەگەیشتن و بەڵام دوواتر بە دەرکەوتنی لایەنە ریالییەکانی کەسایەتییان، کۆشکی ئەشقیان بە**

سەردا دادەڕما. نیگای ئەو مرۆڤانە خەمگینترین و لە هەمان کاتدا ڕەقترین نیگای دونیا بوون. وەک بڵێی لە بنەوەی پەشیمانیش شتێکی تری وەک "رق لە خۆ بوون" هەبوو،... رق لە ساویلکەیی و سادەیی قۆناغێکی ژیانی مرۆڤ.

ئەو پێی وابوو لە کۆڵانەکەی ئەواندا دیتنەوەی ئەم جۆرە نیگایانە زۆر دژوار نەبوو. ئەویش لە بەر دوو هۆ: یەکەم ئەوەی کە، ئەوانەی بە ئەشق پێک دەگەیشتن یەکجار کەم بوون و، دووهەم ئەوەی کە، ئەوان سەرەتا ئەو مرۆڤە میهرەبانانە بوون کە کتوپڕ رۆژێک لە رۆژەکان تەریک دەکەوتنەوە، ئەوانەی خۆیان خۆیان تەریک دەخستەوە، وەک بڵێی لە خۆیان و لە خەڵکی و لە رابردوو شەرمیان دەکرد. جگە لەمە لە گەل تەریک کەوتنەوەیشیان، میهرەبانیەکانیشیان ون دەبوون. ئەو جەستانەی لە رابردوودا سوک و چەلەنگ بوون و ئیستاکە قورس و بێ هێز و داهێزراو.

لە گەڕەکەکەی ئەواندا تەنیا یەک کەسی وا دەست دەکەوت. ڕێک لە ناو یەکێک لە خانووەکانی ناوەڕاستی کۆڵان دا مرۆڤێکی تەمەن مامناوەندیی جەستە تێکسمراوی قژ هەمیشە ئاڵۆزکاو دەژیا کە کاتێک بە ڕێگادا دەڕۆیشت، شانەکانی کۆ دەکردەوە، وەک بڵێی هەمیشە یان سەرمای بێت یان بە هەڵتەکاندنی شانەکانی دەیەوێ بڵێ "ئیتر بە من چی!" بێگومان گەر لێوی هەڵبقرچاندایە، زۆر خێرا مانای دووهەمی لێ هەڵدەهێنجرا. بەڵام بێزار لە کارەسات هیچ لێکدانەوەیەکی بۆ شانەکانی ئەو کابرایە نەبوو، تەنیا شتێک سەرنجی ئەوی رادەکێشا تەنیا و تەنیا چاوەکانی بوون. ئەو چاوانەی وەک بڵێی ئیتر نە هیچ شتێکیان تێدا بوو و نە هیچ شتێکیشیان دەبینی.

ئەمە، ئەوی بۆ بیرکردنەوە لە سەر ماناکانی رۆمانتیزم و ریالیزم برد. بڕوا ناکا هۆکاری رۆمانتیزم تەنیا حەزێکی جەستەیی، جوانی یاخود مەیلی جنسی بێت، وەک چۆن هۆکاری ریالیزم ناتوانێ تەنیا شتە دەرەکییەکان بن. شتێک لە ئێمەیشدا هەیە کە بنەمان بۆ ئەم دووانە. بڕوا ناکا لە کاتی رۆمانتیزم دا ریالیزم بە تەواوی ونە و لە کاتی ریالیزم دا رۆمانتیزم. بێزار لە کارەسات پێی وایە ئەو شتە "هەڵبژاردن" ە، واتە لە قۆناغی رۆمانتیزم دا ئێمە هەڵدەبژێرین کە رۆمانتیست بین و لە قۆناغی ریالیزم دا هەڵدەبژێرین کە ریالیست بین. ئەم هەڵبژاردنە پەیوەندی بە حەز و جوانی و مەیلی جنسی و شتە بەرهەستەکانەوە نیە. ئەم هەڵبژاردنە خۆی لە خۆیەوە دێت، واتە لە سەر پێی خۆی راوەستاوە و پاڵی بە هیچ کام لەم شتانەوە نەداوە. ئەو پێی وایە تەنیا شتێک کە دەتوانێ هۆکاری "هەڵبژاردن" (بە شێوەی ناڕوون) بێت، تێکەڵێکە لە زەمەن و لە بوون.

بێزار لە کارەسات زۆر جار کە بە تووشی ئەو پیاوەوە دەبوو، لە چاوەکانیدا زەمەنە ونەکان و "بوون"ە تواوەکانی دەدیت. پێکەوە. جاری وایە هەر کامەیان لە چاوێکدا و جاری وایە پێکەوە لە هەر دووکیاندا. شانەکانیشی بەرز بوونەتەوە رەنگە لە بەر ئەوەی کاتێک زەمەن و بوون نامێنن، لە شوێنێک لە فەزادا ون دەبن. شانەکان بەرەو ئەوێن.

سەیر ئەوەیە پیاوێک کە سەردەمانێک دەیتوانی بزۆزترین بوونەوەری سەر رووی زەوی بێت، ئیستاکە درێژترین ڕێگای هاتووچۆی، ڕێگای نێوان ماڵەوە و شوێنێکە لە سەر شەقام. تەنانەت بە کاتی زستان دەتوانی بە جوانی ژمارەی هەنگاوەکانیشی بژمێری.

**ئەو، بێزارە لەم ژماردنانە. بێزار لە کارەسات پێی وایە هەتا لە ژیاندا بمێنێ لە سەر بۆچوونەکەی خۆی لە بابەت ئەم جۆرە کەسانە دەمێنێتەوە، ئەگەرچی ژمارەیان نە یەک کەس بەڵکوو بە دەیان کەسیش بێت،... لە گەڕەکەکەی ئەواندا.**

**لە گەڕەکەکەی ئەواندا، لە ساڵی شەڕەکەوە ئەوان بە شێوازێکی تر بە سەر تەرمی مردووەکاندا دەگریان. زیاتر کوڕدەبوونەوە، زیاتر دەیانزریکاند و زیاتر هەنسکیان دەدا. تەنانەت شیعرەکان و لاواندنەوەکانیش لە جۆرێکی تر بوون. لە شیعرەکانیاندا باسی ئەو وڵاتە نوێیانە بوو وا بە رووی مردووەکاندا دەکرایەوە،... وڵاتە ئەفسووناوییەکانی پێک گەیشتنی ئارەزووەکان و رابردوو.**

**ئێوارەیەک بێزار لە کارەسات بۆ پیاسە رووی کردە داوێنی شاخەکەی نزیک شار. لە شوێنێکی کەمێک بڵێند دانیشت و سەیری شاری کرد. شار، کۆیەک بە دەنگە ناڕوونەکانییەوە. لەو پەڕیشی تاقە گۆڕستانەکەی شار کە لە ناو دارستاندا راکشابوو. بێگومان لەوێ ئیستا کۆمەڵێک کەس کوڕ ببوونەوە، دەیانزریکاند و هەنسکیان دەدا، هەروەها شیعری نوێیان دەگوت. ئەو شیعرانەی وا رەگیان لە ترسی ژیانی شارنشینیی سەدەی نۆزدە و شەڕی یەکەمی جیهانیدا هەبوو. بێزار لە کارەسات پێی وایە کە مرۆڤەکان زیاتر لە یەک کۆدەبنەوە و زیاتر بە تەنیشت یەکەوە دەژین، ئەگەری شەڕەکان زیا دەکا،...**

یەکجار زیاد دەکا. رەنگە دەنگی تەقینەوە و زریکە، دوواتر کەمێک رایانتڵەکێنێ و لە یەکتریان بکشێنێتەوە. ئەوەی کە سەرەڕای نزیکبوونەکان هێشتا سنوورەکان ماون و ئەم سنوورانە دەبێ ڕێزیان لێبگیرێ. سروشتیش وەک هەمیشە سەرگەرمی کاری خۆیەتی، "با" وژەی دێت و هەورەکان دێن و دەڕۆن و، ئاسمانیش لە قوڵاییەکانی خۆیدا خەریکی نووچدانە. ئەوەتەی سروشت هەیە ڕانەهاتووە بە ژیانی دەستکردی مرۆڤ.

کتوپڕ لە سەرەوژوورییەکی تەنیشتی، هەست بە جوڵەی پەیکەرێک دەکا، جوانتر دەڕوانێ، کەسێک بە کاوەخۆ سەردەکەوێ، جار جارە پشوودەدا و نزیک و نزیکتر دەکەوێتەوە. پیرمێردێکی گۆچان بەدەستە. کە چاوی بە بێزار لە کارەسات دەکەوێ، سەرەتا بە چاویلکە درشتەکانی لێی ورد دەبێتەوە و ئەوسا لێی دەچێتە پێش. وەک بۆ خۆی دەڵێ ماڵی کەمێک لە خوارترەوەیە و جار و بارە بۆ پیاسەیەک رووەکاتە ئێرە. گۆچانەکەی دارگوێزە و، لێرە و لەوێ قڵشت قڵشت. ئەویش پیر. بە دەستە لەرزۆکەکانی توتن و پەڕەیەک دەپێچێتەوە و لە گەڵ یەکەم مژ بە وردی لە بێزار لە کارەسات دەڕوانێتەوە. دەڵێ:

- زۆر جەوانی هێشتا،... تۆ بێرە چێ! سی چل ساڵی تر بگەڕێوە،... گەر خودا عومری دا کە حەتمیش دەیدا. مرۆڤی گەنج خۆشەویسترین مەخلوقی خودایە!

دووکەڵی دەمی لە سەمایەکی شێتانەدا ون دەبێ.

- جێگەی تۆ هێشتا ئەو کووچە و کۆڵان و شەقامانەیە،... ڕێک ئەوێ (بە بێ ئەوەی سەیری شوێنەکە بکا پەنجەی بۆ دەکێشێ)، هێشتا زووە لە گەڵ تەنیاییەکانی خۆت دابنیشی و رابێی. بە بیرم نایەت بە

گەنجیەتی بە تەنیایی لە هیچ شوێنێک بە تایبەت شوێنێکی وەک ئێرە دانیشتبێتم. نازانم خەڵکی ئەم سەردەمە بۆ وایان لێهاتووە. بە تەنیایی دانیشتن هی ئەو کاتانەیە مرۆڤ خەریکە لە کۆتاییەکان نزیک دەکەوێتەوە،... دێت و بە تەنیا دادەنیشێ بۆ ئەوەی بەرەبەرە خۆی بەو رۆژە و رۆژەکانی تری دووای عادەت بدا، ئا بە گۆڕ... گوێت لێیە کوڕم... عادەت بدا. سەیر نیە؟ ئەگەرچی ئەو رۆژە هەر دێت و ناتوانین بەری پێبگرین، بەڵام دەبێ خۆمانیشی پێ عادەت بدەین!

دووکەڵەکان تەواو نابن. دەڵێی سەرچاوەی هەرچی دووکەڵی دونیایە لە تووتنی ئەم وڵاتەدایە.

ـ ئیستا ژمارەی گەنجەکان لەوێ لە پیرەکان زیاترن (بە پەنجە دیسان ئاماژە بە شوێنێک دەکا بەرەو خانووەکان، بێگومان مەبەستی گۆڕستانەکەیە)، جاران وا نەبوو، بۆیە خەڵکیش وەک ئیستا نەدەگریان. من کە پیرم و ئەوەندەم لەم ژیانەدا نەماوە، بە هۆی ئەم شێوە گریانەوە نەک تەنیا ئیستا لە مردن ناترسم بەڵکوو حەزیش دەکەم بێت، هەرچی زووتر بێت،... مرۆڤی ئەم سەردەمە زۆر توڕەم دەکەن،... ترسنۆکترین و لە هەمان کاتدا پڕداواکارترین! دەزانی کە داوات زۆر بوو و ترسنۆکیش بوویت، پێش هەموو شتێ گۆڕستانەکان ئاوەدانتر دەبنەوە،... ئەیچۆن کوڕم! هەمیشە وابووە بەڵام قەت بە قەدەر ئیستا ئەم راستیە دەرنەکەوتووە، چونکە ئیستا ژمارەی مرۆڤەکان زۆر زیاترن. هیچ شتێک بە قەدەر ئەم زەمانە شت ئاشکرا نەبووە!

بێزار لە کارەسات کە کتوپڕ لە تەنیایی دانیشتن و بیرەکانی خۆیدا پێی کەوتبووە قەفەسی دانیشتنێکی لەم چەشنە، هێشتا بە بێ ئەوەی

قسەیەک بکا یاخود کاردانەوەیەکی تری هەبێ، هەر سەیری کابرا دەکا و بە وردی گوێی لێدەگرێ. نازانێ بۆ، بەڵام حەزی ئەزیەتدانێ دەیگرێ:

- حەز دەکەی بمری و کەچی هەمیشە روو لێرە دەکەی، دەزانی ئەمە عەمرت درێژتر دەکا؟

کابرای پیر کە لە بیری درێژەدانی قسەکانی خۆیدایە و خەریکی هێنان و بردنی چەند وشە و رستەی ترە لە دەمی وشک و دووکەڵاوی و زەردی خۆیدا، رادەوەستێ. لە پشت چاویلکە ئەستوورەکانییەوە لە کاتێدا سەری بە ئاستەم زیاتر بەرەو بان کێشاوە، لە بەرامبەرەکەی دەڕوانێتەوە:

- من بۆ عەمر درێژی نایەمە ئێرە، وەرەزییەکانم هەڵمدەگرن. ئێوارەیانیش دێم، چونکە بە رۆژ زۆر گەرمە. شوێنێکی تریش شک نابەم کە پیا سەرکەوم و عومرم کەم بکاتەوە! دەزانی من لە تەمەنی تۆدا ئەزیەت و لاتارەکانم بۆ کچەکان هەڵدەگرت، بۆ ئەوانەی وا ئەزیەتەکانیش دەبوون بە بەشێک لە چیرۆکی خۆشەویستی بۆیان، نەک بۆ پیرەکان!

بێزار لە کارەسات هەست بە شتێکی ناخۆش لە دەروونیدا دەکا، شتێک کە نازانێ چییە. هەڵدەستێ و دەیەوێ بڕوا. رەنگە پەشیمانی. چاویلکە لە چاوەکە دەڵێ:

- تازە هاتووی، گەر دەتەوێ سەفەرەکەت تەواوبکەیت، دەبێ هەتا خۆر دادەچێ لێرە دابنیشی. من هەمیشە وا دەکەم. تەنیاییەکانی تۆ بە بێ بینینی ئاوابوونی خۆر ناگەنە هیچ شوێنێک، تەنیا وڕت دەکەن.

بێزار لە کارەسات کە دووردەکەوێتەوە، ئەمجارە تێدەگا کە شتە ناخۆشەکەی دەروونی رقێکی کتوپڕی و شاراوە بووە کە لەناوەخت

بەرامبەر بە پیاوە پیرەکە رووی تێکردبوو. بۆ خۆیشی نازانێ بۆچی ئەم حاڵەتە رووی تێکردبوو، گوناحی قەبرستانەکەی ئەوبەر و جۆری گریان و لاواندنەوەی سێبەرەکانی ناوی بوو، یان ئەو قسانەی کە پێی وانەبوو کەسێک هەبێ لەم شارەدا و بەم چەشنە بتوانێ بیاندرکێنێ.

ئەو ئیستاکە دەزانێ، رەنگە هۆکاری بەشێکی ئەوەی لەوێ لە گۆڕستانەکەدا دەگوزەرێ، بۆ ئەم نەزانینە دەگەڕێتەوە. لە هەر کۆڵانێکدا دەکرێ کەسانێک هەبن کە بیانەوێ ئارەزووەکان و رابردوو پێکەو گرێ بدەن، پێش ئەوەی کار بگاتە کوڕبوونەوە و زریکە و هەنسکدانە بێکۆتاییەکان.

بێزار لە کارەسات لە خۆی بێزارە. بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا هەست بە تاوان دەکا، تاوانێکی رووت.

**رووت** رووت هات. وەک چۆن کتوپڕ زەمەن و ساڵ شڵەقاو، شۆڕش بە بێ ناردنی هیچ هەواڵ و خەبەرێک خۆی بە شەقام و کۆڵان و ژوورەکاندا کرد، هەر بەو شێوەیەیش هەواڵی یەکەم شەهید لە ناو شارەوە خۆی بە ناو شاردا کرد! شەهیدەکە، ئەو پیاوە هێشتا گەنجە بوو کە بۆ چاککردنی ئانتینی تەلەفزیۆنەکەیان چووبووە سەربانی و بە رێکەوت یەکەم فیشەکەکانی سەربازخانەکەی شار پێکابووی و کوشتبووی. بەڵام هیچ رووداوێک سەرەڕای بە هەڵکەوت بوونی هەتا سەر هەر بە هەڵکەوت نامێنێتەوە. ئیتر وەک چۆن شۆڕش درێژەی

**کێشاو بە ئەنجامی خۆی کە رووخانی دەسەڵات بوو، گەیشت، هەر بەو شێوەیەیش یەکەم شەهیدی بە هەڵکەوتیش، زۆر خێرا شەهیدە ئەنقەستەکانی تری بە شوێندا هات. شەهیدبوون بوو بە بایەخ، بوو بە ئامانج. وەک شۆڕشگێڕەکان دەیانگوت ژیان ئیتر ئەوەندەی دەهێنا لە پێناویدا ژیان ببەخشی. بەڵام لەم رستەیەدا شتێکی ناخۆشیش هەبوو، ژیانێک کە ژیانی بۆ ببەخشی کەمێک ترسناک دەهاتە بەرچاو. مردن و خوێن خۆی لە خۆیدا تابلۆکەی کەمێک ترسناک دەکرد. بێزار لە کارەسات زۆر جار بیری لەوە دەکردەوە کە گەر مرۆڤ نەبێ، ئیدی ژیان چ مانایەکی دەمێنێ. ئەگەرچی بۆ ئەم بیرکردنەوەیە وەڵام زۆر بوو، بۆ وێنە هەندێ مرۆڤ دەمرن لە پێناوی مرۆڤەکانی تردا کە ژمارەیان یەکجار زۆر بوو، ژمارەیەک بە قەدەر هەموو نەوەکانی داهاتوو، بەڵام ئەم وەڵامانە رازی نەدەکردن. هەستی دەکرد شۆڕش وەک کەوتنە خوارەوەی زەڕنەقووتەکە رووداوێکە کە قەراربووە رووبدات بۆ ئەوەی ئەو بیبینێ و دوواتر بە شێوازی خۆی بیگێڕێتەوە. زەڕنەقووتەی شۆڕش یاخود شۆڕشی زەڕنەقووت.**

**بۆ یەک دوو رۆژی دوواتر، شەهیدە هەڵکەوتەکە لە گەڵ یەکەم شەهیدی بە ئەنقەست، بە سەر دەستی حەشیمەتی تووڕەی خەڵکەوە بەرەو گۆڕستان بەڕێکرا. خەڵک بە دروشمدان بڕیاریان دا کە نەهێڵن خوێنی شەهیدان بە فیڕۆ بچێ و تۆڵەیان بستێنن. تۆڵە سەندنەوەیش بە دوو شێوە بوو: لە خراپترین حاڵەتدا بە کوشتنی دوژمنان، ئەوانەی وا دەستیان بە خوێنی خەڵک بە هەڵکەوت و بە ئەنقەست ئالوودە ببوو، یان بە شێوازی سەرکەوتن. خەڵک وەک رووداوەکانی دوواتر نیشانیان دا لە ئامانجەکانی خۆیاندا سەرکەوتن. هەندێ لەوانەی بەرامبەر**

کوژران و سەرئەنجام تاج و تەختیشیان تەسلیم کرد. وێنەی ڕێبەر کە ئەو ساڵانە لە ناو مانگ دا بوو، ئیتر بۆ هەمیشە ئەوێی بە جێ هێشت و ڕووی کردەوە زەوی.

ئەو ڕۆژەی یەکەم شەهیدی تیا کوژرا، ڕۆژێکی خۆڵەمێشی و زستانە بوو. دەیانگوت سەرەڕای دووریی سەربازخانەکە، فیشەکەکە کوشتوویەتی چونکە بەر جێگای هەستیاری کەوتبوو، واتە یان سەر یان دڵ. بۆ ڕۆژی دوواتریش، لە گەڵ ناشتنی، بەفر دەبارێ و خوێنە ڕژاوەکەی لە سەر بانی لە ژێر خاکی سارد و سپیی خۆیدا دەنێژێ. هەڵبەت ئیستایش کەس نازانێ داخۆ توانی ئانتینەکە چاک بکات یان نا، چونکە لە دووای کارەساتەکە بە مانگ بگرە زیاتریش تەلەفزیۆن لەو ماڵە هەڵنەکرا و ئیتر "هەڵە" کەوتە دەست زەمەن و دەست داهاتوو. بەڵام وەک ساڵەکانی تر پیشانیان دا، بڕیار نەبوو کاروانی ئەو شەهیدانەی نەیاندەویست شەهید بن، ڕاوەستێ. تەنانەت لیستی ئەوان لە چاو شەهیدە ئەنقەستەکان روویان لە زیادبوون کرد،... یەکجار زیاتر. تاوانی یەکەم کەس بوو، یان ئەمیش ڕێکەوت (ڕێکەوتێکی هەمیشەیی)، بێزار لە کارەسات نازانێ. ئەسڵەن ڕەنگە ئەو هەر لە بنەڕەتدا دەبێ واز لە دابەشکردنی شەهیدەکان بە سەر "ڕێکەوت" و بە سەر "ئەنقەست"دا بێنێ. گەر لە مردنەوە بێیتەوە (یاخود لەوێوە گشتی ڕووداوەکان ببینی)، ئەم دابەشکردنانە زۆر بێ مانا دەبن. ریزی پەیکەرە بێ گیانەکان، کە مرۆڤ لە گەڵیان نامۆ نەبووە،... قەت،... بە درێژایی هەبوونی.

ئەگەرچی شۆڕش و ئەو ساڵانە تەواوبوون، بەڵام بێزار لە کارەسات هەست دەکا بۆ هەمیشە مردووشۆرخانەکان و تابووتەکان بۆنی خوێن و

تەرمی ئەو سالأنەیان گرتووە. لە گەڵ هەر مردنێکی نوێ، ئەو بۆنانە دیسان دەگەڕێنەوە و دیسان خەڵک بیری شتە کۆنەکان دەکەونەوە. ئەو هەست دەکا تەنانەت گریانەکانیش مۆرکی ئەو سالأنەیان پێوەیە. بۆچی ئەو سالأنە لە بیرناچنەوە؟ نازانێ. رەنگە لە بەر ئەوەی بە هەڵکەوت و کتوپڕ هەموو شتێ دەستی پێکرد. دەستپێکردنێکی یەکجار بە وزە و بە هێز. ئەوەندە، کە هێشتا گەر بێدەنگ بیت و گوێ رادێری، لە شوێنێکەوە جوڵە بە ئاستەمەکانی ناو هەوا، پەڕەکانی گوێت دەلەرێننەوە.

**پەڕەکانی گوێی دەلەرێنەوە** بە گریان و هەنسک دانی ئەو گەنجەی لە یەکێک لە خانووە قوڕەکانی گەڕەک دەژی،... ئەو گەنجە جوانەی خەفەت لەو رۆژەی دەخوا پیر دەبێ و بۆ هەمیشە سیمای جوانی گەنجانەی بزردەبێ. خەڵکی گەڕەک رقیان لەم گریانەیە، پێیان وایە ناشوکری کردن و گلەیی کردنە لە رەوتێک وا لە ئەزەلەوە بڕیاری لە سەر دراوە. ئەسڵەن خەڵکی ئەم گەڕەکە ئەوەندە لایەنگری رەوتە سروشتی و ئاساییەکانن کە کەس نازانێ چلۆن شۆڕش و شەڕ بەرۆکی پێگرتن. وەک بڵێی لە شوێنێکی نادیارەوە کتوپڕ خۆیان بە کۆلأن و بە مالأندا کرد، رێک وەک نامەی کوڕە غەریبەکە.
خوێندنەوەی شیعرە رۆمانسیەکان ئەوەندەی تر ئەو گەنجەی شێواندووە. باوەڕناکا رۆژێک دێت و ئیتر ئەم دێڕانە نایبزوێنن و

**تەنانەت بە زەردەخەنەیەکەوە بە لایاندا تێدەپەڕێ. ئەو ڕۆژەی عەقڵ وەها زاڵ دەبێ کە هەر هەستێک دەبێ بە کاردانەوەیەکی منداڵانە. ئەو کاتەی ئەو دەبێ لە ناو گەنجەکاندا دابنیشێ و باس لەوە بکا کە ژیان ئەوەندەی عەقڵ و سیستمە، هەست و هەڵچوونی ڕۆمانسی نیە. وە کاتێک دەیەوێ بەڵگەیش بۆ قسەکانی بهێنێتەوە، دەبێ باس لە سێدارەدانی پشیلەکە و شۆرش و شەڕ بکا،... ئەو کاتانەی هەست وەها زاڵبوو کە مەرگ و کوشتنی ئەوانی تری زۆر بە ئاسانی پاساو دەدایەوە.**

**ئەم گەنجە پێی وایە لە نێوان جوانی و جەوانی و سەردەمە ڕۆمانسییەکان و شەڕ و شۆڕش پەیوەندێکی ڕاستەوخۆ هەیە. تەنیا ئەوانەی لە مەرگ و شۆڕش و شەڕ دەترسن کە ناتوانن عاشق بن. ئەو کە لە ئاوێنەدا سەیری خۆی دەکا، دەست بە جێ بەو ئاکامە دەگا هەر ئێستاکە دەبێ کارێکی گەورە بکا. لەو کارە گەورانەی وەک دروستکردنی ژیان، یان ڕووخاندنی ئەو ژیانەی کە ئیستا هەیە. ئەوەندە ڕقی لە مرۆڤە پیرەکانە کە کاتێک بەلایاندا تێدەپەڕێ، ناتوانێ سەر هەڵبێنێ و سەیریان بکا. ئەو پێی وایە گەر ئەوان لە سەردەمی گەنجیەتیدا شتێکی گەورەیان کردبایە، ئیستا چرچ و لۆچ نەدەکەوتن و، بە بێ هێز و وزە دڵیان بە هەتاوی بن دیوارەکان خۆش نەدەکرد. ئەو جاری وایە گومان دەکا لەوەی لە سەردەمی ئەواندا ئاوێنە هەر هەبووبێ. پێی وایە لە بەر ئاوی چۆمدا لە خۆیان ڕوانیوە و بۆیە زۆر بە ئاسانی جوانییەکەیان لە بەر چاویاندا نەرم نەرم لێیان دوورکەوتووەتەوە. ئیتر لە سالی لافاوەکە گەڕێ هەر کارەسات بووە!**

لە لای ئەو، نەک تەنیا بۆ خۆی، بەڵکوو هەموو دونیا بوونی هەیە چونکە عەودالّی جوانییە. واتە بیانووی چێکردنی "بوون" جوانیە. ئەو نازانێ کەسێک یان کەسانێک لە پشت ئەم خولّقاندنە هەن یان نا (گرینگیش نیە هەبێ یان نەبێ، گرینگ خودی بوونەکەیە)، خلّقەت تازە هەیە و چیدی لە گەڵ ناکرێ. تەنیا کاری مرۆڤ ئەوەیە ئەم حەقیقەتە ئاشکرایە بدۆزێتەوە و باوەڕی پێ بێنێ کە هەموو شتێک لە پێناوی جوانیدایە و بەس. وە تا هەمووان بەم ئاکامە نەگەن، ناتوانرێ بە تەواوی بەر بە پیری بگیردرێ. ئەو، رق ئەستورترین مرۆڤی سەر زەوییە. پێی وایە گەر بتوانێ زەمەن بگێڕێتەوە، دەتوانێ لە هەموو داستانە خۆشەویستییەکان و لە هەموو شەڕ و شۆڕشەکاندا بەشداری بکاتەوە،... وەک هەموو ئەوانەی وا ئەو سەردەمانە بەشدارییان تێدا کردبوو.

ئەو تەنیا تاکە کەسی ئەو گەڕەکەیە هێشتا پێی وایە سەردەمی شۆڕش تەواو نەبووە، بەڵگەیشی ئەو شەڕ و چیرۆکی خۆشەویستیانەن هێشتاکە لێرە و لەوێ لە جیهاندا روو دەدەن. دەفتەرێکی گەورەی کڕیوە و هەر هەواڵێکی لەم بابەتانەی لە لای خۆی بە تاریخ و تەنانەت سەعاتی روودانەکەیشیەوە نووسیوەتەوە. هەڵبەت چونکە ئەهلی قسە و گفتوگۆی رووبەڕوو نیە، قەت لە دەفتەرەکەی کەڵک وەرناگرێ. یادداشتەکانی تەنیا بۆ خۆیەتی، ئەوەی کە رۆژێک لە رۆژان قسەی نەیارەکانی کاری تێنەکەن و بە سەیر کردنی فاکتەکان، بتوانێ بەردەوام پێداگر بێت لە سەر راستیی بۆچوونەکانی خۆی.

بێزار لە کارەسات پێی وایە رۆژێک چیرۆکی ئەشقێکی گەورە، شەڕ یاخود رەنگە شۆڕشێکی تر (دیارە نەک بە شێوەیەکی حەتمی لێرە،

بەڵکوو لە شوێنێکی تریش)، ئەم گەنجە لە گەڵ خۆیان دەبەن. پێی وایە ڕووداوەکان وەها بە خۆیانەوە سەرقاڵی دەکەن کە کوڕە گەنجەکە ئاگای لە ڕەوتی پیربوونی خۆی نامێنێ. هەڵبەت ڕەنگیشە نەگاتە پیری. ئەوانەی حەزیان بەم سێ شتەیە، بە گەنجیەتی دەمرن، هەر بۆیە پێشیان وایە هەتا هەتایە دەتوانن بە جەوانی بمێننەوە! دەنگی ئەم سێ شتە یەکجار گەورەن،... هەم دەگەنە رابردوو و هەم داهاتوو. دەنگە گەورەکان دەتوانن ئەویش بگەیەننە زەمەنە دوورەکان. گەر قەرارە تەنیا دەنگ نەمرێ، کەواتە ئەویش نامرێ. بێزار لە کارەسات سەری بەم فەلسەفەیە سوڕ دەمێنێ. یەکجار سەرنجڕاکێشە. بێهۆ نیە لە هەر سەردەم و لە هەر نەسڵێکدا بەشێک لە مرۆڤەکان (جاری وایە بەشێکی بەرچاویشیان) سەرگەرمی ئەمەن.

بە پێچەوانەی ئەوەکانی تر کە حەزی لە دیتنی ژوورەکانیان بوو، بێزار لە کارەسات مەیلی بۆ بینینی ژووری ئەم گەنجە ناچێ. ئەو گەنجە لە هەر کەسێکی تری ناو ئەم گەڕەکە زیاتر حەزی بە چوونە دەرەوەیە. ئەو تەنیا کاتێک لەماڵەوەیە کە تاسەی دیتنی جوانیی ڕواڵەتی خۆی لە بەر ئاوێنەدا دەکا، ئەگینا ساتەکانی تر بە شوێن ڕووداوەکانەوەیە. ئەو ئەوەندە جوانە کە هەموو دونیا دەبێ بیبینێ.

شەوێک بێزار لە کارەسات دیمەنێکی سەیر دەبینێ. لە بەر پەنجەرەی ئەو ماڵەدا هەرچی ئەستێرەی ئاسمانە کۆبوونەوتەوەو خەریکی قسەکردن لە گەل کوڕەکەدان. تۆپەڵە ورشەیەکی سەیر،... گەش گەش،... بە بریق و باق. جاری وایە بزە دەنیشێتە سەر لێوی و جاری وایە ناوچاوانی تێک دەنێ و جاری وایشە سیمای ناخوێندرێتەوە. باشە، باسی چیدەکەن؟

**بۆ رۆژی دوواتر سەفەری هەمیشەیی کوڕە گەنجە جوانەکە دەست پێدەکا. دەڕوا. دووای سالانی سالیش کەس نازانێ چی لە بەسەر هاتووە، تەنانەت ئاوێنەی ژوورەکەیشی کە ئەو هەمووە هاوڕێ و هاودەمی بوو. ون ون. تۆ بڵێی کاتێک ئەستێرەکان رێگایان دەکەوێتە سەر زەوی، باسی چی دەکەن؟ ئیستا ئیتر دڵنیایە کە باسی سەفەر دەکەن، بەلام بەرەو کوێ؟ بێزار لە کارەسات لە دڵی خۆی لە شتێکی نادیار کە بۆ خۆیشی نازانێ چییە، دەپاڕێتەوە کە سەفەرەکە بەرەو هەموو شوێنێک بێت، بەلام بەرەو ئاسمان نا. ئەستێرەکان گەرچی زۆر جوانن، بەلام شوێنی ژیانی ئەوان قەت لە سەر زەوی نەبووە. خۆزگە چیدی زەوی بە جوانی ئاسمان هەڵنەخەڵەتایە!**

**هەڵخەڵەتاندنێک** **لە ئارادا نیە. ئەو رقی لەو جۆرە کەسانەیە کە هەر شتێکیان بە دڵ نەبوو و لە گەڵ بیروبۆچوونیان نەهاتەوە، دەستبەجێ سووکی دەکەن و دەڵێن هەڵخەڵەتاوە! ئەو بە وشیارییەکی تەواوەوە ئەو رێگایەی هەڵبژاردبوو و بە وشیارییەکی تەواویشەوە لە گەڵ ئاسەوار و بیرەوەرییەکانی هەڵس و کەوت دەکا. مەسینە یاخود ئافتاوەیەکی ئاودەستی لای خۆی هەڵگرتووە و ناوی ناوە "مەسینەی میللی!" دەڵێ کاتی خۆی (رەنگە زیاتر لە چل پەنجا ساڵ لەمەوبەر)، ئەو سەردەمانەی وا سەربازی سوپا بووە و لە گەڵی دەشتاو دەشت و دۆلاودۆڵ جولاوە و شەڕی دوژمنان و نەیارانی کردووە، ئەم**

مەسینەیەشیان هەمیشە پێ بووە. دەڵێ هی فەرماندە و ڕێبەری سوپا بووە. گوایا چونکە مایەسیری هەبووە، دەبا بە ئاوی گەرم خۆی شۆردبا. ئەوانیش ئاویان بۆ گەرم دەکرد، دەیانکردە ناو ئەم مەسینەیە و دوواتر دەیاندایە دەستی پیرۆزی. دەڵێ زۆر جار لە شەڕەکاندا دەنگی تەقە تەقی ئەم مەسینەیە بە سەر پشتی ئەسپەوە لە کاتی شەڕەکاندا دڵی دوژمنانی هێناوەتە لەرزین و، بووەتە هۆی راکردن و تێکشکانیان. کەواتە ئەم مەسینەیە لە بەر دوو هۆکار موقەدەس و پیرۆزە: یەکەم لەبەر ئەوەی ڕێبەر تارەتی پێگرتووە و بەردەوام ئیستایش بۆنی ئەوی لێ دێت، دووهەم لە بەر ئەوەی چەکێکی ئەوان بووە بۆ شکاندنی دوژمنان.

مەسینەکەی لە سەر تاقچەیەکی بەرز ڕێک بەرامبەر ئەو شوێنەی بۆ خۆی هەمیشە لێی دادەنیشێ، داناوەو وەک گلێنەی چاوەکانی دەیپارێزێ. کە میوانی دێت، بێ هۆ و بە هۆ قسە دەباتەوە سەر ئافتاوەکە، ئەوەندەیشی پێ ناچێ بە شوێنیدا چیرۆکێکیش دەگەڕێتەوە:

ـ ئای ئای،... چ سەردەمانێک بوو!... بۆتان بمرم!... گونی گونداریان دەردەهێنا،... منداڵ لەو کاتانەدا لە دوازدە ساڵیدا زمانی دەپشکوت،... پیاوەکان دەرپێی ژنیان لەپێ دەکرد،... تۆزقاڵێک غیرەت چییە لە ناو تەنانەت خودی غیرەتیشدا نەمابوو و دەست نەدەکەوت!... هەر هیچ نەمابوو، هیچ. هەموو شتێ بۆشایی و بەتاڵایی،... وەک سەحرا و وەک بەرەهوت. هەتا ئەو پیاوە پەیدا بوو، ئا، ئەو پیاوە. پیاو نا، شێر. کە پەیدا بوو بە نەعرەتەیدا ناسیمانەوە، لە گەڵ نەعرەتەی بەشێک لە شەو سپی هەڵگەڕا و نیوەی ئاسمان روون بووەوە. هەربۆیە ئەوەندەی پێ نەچوو خەڵکێکی زۆر لێی کۆبوونەوە. هەرچی جەوانی

ڕەشید و جوان خاسی وڵات بوو ڕوویان تێکرد،... کە یەکەم ڕۆژ کۆی کردینەوەو بۆ خۆی بە سەر پشتی ئەسپە چەلەنگەکەیەوە چووە سەر ئەو نەختە بەرزاییەی وا بە سەر هەموو خەڵکەکەدا دەیڕوانی، ئەسپەکە سەمایەکی دەکرد هەر مەپرسە، وەک بڵێی دەیزانی چ شەرەفێکی بەرکەوتووە. ئەوسا پاش کەمێک ڕاوەستان و ڕووانین، گەورەمان گەرووی ساف کرد و گوتی کە ئیتر سەردەمی ناهومێدی تەواو بووەو سەردەمی هومێد هاتووە، سەردەمی سەرکەوتن و بەرخودان، ئەوەی کە چیتر ڕۆژانی زوو باویان نەماوە. لە چاوەکانیدا بروسکەیەک هەبوو کە غیرەتی ئەوی لە چاوەکانمانەوە بەرەو دڵەکانمان ڕادەگواست. چاوەکان و دڵەکانمان داگیرسان. کە ئەو قسەی دەکرد، دەڵێی ئەوە ئێمە نەبووین لەوێ ڕاوەستابووین، بەڵکوو ئەو تۆپەڵە گڕانە بوون وا بەڵێن بوو نیوەکەی تری ئاسمان ڕووناک بکەنەوە. کە گەیشتە کۆتایی قسەکانی، گوتی تەنیا یەک شتی ماوە بیڵێ. کتوپڕ لە پشتی ئەسپەکەیەوە ئەم مەسینەیەی دەرهێنا (لەم کاتەدا بە حیماسەتەوە دەستی بۆ ئافتاوەکەی سەر تاقە بەرزەکەی بەرامبەری ڕاکێشا)، بەرزی کردەوە و لە کاتێکدا هەموو جەستەی ببووە دەنگ و هەناسە، گوتی ئەمە ئەو شتەیە کە بەردەوامیی من لێرە لە گەڵ ئێوە و لە گەڵ داهاتوو گارانتی دەکا!

لێرەدا وەها حەماسەتێ گرتی کە هەستایە سەر چۆکەکانی:

ـ ئەو کاتە کەسمان لەم قسەیە نەگەیشت. ئەوە دوواتر زۆر دوواتر بوو تێگەیشتین. دەزانی، هەندێ جار هەندێ شتی بچووک گەورەترین ڕۆڵ و نەخشیان هەیە. من، تەنیا من دەزانم کە ئەم مەسینەیە چی کردووە!

میوانەکان جەستەیان بە تەمای ڕەحەت دانیشتن کەمێک دەجوڵێنن. دەیەوێ درێژە بە قسەکانی بدا کە خێزانەکەی دەڵێ کاک ئەحمەدی

دراوسێیان ژنی بۆ کوڕەکەیان هێناوە و سبەی شەو شیرینی خواردنە و دەعوەت کراون و، دەبێ بچن (خێزانەکەی زۆر بە پەلە پەل و خێرا ئەم رستانە لە دەمی دێنە دەر، وەها کە میوانەکان دووای چەند چرکەیەک لێی تێدەگەن).

بێزار لە کارەسات، ئەو مەسینەیەی بینیبوو. زەردێکی تەڵخ بە قۆڵێکی گردی گەورەوەو بەو لوولەیەوەی کە لە تەنیشتەوە وەک مێژوو غەمگین دەینواند. جاران زۆر یەک لە ماڵەکانی گەڕەک ئەم جۆرە مەسینەیەیان هەبوو. تەنەکەسازەکانی شار دروستیان دەکردن، هەڵبەت ئیستایش هەر دروستی دەکەن، بەڵام نەک زۆر. ئافتاوە پلاستیکییەکان کە سووکتر و هەرزانترن، جێیان بە بازاڕی ئەوان لەق کردووە، چیتر خەڵکی وەک جاران نایانکڕن.

رەنگە بە راستی ئەو مەسینەیە لە شەڕە گەورەکانی مێژووەوە گەڕابێتەوە، تەنیا و ماندوو و جەستە بە خوێن و بۆگەناوی. گەر قەرارە مێژوو هەموو شتێکی تیابووبێت، ئەم مەسینەیە بۆ نا! لەو گەڕەکەدا تەنیا بێزار لە کارەساتە باوەڕ بەو پیاوە دەکا. ئەو پیاوەی شەوانە تا درەنگان خەوی لێناکەوێ و بیر لە چیرۆکەکانی سبەی دەکاتەوە،... چیرۆکەکانی لە دایکبووی ساتە بێ ئەسپەکانی شەو،... کاتی بێدەنگییەکانی شەوانە.

**شەوێک** پشیلەیەک لە حەوشەی ماڵی بێزار لە کارەساتەوە گوزەر دەکا. بە هەڵکەوت بوو یان بە ئەنقەست، نازانێ. نۆستالۆژیا هێنابووی یان

بۆنی چۆلەکە و گۆشت و پاشماوەی زبڵەکان، دیسان نازانیٚ. هەر ئەوەندەی بینی پشیلەیەکی خرپنی سەر زلی چاو زیت و... خەمگین، لە پلیکانەکانەوە سەرکەوت و لە سەر بانیژێکە کەمێک راوەستا و، ئەوسا چوو لە قوژبنێکی بانەکەدا هەڵتروشکا. دووای ئەوەی بە زمانی، کەمێک دەورووبەری لێوەکانی لستەوەو باوێشکێکی درێژی کێشا، خۆی لە بێدەنگی بانەکەدا نوقم کرد.

بێزار لە کارەسات لە مێژ بوو ئیتر پشیلەی لە حەوشەکەی خۆیاندا نەبینیبوو، ئەو نەیبینیبوو یان هەر قەد پشیلە ئیتر روویان لە حەوشەکەی ئەوان نەکردبوو، نازانیٚ. هەندیٚ جار کارەسات دەبێتە هۆی تاراندن و ترساندنی هەموو بوونەوەرەکان و ئیتر شوێنەکە بۆ هەمیشە چۆڵ دەبیٚ و، هەندیٚ جاری تریش بە پێچەوانەوە دەبێتە هۆی راکێشانی خەڵکێکی زیاتر بۆ لای. لە ناو ئەو خەڵکەیشدا کۆمەڵێک کەس بۆ ئەوە هاتوون بەس شوێنەکە ببینن (توریستی رووداو)، کۆمەڵێک هاتوون بۆ ئەوەی خۆیان بۆ ئەبەد دەستەمۆ بکەن و چیتر جورئەتی ئەوە نەدەن بە خۆیان کە وەک پشیلە لە سێدارە دراوەکە هەڵس و کەوت بکەن (شوێنەکە دەبێتە بیانوویەک بۆ پەیمان تازەکردنەوە)، دووا کۆمەڵیش کە بە ژمارە کەمن، بۆ تۆڵەسەندنەوە دێن. ئەم پشیلەیە لە کام دەستەیانە، نازانیٚ. رێکردنی ئارام و نیگای مەند و خەمگین و دانیشتنی لەو سووچەدا شتێکی ئەوتۆ نادا بە دەستەوە. هەموو پشیلەکانی دونیا لە رووالەتی دەرەکیاندا وەک یەکن.

شتێک دەیجوڵێنیٚ. بڕیاردەدا هەستیٚ و بچیٚ بۆ لای پشیلەکە. هەست دەکا لە خۆوە نیە دووای سالانی ساڵ کتوپڕ سەرنجی چووەتەوە سەریان. شتێک لە پشت رووداوەکەدا هەیە. ئارام هەڵدەستیٚ، بە

قادرمەکاندا سەردەکەوێ و دەگاتە سەر بانیژێکە. لای خۆی بیردەکاتەوە گەر پشیلەکە هەڵات، ئەوە وەک هەموو ئەوانی ترە، ئەگەر هەڵنەهات، شتێکی ترە. هەڵنایەت. ڕێک لە سووچەکەدا درێژە بە دانیشتنی خۆی دەدا و زەق زەق لە بێزار لە کارەسات دەڕوانێ کە ئیستاکە لە بەرامبەریدا راوەستاوە. گوتی:

ـ بە نیگاکاندا دەزانم تۆیش ئەو رۆژە لێرە بوویت، ئەگەرچی نەمایەوە تا هەموو شتەکانم بە وردی بۆ بگێڕێتەوە.

بێزار لە کارەسات، دەستبەجێ دەزانێ ئەم پشیلەیە هاوڕێی پشیلە لە سێدارە دراوەکە بووە. درێژەی بە قسەکانی دایەوە:

ـ زۆر یەکترمان نەدەبینی. تەنیا لە کاتی دڵتەنگییەکانماندا یەکترمان دەبینی و قسەمان لە گەڵ یەکتر دەکرد. بۆ خۆیشت باشتر دەزانی کە ئێمەی پشیلە یەکجار دەرفەتمان بۆ دڵتەنگی کەمە،... یەکجار!

بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا بێزار لە کارەسات هەست بە تاوانباری دەکا. تاوان بەرامبەر ئەو شتەی ساڵانی ساڵ لەمەوبەر لە سەر بانیژەکە روویدابوو (ئەو هەستەی هەمیشە بە شێوەی شاراوە تێیدا بوو و ئیستا کتوپڕ بە جوانی خۆی دەرخستبوو، ئەویش لە بەر دەم پشیلەیەکی خرپنی سەر زلدا). گوتی:

ـ ببورە هیچم لە دەست نەدەهات،... هەڵبەت نەک تەنیا بۆ هاوڕێکەی تۆ، بەڵکوو بۆ هەموو ژیان  و هەموو ڕووداوەکانی تری ناوی،... من هیچم لە دەست نایەت!

ـ من لە ئێوەی مرۆڤ ساڵانی ساڵە تێگیشتووم، بەڵام بەردەوام لەبەر چاومدا رازێکن. باشە تێربوونی پشیلەیەک گرینگترە یان چێژ وەرگرتنی مرۆڤێک لە فڕین؟

- بۆ من ئەوەیکە پشیلەیەک تێر نەبێ و مرۆڤێکیش لە فڕین نەتوانێ چێژ وەربگرێ، کارەساتن،... هەردووکیان،... هەروەها ئەوەی کە کۆترێک نەتوانێ دیسان لە قوڵاییەکانی ئاسماندا بفڕێتەوە.

پشیلەکە چاوەکانی بچووک دەکاتەوە و وردتر لەو جەستەیە دەڕوانێ کە نیگاکانی هەم تیژن و هەر گەڕۆک. ئەو نیگایانەی کاتێک لە سەر شتێک رادەوەستن قوڵ دادەبەزن و، کەچی زۆر خێرایش تێدەپەڕن. بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا بە تووش کەسێکەوە دەبێ کە ماف دەداتە هەموو بوونەوەرەکانی سەر رووی زەوی. لەو مرۆڤانەی کە دوواجار هیچ مافێک نادەنە خۆیان. یان رەنگە پێیان وایە هەموو مافەکان لای ئەوانە. ئەوانەی وا هەڵبژاردن بۆیان زەحمەتە. لە کاتێکدا وردتر لە بەرامبەرەکەی دەڕوانێ، لەو جەستە و رواڵەتە گەنج و نەرم و نیانە کە نیگەرانییەکی قوڵیشی تێیدا شەپۆلان دەدا، دەزانێ بێسوودە لە گەڵ کەسێکی وەها قسەکردن، لە گەڵ کەسێک کە دەتوانێ لە گەڵ هەموو کەسێک و هەموو بوونەوەرێکی ئەم دونیایە هاودەردی بکا، بە بێ ئەوەی کارێکی لە دەست بێت. تەماشاگەرە ئەزەلی و ئەبەدییەکان. ئەوانەی دوواجار ژیانی خۆشیان کارەساتە، ئەگەرچی کارەساتیان بە سەردا نەیەت!

لە روانینی بەردەوام دەبێت. سەرئەنجام هەڵدەستێتە سەر چوار چنگان و، دەڵێ:

- سەرەڕای هەموو نەهامەتی و دژوارییەکان، ئێمە دەبێ لایەنێک هەڵبژێرین، ژیان وەهایە. گەر هەڵنەبژێری، ژیانی خۆت ناژی. لە ناو ئەوانی تردا ون دەبی. لەم ژیانەدا ناکرێ هەمووان خۆش و وەک یەک بژین، یان هەمووان ناخۆش و وەک یەک. ئەمەیش گوناهی ئێمە نیە.

**گوناهە گەورەکە کەسێکی تر خولقاندوویەتی. بەزەییم پێتدا دێتەوە کوڕی قۆز!**
**ئەم گوتەیەی دووایی بە فیزێکەوە درکاند. ئەمەی وت و نەرم نەرم بەو پەیژەیەدا سەردەکەوێ وا زەڕنەقوتەکەی پیا سەرکەوت.**

**سەرکەوتن، دروشمی رۆژ بوو. دروشمیان بوو،... هی هەر هەموویان. هیچ کەس لە هیچ لایەک جگە لە سەرکەوتن بە هیچ شتێکی تر رازی نەدەبوو. کە گوێیشت لە هەواڵەکان دەگرت، باس هەر باسی سەرکەوتن بوو! ئەوەیشی شکستی دەهێنا هەر سەرکەوتبوو، چونکە بەرامبەرەکەی بە خیانەت سەرکەوتنەکەی خۆی تۆمارکردبوو (وایان دەگوت). شکست لە خیانەتدا سەرکەوتنە. لە وڵاتی نەیارە تا سەر تینوو بە خوێنی یەکترەکان، کەس شکستی نەدەخوارد، هەر بۆیە لە راستیشدا کەسیش نەیدەزانی چۆن سەرکەوتنیان بە دەست هێنابوو. هەڵبەت هیچ گرینگیش نەبوو، ئەوەی کە هەموو لایەک بە شێوەیەک لە شێوەکان لانیکەم لە لای خۆیان و لە کۆڕ و کۆمەڵی خۆیاندا بە دۆخی خۆیان رازیبوون، خاڵی سەرەکی بوو. ئەوێ، بەختەوەرترین وڵات و ناوچەی جیهان بوو. هەر کەس بەشی خۆی لە خاک بڕدابوو و خەنی بوو بە هەموو پێشهاتەکانی ژیانی. لەوێ، ئەو هەموو خوێنە رژاو و بریندار و ماڵ وێرانی و دەربەدەرییە، بەری بە سەرکەوتنی کەس نەدەگرت. جوانترین سروودەکان و شیعرەکان هی ئەوێ بوو. راستییەکەی ئەوە بوو کە**

هەتاوی ئەم وڵاتە، گەشترین هەتاوی هەموو جیهانەکان بوو. وایان دەگوت.

بێزار لە کارەسات ئێستایش نازانێ چلۆن ئەو دۆخە لێک بداتەوە. ئەوەی کە چلۆن دەکرا لە وڵاتێکدا هەموو قارەمانەکان خائین بن، یاخود هەموو خائینەکان قارەمان. بەهەرحاڵ! ئەو جاری وایە (هەڵبەت هەنووکە ئەو جارانە یەکجار زیادیان کردووە)، واز دێنێ. بەشێکی گرینگی ژیان لەگەڵارۆیشتنە، هەرچەند بە نابەدڵیش. دەڕوا.

ئێوارەیان، کاتێ وەڕەزی و بێتاقەتی رووی تێدەکا، دەچێ لەوێ لەو کۆڵانە بەرامبەر دووکانەکە دادەنیشی، یاخود باشتر وایە بڵێین رادەوستێ. بە تەسبێحێکەوە کە هەڵیدەسوڕێنێ و بەو پێڵاوانەوە هەمیشە توێژاڵێک تۆز لە سەری نیشتووە (ئەم توێژاڵە، هی رۆیشتنی زۆر نییە، هی راوەستانە). دووکانەکەی بەرامبەری شیرینی و شەربەت فرۆشییەکی سەر نەبشە. رێک لە ناوەڕاستی کۆڵانەکەدایە. وەها هەڵکەوتووە کە کەمێک هاتووەتە پێشەوەو هەر بۆیە دەڵێی هەنگاوێک بەری بە رێگای رێبواران گرتووە. یەکێک لەو رێبوارانە، سواڵکەرێکی پیری سەر و ردێن سپیی کوێرە.

سواڵکەرەکە هەموو رۆژێک هەر لەم کۆڵانەوە دادەگەڕێ، دەچێ لە بەر مزگەوتی گەورە دادەنیشێ، دەستماڵە کۆن و چڵکنەکەی رادەخا و چاوەڕوان دەمێنێتەوە. تا ئێوارێ لەوێیە (تا ئەو کاتەی بێزار لە کارەسات لە کۆڵانەکە پەیدا دەبێ). کە ئێوارەی لێدێ، ئارام رادەبێ، دەستماڵەکەی دەپێچێتەوە و دەیخاتە گیرفانییەوە، گۆچانەکەی هەڵدەگرێ و بەرەو ماڵ دەبێتەوە. لەو سەر شەقام و کۆڵانانەوە تێدەپەڕێ وا دەنگی ئەو گۆرانی بێژە سەرخۆشانەی لێیەوە دێتە گوێ

خەریکی گوتنی گۆرانی و سروودن بۆ نیشتمان، بۆ هەژاران و بۆ بەشخوراوان. لەو شەقام و کۆڵانانەوە وا رادیۆکان باسی شەڕی شۆڕشگێڕەکان دەکەن.

سواڵکەرەکە کاتێک دەگاتە ناوەڕاستی کۆڵانەکە، هەمیشە بە گۆچانەکەی بێت یان بە شانی (یاخود هەردووکیان)، خۆی بە ئاستەم جاری وایشە بە توندی بە دووکانەکەدا دەکوتێ. کەس نازانێ هۆکارەکەی داخۆ ئەوەیە دووکانەکە کەمێک لەپێشە، هی بۆنی شیرینی و شەربەتە، هی هەواڵی شەڕی شۆڕشگێڕەکانە، یاخود سروودی گۆرانی بێژە سەرخۆشەکانی نیشتمان. بێزار لە کارەسات هەموو ئەو کاتانەی وا لەوێ رادەوستێ، چاوی بەم دیمەنە دەکەوێ و هەمیشە بڕیار دەدا بچێ و یارمەتی بدا، بەڵام شتێ رایدەوەستێنێ، شتێ وەک ئەوەی نەکا کابرا پێی ناخۆش بێت و ئەوەندی تر هەست بە داماویی خۆی لە ژیاندا بکا. بێزار لە کارەسات رێزی تەمەن و گەورەساڵییەکەی دەگرێ. رێزی ئەوەی چیتر روخساری هەست بە بێزاری لە ژیان نەکا. هاوکات بەو هیوایەوە رۆژێک لە رۆژان چیتر خۆی بە دووکانەکدا نەدا. رۆژێک کە قەت نەهات.

شۆڕشگێڕەکان کە ساڵانی ساڵە بە دەسەڵات گەیشتوون و بەڵێنە نیشتمان بکەن بەو شتەی وا دوژمنان نەیانهێشت، نە لە داربەڕوو یاخود دارگوێزێکی نیشتمان گۆچانێکی نوێیان بۆ پیرەمێردەکە سازکرد، نە سەرکردەیەکیان فلسێکی لە سەر دەستماڵە کۆنەکەی دانا و، نە دووکانەکەیان نیو متر بردە دوواوە و نە وشە و رستە جوانەکانیان لە رادیۆکانەوە گواستەوە بۆ ناو ماڵی سواڵکەرەکە. بێزار لە کارەسات نازانێ بۆ،... بۆن و تامی گۆشتی برژاو و نەرمە ڕانی ئاسکە کێوی

نەیهشت، یاخود هۆکارەکەی نوقم بوون بوو لە بەڵێنەکان و لە سروودەکان و لە عادەتی شەڕەکاندا؟

ئێوارەیان کاتێک لە کۆڵانی دووکانەکە بەرەو ماڵ دەبێتەوە، ئاسمان وەک باران فێنکایی خۆی بە سەر زەویدا دادەکا. دەنگی دووا دەڕابەکان گوێکان دەڕوشێنێ و، دووا ڕێبوارەکان کە پیرێژنە عەبا ئەستور بە سەرەکانن دووا خواردەمەنییەکان بە دزییەوە کۆدەکەنەوەو لە ناو تاریکی دا بەرە بەرە ون دەبن. لە بەر دەرگای ماڵەوەیاندا بێزار لە کارەسات سەیرێکی پێڵاوەکانی و تۆیژاڵە تۆزەکەی سەریان دەکا. بێگومان بەشێکی، تۆزی ڕێگاکردنی سواڵکەرە پیرەکەیە، بەشێکی تریشی، تۆزی سروود و بەڵێن و خوێنی شۆڕشگێڕە شەڕانییەکان و،... دووا بەشیشی ئەو ئاسمانەی لای ئەو فێنک نابێتەوە. قەت،... قەت قەت.

قەت چاویلکەکەی خاوێن ناکاتەوە. ئەوە دایکیەتی بۆی خاوێن دەکاتەوە. کاتێک شەوانە لە ماڵەوە دەخەوێ و عەینەکەکەی لە پشت سەری خۆیەوە لە تەنیشت سەرینەکە دادەنێ، پاش ئەوەی خەوی لێدەکەوێت، دایکی بە پەڕۆیەکی کۆنی خاوێنەوە دێت و بە وردی و بە ئارامی شووشەکانی پاک دەکاتەوە. کەس نازانێ گەر دایکی ڕۆژێک لە

رۆژان بمرێ، چ بە سەری ئەودا دێت. چاویلکە زەڕەبینییەکان خۆیان لە خۆیاندا ئەوەندە لێڵن کە بە پیس بوونیش ئەوەندەی تر جیهان لێڵ بکەن.

بەڵام بۆ خاوێنیان ناکاتەوە؟ بۆ خۆی دەڵێ ئەوەتەی لە بیری دێت، چ لە پێش لەچاوکردنی ئەم چاویلکانەدا و چ دوواتریشی، هەمیشە مرۆڤەکان و دونیا لە بەر چاوەکانیدا ناڕوون بوونە و هەمیشە هەستی کردووە پەڵەیەکیان پێوەبووە. ئەو پێی وایە بە پەڵەوە دونیا دیتن، وێنەیەکی راستەقینەترە هەتا لە روون دیتنی.

بێزار لە کارەسات چاویلکەکەی بینیبوو. ئەو شووشە ئەستوورانەی یەک جار بۆ هەمیشە کڕابوون و بەڵێن بوو هەتا هەتایە لەو دوو قاڵبە گردەدا بە سەر لووتی خاوەنەکەیەوە بمێننەوە. ئەو شووشانەی کەمێک لە رەنگی زەردیان دەکرد و تیشکێکی نادیاری لێڵ ـ پیس یشیان دەخستە سەر دەورووبەری چاوەکانی ساحیبیەوە. زەردیی عەینەکەکە، لە پاشماوەی ساڵی لافاوەکە دەچوو.

بەڵام ئەوەی کە وێنە لێڵەکان روواڵەتی راستەقینەتری جیهانن، هێشتا لە لای چاویلکە لە چاوەکە باوەڕێکی تەواو نەبوو (هەرچەند بۆ خۆی شتێکی تری دەگوت). بێزار لە کارەسات لەم راستییە دڵنیا بوو. ئاخر زۆر شتی دونیا هەبوو کە ئەو هێشتاکە نەیتوانیبوو بیانبینێ، بۆ وێنە رووداو و وێنە و شتە دوورەکان، یاخود ئەو شتانەی لە دوور و لە نزیکەوە بە خێراییەکی سەیرەوە تێدەپەڕین و دیتنیان یەکجار دژوار بوو (تەنانەت بۆ ئەوانەیشی وا چاویان ساخ بوو). ئەم حوکمەی چاویلکە لە چاوەکە یەکجار قورس و بە دوور لە عەداڵەت بوو. بەڵام ئەوەی بۆچی ئەوەندە بە دڵنیاییەوە باسی ئەم بۆچوونەی خۆی دەکرد، یەکجار سەیر

دەینواند. ئەو تەواو لەم قسەیەی خۆی دڵنیا بوو و، بە دڵنیاییەکی تەواویشەوە هەڵوێستی لەسەر دەگرت (بێزار لە کارەسات پێی وایە چاویلکەکان راستییەکانی دەروونی ئەویان دەشاردەوە). ئەگەرچی بێزار لە کارەسات باوەڕی بەمە نەدەکرد، بەڵام زۆر جار بیری دەکردەوە گەر ئەویش وەکوو ئەو خاوەنی وەها چاویلکەیەک بایە و لە پشتی ئەوەوە سەیری دونیای کردبا، هەر وای لێ دەهات. گەر بەڵێنە چاو، سەرەکیترین ئامرازی پەیوەندی لە گەڵ جیهان بێت و لە رێگای ئەوەوەیە تەنانەت خۆیشمان دەبینین، کەواتە جۆری بینینمان دەربڕی جۆری سەرنج و تێڕوانینیشمان دەبوو. تۆ بڵێی ئەو چلۆن ساڵی لافاوەکە و ساڵی شۆڕش و شەڕەکەی دەبینی؟ یاخود گەر لەوێ بایە چلۆن زەڕنەقوتەکە و لە سێدارەدانی پشیلەکەی دەبینی و لە یادیدا دەمایەوە؟ بێگومان لافاو دەبوو بە لافاوی رەش و، شۆڕش دەبوو بە شۆڕشی پەڵاوی و، شەڕیش دەبوو بە سووری تەماوی. گەر چاویلکەکە لە چاوی بێزار لە کارەساتدا بایە، نە زەڕنەقوتەکەی بۆ هەڵدەگیرایەوە و، نە ئەو گوریسەیشی دەبینی کە بوونەوەرێکی پێدا شۆڕ ببووە و دووا سەمای ژین - مەرگی بە سەرەوە کردبوو. بێزار لە کارەسات بەو چاویلکانەوە دەبوو بە تەنیاترین بوونەوەری ناو حەوشەکەی خۆیان لە عەسرێکی گەرمی رۆژێکی بەهاریدا.

چاویلکە لە چاوەکە کە بە رێگادا دەڕوا، لە هەموو شتێک ورد دەبێتەوە و، زۆر بە کاوەخۆ هەنگاو هەڵدێنێ (ئەگەرچی بۆ خۆی پێی وانیە و دەڵێ کە ئەوە ئەوانی ترن لە راستیدا زۆر بە خێرایی و بە پەلە دەڕۆن، نەک ئەو بە هێواشی). دەڵێ جیهان ئەو هەموو شتەی تێدایە بۆ ئەوەی ئێمە بە ئاسایی بە رێگادا بڕۆین، بۆ ئەوەی بتوانین بیانبینین. پێی

وایە ئەوانەی بە پەلە دەڕۆن، ئەو کەسانەن نایانەوێ شتەکانی دەورووبەریان ببینن. کەواتە چاوەکانی ئێمە بە چاویلکە پەڵوییەکانەوە ئاسایی تر دەبینن.

دونیا هەر ئەمە نیە. جاری وایە باران دەبارێ و، ئاو بە چاویلکەکاندا شۆڕ شۆڕ دێتە خوارەوە. بێزار لە کارەسات نازانێ لەم کاتانەدا عەینەک لە چاوەکە دونیا چۆن دەبینێ و چلۆنی تەفسیر دەکا. ئەو تەنیا ئەوەندەی ئاگا لێیە کە لەو کاتانەدا لێوەکانی بە ئاستەم دەلەرێنەوە. وەک بڵێی دەیانەوێ شتێک بڵێن. چی؟ کەس نازانێ. بێگومان کە پەڵە و ئاو تێکەڵ دەبن، دیمەنەکان دەبنە شتێکی تر. ڕەنگە چاویلکە لە چاوەکە جارێکە هیچ وشەیەکی بۆ ئەم حاڵەتە پەیدا نەکردبێ. ئەو لە دۆخی داهێناندایە. داهێنانێک لە ڕەگەزی ئاو.

**ئاوی** خۆش ناوێ جەللاد. ئەمە یەکێک لە باوەڕە دەگمەنەکانی بێزار لە کارەساتە. ئەو دەڵێ، لە بەر دوو شت: یەکەم ئەوەی خوێن دەشواتەوە، هەم بە سەر جەستەوە و هەم لە سەر زەوی، دووهەم ئەوەی ئاو لە ڕەگەزی جوڵە و بەردەوامبوونە. هەڵبەتلای جەللاد ئەوەی دووهەم گرینگترە. ئەو پێی سەیرە کە لەم هەسارە خڕ و بچووکەی مرۆڤ بە ناوی زەوی، ئاو بۆ ئۆقرە ناگرێ. مەگەر قەرار نیە ڕۆژێک لە ڕۆژان هەموو شتێ کۆتایی پێ بێ و ئۆقرە بگرێ؟ بەڵام نا، ڕاوەستە! جەللاد ئەم قسەیەی پێ خۆش نیە. کەواتە بەم حسێبە دەبێ خۆیشی ڕۆژێ ئۆقرە بگرێ. نا، نا،... شتی وا نابێ. کەواتە ئەو دەبێ ئاوی خۆش

بوویت، چونکە بۆ خۆی لە رەگەزی ئاوە! جەللاد کە بەم بیرە دەگا، ئارام دەبێتەوە. فرمان دەدا چیتر با کەس رقی لە ئاو نەبێ،... لێگەڕێن با خوێن بە ئاو بشۆردرێتەوە. بیر دەکاتەوە خۆ بە راستی ئەم شۆردنەوەیە زۆریش خراپ نیە. لای خۆی و تەنیا لای خۆی گاڵتەی بە گەمژەیی خۆی دێت. تورەیە لەوەی رقی لە ئاو بووە.

دەستووری داوە لە چەندین شوێنی جیاجیای وڵات مەلەوانگەی بۆ سازبکەن. ئیستا بە شۆرت و عەینەکێکی هەتاوییەوە لە ناو ئاوەکەدا دێت و دەچێ (هەرچەند لە دڵەوە زۆریشی پێ خۆش نیە، چونکە جەستەی رووتی کە جەستەیەکی ئاسایی و بێ ماسولکەیە لە گەڵ ئەو وێنانە نایەتەوە وا لە تەنیشت تۆپ و تەیارە و تانگ دا کێشاویەتی). لە دڵەوە ئارەزوو دەکا شەڕ و نەیارەکان ئەوەندە زۆر بن کە ئەو چیتر دەرفەتی مەلەکردنی بۆ نەمێنێ، بۆ ئەوەی تەنیا لە تەنیشت سەربازەکانیدا وێنە بگرێ.

یەکێک لەو مەلەوانگانە لێرە لە شارەکەی بێزار لە کارەسات چێ بووە. هەواڵەکەی لە یەکێک لە هاوڕێکانی بیست. هاوڕێکەی دەستی بەرەو داوێنی کێوەکەی ئەو بەر راداشت و گوتی: "لەوێیە، رێک لەوێ. ئیستا ئیتر کەس ناتوانێ نزیکی ئەوێ بکەوێتەوە. بە تێڵ دڕوو دەوریان تەنیوە."

بێزار لە کارەسات کە هاوین دێ، جاری وایە هەست دەکا پرژەی ئاوی مەلەکردنی جەللاد دەگاتە کۆڵانەکەی ئەوان و بە ئاستەم فێنکی دەکاتەوە. ئەم ساڵانەیش هەوا ئەوەندە گەرم بووە (بارانیش ئیدی وەک جاران نەدەباری)، کە هەر دڵۆپە ئاوێک، تەنانەت لە لایەن جەللادیشەوە خێر و بەرەکەتە.

لە گەڕەکەکەی ئەواندا هەندێ بنەماڵە پەیدا بوونە کە لەو کاتەوەی مەلەوانگەکە لەم شارە دروست بووە و بارانیش رووی لە کەمی کردووە، بە تەمای پڕژەی ئاوی مەلەکانی جەللاد باخچەیان دروست کردووە. وە جەللادیش چەندە جوان ئاو دەپڕژێنێ. خەڵکی گەڕەک پێیان وایە ئەم پڕژانە لە میهرەبانی ئەو و لە بەر ئەوەیە کە بیر لە باخچەکانیان دەکاتەوە. ئەوان ئاگایان لە بیرە فەلسەفییەکانی جەللاد لە سەر ئاو و سیاسەت و دەسەڵات نیە.

لە سایەی سەری پڕژە ئاوەکان، شار بێ سەوزە و بێ گوڵ نەبووە، بەڵام ئیتر نە سەوزەکان تامی سەوزەی جارانیان ماوەو نە گوڵەکانیش هەمان رەنگ و بۆ. هەر هەموویان تام و بۆنی بن باخەڵ و ناو گەڵی جەللاد دەدەن. تام و بۆنێک کە نە بە کلۆر دەشۆردرێتەوە و نە بە ئەسپۆن. ئیستا ئیتر کە لە ئاودەست دادەنیشن یاخود کاتێک یەق دەدەنەوە، بۆگەن و بۆنی جەللادیان لێ دێ. بۆگەنێک کە ئیدی بەرە بەرە ئاسایی بووەتەوە و بووە بە بەشێکی نەگۆڕی ژیان.

بێزار لە کارەسات کە قەت بیری بۆ ئەوە نەچووبوو جەللاد دەتوانێ خاوەنی فەلسەفەی خۆی لە دەسەڵاتداریەتیدا بێ، ئیستاکە لە گەڵ هاتنی بۆگەنەکە فێر بووە بیری لێبکاتەوە. بەڵام بە راستی ئەم فەلسەفەیە چییە؟ چلۆن نەفەرێک بە تاقی تەنیا دەتوانێ هەم خاوەنی بیر بێت و هەم دەسەڵات؟ لە کێ بپرسێ؟ لە کوێ بۆ وەڵام بگەڕێ؟ لە بن باخەڵ و ناو گەڵی خودی جەللاد، لە ناو ئاوی مەلەوانگەکە، یاخود لە ناو باخچەی دراوسێکاندا؟ یان رەنگە تەنیا لە ناو خودی ئاودا؟ ئەویش لە وڵاتێکدا کە ئیتر وەک جاران ئاو دەست ناکەوێ.

بەیانییەک کاتێک لە خەو خەبەری دەبێتەوە، دەبینێ و دەبیستێ کە مەلەوانگەکە بۆ هەمیشە چۆڵکراوە، دەڵێن جەللاد ئیتر نایەتەوە. چی قەوماوە و چی روویداوە،... بێزار لە کارەسات نازانێ.
جەللاد کە رۆیشت هەم پرژە ئاوەکانی لە گەڵ خۆی برد و، هەم بۆگەنی بن باخەڵ و ناو گەڵی. شار بەرە بەرە لەم بۆنانە رەوییەوە. ئیستا ئیتر باخچەوانەکان لە دەوری یەکتر کۆ دەبنەوە و یادی ئەو ساڵانە دەکەنەوە کە بە پرژە بۆگەناوییەکان نەک گەرەکێک بەڵکوو شارێک تێر سەوزە و تێرە گوڵ دەبوو. یادی بە خێر ئەو ساڵانە!

**ـ ئەو ساڵانە تێپەڕین.**
ئەم رستەیە ئەو کەسەی دەیڵێ کە بە پاڵتۆیەکی درێژەوە (لە هەموو وەرزەکانی ساڵدا) هەمیشە خەریکی دەست راوەشاندنە لە شتێک. دەست راوەشاندن لە شتێ یان کەسێک لەو دوور دوورانەوە. ئەو هەمیشە ئەو پاڵتۆیەی لەبەردایە، چ بە هاوین، چ بە پاییز، چ بە زستان و، چ بە بەهار. پاڵتۆیەکی رەشی کۆن،... سەر تا بە پا. بێزار لە کارەسات پێی وایە ئەو هەمیشە دەست لە ساڵەکان رادەوەشێنێ. راوەشاندنی ماڵئاوایی یان بانگ لێکردنەوە؟... نازانێ. پاڵتۆ لەبەرەکە بۆ هەمیشە ئەم رازەی لە بن پاڵتۆ رەشە کۆنەکەی خۆی شاردووەتەوە،... بۆهەمیشە.

ئەم رووداوە دەبێتە هۆی ئەوەی بێزار لە کارەسات دابنیشێ و بیر لە جیهانەکان بکاتەوە. لە منداڵییەوە باسی دونیایەکی تری بۆ کراوە. گەورەکان هەر هەموویان یەکجار بەم مەسەلەوە سەرقاڵ بوون. بە بۆنە و بێ بۆنە دەچوونەوە سەری. بێگومان یەکێک لەو هۆکارانەی پاڵتۆ رەشە لەبەرەکەی بەرەو ئەم شێوازە لە ژیان بردووە، ئەم چیرۆکانەن. پاڵتۆیەکەی هەر لە زووەوە لەبەر کردووە بۆ ئەوەی جەستەی لە سنووری نێوان جیهانەکان بپارێزێ.

بێزار لە کارەسات نازانێ بۆ، بەڵام قەت لە دڵەوە باوەڕی بەو چیرۆکانە نەهێنا. شتێک پێی دەگوت ئەوەندەی ترس لە مردن یاخود خۆشەویستیی ژیان لە پشتیانەوەیە، پشت ئەستوور بە شتی تر نین. پێی وابوو ئەم بیرە لە دڵەوە دێت نەک لە مێشکەوە، ئەگەرچی جاری وایە بیری دڵ بەهێزترە لە بیری مێشک.

ئەو جاری وایە سەرەڕای بێ باوەڕبوونی بەم داستانە، هەوڵ دەدا خۆی رێک لە ناو ئەم بیروبۆچوونەدا ببینێتەوە و، لە سۆنگەی ئەوەوە لە دونیا و لە شتەکان بڕوانێ. بۆ وێنە سەرەڕای بێ باوەڕبوونی، حەز دەکا کە بە راستی دونیایەکی تر لە دووای مەرگ هەبێ بۆ ئەوەی لانیکەم مرۆڤە جوانەکان قەت نەمرن. بێزار لە کارەسات پێی وایە ژیان بۆ مرۆڤە جوانەکان یەکجار کورتە. لە کتێبی پیرۆزدا نووسراوە کە خودا دونیای لەبەر مرۆڤ چێکرد. هەر زۆر باشە، بەڵام،... بەڵام چێکردنێکی کورت. ئەو پێی وایە ئەم لەبەربوونە کەمایەسی هەیە و هەر بۆیە دەبێ جیهانێکی تریش هەبێ. هەڵبەت نەک بۆ باوەڕداران، بەڵکوو بۆ مرۆڤە جوانەکان، ئەوانەی مانا بە ژیان دەبەخشن.

بەڵام پاڵتۆ ڕەشە لەبەرەکە ئەم تیۆرەی ئەو تێک دەدا، تەمێکی ڕەشی بە سەردا دەکێشێ. ئاخر دیار نیە ئەو لە کوێی نێوان مرۆڤە ڕەشەکان و مرۆڤە جوانەکاندا ڕاوەستاوە. ئەوێک کە بەهۆی سەرقاڵ بوونی بە دوورەدەستەکانەوە (ساڵەکان)، هەم ئەم دونیا و هەم ئەو دونیای لەبیرکردووە.

ڕۆژان و مانگان تێدەپەڕن و ئەم تێفکرینە بەری نادەن. دابەشکردنی مرۆڤەکان بە سەر دوو دەستەدا داخۆ بڵێی لە بنەڕەتدا کارێکی دروست بێت؟ ئەگەرچی گومانەکە هەیە، بەڵام بیرەکە بە ئەنجام نەگەیشتووە. باشە بۆ دەبێ حەزمان بە تەمەن کورتیی ڕەشەکان بێت؟ لێرەدا بیری پاڵتۆ ڕەشەکە (نەک پاڵتۆ ڕەشە لەبەرەکە) دەکەوێتەوە. شەرمێک دایدەگرێ.

ڕەنگە باشترین کار ئەوە بێ کە دەبێ ڕۆژێک بچێت و لە گەڵی قسە بکا. دەبێ واز بێنێ لە پاراستنی خۆی لەو مرۆڤانە وا بە دوورەدەستەکانەوە مەشغوڵن. ئەگەرچی دانەیەکیش بن.

لە ڕۆژێکی پاییزیدا بە تووشییەوە دەبێ. وەک هەمیشە خەریکی ڕاوەشاندنی دەستەکانیەتی رووەو شوێنێ. لە بەرزاییەکەوە بەرزتر تەنیا لە یەک بان. بێزار لە کارەسات گوێی لێیە کە قسەیش دەکا،... ئەو وشە و ڕستانەی وا ناڕوونن. لە گەڵیا بزەکان و بێدەنگییەکانیش. ئەوسا هەوڵ دەدا وەک وەک ئەو سەیری دوورەدەستەکان بکا. نیگاکانی تەواو کۆدەکاتەوە. هیچ شتێک رووناداد. بڕیار دەدا ئەویش دەست هەڵبێنێ و ڕایوەشێنێ. ئەمجار بە سەرسوڕمانەوە دەبینێ شتێک لەو دوورانەوە دەکەوێتە خۆنوواندن، خۆدەرخستنێکی بە ئاستەم. نیگاکانی زیاتر کۆدەکاتەوە. وێنەکە روونتر دەبێتەوە. رووبارێکی گەورە و

خرۆشان لە ساڵەکانی رابردوو و لە ساڵەکانی داهاتوو. ئەو وێنە و رووداوە جۆربەجۆرانەی هەموو لە گەڵ یەکتردان و بە یەکەوە لە ناو رووبارەکەدا رێدەکەن،... لە ناو کەفی زێوینی ئاودا جاری وایە ون دەبن و جاری وایە پەیدا.

ئەوێ کوێیە؟ ئەوێ هێشتا ئێرەیە، ئەم دونیایەیە. خەیاڵەکان و دەست راوەشاندنەکانی پاڵتۆ رەشە لەبەرەکیش ناتوانن بگەنە ئەو دیوی سنوور.

بێزار لە کارەسات یەکجار غەمگین دەبێ. کەواتە تەنیاماڵی ئێمە، ئێرەیە. لە گەڵ دوورەدەستەکاندا ژیان بەسەربردنیش وا دیارە دادێک نادا.

**دادێک نادا** قسەکان و خەیاڵەکان. ئەو لە مێژە بەم ئاکامە گەیشتووە، بەڵام واز ناهێنێ، نە لە قسەکان و نە لە خەیاڵەکان. ئیتر پێی وایە گەر بە شوێنێکیش نەگەن گرنگ نیە، گرنگ ئەوەیە کە خۆیان لە خۆیاندا دەتوانن شێوازێک بن  لە ژیان. وەک چۆن بۆ ئەو بۆتە شێوازی ژیان.

هەڵبەت لەو کاتەوەی بە رێکەوت گوێی لە قسەی گەورەکانیش بووە، بەو ئەنجامەیش گەیشتووە ئەمە تەنیا تایبەت بەو نیە، بەڵکوو هی

ئەوانی تریشە. هی نەوەکانی پێش خۆیشی و هی ئەوانەی وا دوواتریش دەهاتن،... رەنگە هەموو مێژوویش هەر ئەمە بێت: قسەکان و خەیاڵەکان و دوواتر هیچ. وە مێژوو چەند خەمگینە. ئەو مێژووی هەمیشە وەک کچێکی تەمەن هەفدە ساڵانی جوانی بەر پەنجەرەی چاوەڕوانی دێتە بەر چاو،... چاوەڕوانی سوارێک، بە ئەسپێکی سپییەوە، شمشێرێکی دێوکوژ، روخسارێک جوانتر لە جوانی و بەو خەندەوە کە نایابترین خەندەی جیهان و "بوون"ە.

ئەو هەمیشە لەوە دەترسێ کە قسەکان و خەیاڵەکانی ئەویش وەک هی گەورەکان ئەوەندە دووپات ببنەوە کە دانیشتنی بەر پەنجەرەکەیش ئیتر مانای نەمێنێ. وەک چۆن گەورەکان ئیدی وازیان لەم دانیشتنانە هێناوە و تەنیا بە وشەکان و رستەکان رازین. بۆ هەموو ژیانیان. شتێکی سەیر لای ئەو ئەوەیە کە مرۆڤەکان لە راستیدا قەت واز لە قسەکان و خەیاڵەکانیان ناهێنن، بەڵکوو تەنیا لە شێوازی دەربڕینەکانیاندا بە درێژایی ژیانیان گۆڕانیان بە سەردا دێنن. ئەوان جاری وایە لە ژوورەکانی پشتەوە ئەمە دەکەن و جاری وایە لە بەر پەنجەرەکاندا و جاری وایشە لە ناو کۆڵان و شەقام و شوێنە دوورەدەستەکان. ئەگەرچی تا تەمەنیان زیاتر و زیاتر دەبێ، قسەکان و خەیاڵەکان زیاتر بۆ ناو ژوورەکان پاشەکشێ دەکەن.

ئەو لە سەر خەڵکی و لە سەر نەوەکان و گەورەکان قسەی زۆر پێیە، بەڵام خەڵکیش بە پێچەوانەوە لە سەر ئەو قسەیان زۆر پێیە. پێی دەڵێن ئەوەی کە هێشتا لە بەهاری تەمەنیدایە و کەچی بەردەوام لە سەر پاییز قسە دەکا، خۆی لە خۆیدا بەو مانایە نیە کەسێکی تێگەیشتوو و پێگەیشتووە. هەڵبەت ئەم باوەڕی بەم بۆچوونەی خەڵکی نیە. پێی وایە

ئەوان لە دەروونی خۆیاندا بە پێچەوانەی ئەم قسانە بیر دەکەنەوە. چونکە هەمیشە لێرە لەم کۆلان و گەڕەکەدا تێگەیشتوویی و پێگەیشتوویی لە رەگەزی پاییز بووە. لە رەگەزی زەرد. بە تایبەت چەندەیش خەڵکی پێیان خۆشە کاتێک کەسێک لە هەڕەتی جەوانیدا زوو پڕ دەبێ لە ئەقڵ و زانیاری!

ئەو پێی وایە لە ژووره تاریکەکانی دەروونی خەڵکدا، قێز لە گەنجیەتی، زاڵترین هەست و بیرە.

تاقیکردنەوەکەیشی زۆر ئاسانە. تەنیا با گەنجێک هەوڵ بدات وەک گەنجێک بژی. پڕ لە سەرەڕۆیی، تاقیکردنەوە، بە پێچەوانەی گەورەکان بیرکردنەوە، لێوریژی غەریزەکان و دەنگە دەنگەکان. بەهار، لێرە ناشیرینترین وەرزی ساڵە. تەنانەت سەیری ئاژەڵەکان بکە چلۆن لە یەک دەئاڵێن. دەستی ئەهریمەن، ئاشکراترین دەستی بەهارە و، دەستی خودا ئاشکراترین دەستی ناو پاییز.

بەڵام قسەکانی ئەو لە سەر پاییز، ئەوەی کە تابلۆیەکی پاییزیی لە ژوورەکەی خۆیدا هەڵواسیوە و نیگاکانی هەر جارەی رەنگێک لە پاییز دەنوێننەوە، نەبوونەتە هۆی ئەوەی روخسار و جەستەی هێشتا بپایزرێن. روخساری ئەو، قسەکان و خەیاڵەکانی بە درۆ دەخەنەوە. بۆیە خەڵک رقیان لێیەتی. خەڵکی پێیان وایە دووڕوویی ناشیرینترین دیاردەی جیهانە.

ئەویش خۆی نازانێ گەر سەردەمانێک روخسار و جەستەی گەیشتە پاییز، ئەوجا قسەکانی کە دوو وەرز لە خۆی لە پێشن، دەگەنە کوێ؟ نایەوێ گەر تەمەنی گەورەتر بوو، وەک نەوەکانی پێش خۆی لێ بێت. بۆیە بڕیاری ئەوە دەدات کە لە گەڵیان دابنیشێ و بۆیان باسی خۆی

بکات. بەڵکوو ئەمە ئەوان کەمێک بۆ رابردوو بگەڕێنێتەوە. دەیەوێ بە نیشان دانی روخسار و جەستەی جەوانی لە گەڵ ئەو قسانەی لە پاییزەوە دێنەوە و بە جۆرێک باس لە بەهار دەکەنەوە، پێیان بڵێ کە رێگایەکی تریش هەیە. ئەوەی کە رەنگە بتوانێ لە گەڵیان لە هاوین دا بە یەک بگەن. ئەوان سەرەتا گوێ دەگرن. بیر دەکەنەوە. ئەم رێگا تازەیە ژیانی ئاساییان تێک دەدا. بەڵام ئایا رێی سێهەم هەیە؟ رێگایەک هەم بەشێکی لە یەکەمە و بەشەکەی تری لە دووهەم؟

ئەوان بە جەستەی گەنج و بە ئەقڵی پیری دەیبەخشن. چاوەڕوان دەمێننەوە تا ئەویش وەک ئەوانی لێ بێت، ئەگەرچی دەزانن ئەو سەردەمە ئەوان چیتر لە ژیاندا نەماون.

- "**نامێنن**،... لە ژیاندا نامێنن و کەچی بەردەوامیش دەژین و لە گەڵمانا دێن!"

ئەمە ئەو رستەیەیە قەرەجێکی جل و بەرگ رەش جارێکیان کاتێک بە تەنیا لەم کۆڵانەوە تێپەڕیبوو، بە دەنگی بەرز بەرامبەر بە خانووەکان گوتبووی. دیار نەبوو ئەم قەرەجە بۆچی تەنیا بوو، بە ئەنقەست بوو یان لە خێڵ لە شەوێکی ئەنگوستە چاوی بارانی و پڕ لە رەهێڵەدا دابڕابوو،... کەس نازانێ. بەڵام رستەکە بە جوانی دەریدەخست کە دابڕابوو و بە راستی تەنیا بوو. هێشتا بۆنی خێڵ و بۆنی ئەسپ و دووکەڵی ئاگری لێدەهات.

**بێزار لە کارەسات پێی وایە مەبەستی لەو رستەیە ئەم بۆنانە بوو، ئەو بۆنانەی کاتی خۆی وێنەی زیندوو بوون و ئیستا تەنیا بیرەوەرییەک. بیروەرییەک کە بە ونبوونی بۆنەکانیش، هەر نەدەسڕانەوە. بەڵام بۆچی سەرەڕای ژیانی دژوار و گەڕۆکی ئەم قەرەجە، هەستەکان ئەوەندە زیندوو و ئەوەندە هەڵگری خۆشییەکان بوون؟ تۆ بڵێی تەنیاییەکانی قەرەجەکە و تێپەڕینی ساتەکان نەبن کە ئەم هەستە دروست دەکەن، نەک خودی ژیان؟ بێزار لە کارەسات لەم حاڵەتە دەروونییەی مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێ. ئەوەی کە حەز دەکەی ساتەکانی ئەو کاتانەی وا تێیاندا دەژی تێپەڕ کەیت (بە هیوای رۆژە خۆشەکانی داهاتوو) و، کەچی لە هەمان کاتدا کە تێپەڕین، بە جۆرێکی تر سەرلەنوێ سەیریان دەکەیتەوە. تۆ بڵێی ژیان ئەو رەوتە نەبێ کە هەر لە ئەزەلەوە لە گەڵ خۆیدا ئەم حەسرەتانە بە نهێنی لە گەڵی لە دایک دەبێت و ئەوە دوواترە کە ئەم نهێنیە ئاشکرا دەبێ و ئیتر هەموو ژیانی مرۆڤ داگیر دەکا؟ بۆچی دەبێ حەسرەتی شتێک بخۆین کە دەزانین تێدەپەڕێ؟ داخۆ باشتر نیە خۆما یەکجار بدەینە دەست ئەقڵ و ئەم راستییە یەکجار بۆ هەمیشە قبوڵ بکەین؟**

**رستەکە لە راستیدا دووپاتکردنەوەی راستییەکە هەموو خەڵکی گەڕەک دەیزانن. کەچی دیسان بە بیستنی دادەچڵەکێنەوە، بێزار لە کارەسات بزەیەک بە لێوەکانیدا دێ. وەک بڵێی یەکەم جارە دەیبیستنەوە. داچڵەکان، ترس و دڵەڕاوکێ، ئەمانە ئەو سێ کوچکەیەن کە بەشێکی گرینگی دەروونناسیی ئەگەر نا مرۆڤ، لانیکەم خەڵکی ئەم کۆڵانە پێک دێنن. ئەو ئاگای لێیە کە چلۆن ئەم سیانە دەبن بە یەکتر و بە ئاسانی لە گەڵ یەکتر جێگۆڕکێ دەکەن. قەرەجەکە بە دابڕانی، سەرەتا**

داچڵەکابوو، ئەوسا ترس رووی تێکردبوو و پاشان دڵەڕاوکێ هاتبوو. لای بێزار لە کارەسات "داچڵەکاندن" کاردانەوە و هەستێکی خۆبەخۆیە کە جارێکە لە ترس یەکجار دوورە، "ترس" ئاکامی ئەو حاڵەتەیە کە بە قوڵی دەچیتە ناخی مەسەلەکەوە و، "دڵەڕاوکێ" یش بەرهەمی دۆشداماوی و جۆراوجۆریی ئەو ئەگەرانەیە کە لە داهاتوودا دێنە سەر رێگات. دڵەڕاوکێ، رەگی هەم لە بەختەوەریدا هەیە و هەم لە نەهامەتیدا.

دیار نەبوو، قەرەجەکە، ئەو رۆژەی وا لە کۆڵانەکەوە تێپەڕی و ئەم رستەیەی بە دەنگی بەرز گوتەوە، لە قۆناخی ترس دا بوو یان دڵەڕاوکێ. رستەکە، رەگەزێکی لە هەردووکیان تیا بوو. رەنگە ئەو هێشتا پێی وابوو گەر ئەم کۆڵانە تێپەڕێنێ و بگاتە ئەو دیوی، دیسان بە تووش خێڵەوە دەبێتەوە. کەس نازانێ. بێگومان گەر پەیداشیان نەکاتەوە، ئەوە لە داهاتوودا یان دەبێ بە شاعیر یان دەبێ بە نووسەری ئەو چیرۆکانەی باسی بۆنی خێڵ و ئەسپ و دووکەڵ دەکەن.

دەیەوێ بچێ و پێی بڵێ کە ئەمشەو ببێ بە میوانی ئەوان، کەمێک بحەسێتەوە و رەنگە سبەی بتوانێ بیاندۆزێتەوە، بەڵام ئەم کارە ناکا. بۆ قەرەجەکە هەر چرکەیەک دەتوانێ خاوەنی گەورەترین مانا بێت. هەر چرکەیەک دەتوانێ سەرلەنوێ بە ژیانی رابردوویەوە گرێی بداتەوە و، رەنگە بۆ هەمیشەیش لێی دوور بخاتەوە. بەڵام لەو نێوانەدا قەرەجەکە وەک هەموو دەگمەن کەسەکانی سەر رووی زەوی ئەو دەرفەتەی بۆ رەخسا لەو راستییە تێبگا کە هەستەکان خۆیان لە خۆیاندا بنەمای خۆشبەختییەکانن، نەک ئەوانەی روویاندا.

بێزار لە کارەسات نازانێ بەخیلیی پێ ببا، یان بەزەیی بە سەردا بێتەوە. بیر لەوە دەکاتەوە کە رەنگە ئەویش بۆ خۆی رۆژێک لە رۆژەکان بگاتە ئەم شوێنە، ئەگەرچی قەرەج نیە و هەموو تەمەنی هەتا ئێستاکە لێرە لەم کۆلانەدا تێپەڕاندووە.
بە پەلە پریاسکەیەک لە نان و پێخۆر دەپێچێتەوە و بە هەڵەداوان دەچێتە دەرەوەو پیش ئەوەی قەرەجەکە لە دووا خانووی گەڕەک تێپەڕێ، دەیداتە دەستی. قەرەجەکە وەریدەگرێ و بە وردی لە روخساری دەڕوانێ. پریاسکەکە بێگومان دەبنە هۆی درێژە کێشانی هەستە خۆشەکانی. گرینگ نیە کورت یان درێژ، گرینگ ئەوەیە مرۆڤ بتوانێ تەنانەت دوواساتەکانی پڕ لە دڵەڕاوکێی ئێستایش بە دوواساتەکانی ئەو هەستە خۆشانەوە گرێ بدات کە لە راستیدا خۆش نەبوون.

**خۆش** یان ناخۆش ئەو رۆژانە تەواو بوون. کە لە شەڕ گەڕایەوە، نە لە قەراخ شار راوەستا و عەرزی وڵاتی ماچ کرد، نە لە شەقام و کۆلانەکاندا زۆر سەرنجی دەورووبەری دا، نە لە بەر دەرگای ماڵەوەدا سوکە راوەستانێکی بۆ کرد بۆ ئەوەی لەو دەرگایە بڕوانێتەوە کە ساڵانێک لەمەوبەر لێیەوە هاتبووە دەر تا روو لە بەرەکانی شەڕ بکا و، نە تەنانەت ماچکردنەکانی کەس و کاری زۆر بە لاوە گرینگ بوو. ئەو یەکەوڕاست خۆی بە ژوورێدا کرد، پێڵاوەکانی داکەند و چووە هۆدەکەی

خۆی (شتێک لە دەروونەوە پێی دەگوت ئەو هۆدەیە هێشتا هەر هی ئەوە)و، حەوت شەو و حەوت رۆژ بۆ سەلماندنی ئەم راستیە تێیدا خەوت. کە خەبەری بووەوە، حەوت نانی بە حەوت قاپە ماستەوە خوارد، چووە حەوشێ، لەوێ حەوت جگەرەی لە سەر یەک کێشا و ئەوسا کاتێک مێشکی ساف بوو چاوەکانی بە جوانی کرانەوە و روون روون ئەو خانووبەرە و حەوشەی بینیەوە کە سالآنێک لەمەوبەر بۆ رۆیشتن بۆ بەرەکانی شەڕ (ئەو شەڕەی کە دەیانگوت شەڕی شەرەفە) بە جێی هێشتبوو. دوواتر رووی لە ژوورەکەی خۆی کردەوە و حەوت شەو و حەوت رۆژ گریا. پاشان فرمێسکەکانی تنۆک تنۆک کۆکردنەوە و بردنی و لەو کووپەیەی خستن کە لە ژێرخانەکەیاندا بوو. لەوێ هەڵیگرتن، نەک لە بەر نەوەکانی داهاتوو و بۆ ئەوان، چونکە ئەو پێی وابوو هەتا هەتایە نەوەکان لانیکەم بۆ یەکجاریش بێ دەبێ بچن بۆ شەڕ، بەڵکوو لە بەر ئەوەی هەر نەوەیەک خاوەنی فرمێسکی خۆی بوو. دووای ئەم کارەی دیسان حەوت شەو و حەوت رۆژ لە ماڵ نەهاتە دەر. خەڵکی کە چاوەڕوانی هاتنەوەی قارەمانەکەیان بوون، بەم شێوە هەڵس و کەوتەی یەکجار پەست بوون. ئەوان کە چاوەڕوانی ئەوەیان دەکرد سەردانی بکەن و حەوت شەو و حەوت رۆژ جەژنی بۆ بە سەلامەت هاتنەوەی بگرن و، بە حەوت شەو و حەوت رۆژ گوێ لە چیرۆکەکانی رادێرن، بە بیستنی ئەم هەوالآنە سەرتا گومانیان چووە سەر کەسایەتی ئەو و، پاشان بەرە بەرە گومانیان چووە سەر شەڕەکە. دوواتر ئارام ئارام وەها بێدەنگییەک دەوری ئەو ماڵەی داگرت کە دەڵێی رۆحەکان لەوێ دەژیان. بێزار لە کارەسات بە پێچەوانەوە پێی وابوو کە لەو

خانووەدا تەنیا جەستەکان دەژیان. رۆحەکە لە مێژ بوو لەوێ لە بەرەکانی شەڕ بە جێمابوو.

قارەمان کە لە ماڵ هاتە دەر، حەوت شەو و حەوت رۆژ بە ناو شاردا و دوواتر حەوت شەو و حەوت رۆژی تر بە سروشتی دەورووبەری شاردا گەڕا. سووچ بە سووچ، کەلێن بە کەلێن، بست بە بست، بن بەرد بە بن بەرد، درەخت بە درەخت هەر هەموویانی سەرلەنوێ بەسەر کردەوە. ئەوسا تێگەیشت کە شار و دەورووبەری لە راستیدا زۆر نەگۆڕابوون، بگرە لە جاران زیاتر لە خۆیان دەچوون. ئەو کە ئەمەی بە پێچەوانەی بەرەکانی شەڕ دەبینی، سەری سوڕما بە وەڕەزییەکانی خۆی لەوێ لە بەرەکانی شەڕ و لە هەموو خەونەکانی. بەڵام نا، ئەی لە راستیدا ئەو وەڕەزی هەر ئەم شتە نەگۆڕاوانە نەکردبوو؟ نازانێ بۆچی کتوپڕ پێی وابوو کە دەبێ لێرەیش دەبێ شتەکان لە جۆرێکی تر بن.

رۆژەکان و مانگەکان تێدەپەڕن و ئەو هەر لە هەوڵی ئەوەدایە هەمان هەست، هەمان روانگە و هەمان سەرنج بۆ دەورووبەری پەیدا بکاتەوە، رێک وەک ساڵان، بەڵام لە گەڵ تێپەڕینی هەر سات و چرکەیەک زیاتر لەو حەقیقەتە تێدەگا کە یەکجار بۆ هەمیشە شتێک لە دەروونی ئەودا گۆڕاوە، وەها کە چیدی دەرفەتی گەڕانەوە و سەر لە نوێ هاتنەوەی نەماوە. ئەو کە پێی وابوو بە هاتنەوەی، زۆر ئاسان دەکرێ هەموو شتەکانی تر وەک ئەو بگەڕێنەوە، چەندە ئێستا خۆی بە گەمژە دەبینێ. ئەو دەبا زۆر زووتر لەمە بەم حەقیقەتەی زانیبا. کەم نەبوون ئەو شتانەی ئاماژەیان بەمە دەدا، بەڵام ئەو چەندە زیرەک بوو لە خۆ لێ نەبان کردن و نەدیتنیان. شتە ئاشنا غەریبەکان.

**ڕۆژێک کاتێک کۆلان لە خەو هەڵدەستێ، هەواڵێک لەم سەر تا ئەو سەر خۆ بە ماڵەکاندا دەکا. قارەمان، کۆلان و گەڕەک و شاری دیسان بە جێ هێشتووە. بۆ کوێ؟ جارێکە کەس نازانێ. تا چەند مانگ دوواتر بە ڕێکەوت لە تەلەفزیۆندا سیمای ڕەش و تەپ و تۆزاوی و چڵکنی دەردەکەوێتەوە. ئەو ئیستا لە بەرەیەکی شەڕی ترە. بەرەیەک یەکجار دوورتر لەوەی پێشوو. بۆ خۆی لە وەڵامی هەواڵنێرەکەدا دەڵێ:**

**ـ "گرینگ نیە لە کوێ شەڕ دەکەی، گرینگ ئەوەیە بەردەوام شوێنێک هەبێ بۆ شەڕکردن. من جاران پێم وابوو هەر نەوەی ئەوپەڕی شەڕێکی بە تووشەوە دەبێ (بە بزەوە باس لە بایەعی و سەهمێک دەکا کە مێژوو دەیدا)، بەڵام وەک دەبینی شەڕەکان ئیستا سنووری نەوەکانیان بڕیوە و لە هەموو شوێنێک و لەهەموو قۆناغەکانی تەمەندا دەست دەکەون."**

**بێزار لە کارەسات پێی وایە یەکێک لە کارەساتەکانی ژیان ئەوەیە کە خەڵکی کەسێک بە قارەمان بزانن و، بەڵام خۆی خۆی بە قارەمان نەزانێت.**

**نازانن**، **هیچ کام لە خەڵکی گەڕەک نازانن کە یەکێک لەوانەی وا لەم کۆلانەدا دەژی (پیاوێکی قژ بژ)، خەڵکی ئەم سەردەمەی بە سەر سێ بەرەدا دابەش دەکرد: بەرەی لافاو، بەرەی شۆڕش و بەرەی شەڕ. ئەو پێی وایە لافاو ڕاهێنانێکی سروشتیانە بوو بۆ شۆڕش و، شۆڕشیش ڕاهێنانێکی کۆمەڵایەتییانە بوو بۆ شەڕ. ئەو دەڵێ لافاو خەڵکی فێر کرد**

کە دەکرێ هەر هەموویان لە بەستێنێکدا کۆببنەوە و ئەوسا پێکەوە بخرۆشن، شۆڕشیش فێری کردن لە خوێن و لە کوشتن نەترسن و هەر بۆیە کاتێک دوژمن دەگاتە سەر سنوورەکان، بۆ ئەوانیش ئاسانترە روو لە تخوبەکان بکەن. لافاو، بۆ سالانی ساڵ سوری خوێنی ناو دەمارەکان خێرا و خێراتر دەکا و شۆڕشیش چەک دەکا بە خزم و هاوڕێی دەست.
بێزار لە کارەسات پێی سەیرە کە چلۆن دەکرێ لە ماوەی ئەوپەڕی پێنج ساڵدا خەڵکی ببن بە سێ بەرە. ئەوسا ئەو سێ بەرەیە پێکەوە لە هەر رووداوێکی گەورەدا لە یەک بئاڵێن و ببن بە یەک جەستە و یەک بەرە. پیاوە قژ بژەکە دیسان دەڵێ کە لافاو و شۆرش و شەڕ جیاوازیی سیماکانی سڕییەوە و هەمووانی کرد بە یەک (بۆچوونێک کە بێزار لە کارەسات زووتر لەو پێی گەیشت). کاتێکیش لێی دەپرسن کە چلۆن ئەو تاکە سیمایە وەسف دەکا، دەڵێ:
- "دەموچاو تیژێکی ریش ماش و برنجی، سەر نیوە رووتاوە، چاوەکانی ماندوو و قوڵ، گەردنێکی کشاوە کە ئێستاکە پێستەکەی چین چین سەر یەک کەوتووە، بەو گوپانەوە کە چیتر خوێنیان تیا نەماوە!"
کەس نییە لە پیاوە قژ بژەکە بپرسێ کە ئەم وەسفە وەسفێکی پیاوانەیە و ئەی ژنەکان چی. بێزار لە کارەسات لە بەر خۆیەوە هەوڵ دەدا هەر ئەم تایبەتمەندییانە بۆ سیمایەکی ژنانە بگوێزێتەوە، هەڵبەت بە هەندێ جیاوازییەوە، بەڵام ئەو کات دەبێ بە دوو سیما! کتوپڕ دەکەوێتەوە بیری کە ئەو سێ بەرەیە لە رەگەزی پیاو بوون. تەناتەت ئەوانەیشی وا پشیلەکەیان لە سێدارە دا هەر پیاو بوون. ئەوجا بۆ یەکەم جار لە ژیانیدا بیر لەوە دەکاتەوە کە داخۆ پشیلەکە نێر بوو یان

مێ. لە گەڵ ئەم بیرکردنەوەیە پێکەنینیشی بە خۆی دێ، بێگومان پشیلەکە نێر بووە. نێرەکان حەزیان بە هەڵواسینی نێرەکانە.

لە ساڵی لافاوەکەدا نەوەی شۆڕش و شەڕ هەبوون، لە ساڵی شۆڕش هەندێ لە نەوەی لافاو بزرببوو و لە ساڵی شەڕیش هەندێ لە نەوەی شۆڕشیش. بزربوونەکان خێراتر ببوونەوە. لە ماوەی ئەو چەند ساڵە کەمەدا مردنەکان یەکجار روویان لە زۆربوون کردبوو. بێزار لە کارەسات هەست دەکا لە نیگاکانی پشیلەکەدا، بە بێ ئەوەی کەس پێی بزانێ، لە کاتی لە سێدارەدانەکەیدا شتێک بۆ دەرەوە بۆ ناو سروشت و بۆ ناو گەڕەکەکە گواسترابووەوە. شتێک وەک نەفرەتێکی ئەبەدی. یاخود گاڵتەیەکی ئەبەدی. نەفرەت یان گاڵتەیەک کە هاتە ناو مێژووی گەڕەکەوە.

پیاوە قژبژەکە نووسەر و مێژوونووس نیە، بەڵام جگە لە قەڵەم و دەفتەر و هیممەت، هەموو شتێکی تری تێدایە بۆ ئەوەی ببێ بە نووسەر یان مێژوونووس. بە تایبەت شێوازی قژی، هەر وەها قسە نەستەق و تیژەکانی. رەنگە گەر رووداوەکان ئەوەندە خێرا بە شوێن یەکتردا نەهاتبان، ئەویش دەیتوانی بە مرای خۆی بگا و رۆژێک لە رۆژان کتێب یان کتێبەکانی لە رەفەی کتێبخانەکاندا جێبگرن. بۆ خۆی دەڵێ لەم گەڕەکە یان شت روونادا، یان کە روویاندا ئەوەندە خێرا بە شوێن یەکتردا دێن کە دەرفەتی یادداشت لێهەڵگرتن و تێرامانیان تیا نابێتەوە. کە ساڵانی ساڵ دوواتریش بتەوێ شتێ بکەی ئیتر هەی هۆ یەکجار تێپەڕیوە!

رۆژێک بێزار لە کارەسات بۆنێکی بۆ دەکڕێ و بە دیاری دەیداتێ. بۆنێکی پیاوانەی توند، لەو بۆنانەی کە تێپەڕیت، ژنان باسی دەکەن.

ئەویش وەک پێزانینێک بۆ قسە نەستەق و بیرە تیژەکانی، وەری دەگرێ (هەر چەند بێزار لە کارەسات باسیان ناکا). بۆنەکە، بۆنێکی تیژی زووتێپەڕە. بە خۆیدا دەکا و لە کاتێکدا بە کۆڵاندا تێدەپەڕێ، بۆنی خۆشی مێژوویەکی کورت بە شوێن خۆیدا بە جێدێڵێ.

**بە جێ هێشتنی** دەنگ، شتێکی ترە باوکی لەم دوواییانەدا فێری بووە و دەیکا! تەنیا ئەو شوێنە نیە کە کاتێک باوکی لێی دادەنیشێ و دوواتر جێی دێڵێ، شتێک وەک جێ پەنجەی جەستە تێیدا بەجێ دەمێنێ (دۆشەکەکە قوڵ دەبێ). رادیۆ،... رادیۆکە لەوێ لە تەنیشتیدا لە ساڵی شۆڕشەوە لە گەڵی دادەنیشێ و جێی ناهێڵێ. رادیۆکەیش وەک باوکی، خاوەنی جێ پەنجەی خۆیەتی لە سەر دۆشەکەکە.

بێزار لە کارەسات لە بیری دێ پێشتر شوێنی ئەم رادیۆیە سەر تاقی ژوورەکەی تر بوو. ئەو ژوورەی وا دووانیوەڕۆیان لە دووای ژەمی نیوەڕۆ، پیاوەکان تێیدا دەخەوتن و لە گەڵ خەوتنەکانیان رادیۆکە گۆرانییە ئارام و دڵتەنگەکانی دەچڕی (ئەو کاتانە هەمیشە پێی وابوو گۆرانییە ئارامەکان خەمگینن، بۆچوونێک کە ئیستاکە نەیماوەوە و بە پێچەوانەوە پێی وایە لە راستیدا ئەوە گۆرانییە شادەکانن خەمگینن).

کە شۆڕش هات، رادیۆکە لە تاقەکە دابەزی و لە تەنیشت باوکی دانیشت. لە گەڵ نانخواردن، کاتێک میوانیان هەبوو، لە گەڵ خەونووچکەکانی دووانیوەڕۆیان و، لە گەڵ بێدەنگییەکان رادیۆکە

بەردەوام لە سەر هەواڵەکان بوو. باوکی سەری دادەخست و مڕ و مۆچ گوێی لێدەگرت. وەک بڵێی هەمیشە بەڵێن بوو هەواڵێکی ناخۆش بڵاوبکرێتەوە. تەنانەت کە شۆڕشیش سەرکەوت و بوو بە شایی و خۆشی و خەڵک لە شەقامەکان کۆبووەوە و دەستیان کرد بە سەما و شادی، گوێگرتنەکانی باوکی لە رادیۆکە هەر کۆتایی نەهات. تازە ئیتر بۆی ببوو بە عادەت،... ببوو بە خوو. ئیتر هەواڵ بوو بە بەشێکی ژیانی رۆژانەیان.

دەنگی رادیۆکە بەرە بەرە لە سووچ و کەلێنی ماڵەکە ئالا و هەموو شتێکی کرد بە بەشێک لە "بوون" ی خۆی. ئیستا ئیتر بە بێ ئەو دەنگە دەڵێی شتێک کەمی دەهێنا. بێزار لە کارەسات کاتێک ئێوارەیان بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە، بە بیستنی دەنگی رادیۆکە لە کۆڵانەوە، شادی و ئارامییەکی دەگمەن دەڕژایەوە ناو رۆح و جەستەیەوە. رادیۆکە ببوو بە هێمای بەردەوامیی ژیانی باوک لە ماڵدا، ئەو ژیانەی هێمنایەتی و دڵنیایی دەبەخشی.

شەپۆلەکان جوان نەدەگەیشتن. هەر بۆیە باوکی هەمیشە دەستێکی بەو دوگمە زەقە خڕەوە بوو کە دەبا دەنگەکەی پێ ساف و رەوان بکا. هەواڵەکان هەمیشە تێکەڵی ئەو خشە خش و ویزە ویزە دەبوون کە لە گەڵ وشەکان و رەستەکان رێیان دەکرد. ئەگەرچی باوکی جاروبار ناوچاوانی تێک دەنا و لە ژێر لێوەکانییەوە چەند وشەیەکی ناڕوونی لە تووڕەییەکی شاراوەوە دەردەبڕی، بەڵام بە خۆشییەوە زۆربەی رستەکان دەبیستران. ماناکان و پەیامەکان سەرئەنجام خۆیان بە دەستەوە دەدا و ون نەدەبوون و دەگەیشتن. دیاردەیەک کە هەموو خێزان

یەکجار پێی خەنی بوون. شادی باوک شادی ماڵ بوو. ڕەنگە شادیی شۆڕشیش.

بەڵام ڕۆژێک لە کاتی نانخواردنی ئێواریێ دا کتوپڕ رادیۆکە لە کاتێکدا باسی لە دەسەڵاتی نویێ و بەڵێنەکانی دەکرد، لە کار کەوت. دەنگ چییە لێیەوە نەدەهاتە دەر. باوکی سەرەتا کەمێک دوگمەکەی بەم لاولادا چەرخاند. ئەوسا هەڵیگرت و خستیە سەر کۆشی و لێی ورد بووەوە، چەند جارێک رایوەشاند، باترییەکانی دەرهێنا و بەو سیم و گڵۆپە بچووکەی بە سەرێکییەوە بوو، تاقیکردنەوە. باترییەکان عەیبیان نەبوو. تەمێک روخساری داگرت. هەموو خێزان بێدەنگ بوون. بە چاوی نیگەرانییەوە سەیری گەورەی ماڵیان دەکرد. ڕەنگە ئەم پرسیارانە لە مێشیکی هەموویاندا چەکەرەیان کردبێ کە "دوواتر چ دەبێ؟"، "سەرئەنجامی شۆڕش و بەڵێنەکان بە کویێ دەگەن؟" بێزار لەکارەسات بۆنی پرسیارەکان دەگەیشتنە لووتی. باوکی ئارام رادیۆکەی لە تەنیشت خۆیەوە دانایەوە. داوای کرد پێچگوشتییەکەی بۆ بێنن. هێنایان. پشتی رادیۆکەی کردەوە و پاش ماوەیەکی چاک چاولێکردنی، دیسان بەستییەوە. دەستی لە هیچ نەدا. تەنیا بە شوێن وایەرێک دەگەڕا کە ڕەنگە پچڕابێ و ئەو دەیتوانی بە دیتنەوەی دەست بەجێ وەسڵی بکاتەوە. وایرەکان هەر هەموویان لە جێی خۆیاندا بوون. دووای بەستنی پشتی رادیۆکە سەری هەڵبڕی و، لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی دەرەوەی کردەوە. بێگومان دووکان و بازاڕ داخراون. درەنگە. تا سبەیش هەزار شت دەشێ! شۆڕش، تەحەمولی ساتەکانی نەهێشتبووەوە. داخۆ تا سبەی چ دەبێ؟ تۆ بڵێی تا سبەی شەقامەکان و کۆڵانەکان هەر هەمان بن؟ بێزار لە کارەسات بە تەواوی نازانێ چی لە مێشکی باوکیدا

دەگوزەرێ، بەڵام دەزانێ سبەی بە زووترین کات دەبێ رادیۆکەوە چاک بکرێتەوە. ناکرێ لەم سەر تا ئەو سەری کۆڵان دەنگی رادیۆ بێت و ماڵی ئەوان بێدەنگ. ئەو کە هێشتا نازانێ باوکی ئیستاکە زۆرتر خەمی ماڵ و منداڵی دەخوا یان شۆڕش، هەر ئەوەندە دەزانێ کە رادیۆکە هێمای ئەم خەمخۆرییە بوو بۆ هەر دوولا. کاتێک باوکی گوێی لە هەواڵەکان دەگرت، ئیتر زۆر سەرقاڵی ئەوە نەبوو لە ماڵەوە چی دەگوزەرا و، هەر بۆیە ژیان بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاسانتر ببوو.

باوکی سبەی زوو، زووتر لە جاران، لە خەو هەستا. دووای ژەمی بەیانی رادیۆکەی خستە بن باڵی و رۆیشتە دەرەوە. ئێوارە هەر بە هەمان رواڵەتەوە گەڕایەوە. بێزار لە کارەسات لە دوورەوە لە ناو کۆڵانەوە دەنگی رادیۆکەی خۆیانی ناسییەوە. ئۆخژنێک بە دەروونیدا گەڕا. شۆڕش و بەڵێنەکانی لە ماڵی ئەوان بەردەوام بوون. کاتێک چووە ژوورەوە و باوکی وەک هەمیشە لە شوێنی خۆی بە تەنیشت رادیۆکەوە بینی، بیری لەوە نەدەکردەوە کە هەر ئەم رادیۆیە بەڵێن بوو هەواڵەکانی شەڕیش بۆ ناو ئەم ژوورە راگوێزێ. بەڵێنەکانی ناو رادیۆکە، زۆر لایەنی تری لە بیری باوکی بردبووەوە.

**لەبیربردنەوەی** منداڵان لە گەڕەک دا دیاردەیەکی ئاسایی بوو. راستییەکەی ئەوە بوو ئەوان هەمیشە بە بێ گەورەکان کایەیان دەکرد. پۆل پۆل یاخود لە دەستەی گەورەتردا یەکیان دەگرت و ئەم سەر تا ئەو

سەری کۆڵانیان داگیردەکرد. ئەگەر ماڵ لە هەبوونی گەورەکاندا شوێنی تەراتێنی ئەوان نەبوو، بەڵام کۆڵان لە چەشنێکی تر بوو. کۆڵان ئازادترین شوێنی ژیان. منداڵەکان بە هۆی کۆڵانەوە ئاگایان تەنانەت لە شۆڕشیش نەبوو، لەوەی کە گەورەکان خەریکی نووسینی چارەنووسێکی تر بوون بۆ ئەوان بە بێ ئەوەی ئەوان بۆ خۆیان پێی بزانن. منداڵەکان گوێیان لە دروشمدانەکان بوو، ئەو زەنا زەنایەیان دەبیست کە لە دوورەوە هەوای کۆڵانی بڕدەدا و ئەو شەپۆلە گچکانەیان چێدەکرد وا ئەوان نەیاندەبینی، ئەو شەپۆلانەی قەرار بوو ببن بە شەپۆلە گەورەکانی داهاتووی ژیانی ئەوان. ئەوانەی بەڵێن بوو دوواتر لە شەڕدا خوێنیان بڕژێ نەک لە شۆڕشدا. ئەوان جاری وابوو سەگ قاچی دەگرتن، بە ژێر ئەو تاق و تەرا ئۆتۆمبیلانەوە دەبوون کە بە خێرایی لە کۆڵانەوە تێدەپەڕین، جل و بەرگەکانیان جاری وابوو بە ئاوری چقڵە وشکەکان دەسووتان، جوێنی ئەو گەورانەیان بەردەکەوت کە لە دەروونی خۆیاندا بە بێ ئەوەی بزانن رقیان لە نەوەی داهاتوو بوو، هەروەها سەروچاویان خوێناویی ئەو شەق و مشتانە دەبوون وا لە شەڕی بەرژەوەندییە دەروونییەکانیانەوە دەهاتن. منداڵەکان، بێ خەیاڵی داهاتوو و رابردوو، نوقمی ئیستا، پێیان وابوو جیهان تەنیا کایە و یارییە.

بەڵام بە راست خۆی لە خۆیدا جیهان یارییەکی گەورە نەبوو؟ یارییەک کە هەموو یاریچی بوون تێیدا و بەڵام جاری وابوو مرۆڤ بە هاتنی هەندێ رووداو دەیویست وای نیشان بدا کە هەموو شتێک تەنها کایە پێکردن بەوان نیە؟ ئەم پرسیارانە سەری بێزار لە کارەساتی قورس دەکرد. لای ئەو، شۆڕش و شەڕ، ئەو دوو دیاردەیە بوون کە زیاتر لە

هەر شتێکی تر مرۆڤ دەیویست پێیانەوە خودابوونی خۆی بسەلمێنێ، ئەوەی کە ئەویش دەتوانێ خولقێنەر بێت. تەنیا بەو جیاوازییەوە کە خوا لە کاتی خولقاندندا هاتوهاواری نەکرد و، کەچی ئەم بە دروشم و بە تەقەی تفەنگ و تۆپەکان، گوێی خۆی و دونیای کەڕدەکرد. بێزار لە کارەسات نازانێ تا چەندە لەم جۆرە بیرکردنەوانەدا راستە. بۆ ئەو، دووای گلەییەکانی پشیلەکە و لە سێدارەدانەکەی "راستی" هەمیشە پرسیارێکی گەورە بووە. بە تایبەت ئەگەر نەخۆشییەکان و پیرییە زوودڕەسەکانی دووای شەڕیش بخاتە ناو حیسابەوە.

ئەو جاری وایە رادەوەستێ و سەیری کایەی ئەوان دەکا. دەیەوێ پەیوەندێک لە نێوان رووداوەکانی داهاتوو و جۆری یاریی ئەواندا بدۆزێتەوە. دۆزینەوەیەکی نە یەکجار ئەستەمیش. یارییەکانیان بە بێ گەورەکان، خوێنی سەر روخساریان، ژێرکەوتنەکانیان و ئاگر، زۆر شتیان بۆ داهاتوو پێ بوو. ئەمانە خۆیان لە خۆیاندا دونیایەک ئاماژە بوون. بەڵام راوەستە! ئەی ئەو بە تاک و تەرا منداڵانەی وا بە تەنیا لە گۆشە و کەنار رادەوەستن و تەنیا سەیر دەکەن! ئەوانە چییان پێیە؟

بێزار لە کارەسات بەو ئەنجامە دەگا کە کایە تەنیا جم و جۆڵ و هەڵسوڕان نیە، بەڵکوو دەکرێ "لە قوژبنێکیشدا راوەستان" گەمە بێت. رەنگە ترسناکترین گەمەیش. ئەوانەی کاتێک گەورە بوون ئەوجا دوو جار گەمە دەکەن،... یەکیان کایەکانی منداڵی و ئەوی تریشیان کایەکانی سەردەمی گەورەساڵی. چی لێ بەرهەم دێت؟ ناتوانێ وەڵامێک بدۆزێتەوە. رەنگە سێ رووداوە گەورەکە خۆیان لە خۆیاندا نموونە کۆنەکان بن. ئەوجا خۆی دێتەوە بیر. خۆی لە چەشنی کامە منداڵ بووە، ئەوەی وا راوەستاوە و چاولێدەکا، یان ئەوانی تر؟ جوان بیر

دەکاتەوە. دەبینێ ئاوێتەیەک بووە لە هەر دووکیان. رەنگە هەر لەبەر ئەمەیش بێت وا دەتوانێ لە بێدەنگیی حەوشەکەیاندا بە چەندین سەعات مت و بێ جوڵە دابنیشێ و، بڕوانێ و بیربکاتەوەو، ئەوسا بە ناو ئەو هەموو رووداوەودا گوزەربکا. نازانێ لە خۆی بترسێ یان نا، شانازیی بە خۆیەوە بکا. رەنگە هیچ کام لەم حاڵەتانەیش پێویست نەبێت. ئەو، ئەوەیە کە هەیە. بوونەوەرێکی نێوەنج. لەوانەی دەتوانن تێپەڕن.

منداڵەکان لە سەردەمی شۆڕشدا جاری وابوو دەنگیان لە دەنگی خۆپیشاندەران زلتر بوو. ئەوەیش لەو کاتانەدا بوو کە سەگە بەڕەڵڵایەک بە هەڵکەوت لە کۆڵانەوە تێدەپەڕی و ئیتر دەبوو بە هەرایەک نەبێت. سەگەکان جاری وابوو لە ترسی منداڵەکان سەریان لێدەشێواو، روویان لە شوێنی ئاپۆرای خەڵکەکە دەکرد. لەوێ خەڵک لەبەر شۆڕش سەری ئەوەیان نەدەپژا ئازاریان بدەن. سەگەکان لە گەڵ خەڵکەکە بە درێژایی شەقام دەڕۆیشتن و لە دڵەوە نەفرەتیان لە نەوەی داهاتوو دەکرد و، دڵیان بۆ ئەو خۆپیشاندەرانەی دەسووتا وا بۆ نەوەکانی داهاتوو دەیانویست دونیا بگۆڕن.

رەنگە سەردەمێک بێت ئیتر هیچ منداڵێک لە کۆڵاندا یاری نەکا. بێزار لە کارەسات دەتوانێ وەها رۆژێک بێنێتە بەرچاوی خۆی. بەڵام هاوکات بەو بیرەیش دەگا کە لەو سەردەمەدا ئیتر کەسیش نەیەتە سەر شەقام بۆ دروشمدان. بێگومان ئەو سەردەمە ئیتر سەگە بەڕەڵڵاکانیش لێرەوە لەم گەڕەکە تێناپەڕن. دەبێتە چاخی هەر کەسە و ماڵی خۆی. بەو ئامرازانەوە کە لێیانەوە گەڕەک و شار تەنیا دەبن بە وێنەکان.

**وینەکان** یەک بە دووای یەکدا دەدڕێنێ. ئەو رقی لەو شێوازی دڵدارییەیە: وێنە ئاڵ و گۆڕکردن، بە کۆلاندا رۆیشتن، دیتنی یار لە ئێوارەیەکی درەنگ وەختدا لە کونجێکی چۆڵ، چپە ترساوەکانی ئەشق، خەیاڵەکانی نیوە شەو و سەرئەنجام دڵەڕاوکێ بێکۆتاییەکان. نا، ئەو دەبێ یەکجار بۆ هەمیشە کۆتایی بەم شێوازە بێنێ. بۆ دەست پێکردن، وێنەکان یەکەمین شتەکانی بەردەستن. دەیاندڕێنێ و دەیانداتە دەست با، ئەو با پاییزییەی کە خۆشبەختانە هەموو ساڵێک ئەم دەمانە هەڵدەکا و سەرتاسەری کۆلان دەگرێتەوە. "با" بۆخۆی دەزانێ چۆن پرژ و بلاویان بکا.

هەڵبەت، رق لەم شێوازە هێشتا هەڵینەداوەتە دروست بوونی شێوازێکی تر لە ئەڤین و دڵداری لە زەین و دەروونی ئەودا. ئەو وەک زۆربەی شۆڕشگێڕەکان پێش هەموو شتێ رقی لە دونیای کۆنە بە بێ ئەوەی هێشتا جیهانی نوێی لە لا بە جوانی گەڵاڵە بووبێ. پێی وایە تا جیهانی کۆن نەڕوخێ، مرۆڤ ناتوانێ بە کردە بزانێ چی دەتوانێ دروست بکا. کەواتە رووخان یەکەمین هەنگاوە. دوواتر پلانەکان بۆخۆیان دێن، بە بێ ئەوەی پێویست بێ زۆرت بیرلێکردبێتنەوە. رووخان، منداڵدانی لە دایکبوونە.

دووای ئەوەی وێنەکان دەداتە دەست با، واز لە کۆلان و لە جێژوانی نهێنی و لە چپە ترساوەکان و سەرئەنجام لە خەیاڵەکانی نیوەشەویش دەهێنێ. هەست بە سووکییەکی سەیر دەکا. لە گەڵ ئەوەی ئەشق ون نەبووە، بەلام خەیاڵ و ئاشقبوون راحەتترە. ئیتر شێوازی رابردوو بۆ

هەمیشە ون بووە. زۆر پەلەی نییە. گەر راوەستێ، بەرە بەرە سەرەتاکانی شێوازە نوێیەکە دێن. ئەوسا ئەو دەتوانێ لە سەریان تەنیا و تەنیا شتی تر بنیات بنێ. بالاخانەیەکی تر چاوەڕوانە، چاوەڕوانی چیرۆکی نوێی ئەو.

چەند رۆژێک تێدەپەڕێ. رۆژەکان وەک هەمیشە. هیچ شتێک روونادا. بە سەرسوڕمانەوە دەبینێ هیچ سەرەتایەکی نوێ لە کۆلانەوە تێناپەڕێ. بە زۆر شێوازە کۆنەکە، کە جاری وایە دێتەوە و دەیەوێ دونیای داگیربکاتەوە بە پالەپەستۆ لە خۆی دوور دەخاتەوە. ئەگەرچی "با" وێنەکانی بردووە، بەلام دەبینێ یادی ئەو تەنیا لە شکلی وێنەدا دێتەوە خەیالێ. بێزی لە خۆی دەبێتەوە، لەوەی کە هێشتا خاوەن ئیرادەی پێویست نیە لە درێژەدانی رێگاکەیدا. چەند رۆژی تر تێدەپەڕن. ئەوسا مانگەکان، بەلام هێشتا هیچ خەبەرێکی تر نیە. زەمەن دەڕواو، ئەو لە نێوان "کۆن" و "نوێ" دا ماوەتەوە بە بێ بینینەکانی جارانی یار. بڕیاردەدا دابنیشی و بە جوانی بیر بکاتەوە. باشە گەر وێنەی پێ نەبێ و لەو کۆلانەوە گوزەر نەکاو بە دزییەوە نەیبینێ و نیوەشەوان خەیالٚ نەیباتەوە، ئەی چیتر دەتوانێ بکا؟ دیدارو بینینی راستەوخۆ، بە هیچ پێچ و پەنایەک. گەیشتن بەم ئاکامە وەهای خۆشحالٚ دەکا کە لە خۆشیاندا رادەپەڕێتە سەر پێ و هەلٚدەخاتەوە و دەقیژێنێ. بەلام،... بەلام نا، راوەستە،... چلۆن؟ دەکرێ راستەوخۆ بچێ لە دەرگای مالٚەکەیان بدا و ...، یاخود لە شەقام پێکەوە پیاسە بکەن، یان بە کەیفی خۆیان و بێ پرس بڕۆن؟ ئەم بیرانە ئارامی دەکاتەوە،... دادەهێزرێ.

**لەو سالەوە خەڵکی گەڕەک کوڕێکی گەنجی لەڕ و لاواز دەبینن کە بەردەوام هەموو ئێوارەیەک بە بێ ئەوەی ماندوو بێت بە سەر شەستیی قەراخ شاردا دێت و دەڕوا. ئەو سەری شەستییەکە دەگاتە کۆڵانێک کە ئەو چەند ساڵ لەمەوبەر وێنەکانی یەکێک لە دانیشتووەکانی دڕاند و دایە دەست "با" و، ئەم سەری شەستیش کۆڵانی ئەو خانووەی وا تێیدا یەکەمین بیری شۆڕشگێرانە لە مێشکی ئەودا چەکەرەی کرد. کوڕەکە، کە دەگاتە نزیک کۆڵانەکان رادەوەستێ، سوڕدەخوا و دەگەڕێتەوە. لەمەوە بۆ ئەو و لەوەوە بۆ ئەم. رێگا ئەگەرچی زۆر دوور نیە و وەک هەمیشە ئاشنا و ناسیاوە، بەڵام چەندە بینینەوەی شێوازێکی تر بۆ گوزەرکردن بە ناویدا دژوارە.**

**بێزار لە کارەسات سێبەری درێژی ئەو پەیکەرە گەڕۆکەی بە کاتی ئێوارەیاندا بینیووە. هەست دەکا جاری وایە قاچی لە نزیک ئەم کۆڵان و سەری لە نزیک ئەو کۆڵانەی ترە. سێبەرێک کە قەت نەبووەتە پردی پەڕینەوەی هیچ بوونەوەرێک، چ ئیستا و چ لە رابردوودا. ئاە، کە چەندە دڵی بۆ شۆڕشگێڕە بە پەلەکان دەسووتێ!**

**سووتاندن** شتێک نەبوو کە لە ژیانیدا زۆری بیرلێکردبێتەوە. ئەو تەنیا وەختانێک بیری ئەم وشەیە دەکەوتەوە کاتێک لە کۆڵان تەنەکە خۆڵێک

دەسووتا و دووکەڵی لێ بەرز دەبووەوە، یان بە ڕێکەوت دەیبینی تەنیا کێوەکەی باشووری شار لە هاویندا گیا وشکەکانی گڕی دەگرت و دەسووتا. بۆ ئەو سووتاندن تەنیا ئەمە بوو و بەس.
بەڵام ئەو ڕۆژەی باوکی مرد، سووتاندن چەند مانایەکی تری خۆی دەرخست. لە کاتێکدا بە تەنیشت پەیکەری بێ گیانی باوکییەوە کە لە کفن پێچرابوو، لە سەر چۆک دانیشتبوو، دوو جۆری تری "سووتاندن" دڵ و مێشکی گووشی: دڵی بۆ باوکی و بۆ خۆی دەسووتا. بۆ باوکی چونکە ئیتر قەت ژیانی نەدەبینییەوە و، بۆ خۆیشی چونکە لە ناو هەشت برادا تەنیا ئەو وەک برا گەورە پوڵی کفنەکەی باوکی دابوو. لە گەڵ ئەو فرمێسکانەی کە جاروبارە بە چاوەکانیدا دەهاتنە خوار و لە گەڵ ئەو دەستماڵە سەوزە کۆنەی جاروبار بۆ لوت و چاوەکانی دەبرد و ئاوی کەپۆ و فرمێسکەکانی پێ دەسڕی، بیری لە گیرفانی چەپی کەواکەیشی دەکردەوە کە ئێستاکە پارەکەی تیا نەمابوو و بەتاڵ و سووک ببوو. وەک خۆی بە خۆی دەگوت دووهەزارتمەنی ڕۆیشتبوو. لە سەردەمێکدا مووچەی مانگانەی کارمەندێک نزیک دووهەزار تمەن بوو، ئەمە مەبلەغێکی زۆر بوو. جاری وابوو لێی تێک دەچوو کە داخۆ بۆ باوکی دەگری یان بۆ خۆی. ئەو خەڵکەی لە مزگەوت بە دەوروو‌بەرییەوە دانیشتبوون و لێیان دەڕوانی، چەند بەزەییان پێی دەهاتەوەو چەندەیش لە دڵەوە ئافەرینیان دەنارد بۆ کوڕچاکی و بۆ ئەمەگناسییەکەی وەک کوڕە گەورەی ماڵ. حەوت براکەی تری لە پشت سەری ئەوەوە کش و مات دانیشتبوون و بیریان لە ژیان و مەرگ دەکردەوە.

سەرتاسەری ڕێگای قەبرستان بەو زستانە تەڕ و تووشە، جاروبارە لە ژێر پاڵتۆکەیەوە دەستی بۆ گیرفانی دەستی چەپی بردبوو، بەو هیوایەی درۆ بێت و پارەکە هێشتا هەر لەوێدا بێ. بەڵام نا، مردنی ئەسکناسەکانیش وەک مردنی باوکی ڕاستترین ڕووداوی جیهان بوو. ڕاستییەکی ڕەق ڕەق، ڕەقتر لەو سەهۆڵەی پێی پیا دەنا. ئەم بیرە تەنانەت لە سێ ڕۆژی سەرەخۆشییەکەیشدا هەر بەری نەدا. بە چاوێکی پڕ لە چاوەڕوانی و ڕقەوە سەیری براکانی دەکرد و، چاوەڕوانی ئەو ساتەوەختەی دەکرد کە بێنە لای و پارەی کفنەکەی لە گەڵ بەش کەن. بەڵام نە لە چاو و نە لە کردار و نە هەڵس و کەوتی براکانیدا هیچ شتێکی دڵخۆشکەری نەدەبینی. ئەوان چاییان دادەنا، پێشوازیان لە خەڵک دەکرد، بەڕێیان دەکردن و پاشان لە سوچێکدا بە بێدەنگی دادەنیشتن و بە چاوە واق وڕماوەکانیان لە زەویی بەر دەمی خۆیان ڕادەمان.

جامانەکەی (کە هەمیشە بە سەر سەرییەوە بوو)، کەمێک بەرەو پێش بەرەو ناوچاوانی جوڵاند و لە بەر خۆیەوە گوتی:

- "دێن، بێگومان دێن،... لە دووای سەرەخۆشییەکە. ئاخر دەبێ بزانن کە منیش کۆشێک منداڵی وردم هەیە و کارو کاسبییەکی ئەوتۆیشم نییە،... جگە لەمە،... جگە لەمە ئەوان باشترین بەشی خانووەکەیان داگیر کردووە،... پەح لەو دونیایە، براگەورە بیت و باوکت لە ژیاندا بێت و کەچی کەمترین بەشت بەربکەوێ،... پەح لەو باوکە،... پەح لەو برایانە! حەیفی پارەی کفنەکە!

کتوپڕ خوێنێکی زۆر دەیداتە مێشکی. وەها، ناتوانێ ئارام راوەستێ. کەمێک لە سەر قاچەکانی بەم لاولادا سەما دەکا و کتوپڕ پڕ بە خۆی هاوار دەکا:

ـ "هەی لەو باوکە،... هەی ی ی ی..."

جەماعەتێک لە نزیکییەوە دەستبەجێ رادەپەڕن و دەیگرن:

ـ "تەحەممول بە قوربان تەحەممول! چار نیە،... ئیرادەی خودایە!... تەنیا شوکور، تەنیا دەبێ شوکورگوزار بین بە بەشی خوا بە قوربان!"

بێدەنگ دەبێ. رادەوستێتەوە. دڵنیا لەوەی کە مردنی باوکی ئیرادەی خودایە و نادڵنیا لەوەی کە لە دەستچوونی دووهەزار تمەنەکە ئیرادەی خودا بێت، بە رقێکی یەکجار ئەستوورترەوە لە براکانی دەڕوانێ.

کە ساڵی شۆڕش هات و، دەسەڵاتی پێشوو رۆیشت و دەسەڵاتی نوێ هێشتا دەست و لاقەکانی نەگەیشتبووە گەڕەکەکەی ئەوان، لە گەڵ براکانی بووە شەڕیان. شەڕەکان چەندین مانگیان خایاند. سەرئەنجام رۆژێک لە ناو دەمە قاڵە و هێنان و بەرەی زۆردا ئەو دەرفەتە رەخسا دووهەزار تمەنەکە وەربگرێتەوە، بەڵام هەر ئەو رۆژە کوڕەکەی بە دەست کوڕی براکانی کوژرا.

ئەو سەرلەنوێ لە هەمان شوێن لە مزگەوت بەڵام ئەمجارە بە دیار تەرمی کوڕەکەیەوە دانیشتەوە و سۆزی هەڵڕشت، بە بێ ئەوەی ئەمجارە براکانی لە پشت سەرەوە بێت،... هەروەها وەک ئەو ساڵە بە هەمان گیرفانی چەپی بە تاڵەوە (دووهەزارتمەنەکەی بگرە زیاتریش دابوو بە کفنی کوڕەکەی).

بێزار لە کارەسات بیر دەکاتەوە رەنگە گەر دووهەزارتمەنەکە لە ساڵی مردنی باوکەکە لە گیرفانی دەستی راستی کەواکەدا بایە و نەک لە

دەستی چەپدا، رەنگە دڵ ئەوەندە راستەوخۆ هەستی بە قورسایی پارەکە و دوواتر بە بە تاڵبوونی شوێنەکەی نەکردبایە و، ئیتر ڕووداوەکان بە شوێن یەکتردا بەو شێوەیەی کە روویاندا، ڕوویان نەدابایە. یان چ دەبوو دڵ لە بەشی راستی جەستەدا بووایە! بەڵام هەست دەکا شتەکە هەر ئەمە نیە. چ دەبوو براکان بیانتوانیایە چاو تێ بڕینەکانی براگەورەکەیان لە کاتی سەرەخۆشیدا بخوێندایەوە، یاخود براگەورە جورئەتی هێنانە گۆڕی باسەکەی هەبایە. هیچ،... تەنیا و تەنیا هیچ. ساڵەکانی هیچ.

چەند جارێک بێزار لە کارەسات چووەتە سەر گۆڕی کوڕە گەنجە کوژراوەکە. لە سەر کێلەکەی نووسراوە "جەوانی ناکام". بیر دەکاتەوە، بۆ گەورەکان چەندە ئاسانە وەسفکردنی دونیا!

**دونیای** گەڕەک تا ئەو جێگایەی بۆ خانووەکانی دەگەڕێتەوە، دونیایەکی یەکدەستە. خانووەکان چ لە تەمەنیاندا و چە لە شێوازیاندا زۆر لە یەک نزیکن. ئاجور، بەرد، گڵ، دار، پەنجەرە دارینە و ئاسنیەنەکان و سەرئەنجام شێوازی دروستبوونیان، دەروون و رواڵەتی هەموویانن. لە راستیدا گەڕەک زۆر لە خۆی دەچێ، چ وەک تاک و چ وەک کۆ.

بەڵام خانوویەک هەیە، جیاوازە. لەوانی تر ناکا. هەم لە تەمەندا یەکجار کۆنە و هەم لە شێوازی دروستکردنیدا. بینایەکی یەکجار

گەورە، بە پەنجەرە درێژ و لە تەنیشت یەکەکانییەوە، بەو دەرگایەوە کە دەڵێی زرێی پیاوە جەنگاوەرە قەدیمییەکانی لە بەردایە، بەو بانەوەی کە دەڵێی ساڵانی ساڵە کەس نەچووەتە سەری و سەرئەنجام بەو دوو درەختە پیرەوەی کە یەکیان لەم سەری خانووەکە و ئەوەی تریان لەوسەریەتی،... دوو پاسەوانی دڵسۆز و بە ئەمەگی مێژینە. وەک بڵێی لە نۆکەرەکان هەر ئەو دووانە ماون.

خانووەکە کەسی تیا ناژی، بەڵام پارێزگاری لێدەکرێ. جارجارە پیاوێک دێت و دەچێتە ژوورەوە. لەوێ ماوەیەک دەمێنێتەوە، خەڵکی جار جارە لە پشت پەنجەرە درێژەکانەوە دەیبینن. پاشان دێتە دەر و بە بێ ئەوەی لە گەڵ یەک تاقە کەسیش بدوێ، ون دەبێ. خەڵکی گەڕەک توخنی بیناکە ناکەون. بە شەودا هەیبەتی خانووەکە وەک سێبەرێکی قورس بە سەر کۆڵاندا دەکەوێ. درێژ و پان. خەڵک لێی بێزارن. خۆشیان ناوێ، بەڵام هیچیشیان پێناکرێ. لە خانووی چۆڵی بێ دانیشتوو، قێزەوەنتر لەدونیادا نیە.

بەڵام بۆ بێزار لە کارەسات، خانووەکە سەرنجڕاکێشە. ئەو پێی وایە لە بوونە کۆنەکاندا هەمیشە شتێک هەیە کە یەکجار لە شتەکانی تر جودایان دەکاتەوە. شتێک وەک زەمەن، وەک ژیانەکانی رابردوو و وەک بیرەوەرییەکان. ئەو کاتێک بە بەر خانووەکەدا تێدەپەڕێ، رادەوەستێ و لێی رادەمێنێ. شتێک وەک موگناتیس رایدەکێشێ. هەتا زیاتر لێی ورد دەبێتەوە، زیاتر هەست بەو دەنگ و رەنگانە دەکا کە لە تان و پۆی دیوارەکان و پەنجەرەکاندا لە زەمەنی زووەوە بەجێماون. ئەو تەنیا نایانبینێ، بەڵکوو دەشیان بیستێ. ئەو دەنگانەی لە سێبەرەکانەوە دێن. زەمەن ئەگەرچی هەمیشە زەمەن بووە، بەڵام کە سەیری ئەم

خانووە دەکەی، دەڵێی جاران کات لە شێوازێکی تر بووە. تۆ بڵێی لە راستیشدا هەر وایش نەبێ،... تۆ بڵێی هەر ئەم جیاوازییە نەبێ کە دەبێتە هۆی ئەم سەرنجڕاکێشانە؟ زەمەن وەک کوتاڵێک کە هەر چاخەی بە شێوازێک دەدوردرێ. بێزار لە کارەسات ئاشقی شتە کۆنینەکانە.
رۆژێک دێ ئەم خانووە ئاساییانەی کۆڵانەکەی ئەوانیش وایان لێدێت. دەبن بە راز،... بەو بوونەوەرانەی کە نەوەکانی داهاتوو هەر وەک ئەو، رۆژێک لە رۆژان لە بەر دەمیاندا رادەوەستن و بیریان لێدەکەنەوە. بێزار لەکارەسات، لە پشت پەنجەرەکەوە لە ناو کۆڵان ئەو کوڕە دەبینێ. کوڕەکە ئەوەندە سەرقاڵی خانووەکەیە کە بێزار لە کارەسات نابینێ! وەها دڵی تەنگ دەبێ کە لە ماڵ دێتە دەر و هەوڵ دەدا هەموو رووداوەکە فەرامۆش بکا. نەکا هەموو ژیان بریتی بێ لە روانینی نەوەکان لە یەکتری، بە بێ ئەوەی بە یەکتر بزانن؟ نەکا زەمەن لە راستیدا نامانمرێنێ و بەڵکوو تەنیا دەمانکا بە سێبەر؟
دڵنیا لەوەی هێشتا سێبەرەکان لە خانووە کۆنینەکەدا دەژین، دڵخۆشیی ژیانێکی ئەبەدی بە خۆی دەدا. کەواتە ئێمە لە ژین ون نابین، بەڵکوو تەنیا لە یەکتر ون دەبین. ئەمەیش هیچ عەیبی تێدا نیە، مەگەر ئەوە نیە لە ژیانیشدا زۆر جاران لە یەکتر بزرین؟
ساڵێک دووای شۆڕش، خەڵکی گەڕەک مقۆمقۆی رووخانی عیمارەتەکەیان تێکەوت. گوتیان هێمای زاڵمی کۆنە و دەبێ ئەویش وەک خاوەنەکانی بڕوا، بەڵام هێشتا دەسەڵاتێک نەهاتبوو تا داواکەیان جێ بە جێ بکا. خانووەکە تا ساڵی شەڕەکەیش مایەوە. کاتێک بۆمبارابەکان دەستیان پێکرد، بۆ یەکەم جار لە دووای ساڵانی ساڵ سێبەرەکانی ناوی لە شەوێکی درەنگ وەختدا خانووەکەیان بۆ هەمیشە

**بە جێ هێشت. بێزار لە کارەسات بە چاوی خۆی بینیبوونی. سێبەرەکان تەنیا کەسانی ئەو کۆڵانە بوون کە لە پریشک و ترسەکانی شەڕ دەرباز بوون. ئەوان ساخترین بوونەوەرەکانی گەڕەک بوون. هەتا ساڵانی ساڵ دوواتریش.**

**- "ساڵانی دوواترو، ... دوواتر!"**

**ئەم رستەیە وێردی سەر زمانی ئەو بوو. هەموو قسەکانی سەرئەنجام بەم رستەیە کۆتاییان دەهات. داهاتوو، ئەو هەنبانە بۆرینە، جادوویی و سەیرە و سەمەرەیە بوو کە دەبا هەموو شتەکانی لێوە بهێنریتە دەرەوە. داهاتوو، هەموو شتەکانی تیمار دەکرد، ئەو شوێنەی بوو هەموو خەونەکانی لە خۆیدا حەشار دابوو. بۆ ئەوەی پێی بگەی، تەنیا ئەوەندە بەس بوو "هیوا" لە دەست نەدەی، هەوڵی بۆ بدەی و ئەوسا چاوەڕوان بیت. لای ئەو شیرینترین و ئینسانیترین شێوازی ژیان ئەمە بوو. ئەوەی کە "زەمەن"یش پەلەی نەبوو و لە گەڵ ئەم رەوتە کەوتبووە ناز و غەمزەوە، نە تەنیا ئەوەندەی تر خۆشتری کردبوو، بەڵکوو رۆمانسیەتی ژیانی ئەوەندە قوڵ کردبووەوە کە دەکرا هەموو**

تەمەنت بۆ هەمیشە گەنجێکی هەفدە هەژدە ساڵان بمێنیتەوە. ئەو هەمیشە سوپاسی "شۆڕش" یاخود ئایدیای "شۆڕش"ی دەکرد.
بێزار لە کارەسات ئەویشی دەناسی. پیاوێکی چڵ ساڵەی پێست گوێزی کە لە گەڵ دایک و باوکە پیرەکەی لە گەڕەکی ئەواندا دەژیا. شێتانە کتێبی دەخوێندەوە، هەمیشە بزەیەکی لە سەر لێو بوو و کە کتێبێکیشی تەواو دەکرد هەتا یەک هەفتە لە ژێر کاریگەرییەکەی نەدەهاتە دەرەوە. بە تایبەت کاتێک رۆمانی دەخوێندەوە، گۆناکانی سوور هەڵدەگەڕان و لە کاتێکدا دوو قەترە فرمێسک (کە مەعلوم نەبوو هی شادین، هی هەڵچوونن یان خەم)، لە گۆشەی چاوەکانیدا کۆدەبوونەوەو، دەکەوتە پیاسەیەکی چەند سەعاتە لە شەقامەکانی شاردا. دەروونێکی سەرتاسەر گڕ، گڕاوی، لەو گڕانەی نابینرێن بەڵام هەن، رێک لە رەگەز و جنسی گڕی شۆڕش کە پێش ئەوەی دونیا بگرێتەوە، هەیە. لەم دا، لەودا، ئارام و بێدەنگ دەژی تا رۆژێک دەبێتە تاقە راستیی ژیان. بێزار لە کارەسات کە بە تەنیشتی دا دەڕۆیشت هەستی بەو تینە سووتێنەرە دەکرد. تینێک کە گەرمایی دەدا بە جەستەی ئەویش.
پێست گوێزییە شۆڕشگێڕەکە کە گۆرانی دەگوت، تێیدا باسی زیندان و خوێن و خۆڕاگری و فەقیر و هەژاران دەکرد. ئەوەی کە دەکرا مرۆڤێک هەموو تەمەنی لە چوارچێوەی تاقە ژوورێکدا بژی و، هەر دەم چاوەڕوانی مەرگی خۆیشی بێت. چاوەڕوانییەکی پڕ لە ئازار و لە هەمان کاتدا خۆشی. ئەی ئەوە نییە ئەویش ئیتر وەک چەوساوەکان دەژی؟
دایک و باوکی پێست گوێزییەکە، بێدەنگترین دایک و باوکی گەڕەک بوون. ئەم بێدەنگییە لە ترسی شێوە ژیانی کوڕەکەیانەوە دەهات یان لەوەی کە هەمیشە دەیانویست شتێک بشارنەوە، کەس نازانێت. ئەوان

لە ژوورەکەیاندا بەرامبەر بە یەکتر لە سەر سفرە دادەنیشتن، نانیان دەخوارد، چاییان دەخواردەوەو بە بێدەنگی بە چەندین سەعات هەتا دەخەوتن، لە هۆدەکەدا بەسەریان دەبرد. میوانیشیان هەر وا بەڕێدەکرد. میوانەکە مەجبوور بوو ئەو چەند سەعاتەی لەوێیە بە گوێگرتن لە رادیۆ یاخود سەیرکردنی تەلەفزیۆن تێپەڕ بکا.

بێزار لە کارەسات پێی وابوو لە خۆوە نیە رۆژێک لە رۆژان شۆڕشگێر دەتوانێ پڕ بە گەرووی لە بەر داری سێدارەی خۆیدا یاخود لە شەقامەکاندا هاوار بکا. هاوارێک کە لە چەشنی هیچ هاوارێکی تر ناکا.

سالانی ساڵ ئەو ژن و پیاوە بە بێدەنگی لە کۆڵانەکانەوە بە بوخچەی نان و پێخۆرەوە بەرەو زیندان تێپەڕیبوون و، لە چاوپێکەوتنێکی ئارامدا لە گەڵ کوڕەکەیان دووابوون و دوواتر هەر بە هەمان شێوە بەرەو ماڵەوە گەڕابوونەوە. کە کوڕەکەیشیان بۆ چەندمین جار ئازاد کرا، هەر بە هەمان شێوە پێشوازییان لێکرد. وەک بڵێی ئیتر دەیانزانی خۆشی دەربڕین بەشێکی سەرەکیی ژیانی ئەوان نیە.

ئەو ساڵەی شۆڕش کرا، شۆڕشگێڕەکەی گەڕەک لە زینداندا بوو. کە ئازاد کرا هەر هەمان رواڵەت و شێوە هەڵس و کەوت و رۆیشتنی سالانی پێشووی هەبوو. خەڵک کە بە خۆشی و شادییەکەی سەیرەوە لە سەر کۆڵیان خستبوو و دەیانقیڕاند و دروشمیان لە دژی ستەمکاران دەدا (وەک بڵێی یەکەمین جار بوو پێست گوێزییەکەیان دەبینی و دەیانناسی)، لەم ئارامییەی سەریان سوڕمابوو. ئاخر گەر ئیستا هاوار نەکەی، کەی دەیکەی؟ بەڵام کە هەموو شتێ تەواو بوو، ئەو ئارام چووەوە بۆ ماڵەوە. شۆڕشگێڕەکەی کۆڵان پێی وانەبوو کاتێک شۆڕش دێت، کۆڵان و گەڕەک و شەقام و شار و خەڵک هەر هەمان رواڵەت

دەبن،... وەک جاران. هەستی دەکرد شتێک لەم نێوەدا هەڵەیە. وێنەی ناو ئەو کتێبانەی ئەو خوێندبوونییەوە جۆرێکی تر بوون. خەڵک تێیاندا تەنیا لە سەر شەقام نەبوون، یاخود تەنیا خەریکی رووخاندنی دەسەڵات نەبوون، بەڵکوو هاوکات خەریکی شتی تریش بوون. بەڵام لە گەڕەکی ئەوان کە شەو دەهات، خەڵکی بەرەو ماڵەوە دەبوونەوە و لە گەڵ نانخواردن و دووای نانخواردن باسی رووداوەکانی ئەو رۆژەیان دەکرد، ئەوسا دەخەوتن تا سبەی. وەک بڵێی هەموو شتێ کتوپڕ تەواو ببوو. داهاتوو دیسان بزرببوو.

بە ئازادبوونی ئەو، نە شێوازی ژیانی دایک و باوکە پیرەکەی گۆڕانی بەسەردا هات (وەک بڵێی هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە بوون رۆژێک لە رۆژان دیسان بە کاتی نیوەشەو لە دەرگاکەیان بدرێتەوە و کوڕەکەیان لە گەڵ خۆیان ببەنەوە) و، نە بۆ خۆیشی وازی لە کتێبەکان هێنا. تەنیا جیاوازی ئەوە بوو کە ئێستاکە دوو قەترە فرمێسکەکە لە گۆشەی چاوەکانی لە دووای خوێندنەوەی رۆمانەکان نەدەنیشت. ئێستا لە جیاتی ئەو دوو دڵۆپەیە، چین و چرووکەکان بوون دەنیشتنە سەر یەک و پێستەکەیان دەگوشی.

**گوشینی** جەستە لە شەوێکی ساردی زستانیدا لە ناو قەبردا بە مەبەستی خۆگەرمکردنەوە، شتێکی سروشتییە، بەڵام ئەوەی بتوانی بە چەند سەعات خۆت بگوشی، شتێکی سروشتی نیە. نە جەستە تەحەمولی دەکا

**و نە سروشت دەهێڵێ. ئەو هێزەی تێدا نیە. لە ناو گۆڕەکدا لە بەر ئەو تیشکە نادیار و ناڕوون و بە ئاستەمانەدا کە دەهاتن و دەڕۆیشتن، گەر سەرنجی روخسارت دابا، رەگە دەرپەڕیوەکانت دەبینی، ئەو سیما تێک گوشراوەت دەبینی کە خوێنێکی ئەوتۆی تیانەمابوو تا سوورهەڵگەڕێ. بەڵام ئەو هەر خەریکی خۆگوشین بوو. سەرماکەی لەودا نەبوو. زستانی پێش ساڵی شەڕەکە، یەکێک لە دژوارترین زستانەکانی گەڕەک بوو.**

**لە نێوان ساڵی شۆڕش و ساڵی شەڕەکە، شێتەکانی شار روویان لە زیادبوون کرد. ئەوان بە رۆژدا لە شەقامەکان دەبوونە جێی رابواردنی خەڵکی و، بە شەویشدا ون دەبوون. بێزار لە کارەسات قەت رۆژێک لە رۆژان لە خۆی نەپرسی کە داخۆ بە شەودا لە کوێ دەخەون و لە کوێ حەمام دەکەن و کێ نانیان پێدەدا. هەندێ لەوان ئەوەندە لێوبەبزە بوون کە قەت دەرفەت و جێگای وەها پرسیارگەلێکیان نەدەهێشتەوە. شێتەکان ببوونە بەشێکی ئاسایی ژیانی رۆژانەی شەقام. ئەوان لەوێ بوون تا وەڕەزییەکانی مرۆڤە ئاساییەکان بڕەوێننەوە.**

**کاتی شۆڕش، ئەوانیش لە گەڵ خەڵکەکە لە کاتی خۆپیشاندانەکان بە شەقامدا دادەگەڕان. جاری وابوو لە گەڵ تەرمی شەهیدەکان هەتا گۆڕستان دەڕۆیشتن. لەوێ لە جیاتی ئەوەی بگرین، پێدەکەنین و دوواتر بە کاوە خۆ لە گەڵ خەڵکەکە دەگەڕانەوە. بە دەم رێگاوە ئەوەندەی چاویان لە دەستی ئاپۆراکە بوو، چاویان لە دەمیان نەبوو.**

**کە شەڕیش هات، تەنیا کەسانێ بوون نە لە دەنگی فڕۆکەکان ترسان و نە لە کاتی رشتنی بۆمبەکانیشدا، بۆ پاراستنی گیانیان رادەکشان، یان هەڵدەهاتن. وەک بڵێی تەنیا ئەوان بوون کە لە "شۆڕش"ەوە فێربوون لە مەرگ نەترسن.**

کاتێک شێتەکانی شار زیادیان کرد، یەکێک لەوانەی وا لە سەرتەنوورەکان دەخەوت، جێگای پێ لێژبوو و بە ناچار رووی کردە تاقە قەبرستانەکەی شار کە هەمیشە بە خۆشییەوە گۆڕێکی بە تاڵی تیا دەست دەکەوت. ئەو گۆڕانەی کە لە دووای یەک دوو رۆژێک سەرەکەیان دەگیرا و، بە ناچار ئەویش دەبا بەو شەوە درەنگانە بە ناو کێلەکاندا بۆ جێگایەکی بەتاڵی تر بگەڕێ. بە ئەزموون بۆی دەرکەوتبوو کە لەم شارە خەڵک بە زستان زیاتر دەمرد و، هەر بۆیە ئەو پەکی نەدەکەوت! پاڵتۆ درێژە کۆن و ریشاڵ ریشاڵەکەی لە خۆی دەپێچا و لە کاتێکدا کڵاوەکەیشی دادەکێشا خۆی لە بنی گۆڕەکە بە هەڵتروشکاوی و کەمێک لە سەر سمت توند دەکرد. ئەوسا دڵقە گەورەکەیشی بە سەری خۆیدا دەدا. زستان بەم شێوەیە دەگوزەرا. مردووەکان بە پێچەوانەی خەڵکی شار نە ئازاریان دەدا و نە پێیان رادەبوارد، بەڵام لە هەمان کاتیشدا قەت لەتە نانێک چییە لە دەستیانی وەرنەگرت. ئێرە میهرەبانترین و بێ رەحمترین شوێنی دونیا بوو.

بەڵام ئەمشەو جۆرێکی ترە. گەرم نابێتەوە،... بە هیچ جۆرێک. نە پاڵتۆکە و نە کڵاوەکە و نە عەلاگەکە دادی نادەن. دەرەوە، وەک دەرزی نە تەنیا لە گۆشت، بەڵکوو لە ئێسکەکانیشەوە تێدەپەڕێ. ریشە سپی و زۆرەکانی دەخورێنێ. دەنگی کیڕەکیڕیان دەگات گوێی. دڵقەکە زوقم دایدەپۆشێ. هەڵمی دەمی ئەوەندەی تر دونیای ژێرەوە تاریکتر دەکا. دەست دەکا بە خۆگوشین. لە نووکی پێیەوە هەتا سەر. خۆگوشینێکی شێتانە. جەستە لە رووبەری دەرەوەی کەمێک گەرم دادێ. گەرماکە بە ئاستەم دەگاتە قوڵاییەکانی لەش، بەڵام چەند تیژتێپەڕ! کە زستان دێ، سەگە بەڕەڵلاکانیش لە حەپە حەپ دەکەون. وەک بڵێی ئەوانیش لە

**شوێنێک خەریکی گوشینی جەستەی خۆیانن. ئەو رۆژەی پشیلەکە لە سێدارەدرا، ئەم بە هەڵکەوت لە کۆڵانەکەوە تێدەپەڕیبوو. نەکا یەکەمین کەس بێ بەر لەعنەت و دۆعا و نزای پشیلەکە کەوتبێ! ئاسمان لە دەرەوە، یەکێک لە جوانترین ئاسمانەکانی گەڕەکە. هەتا قوڵاییەکان ئەستێرەکانن دەجریوێنن. چۆلەکەکانی بێکۆتاییەکان. کە ئەمجارە خۆ دەگوشێ، هەست دەکا قاچەکانی گەرم نابنەوە. ئەسڵەن لەوێ هەست بە هیچ ناکا. ئەوسا ئەژنۆکان و دوواتر ژێر کەمەری. سڕ سڕ. ژیان بە پێچەوانەی رای خەڵکی، زوو تێناپەڕێ، بە تایبەت لە کۆتاییەکانیدا. شتێک لەوێ رادەوستێ و وازناهێنێ. ئەو بەشەی کە ماوە هەر خەریکی خۆگوشینە. هەڵمی ژێرەوەیش دەیبەستێ. بۆ یەکەمین جار هەست دەکا دەنگی وەڕینی سەگێک دێتە گوێی، نەک سەگێکی ناو سەرما و سۆڵە، بەڵکوو سەگێک مرۆڤەکان خەریکن بە دار لە خۆیانی دەتارێنن. سەگەکە وەک هەمیشە بەرەو قەبرستان هەڵدێ. ئەم گوێی لێیە دەنگەکە نزیک و نزیکتر دەکەوێتەوە. بزەیەک دیگرێ. بەڵکوو بگاتە ئەوێ، گۆڕەکە پەیدا بکا و ئەوسا پێکەوە لە بن دڵقەکەدا یەکتر گەرم بکەنەوە.**

**لە کاتێکدا چاوی لە لاسەرووی گۆڕەکە دەڕوانێ، خەڵکی، ئەوانەی بۆ سبەی مردووێکیان دەناشت، دۆزیانەوە. وەک هەمیشە بزەیەک بە سەر لێوییەوە، تەنیا بەو جیاوازییەوە کە ئەمجارە لە جیاتی خەڵکی شار و قەبرستان، لەو دوورانە دەپاڕایەوە. لەوێ شتێ هەبوو جاروبار بە دەنگەوە دەهات،... بە دەنگەوە هاتنێکی کاتی سەرەمەرگ. ئەمەش یەکجار گرینگ بوو، ئەگەرچی رێگایەکی تیا شک نەدەهات بۆ گەڕانەوە بەرەو ژیان.**

**ژیان**، باش یان خراپ سەرەڕای هەر رووداو و بەسەرهاتێک وەک خودی "بوون" بەردەوامە. خودی "بوون" هەڵبەت تەنیا ژیان نیە، بەڵکوو مردنیشە. "بوون" بەر سەر ئەم دووانەدا دابەش دەکرێ: ژیان و مردن. بێزار لە کارەسات جگە لەمە بەرە بەرە بەو ئەنجامە گەیشتبوو کە قوڵترین ژیان ئەو ژیانەیە مردن لە بیر ناکات و، قوڵترین مردنیش ئەو مردنەیە وا ژیان لە بیرناکا. بەڵام پردی پێوەندیی نێوان ئەم دووانە چییە؟ ئەو بە وەڵامی "بێدەنگی" گەیشتبوو. واتە بێدەنگی بوو ئەو دووانەی پێکەوە گرێ دەدا. ئەو لێرەوە دیسان بە ئاکامێکی تر گەیشتبوو: "لە دووای رووداوە گەورەکان، سەردەمی بێدەنگی دێت." ئیستایش لە دووای ساڵی لافاوەکە و ساڵی شۆڕش و ساڵی شەڕ، ساڵ (سالەکان) یاخود سەردەمی بێدەنگی رووی لە گەڕەک کردبوو.

بەڵام تایبەتمەندییەکانی سەردەمی بێدەنگی چی بوون؟ چۆڵبوونی کۆڵان لە منداڵ، ئەو تۆزەی کە بە بیانووی ساناترین بایش هەڵیدەکرد و ئەم سەر تا ئەو سەری کۆڵانی دادەپۆشی، گەڕانەوەی بە پەلە بۆ ژوورەکان و، سەرئەنجام ئەو پیاوە پیرەی بەردەرگا کە ئیستاکە شۆڕتر بوو لە گۆچانەکەی.

ساڵی بێدەنگییەکە لە ساڵانی ساڵ لەوە پێشی دەکرد، لەو ساڵەی وا زەڕنەقووتەکە لە بن میچەکە کەوتە خوارەوەو لەو ساڵەی پشیلەکە پێی وانەبوو لانیکەم رووەو رۆژئاوا، ئەو جێگایەی وا یەکێک لە جوانترین دیمەنەکانی دونیای تێدا روودەدات، لە سێدارەی بدەن. بێزار لە

کارەسات نەیدەزانی ئەو ساڵەیش ساڵێک بووە وەک ئەمساڵ. لە وەها چاخێک دا ئەوەندەی شتەکان لە ناوەوە روودەدەن لە دەرەوە روونادەن. خانووەکان بۆنی رەزایەتێکی ئەبەدییان لێدێت. خەڵکی گەڕەک بەو ئاکامە گەیشتوون کە خۆشترین ژیان، ژیانی بەری و بەدوور لە لافاو و شۆڕش و شەڕە. ئەوان پێیان وایە لە نێوان ئەم سیانەدا پەیوەندێکی نادیار، بەڵام پتەو هەیە. هەربۆیە بڕیاریان داوە گەر جارێکی تر لافاو رووبکاتەوە وڵات، بۆ هەمیشە هەر هەموویان پێکەوە ئێرە بە جێ بێڵن. ئەوان دەڵێن ژیانی کۆچەری باشترە لە ژیان کردن لە ناو ئەم سیانەدا. پێیان وایە بێهۆ نەبوو قەرەجەکە رۆژێک لە کۆڵانەکەی ئەوانەوە گوزەری کردبوو. گوزەرێکی بە ئەنقەست.

خەلکی گەڕەک فێر بوون دیوی پشتەوەی رووداوەکان و دیاردەکان بخوێننەوە. ئیستا هەر شتێک رووبدا، بە جۆرێک لە جۆرەکان ئاماژەیە بە شتێکی بانتر لە خۆی. ژیان بە گشتی رەوتێکی مانادارە، ئەگەرچی ماناکە هێشتا دیار نەبێ. ئەوان پێیان وایە تەنیا لە بێدەنگی دا دەکرێ ئەم مانایە بدۆزرێتەوە، نەک لە هەرا و هەنگامەی دەنگی لافاو و ئاپۆرای خەڵک و تەقەی تفەنگەکان.

ساڵی بێدەنگی، ئارامترین ساڵ یان ساڵەکانی ژیانی گەڕەک بوو. هەر کردەیەک تەنیا ئەو کردەیە بوو کە دەکرا و بەس، ئیتر بە هیچ شتێکی ترەوە (کردەیەکی دیکە) پێوەندی نەبوو. نە هەتاو دەیزانی ئاسمان شینە و نە ئاسمان دەیزانی هەتاو دەدرەوشێتەوە،... نە شێتەکە گوێی لە وەڕینی سەگەکە بوو و نە سەگەکەیش لە بیری گەرمکردنەوەی شێتەکەدا. ئەو ساڵە، کۆڵان، کۆڵانیەتی خۆی لە بیرچووەوە و خانووەکانی ئەم بەراوبەری خۆی نەدەبینی. بێزار لە کارەسات کەوتە

بیری کەسێکی وەک خۆی کە وەک ئەوی سالانی ساڵ لەوە بەر، ئیستا لە حەوشەکەی خۆیان دانیشتووە و بە بێ ئاگا لە دەورووبەری دەکەوێتە ناو رەوتێکی دوورو درێژی گێڕانەوەوە. چ گەمەیەکی ترسناک! لە شوێنێک لە ناو ئاسمانەوە، پۆلێک باڵندە دەردەکەون. لەو دوور دوورانەوە، بەرز بەرز دەفڕن. نە دەنگی باڵیان دێ و نە دەنگی هەناسە و نە دەنگی لێدانی دڵیان. بەڵام دەنگەکان هەن. بێزار لە کارەسات لەمە دڵنیایە. بڵێی ساڵی بێدەنگیش لەم چەشنە نەبێت؟ هەست دەکا ئیستایش دەنگە زاڵە نهێنییەکان هەر هەمان دەنگەکانی لافاو و شۆڕش و شەڕن. گەر خەڵکی گەڕەک لە گەڵ خۆیان درۆ نەکەن، ئەمانە روونترین دەنگەکانی دەروونی ئەوانن. دەنگە ئەبەدییەکانی "بوون". چ بە لای ژیاندا بکەوی و چ بە لای مەرگدا، ئەوان لەوێن. رەنگە، تایبەتمەندییە ئەبەدییەکانی "بوون". چ راستییەکی ترسناک!
نادڵنیا لەوەی ساڵ چییە و چی نیە، بەردێکی بەردەمی خۆی هەڵدەگرێ و بۆ ناو ئەو گۆمە مەندەی دەخا کە ئەوبەری دەگاتە دارە بییەکان و قەراخە زیخەڵاوییەکە. بەردەکە چوار جار بەر رووبەری ئاوەکە دەکەوێ و لە چوار شوێندا شەپۆلە وردەکان بە چوار دەوری خۆیدا چێدەکا. بزەیەک دەنیشێتە سەر لێوی:
- "بوون وەک ئاوێک کە هەرچی بەرکەوێ، جوڵەی تیا دروست دەکا!"
لە دەورووبەری خۆی دەڕوانێ. ئەوەی ناوی ناوە "ساڵ" نابیندرێ، بەڵام هەستی پێدەکا. هەر دوو دەستەکانی درێژ دەکاتەوە و ئەوسا لە ناو هەوادا رایاندەوەشێنێ. لە ناو نەدیتراوەکاندا هەست بە خۆڕاگریی شتێک دەکا. باڵندەکان بە یارمەتی نەدیتراوەکان دەفڕن.

کە ئێوارە بەرەو ماڵ دەبێتەوە، لە ناو کۆڵان، لە ناو تۆزی ئێوارەیەکی درەنگ وەختدا ئەو پیاوە پیرە دەبینێتەوە کە شۆڕترە لە گۆچانەکەی. ئەو پیاوەی کە یەکجار لەساڵی بێدەنگی دەچێ. کە بەلایدا تێدەپەڕێ، گوێی لێیە لە بەر خۆیەوە باسی باڵندە کۆچەرییەکانی ئەمڕۆی ئاسمان دەکا!

- "تۆ بڵێی من هەڵە بکەم و باڵندەکان لە راستیدا نزمتر لە گۆچانەکە فڕیبێتن؟"

بێزار لە کارەسات نازانێ رقی لەم سەردەمە نوێیە بێت، یان نا.

دووای ساڵانی ساڵ دیسان رۆژێک بە هەڵکەوت لە هەمان شوێندا خۆی لە حەوشەکەدا دەبینێتەوە، بەڵام ئەمجارە نە زەڕنەقوتێک دەبینێ بۆ کەوتنە خوارەوە و نە پشیلەیەک کە گلەیی لە کردەی رزگارکردنی بەچکە چۆلەکەیەک بکات (ئەگەرچی رۆژێکی بەهارییە). هەموو شتەکان وەک ئەو ساڵەن، جگە لە خۆی و لە زەرنەقوتەکە و لە پشیلەکە. هەروەها جیاوازییەکی تر، ئەوەی کە ئەو ئێستا فێری بیرکردنەوە بووە. نیهیلیستەکان باوەریان بە هیچ نیە، ئەوان هەموو شتەکان و دیاردەکان زیاتر لە هەڵوەشاندنەوە و تێکچوونیاندا دەبینن، بەڵام پێی وایە ئەو دەکرێ باوەڕ بە هەموو شتەکان بێنێت، بەس بۆ ئەوەی کارەسات نەمێنێ، بەڵام ئایا ئەمەیش ناکرێ خۆی لە خۆیدا کارەسات بێت؟ ئایا هەر ئەوەندەی باوەڕی بە کارەسات نیە و لێی بێزارە، نابێتە هۆکاری

**کارەساتێکی تر لە "بوون" دا؟ داخۆ ناکرێ هەندێ کەس بتوانن بە کارەساتەکانەوە بژین و خەڵکی تر بەختەوەر بن؟ ئایا ژیانێکی ئارام و دوور لە ئاستەنگ بۆ هەمووان دەست دەدا؟ ئەم بیرانە دیسان دەیهێنن و دەیبەن. ئەو، عەسری ئەو رۆژە هاوینییە، ئەوکات وا تەمەنی چواردە ساڵان بوو، نەیدەزانی دیتنی کەسێک کارەسات بە سەریدا دێ وەکوو ئەوە وایە کارەساتەکە بە سەر خۆیشیدا هاتبێ. نەیدەزانی دیتنی کارەساتەکان لە سەر یەک کەڵەکە دەبن و، لە دوواجاردا کارەساتبارتر لەمە لە دونیادا دەست ناکەوێ.**

**ئەو، تەمەنی ئەوەندە هەڵنەکشابوو، سەر و ریشی هەر هەمووی سپی هەڵگەڕا. پێی وابوو دەیتوانی زۆر زیاتر لەمە بە گەنجەیتی تەمەن بکا. ئەو تەنیا ساڵانێکی بەم شێوەیە تێپەڕکرد. نەیدەزانی کارەساتەکان ئەوەندە کەڵەکە دەبن کە سەرئەنجام رۆژێک وەک لافاو دێن و جەستەی نەرمی ئەویش لە خۆدەگرن و لە گەڵ خۆی دەیبەن. تازە دەزانێ کارەساتەکان بە پێچەوانەی ناویان بە رەنگ سپین. ئەوەندە سپی، تا لە بەر دەمتدا قوت نەبنەوە، نایانبینی. بیر دەکاتەوە، بەڵام لێگەڕێ با بێن! پەیژەکان هەمیشە دەست ناکەون، ئەسڵەن زۆربەی جار هیچ پەیژەیەک لە ئارادا نیە، تەنیا بوونەوەرەکە خۆیەتی و رووداوە ترسناکەکان. بڵێی بەشێکی گرنگی ژیان هەر ئەمە نەبێ؟ بڵێی ئەو لە خۆوە ناوی نەنابێتن کارەسات؟ نەدەکرا بە چاوێکی تر سەیری ئەو رووداوانە بکاتەوە؟ بێگومان ئەوجار دونیا جۆرێکی تر دەبوو، جۆرێک،... بەڵام جۆرێک وەک چۆن، وەک چی؟ بە داخەوە نە کات بە بەرەوە ماوە و نە بیر و ئەندێشە و خەیاڵی ئەویش تازە ئەوەندە تاقەتی ماوە و ئەوەندە بڕدەکا کە بتوانێ بگاتە ئەنجامێک. بێگومان ئەم**

پەتە، ئەم پەتەی بەردەمی کە حەڵقە کراوە و گرێیەکی قایمیشی لێدراوە، بیری ئەوەی دەخاتەوە کە وەک ئەم حەڵقەیە خۆی خستووەتە ناو دایرە و جەغزێکی بێکۆتاوە، جەغزێک کە هەر دووبارە و دووبارە دەبێتەوە. بزەیەک دەیگرێ. وردتر لە حەڵقەکە دەڕوانێ. ئێرە کۆتاییە، کۆتایی کارەساتەکان بە کارەسات. هەر دەبێ وایش بێ. لە دۆخێکی وادا کەس ناتوانێ دەرباز بێت، تەنانەت ئەگەر تەنیا گێڕەڕەوەیش بیت. تەنیا قسە لە سەر کات و لە سەر نۆرەیە. چاوەکانی دەقونجێنێ و هەوڵ دەدا عەسری ئەو رۆژە هاوینە وا تەمەنی چواردە ساڵان بوو، بە جوانی بێنێتەوە بەر چاوی. منداڵێکی دڵتەنگ دێتە بەرچاوی، خەمین و چاو پڕ لە پرسیار. ئەو کات نەیزانیبوو خەمینە، ئەوکات تەنیا هەستی بە بەتاڵایی "بوون" و بە پرسیار کردبوو. بەو چاوانەوە بە ناو بەتاڵایی ژیاندا ساڵانی ساڵ تێپەڕیبوو. رەنگە هەر ئەمە هۆکاری سەرەکیی یارمەتییەکانی بووبێت، ئەو یارمەتییانەی زۆر جار نەدەبوون بە هیچ کردەیەکی دەرەکی و تەنیا دەبوون بە گوشینی رۆحی خۆی و بە دڵەڕاوکێ. قەی چدەکا! ئەمەیش بۆ خۆی جۆرێکە لە یارمەتی. گرینگ ئەوەیە لە گەڵ لێقەوماوەکان بە رۆح و بە چیرۆک ژیاوە.